# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی شەشەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٣

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی شەشەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٥٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٥٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# کۆکردنەوەی پەرتەوازەکان

## ڕێبوار سیوەیلی

**١**

کۆکردنەوە، نووسین تۆمارکردنی شەش بەرگ کتێب لەبارەی «ئەستێرە گەشەکان» بوێری و خۆتەرخانکردنێکی تەواوی دەوێت. ڕەنگە نووسەری ئەم کتێبە هەموو کارەکەی بۆخۆی نەکردبێت و وەک خۆی دانی پێداهێناوە، بە زۆر شێواز و لەدەرگای زۆرانی داوە تا کارەکەی سەر بگرێت. من لەم ڕووەوە دەستخۆشی لێ دەکەم و ئیرەیی پێ دەبەم، کە ئەو هیچ ئیرەیی نییە. ئاخر ڕاستییەکی تەڵخ هەیە، کە نیوەی زیاتری ئەم کەسایەتییانەی مامۆستا نەجمەدین کوڕی مام سمایلی گوندی سەربەشاخی، خستوونییە کتێبەکەیەوە؛ لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا پێکەوە کۆنابنەوە.

**٢**

لە نێو نووسەران و «ئەستێرە گەشەکان»ی ئێمەدا ئیرەیی و پشتکردنە یەکتر و توانج لەیەکتردان باوترە، وەک لە کۆکبوون و دۆستایەتی درێژخایەن. بۆیە یەکەم خاڵ کە لەم کتێبەدا و لە سەرجەمی بەرگەکانیدا سەرنجی ڕاکێشام، ئەم کۆکردنەوە سیمبوولیانەیەی ئەستێرە گەشەکانی ئێمەیە، کە مەگەر تەنیا خودا لە ژێر یەک ئاسماندا کۆیان کاتەوە. ئەوەی ڕۆژگارێک حاجی قادری کۆیی خەونی پێوە دەدیت و دەیخواست کوردان «کۆببنەوە وەکو هەنگ» و هەرگیز کەس بەگوێی نەکرد، کوڕی مام سمایلی لەو گوندی سەربەشاخەوە هاتووە و خەونەکەی بۆ هێناوەتە دی. هەمیشە لەم کارانە بەربینی مرۆڤی دڵسۆزی کوردیان گرتووە: کاتێک نەتوانێت لە واقیعدا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، پەنا بۆ فەنتازیا و خەیاڵ، یان نەخشەداڕشتن و نووسین دەبات و ئەوەی لە واقیعدا پێی ناکرێت لە نووسین و سەر کاغەز دەینوێنێ. شەرەفخانی بەدلیسی کاتێک «شەرەفنامە»ی دەنووسی، سوور دەیزانی ئەو بنەماڵە کوردانەی لە عەردی واقیعدا هەرگیز پێ کۆناکرێنەوە. بۆیە هات لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو وەک یەکەیەکی یەکگرتوو نیشتەجێی

کـردن و شـەرەفنامەی بـۆ کردنـە نیشـتمانێک کـە دەبـوو ئـەوان بـە ناچـاری وەک گەلێکی یەکگرتـوو دەرکـەون. بۆیـە لـەم زنجیـرە کتێبـەی ئامادەکاردا (کـە مـن پێـم خۆشـە وەک ئامـادەکار نـاوی بـەرم، نـەک نووسـەر)، ئامادەکردنـی ئـەم هەمـوو ئەسـتێرە گەشـانە، ناچارییەکیشـی لـە پشـتەوەیە: هەمـوو ئەوانـەی ناچارکـردووە پێکـەوە لێـرەدا کۆببنـەوە، کـە هەرگیـز ئامادەنیـن لـە هیـچ شـوێنێک کۆببنـەوە.

**٣**

هیچ گومـان لـەوەدا نییـە، کـە ئامـادەکاری ئـەم زنجیرەیـە، هەنگاوێکـی زۆر گرنگیـی نـاوە: لـە شـوێنێکی ئـەم زنجیـرە کتێبـەدا وشـەی (مـن و ئەسـتێرە گەشـەکان) دەکات بـە (خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان) و بەمـەش پنتێکـی جیاکارەی دانـاوەو بـە سـەر (مـن)ی خۆیـدا زاڵ بـووە بـۆ ئـەوەی خـۆی بـۆ ئەوانیتـر تەرخـان بـکات. لـەم خـۆ بـۆ ئەوانیتـر تەرخانکردنەدایـە جـۆرێ لـە بەخشـین و بوێریمـان بـۆ دەردەکەوێـت. بـەڵام زاڵبـوون بەسـەر منەکەیـدا و خۆتەرخانکردنی بۆ ئەوانیتر، کارێکە هەمـوو نووسـەرێک پێی ناوێرێ. ڕەنگە لەمـەدا سرووشـتی سـادەی گونـدی لـە مامۆسـتای ئامـادەکاردا مابێتـەوە و کارئاسـانی بـۆ کـردووە تـا (مـن) بکاتـەوە بـە (خـۆم)، کـە هـەم ڕەسـەنتر و هەمیـش ئـەوە (خود)ـە تاقیـی دەکرێتـەوە نـەک (مـن)، هـەروەک نالـی مـەزن فەرموویەتـی:

**تەبعـی شـەککەرباری مـن، کوردیـی ئەگـەر ئینشـا دەکا،**
**ئیمتیحانـی خۆیـە مەقسـوودی، لـە عەمـدا وا دەکا..**

بۆیە لێرەشدا کارەکەی جێی ستایش و دەستخۆشییە.

**٤**

خـود لـە هـزری ئێمـەی کـورددا پێشـینەیەکی زۆر ڕەسـەنی هەیـە. لەگـەڵ کۆمەڵێک وشـەی دیکـەدا نزیکایەتییەکی مانایی و دەنگی و موزیکییـان هەیـە: خـود، خـوێ، خانـە، خانەخـوێ، خـەون و خـەو، خـودا و خـاک و خـۆڵ و زۆرانـی دیکـەش.. خـود مانـا و بەکارهێنانـە هـەرە نوێیەکەیەتـی کـە ڕەنگـە لـە نالییـەوە دەسـتی پـێ کرابێـت و ئەویـش (مـن) و (خـود) لێکتـر جـوا دەکاتـەوە:

وەک ئـەوەی لەنـاو هـەر منێکدا ناوکێـک هەبێـت، کـە خـودە. نازانـم..، بـەڵام وشـەی (خـۆم) لـە گـوزارەی (خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان)دا، وەک ئەوەیـە ئـەو جەوهـەرە خودییـەی نـاو (مـن)ی خـۆی بـۆ خزمەتـی ئەوانیتـر تەرخـان کردبێـت. ئەمـەش بـە مانـای ئەوەیـە کـە لـە شـوێنێکی ڕەسـەن و دەگمـەن و نموونەییـەوە خـۆی تەرخانکـردووە. بـەم مانایـە، وشـەی خـود لـە گـوزارەی (خۆبەخـش)دا جوانتـر دەرکەوتـووە. خـود نـەک هـەر دەتوانێـت خـۆی بـۆ ئەوانیتـر تەرخـان بـکات، بەڵکـو دەشـتوانێت خۆبەخشـیش بێـت. بـەڵام ئێمـە خـاک و خوێنیشـمان هەیـە و خوێـن ڕشتنیشـمان لـە پێنـاوی خاکـی نیشـتماندا هەیـە. بەمجـۆرە، خـود لـە ڕێگـەی خۆبەخشـینەوە خـۆی بـۆ ئەوانیتـر تەرخـان دەکات، بـەڵام ئامادەشـە خوێنـی خـۆی بـۆ نیشـتیمان بڕێژێـت. لێرەوە، ئەگـەر بـە وشـەکەدا ڕۆچیـن و پەیوەندیـی لەگـەڵ وشـە هاودەنـگ و هاوشـێوەکانیدا لێکبدەینـەوە، دەگەیینـە فەرهەنگێکـی تایبـەت بـە خـود. (خـۆم و ئەسـتێرەگەشـەکان) زیاتـر لـەوەی ئینسـکلۆپیدیا بێـت، فەرهەنگێکـی تایبەتـە بـە چالاکانـی کـورد لـە بـواری کولتـووردا و ئامادەکارەکـەی تـا ئاسـتی خوێنـی خۆڕشـتن خـودی خـۆی تێـدا بەخشـیوە. بۆیـەش ئـاوا دەڵێـم چونکـە ترسـم نییـە لـەوەی بـەم قسـانەی مـن غـروور بیگرێـت، چونکـە تـازە نـە تەمەنـی غـرووی مـاوە و نـە سـادەییە گوندییەکەشـی ڕێگـەی ئـەوەی پێـدەدات.

٥

ڕاسـتە لـە زۆر ڕووەوە دەکـرا کارەکـە کەمێـک پۆشـتە و پەرداختـر بایـە، بـەڵام هێشـتا ئـەم کـارە تاکەکەسـییە لـە زۆر کاری هـەرەوەزی و دەزگای بەنـاو ئەکادیمـی و زانسـتی تۆکمەتـر و جوانتـرە. کاتێـک دەسـتم بـە خوێندنـەوەی کـرد، گوتـم حەتمـەن ئـەو ئەسـتێرەگەشـانە هەموویـان نێرینـەن و کەچـی هـەر لەسـەرەتاکانی بەرگـی یەکەمـەوە، ئـەو ترسـەم نەمـا و سـیمای ژنـان دەرکەوتـن. ڕاگرتنـی یەکسـانیی ڕەگـەزی، یـان کـە جـاران پێمـان دەگـوت: یەکسـانیی جێنـدەری، لـە کتێبەکـەدا نیشـانەی ڕۆشـنگەرانەی کارەکەیـە. ئـەوەی کـە کتێبەکـەدا تەنیـا ئەسـتێرەگەشـە نێرینەکانـی وەک ئەسـتێرە نەنوانـدوون، بەهـای بەرهەمەکـە دەباتـە سـەرێ.

گومانێکـی دیکەشـم هەبـوو، کـە ڕەنگـە ئـەم کتێبـە دووچـاری سـەنگەلاییەکی

شـارچێتی بووبێت، بەڵام ئەویش وا دەرنەچوو: ڕاسـتە لـە هەولێرەوە دەسـت پێـدەکات، بـەڵام کۆیـە و سـلێمانی و بادینانیـش لەبیـر نـاکات، هەروەکچـۆن باکـور و ڕۆژهەڵاتیشـی لەبیـر نەکـردووە و دەکـرا بەرگێکـی تەواویـش بـۆ نووسـەرانی ڕۆژهـەڵات تەرخـان بـکات. لـەوەش جوانتـر ئەوەیـە، کـە هـەر تەنیـا بـە کـوردەوە نەوەسـتاوەتەوە و باسـی دیـان و مەسـحیی، یارسـان و تورکمانانیشـی کـردووە و ئەمـەش هێزێکـی دیکـەی بـە کتێبەکـە بەخشـیوە. پـەروەردە گوندییەکـەی لەمەشـدا ڕەنگیداوەتـەوە و کارگـەر بـووە. لـەوەش نایابتـر ئەوەیـە، کـە نـەک هـەر ئـاوڕی لـە مـردووەکان داوەتـەوە، بەڵکـو زیندووەکانیشـی بەسـەر کرۆدتـەوە و لـە ناویشـیاندا نووسـەرانی گەنجتـر؛ هەرچەنـدە نـەوەی نوێـی نووسـەرانی ئێسـتەی نەگرتۆتـە خـۆی و دەتوانێـت بەرگێکیـش بـۆ ئـەوان تەرخـان بـکات. ئـەوەش ناشـارمەوە، کـە ئامادەکردنـی هەمـوو بەشـەکان وەک یـەک نیـن و بـەش و کەسـایەتی هەیـە بـاش و ورد چۆتـە ژیـان و بەرهەمییـەوە و هەیشـە لاواز و سـادە و تێپەڕیـو، کـە دەبـوو ئـەو بەشـانە هـەر لـە بنەمـاوە لابدات و ئەسـتێرەخانەکەیان پـێ پـڕ نەکاتـەوە.

٦

ئاخـۆ لـە دنیایەکـدا کـە هەمـوو شـتێکت لـە گووگڵـەوە دەسـتدەکەوێت، کتێبێکـی شـەش بەرگـی چ سـوودێکی هەبێـت بـۆ ئـەوەی نەوەکانـی دواڕۆژ کەڵکـی لێوەربگـرن؟ بە تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندنی مـن پێـش ئـەوەی خـودی ناوەڕۆکـی کتێبەکـە سـوودبەخش بێـت، خـودی کتێبەکـە هەڵگـری ئاکارێکـی بـەرزە و ئـەوەش ئەوەیـە کـە ئـەم کتێبـە نەوەکانـی پاشـەڕۆژ فێـر دەکات پەسـەندی یەکتـر بدەن و دان بەیەکتـردا بنێـن و کولتووری یەکتـر سـڕینەوە تێپەڕێنـن، وەکچـۆن ئـەم ئامـادەکارە تێـی پەڕانـدووە.

لایەنـی پەروەردەیـی کتێبەکـەش گرنیگـی خـۆی هەیـە: کۆکردنـەوەی ئـەم ژمارەیـە لـە نووسـەران و کولتوورسـازان، گرنگیی کولتـوور و زمـان و هونـەر بـۆ مانـەوەی نەتـەوە دەخاتـە ڕوو. کتێبەکـە بەڵگـەی زۆر دەخاتـە ڕوو، کـە ئـەم میلەتـی کـوردە میللەتێکـی فەرهەنگسـاز و کولتـوور دۆسـتە، کولتوورسـازان پێشـمەرگەیەکی دیکـەی دروسـتکردنی نەتـەوەن. بۆیـە کتێبەکـە هـۆ لـەوێ، کەمێـک لـەو دوورە دەسـتەی پاشـەڕۆژ و لـە نـاو ئـەم جیهانـە ئینتەرنێتییەشـدا

بەهـای خـۆی لـە دەسـت نـادات. بـەم کتێبـەدا بۆمـان ئاشـکرا دەکات، ژمـارەی کولتوورسـازانی نەتەوەیـی ئێمـە، زۆریـش لـە ژمـارەی شـەهیدانی ئازادیخوازیمـان کەمتـر نیـن. بۆیـە کتێبەکـە نیـگای ئێمـە دەگوێزێتـەوە بۆسـەر چیـن و توێژێـک، کـە تەنیـا وشـە تفەنـگ و نووسـین مانەوەیـان بـووە.

نابێـت ڕەهەنـدی ژانرناسـانە و ئەدەبییانـەی کارەکـەش بـاس نەکرێـت، کـە ڕەنگـە لـە سـەرەتاوە ئەمـە شـتێکی سـادەبێت و هـەر تەنیـا وەک کۆکردنـەوەی ژیانـی کۆمەڵێـک کـەس دەربکەوێـت. بـەڵام ئەمەشـمان زۆر پێویسـتە. کاتێـک سـەجادیی مـەزن (ڕشـتەی مـرواری) دەنووسـی و بـڵاوی دەکـردەوە، کەوتـە بـەر شـاڵاوی توانجـدەران و بـە زۆر شـت تۆمەتبـار کـرا، کەچـی ئێسـتە ڕشـتەی مـرواری بۆتـە کتێبـی پیکەنینـی کـوردەکان و لـە جـۆری خـۆی شـاکارێکە. بۆیـە ئێسـتە حوکـم بەسـەر ئـەم ئەسـتێرەخانەیەدا نادەیـن و لێدەگەڕێیـن داهاتـوو پۆلینـی بـکات و بەهاکـەی دەسـتنیشـان بـکات. ئـەوەی مـن لـەم کتێبـەدا دەیبینـم خـودی ئامادەکارە بـەو حەوسـەڵە زۆرەیـەوە کـە چۆنـە لـە وڵاتێکـی ئەوروپییـەوە لـە جیاتـی ئـەوەی خەریکـی ژیـان و بێمانایيەکانـی ڕۆژگار و پارەکۆکردنـەوە و فێزلێدان بێـت بەسـەرمانەوە، خەریکـی کۆکردنـەوەی ژیـان و بەرهـەم و پێزانینەکانێتـی بـۆ کەسـایەتییە کولتوورییەکانـی ئێمـە و پیشـاندانی ئـەو فرەڕەنگییـەی کولتـووری کوردسـتانە کـە هەمـوان بەشـدارییان تێـدا کـردووە. ڕاسـتە ڕەهەنـدی قـووڵ و فەلسـەفی و ڕۆشـنبیرانەی پڕگـرێ و گـۆڵ لـە بەرگەکانـی ئـەم کتێبـەدا نییـە، بـەڵام هـەر ئـەو سـادەیی و خاکەڕاییـەی تیایدایـە، شـتێکە ئێمـە پێویسـتیمان پێیەتـی. ئـەم کابرایـە بـە ڕێچکـەی مامۆسـتای کۆچکـردوو کەمـال ڕەووف محەمـەد (باوکـی لالـۆ)ی گرتـووە، کـە هەتـا لـە ژیانـدا بـوو، کوردسـتانیانە و خەمخۆرانـە ژیـا.

ئـەم جـۆرە کەسـایەتییانەمان زۆر کەمـن، کـە لـە ئەورووپـاوە شـانازی بـە کوردبـوون و کولتـووری خۆیانـەوە بکـەن و کات و ژیانـی خۆیانـی بـۆ تەرخـان بکـەن. بۆیـە ئـەم بەرهەمـە لـە ڕووی ئەدەبییشـەوە، دەچێتـە نێـو ئـەو بەرهەمانـەی کـە حەقشوناسـیانە باسـی کولتوورسـازانی کوردسـتان دەکات. لـە سـەرێکەوە دەچێتـەوە سـەر هەوڵەکانـی عەلائەدیـن سـەجادی و کۆکردنـەوە دەکاتـە ئامانجـی خـۆی، لەسـەرێکی دیکەیشـەوە لاقێکـی بـۆ نـاو مێـژوو دەهاوێ و بابـی لالۆمـان بیـر دەخاتـەوە لـە تۆمـاری بەرهەمەکانیـدا.

## ٧

ساڵەها لەوەپێش کتێبێکم بە ناوی (ئەزموون و کەس) بڵاوکردەوە، کە باسی پەیوەندی خۆمم لەگەڵ زیاتر لە چل کەسایەتی کوردستانی لە بوارە جیاوازەکان بەسەر کردبۆوە. بیرۆکەی پشتەوەی کتێبەکەم بریتیبوو لە وەستان لەسەر ئەو کەسایەتیانە بەبێ گوێدانە ئەوەی کێن و چ ئایدیۆلۆژیا و بیروڕایەکیان هەیە. بوێرانە دەموویست بەفری سەر ڕێی بەردەوامی لابدەم و بەلای شەقکردن و لەتوکوتکردنی کوردا لەسەر شتە ناشیرینەکانیان کار نەکەم، بەڵکو درەخشانییەکان و جوانییەکانیان ببینم. بۆم گرنگ نەبوو ئەوانە لە ڕووی سیاسی و پسپۆڕی و جیندەرییەوە لەگەڵ بیروڕای من کۆکن، یان نا، گرنگ ئەوە بوو ڕەهەندی جوانیی خزمەت و کاریگەریی ئەوان ببینم. لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت پێویستە ئاوا نەتەوەکەمان لە ڕەشبینی و کوێرەڕێ ڕزگار بکەین و ئەو دەستە ناشرینەی ڕۆژگار لە تەوێڵییەوە ناوە، بسڕینەوە، نەک لە ناو ناشیرینییەکاندا جێی بهێڵین. ئەو کاتەی ئەو کتێبەم دەنووسی، هیچ سنوورێکی جوگرافی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیم بۆ گرنگ نەبوو، کاتێک بینیم زۆر لەو سنوورانەم تێپەڕاندووە. کەسانێکیش هەبوون بە نامە و گوتەکانیان دەرکیان بەوە کردبوو، بۆیە زۆر هانیان دەدام و لێیان دەپرسیم ئاخۆ چەند بەرگی لێدەنووسم؟ منیش دەمگوت ئەوە جارێ بەرگی یەکەمە! وەلێ هەر ئەوە تاقە بەرگیش بوو، لە دواتریش زۆر وتاری دیکەم لەبارەی کەسایەتی دیکەوە بۆ زیاد کرد و نووسیم، بەڵام هەرگیز نەمکردنە کتێب.

ئێستە کە ئەم بەرهەمە دەبینم، وا دەزانم کارەکەی منی تەواو کردووە، چونکە لەودیو ئەو کولتوورەوە کە تەنیا ناشیرینیەکانی یەکتر و میللەتەکەمان دەبینێت، ئەمکارەی کردووە. هەرچەندە ئەو کولتووری خۆ و یەکتر سووککردنە برەوی سەند و پیرەمێرد و داپیرەکانیشمان فێری جوێندان بە خۆمان و یەکتر کردنەوە (شتێک لە مێژووی ئێمەدا دەگمەن و بێ نموونە بووە باوەپیارە و داپیران جوێنان بدەن)، بەڵام ئەم کتێبە وەڵامێکە بۆ ئەو کولتوورە ناشیرنکەرەی لەم ساڵانەدا هیچ کەسایەتییەک نەما، نەکەوێتە بەر سوکایەتیەکەی. دێڕبەدێڕی ئەم جۆرە کتێبانە وەڵامن بۆ ئەو کولتوورەی کە بەناوی ناڕازیبوون و ئۆپۆزیسیۆنەوە، کەوتنە وێزەی

جوانییەکانی ئێمە و کەسایەتییەکانمان. کتێبەکە یاخیبوونە لەو کولتوورە ڕەشەی کە هیچ شانازییەکی بۆ نەهێشتینەوە.

بۆیە وێڕای هەر تێبینییەکم لە ڕووی زمان و دارشتن و تۆکمەیی کتێبەکە و نەبوونی ستانداردێک بۆ ئەوەی لێوەی پێوەرێکمان هەبێت بۆ ئەوەی کێ بە ئەستێرەی گەش بزانین، ستایشی ئامادەکاری ئەم کتێبە دەکەم، چونکە بەبێ سڵکرنەوە مردووان و زیندووان، ئێرەیی و ئەوێی، خۆیی و کۆییانی بەسەر کردوونەتەوە.

## ٨

کتێبەکە لەگەڵ سادەییەکەی خۆیشیدا بە دوو ئاست بۆمان دەدوێت: ئاستیی نووسین و تۆماری وشەیی و ئاستی پیشاندان و تۆماری وێنەیی. زمانی فۆتۆگرافی لەم کتێبەدا نەک هەر پەراوێزێکی کردۆتەوە، بەڵکو زۆر بە چڕی ئامادەیی هەیە. هونەری فۆتۆگرافی بۆ مانەوەی ئێمەی کورد گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەبووە و هەیە. ئەوەی لە جینۆساید و هێرشی دووژمنان و دێ سووتان و شەڕە ناوخۆییەکان و سەدان کارەساتی دیکە ڕزگاری نەبووبێت، فۆتۆگرافی بۆی پاراستووین. لەم کتێبەشدا و لە گشت بەرگەکانیدا ئەم گێڕانەوە نمایشیی و زمانە بەرزەی فۆتۆگرافی دەبینرێتەوەو سەدان ساتەوەخت و بۆنە و یادگاری مێژوویی گرتۆتە خۆی. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی خوێندنەوەی کتێبەکە ئاسان و خۆشتر بێت و چاوتێرکەر بێت. بەڵام فۆتۆکان کەمێکیش نۆستالیژیای منداڵیمان دەبزوێنن و زۆر لەو کەسایەتییانەمان نزیک دەخەنەوە، کە لە منداڵیدا تەنیا ناوەکەیانمان بیستبوو.

## ٩

ئەگەر بمەوێت ئەم کتێبە لە ڕووی جۆرە ئەدەبییەکەیەوە هەڵبسەنگێنم، ڕەنگە هیچ لەوە باشتر نەبێت، کە بە جۆرێ لە (کەشکۆڵی ئەستێرەگەشەکان) ناوی بهێنم. کەشکۆڵ ژانرێکی تۆمار و شوێنەوار و پاراستن و هەڵگرتنەوە و لە فەوتان ڕزگارکردنی شتە بەهادارەکانە. کەشکۆڵ هەڵگرەوەیە، پارێزەرە و هەگبەیەکە بۆ پاراستنی بەرهەمی بەهادار. پیاوەکەی گوندی سەربەشاخی، کەشکۆڵێکی نوێی بۆ ئامادەکردووین و بەبێ پاڵاوتن و

هەڵاویـردن و جـوداكاری هەرچـی هاتۆتـە سـەر ڕێـی، تێـی هاویشـتووە و ئەمـەی لێدەرچـووە، كـە لەبـەر دەسـتدایە. لـەم گەشـتە دوورەیـدا خـۆی لەبیـر نەچـووە و ئەستێرەگەشـەكانیشـی تەنیـا نەكـردوون و تـا كۆتایـی هاوڕێیـان بـووە. بـەش بـە حاڵـی خـۆم سـوپاس و ستایشـی دەكـەم، چونكـە زۆرێـك لـەو كەسـایەتییانەی لـەم شـەش بەرگـەدا باسـكراون، ئیتـر لەمێـژ بـوو بیرمـان چووبوونـەوە، لـە مێـژ بـوو بـە بیرچوونەوەمـان سـپاردبوون، كەچـی لێـرەدا زیندوو كراونەتـەوە. بە یادهێنـاوەی ڕابـردوو، كەسـانێك كە ئیتر لێرە نەماون، جۆریكیشـە لـە پیشـاندانی ئـاكاری سوپاسـگوزاری. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم كارە دوو دیـوی هەیـە: بـە دیوێكـدا سوپاسـی كۆچكـردووەكان دەكات و بـە دیوەكـەی دیكەشـدا پەسـەندی زینـدووەكان دەدات.. ئێمـە هـەم یادوەریمـان لـە ئاسـت مردووەكانـدا لاواز و هەمیـش بوێـری دان بەیەكتـردا نـان و پەڕینـەوە لـە ئیرەییمـان نییـە. ئـەم كتێبـە بـۆ ماوەیەكـی بـاش، عارەقـی ئـەو شـەرمەی لـە تەوێڵمـان سـڕیوەتەوە.

دڵنیاشـم نووسـەرەكەی نایەوێـت بڵێـت و لـەوە سـادەتر و خاكـەڕا تـرە مننەتمـان بەسـەردا بكات، كـە چـی بـۆ كردوویـن، بـەڵام نابێـت ئـەو ڕاستییەش بشـاردرێتەوە، كـە بـەم كتێبـەی گشـت ئـەو نووسـەر و كەسـایەتییانەی قـەرزداری سوپاسـێك كـردوون، كـە ئـاوا بەسـەری كردوونەتـەوە. مـن لێرەوە ئـەو سوپاسـەی ئاراسـتە دەكـەم: سـوپاس بـۆ ئەسـتێرەكەی سەربەشـاخی، كـە ئـەو كەسـانەت لـەم كتێبـەدا بـە شـێوەیەكی ڕەمزی كۆكردوونەتـەوە، كە خودای عالەمیانیـش بـەو گەورەیـی خۆیـەوە، پێـی كۆنابنـەوە. خـۆت و ئەسـتێرەكانت هـەر گەشـاوە بـن. ئەگـەر هەریەكەیـان یـەك دوعـات بـۆ بكـەن، ڕاسـت بـەرەو بەهەشـتێ دەچیت، منیـش نـزات بـۆ دەكـەم، كـە لەوێـش ئـەم كـوردە بەهانانـت پێنەگرێـت..

هەولێر: ٢٠٢٣/٤/٤



# گیوی موکریانی

لە موکریانەوە بۆ حەلەب، لە بەغداوە بۆ ڕواندز، زمانناسێکی بە توانا و مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسێکی گەورەی کورد، ڕەوانشاد مامۆستا گیوی موکریانی ...

ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان لەتیف ئیسماعیل عەبدوڵڵا لەتیف)ە، لە ساڵی ١٩٠٣ یان ١٩٠٤ لە نێوان(شاری بۆکان و سەقز) لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەش دەڵێت: لە شاری مهاباد لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩١٢ یان ١٩١٣ لەسەر داخوازیی حوسێن حوزنیی برای، دەچێتە(حەلەب) لە وڵاتی سووریا تا ساڵی ١٩٢٥ لەوێ نیشتەجێ بووە، لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی نەزانیوە، حوسێن حوزنیی برای مامۆستایەکی بۆ دەگرێت فێری زمانی عەرەبی و فەرەنسیشی دەکات، دەچێتە کۆلێژی پزیشکیی ددانسازی دەگاتە قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٢٣-١٩٢٤ فەرەنسییەکان بە هۆی چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی حوزنی موکریانی بیانووی پێ دەگرن و ماوەیەک حوسێن حوزنی زیندانی دەکەن، بە مەرجیش لە زیندان ئازادی دەکەن کە لەوێ نەمێنێتەوە، پێی دەڵێن:(ئینگلیز خەریکە لە باکووری عێراق دەوڵەتێک یان حوکمڕانییەکی کوردی دادەمەزرێنن، بڕۆن لەوێ کوردایەتیی خۆتان بکەن)، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٣ حوسێن حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی هەردووکیان پێکەوە چوونەتە شاری بەغدا، بۆ ئەوەی بزانن



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، دکتۆر کوردستان موکریانی، دکتۆر محەممەد خدر مەولود،**
**دکتۆر وریا عومەر ئەمین، نە ناسراوە، نە ناسراوە**

دەتوانن لە بەغدا بژین یان نا، ماوەیەک لە بەغدا دەبن دواتر دەگەڕێنەوە حەلەب، لە ساڵی ١٩٢٥ گەڕاونەتەوە بەغدا و هەر لە هەمان ساڵدا لەسەر داخوازیی(سەید تەهای نەهری) کە ئەو کات لە بەڕێوەبەرایەتیی شارۆچکەی ڕواندز بووە دەگەڕێنەوە ڕواندز، ئەو چاپخانەیەی کە حوزنی موکریانی لە ساڵی ١٩١٤ لە ئەلمانیا کڕیبووی و لە باژێڕی حەلەب دایمەزراندبوو دەهێننەوە ڕواندز، لە ساڵی ١٩٢٦- ١٩٣٢ یاریدەدەری حوزنی برای بووە و بەڕێوەبەری گۆڤاری(زاری کرمانجی) بووە تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٢، (٢٤) ژمارەیان لێ دەرکردووە، دواتر حکومەتی عێراقی پێی داخستوون.

مامۆستا گیوی موکریانی ماوەیەکی کەم دەستگیر کراوە و دواتر ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە مهاباد، لەوێ ژنی هێناوە، دوو کچیان بووە بە ناوەکانی(خونچە و کاڵێ)، پاشان کچی سێیەم بە ناوی(کوردستان) لە هەولێر لە دایک بووە،، ئەو ماوەیەی چۆتەوە مهاباد لەوێش دەستگیر کراوە، بەڵام بە هەوڵی پێشەوا قازی محەمەد کە ئەو کات دەستی ڕۆیشتووە ئازادی دەکەن و دەگەڕێتەوە ڕواندز.

لە ساڵانی ١٩٣٣- ١٩٣٦ لە گۆڤاری ڕۆناکیدا کاری کردووە، کە لە

ڕواندز و هەولێر دەردەچوو کە خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر شیت مستەفا بووە،( ئاخر ئەو کات خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامە و گۆڤار) دەبوایە هەڵگری براونامەی کۆلێژی(ماف- حقوق) بێت، بۆیە ئەوانیش بە هاوکاریی پارێزەر شیت مستەفا مۆڵەتی وەرگرتنی گۆڤاری ڕۆناکییان وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٣٥ هاتوونەتە هەولێر لە تەک کاری وێنەگری، ئامێرێکی چاپی کوردییان لە مووسڵ لە(فەزل عیسا مەحفوز) کڕیوە و لە هەولێر دایانمەزراندووە، بەردەوامیش بووینە لە دەرکردنی گۆڤاری ڕۆناکی و چاپکردنی کتێبی کوردی، لە ٢٠-٩- ١٩٤٧ کە حوزنی موکریانی کۆچی دوایی دەکات، گیوی موکریانی برای دەبێتە خاوەنی ئامێرە کۆنەکەی زاری کرمانجی و ئامێرەکەی کە لە موسڵ کڕیبوویان، لە ساڵی ١٩٤٨ لە کاتی ڕاپەڕینە گەورەکەی عێراق کە بە ڕاپەڕینی(الوثبة) ناسراوە دژی(معاهدة بورتسموث)، تۆزێک ئازادی و دیموکراتی لە وڵات هاتە کایەوە، گیوی موکریانی ناوی چاپخانەی زاری کرمانجی گۆڕیوە بۆ(چاپخانەی کوردستان)، لە ساڵی ١٩٦٣ حکومەتی ئەوسای عێراق ناوی چاپخانەکەیان پێ گۆڕیوە و کردوویەتییە چاپخانەی(هەولێر)، لە ساڵی ١٩٧٠ پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەوانشاد عەبدولخالیق سەرسام، بەڕێز عەبدولڕەزاق پشدەری، مامۆستا گیوی موکریانی، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، لە ٢٠-٢ ١٩٦٧ لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر گیراوە**


ئادار دووبارە ناوی چاپخانەکەی کردۆتەوە چاپخانەی(کوردستان).

مێژوو نووس و ڕۆژنامەنووس و فەرهەنگساز مامۆستا گیوی موکریانی، بەشێکی زۆری ژیانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر بردووە، ماوەیەک لە ڕۆژئاوای کوردستان و ماوەیەکیش لە باشووری کوردستان.


مامۆستا گیوی موکریانی بە مێژوونووسێکی گەورەی کورد دادەنرێت، زیاتر لە(٢٠) ساڵ تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مێژووی کورد، پشتیشی بە سەرچاوە بە نرخ و ڕەسەنەکان بەستووە، ئەو چونکە زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی و ڕووسی و هیندی و تورکی و فارسی زانیوە، سوودێکی زۆری لەم سەرچاوانە وەرگرتووە و هەندێکیشیانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.




لە ١٥- ٥- ١٩٥٤ەوە، تا ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بووە لە دەرکردنی گۆڤاری(هەتاو)، توانیویەتی(١٨٨) ژمارەی لێ دەربکات و



چاپخانەی کوردستان و ڕەوانشاد گیوی موکریانی




**دیواربەندی ڕەوانشاد گیوی موکریانی**

سەرەڕای چاپکردنی زیاتر لە(٢٠٠) کتێب و نامیلکەی شاعیران وەک(پیرەمێرد، قانع، فایەق بێکەس و چەندانی دیکە). ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری مێژوو و فەرهەنگ و زمانەوانی و فۆلکلۆر و شیعری شاعیرانی کلاسیکی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە، کتێبی کوردیشی دەفرۆشت، خەڵکی هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستانی فێری خوێندنەوە و کتێب کڕین کردووە، لەسەر زاری حوسێن حوزنی موکریانیی مامی و گیوی موکریانی باوکی، دکتۆر کوردستان موکریانی دەڵێت:

(ئەوان دەیان گوت بۆیە ئەمەمان هێناوە، چونکە کورد تەنیا بە زانست و زانیاری دەتوانێت پێبگات و دەبێت بچێتە قوتابخانە، قوتابخانەش پێویستی بە کتێبە، کتێبیش پێویستی بە ئامێرێکە بۆ ئەوەی چاپی بکات. هەر بۆیە بیری لەوە کردبووەوە، دەتوانم بڵێم بیریان لە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و زانستی کردبووەوە کاتێک کە ئەو چاپخانەیەی هێنا، کە کامێراکەشیان هێنا زیاتر باوکم خەریکی ئەو بوارە بوو، ئەویش یەکەمین جار بوو ئەو ئامێرە بهێننە کوردستان، مەبەستی سەرەکییان ئەوە بوو وێنەی ڕۆشنبیرانی کوردی پێ بگرن و پیشانی خەڵک و دونیای بدەن کە کورد نەک هەر چەک هەڵگرە، بەڵکو ڕۆشنبیریشی هەیە).

ئەو هانی خەڵکی هەولێری داوە کە ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن، کتێبێکیشی بە ناوی(ناوی کچ و کوڕانی کوردی) لە چاپداوە، هەندێ لە بەرهەمەکانی گیوی موکریانی :

- فەرهەنگی (ڕابەر) لە عەرەبی بۆ کوردی.

- فەرهەنگی (کۆلکە زێڕینە) فەرهەنگێکی کوردی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئینگلیزی بوو ئەم فەرهەنگەی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ تا ١٩٦٦ لە چاپداوە.
- فەرهەنگی کوردستان، لە ٤٠٠ لاپەڕە پێک هاتووە، لە کوردی بۆ کوردی بووە، هەموو شێوە زارەکانی زمانی کوردی لە خۆ دەگرێت.
- (نۆبەرە –الباکورة) فەرهەنێگی عەرەبی بۆ کوردی بووە، ٢٥ هەزار وشەی لە خۆ گرتووە، لەساڵی ١٩٨٦ چاپکراوە.
-(مێژووی وێژە) کتێبیکی گەورە بوو، هەرچەندە چاپ نەکراوە، بەڵام وەک دەستنووس ماوە و زانیارییەکی زۆری تێدایە دەربارەی نووسەران و شاعیران و زانایانی کورد، لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی ئەو کەسایەتیانە.
- گیوی نامە.
- گوڵچنی گیوی، پێداچوونەوە و بژارکردن و ڕێکخستن و ساغکردنەوە و زێدەکردنی دکتۆر کوردستان موکریانی.
- کتێبی (ناوی کچان و کوڕانی کوردی) لەساڵی ١٩٥٨ چاپ کراوە.
- کەشکۆڵی گیوی، کە هەندێک زانیاری و شیعری شاعیرانی لەخۆ گرتبوو، لەساڵی ١٩٨٦ لە ڕێگەی خاتوو دکتۆر کوردستان موکریانی لە چاپدراوە.

مامۆستا گیوی موکریانی، هەردەم هەوڵی داوە بۆ دوا ڕۆژی میللەتەکەی، لە ساڵی ١٩٤٠ نووسیویەتی و دەڵێت:(هەر لە خۆشیدا بژی یا لە ناخۆشی، لە کۆتاییدا هەر جامی مردن دەنۆشیت، هەر خزمەتێکیش پێشکەشی




بەرهەمەکانی مامۆستا گیوی موکریانی

ولاتەکەتی بکەیت، ئەوا لە دوا ڕۆژ بۆ خۆت دەمێنێتەوە).

ئەو کاتەی شەهید(مەهدی خۆشناو) جێگری پارێزگاری هەولێر بوو، لە شەقامی (مزەفەرییە- مظفریة) لە هەولێر شوێنی دوکانی چاپخانەی کوردستان، دیواربەندێک بۆ مامۆستا گیوی موکریانی دروستکراوە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

لە ١٥-٥- ٢٠١٥ لە هەولێر یادی(١٠٠) ساڵەی چاپخانەی زاری کرمانجی و کوردستان کراوەتەوە.

لە نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٤-٧-١٩٧٧ لە نەخۆشخانەی مووسڵ، گیوی موکریانی کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی هێندراوەتەوە هەولێر و لە گۆڕستانی(ئیمام ئەحمەد) لە تەنیشت حوسێن حوزنی موکریانیی برای بە خاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر کوردستان موکریانی، لە ٢٥-٥-٢٠١٥.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی پەیسەر، وتارێك بە ناونیشانی(گیو موکریانی مێژوونووسێکی دەگمەن) لە ٢٣-٧-٢٠٢٠.

٣ - وتارێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین بە بۆنەی(٤٤) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی کە لە ڕۆژنامەی (بەدرخان)ی ژمارە(١٤٥ ) لە ٢٦-٧-٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

٤ -کوردیپێدیا.

٥ - Wikiwand.

٦ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٧ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی kurdistan ٢٤، دۆکۆمینتێك بە ناوی(فەرهەنگە سەر سپییەکانی گیو موکریانی).

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شێخ محەممەدی خاڵ

ئەو باوەڕی وابووە: (ئایین دەبێت ئاوێتەی نیشتمان و نەتەوە بێت، خەباتی نیشتمانیش پێویستییەکی ئایینییە).

مامۆستای پێشنوێژ و وتارخوێن و وانەبێژ و قازیی شەریعەت، فەرهەنگنووس و مێژوونووس و زماننناس، ڕەوانشاد شێخ محەممەدی خاڵ...

ناوی تەواوی(شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵ)ە، بە پێنج پشت دەگاتەوە مەلا مستەفای موفتیی بابانەکان، لە ساڵی ١٧٨٤ لەکاتی گواستنەوەی میرنشینەکانی بابان بۆ سلێمانی، مەلا مستەفای باپیرە گەورەی شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ خۆی هەموو دەستنووسەکانی هێناوەتە سلێمانی کە زیاتر لە(٦٣٦) دەستنووس بووە، ئەو دەستنووسانە هەمووی لە لای مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕی پیرخدری باپیری بۆی ماوەتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوارسەد ساڵ پیش ئێستا.

شێخ محەمەدی خاڵ لە ساڵی ١٩٠٤ لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و ناوداری شاری سلێمانی و کوردستان لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩١٤



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شێخ محەممەدی خاڵ**

باوکی کۆچی دوایی دەکات، شێخ ئەمینی باپیری خاڵ و هەر چوار براکەی دیکەی بە خێو دەکات. ئەو زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندن و نووسین بووە، سەرەتای خوێندنی لای باپیری دەستپێکردووە، دواتر بەشێک خوێندنی لە لای مەلا حوسێنی پیسکەندی و شێخ جەلالی قەرەداغی خوێندووە، بەڵام بەشی زۆر خوێندنە ئایینییەکانی لە لای شێخ عومەری قەرەداغی خوێندووە و هەر لەسەر دەستی ئەویش ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لە ٢٩-١٠-٢٠٢٢ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار ئیحسان ڕەشاد موفتی، لە هەندێ نامە و دەستنووسی کۆنی کتێبخانەکەی باوکی بۆی دەرکەوتووە کە شێخ محەمەدی خاڵ لە لای مەلا فەندی ئیجازەی وەرگرتووە، بۆ ئەمەش نامەیەکی بۆ خاڵ ناردووە، ئەویش لە ١٢-٣-١٩٨٢ وەڵامی نامەکەی داوەتەوە و دەڵێت:(من لە خزمەت مەلا ئەفەندیدا نەم خوێندووە، بەڵام لە پاش ئەوەی کە ئیجازەم وەرگرت لە سلێمانی کاغەزێکم بۆ خوالێخۆشبوو نووسی کە بۆ بەرەکەت ئیجازەنامەیەکم

بۆ بنێرێ، ئەویش لە ڕووی میهرەبانییەوە ئیجازەنامەیەکی بۆ ناردم، تا ئەمڕۆ سوپاسگوزاری ئەو میهرەبانییەیم....هتد)، وا وێنەی نامەکەم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

لە ساڵی ١٩٣١ باپیری کۆچی دوایی دەکات، ئەو دەبێتە پێشنوێژ و وانەبێژ لە مزگەوتی حاجی ئەمین خاڵی باپیری، لە ساڵی ١٩٣١- ١٩٣٨ بە وانەبێژی و نووسینی ڕێزمان و فەرهەنگ و هەندێ نووسینی دیکەی لە بواری فەلسەفەی ئیسلامی و ژیانی پێغەمبەر(د،خ) بردۆتەسەر.

لە سالی ١٩٣٩ بە فەرمانی(پاشایەتی- ملكي) دەبێتە قازی لە هەڵەبجە، ئەو یەکێک بووە لە قازییە هەرە باشەکانی عێراق، ماوەی (٢٨) ساڵ قازی بووە لە سلێمانی و چەمچەماڵ و کەرکووک و مووسڵ و هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٦٢ وەکو ئەندامی دادگای (جیابوونەوەی شەرعی)عێراقی




**جەنابی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ**

هەڵبژێدراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ەوە، بۆتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق و ساڵی ١٩٧٢ جێگری کۆڕی زانیاریی کوردی بووە.

شێخ محەمەدی خاڵ زۆر حەزی لە خوێندنەوە و نووسین بووە، هەر زوو لە ساڵی ١٩٣٢ لە ڕێگەی گۆڤاری(المنار) کە لە بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی و نوێخوازی (جمال الدين الافغاني و الشيخ محمد عبده) بووە، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو نوێخوازی و چاکسازییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، سەبارەت بە کاریگەریی جەمالەدینی ئەفغانی، شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت:(شێخ جەمالەدینی ئەفغانی لە وتەیەکدا نووسیویەتی: هەموو گەلێک کە زیندووە بە زمانەکەیەوە زیندووە و دەتوانێت بمێنێتەوە لەبەر هێرشی دەگیرکەراندا ڕاوەستێت........هەروەها دەڵێت: کاتێک ئەم ڕستەیەم خوێندەوە زۆر کاری تێکردم و کەوتمە هەوڵی نووسینی فەرهەنگی زمانی کوردی).

ئەو لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بە نووسین کردووە، یەکەم وتاری خۆی لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٤٠ لە گۆڤاری گەلاوێژ بە ناونیشانی(خۆشەویستی نیشتمان) بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا پێی وابووە کوردایەتی خواپەرستییە، ئەو پاش مەلای گەورەی کۆیە، یەکەمین مەلا بووە دژی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوەی گەلی کورد




**بەرهەمەکانی شیخ محەممەدی خاڵ**




**بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ**

وتار و نووسینی هەبووە، لە ساڵی ١٩٣٦ لەسەر داخوازی و پێشنیاری پیرەمێردی شاعیر (مەولودنامەی ئەوسەری) نووسیوە، بەردەوامیش بووە لە نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ، ڕەخنەی لە هەموو دیاردە نامۆ و پاشکەوتووکانی کۆمەڵی کوردەواری وەکو(بیری خورافی، داروقەبرپەرستی، ژن بە ژنی، شیربایی، مارەبەجاش، گەورە بە بچووک، نوشتە و فاڵ...هتد)گرتووە.

شێخ محەمەدی خاڵ(٤٠) کتێبی لە چاپداوە لە بوارەکانی ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی و پەندی پێشینان و بابەتی لێکۆڵینەوەی ئایینی و فەلسەفی و تەفسیری قورئانی پیرۆز، ئەمانە هەندێکیانن :

تەفسیری خاڵ، تەفسیری قورئان بە کوردی

بەرگی یەکەم، ٢١٨ لاپەڕە، بەغدا، ١٩٦٩.

بەرگی دووەم، ١٩٨ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٧٢.

بەرگی سێیەم، ٢٢٤ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٧٩.

بەرگی چوارەم، ١٣٦ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٨١.

«فەرهەنگی خاڵ»، فەرهەنگی کوردی- کوردی


وەرامی رەخنەگر لەسەر فەرهەنگی خاڵ

سیخ محمدی خاڵ




بەرگی یەکەم ٣٣٨ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٦٠.

بەرگی دووەم، ٣٣٨ لاپەڕە، سلێمانی ١٩٦٤.

بەرگی سێیەم، ٥١١ لاپەڕە، ١٩٧٦.

«پەندی پێشینان»، بەغدا، ١٩٧٥.

چەندین کتێبی دیکەش.

شێخ محەمەدی خاڵ، لە ساڵی ١٩٤٨ کە هێشتا تەمەنی(٤٤) ساڵ بووە، لە لایەن(کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی- جامعة الدول العربية) نامەی بۆ هاتوو، داوایان لێ کردووە، پێڕستی دەستنووسە بە نرخەکانی کوردستانیان بۆ بنێرێت.

لە ساڵی ١٩٥٤ شێخی ئەزهەر(شێخ مەحمود شەلتوت) نامەی بۆ ناردووە و ستایشی کردووە و بە زانایەکی گەورەی داناوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە باسی شێخ محەمەدی خاڵ دەکات(ئەم زاتە لە ماوەی قەزاوەتیا گەلێ خزمەتی بە زانست و تەعمیراتی دینیی شاری سلێمانی کردووە، پێویستە بە ڕیسالەیەکی باش تەرجەمەی کردەوەی بکرێت، گەلێ ئیستیفادەی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی لە کتێبەکانی دەکرێت، ئەم زاتە زۆر شیاوی تەقدیرە لە لای ئەو کەسانەی کە خاوەن ویژدان و خاوەن ئینسافن).

هەروەها مامۆستا فاتح مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شیعرێکی بۆ چلەی خاڵ نووسیوە لە بەشێکیدا دەڵێت:

ئەی بلیمەت زانا و مامۆستای
گەلی کورد!
لەش نەیتوانی گیان هاتووە
بە دەست و برد
چەپکێ درووەدی بێگەردی
پێیە بۆ سەر گڵکۆی بێگەرد
بەندی جێگام، گروفتارم،
بەڵام تا مەرگ وەفادارم.

شاعیر حەسیب قەرەداغی کە لە بیر و فیکردا جیاوازە لەگەڵ شێخ و مەلا، بەڵام ئەویش لە چلەی خاڵ چامەیەکی درێژی نووسیوە کە لە بەشێکیدا دەڵێت:

ئەم شێخە گەورەی من بۆی پەشێوم
هەمیشە ناوی وا لەسەر لێوم
ڕابەری ڕێگەی خامەو خەیاڵە
بەچامەو هەڵبەست وەسفی مەحاڵە
........

لە بەشێکی تریدا دەڵێت:

قوربانی تۆبن هەزار لەوانە
چ لە دامێن و چ لە کەوانە
قامەتی بەرزت گەورە شارێ بوو
بۆن و بەرامەت نەوبەهارێ بوو.

دەیان نووسەر و لیکۆڵەوەر و توێژەر، تیشکیان خستۆتە سەر

بەرهەمـە بـە نرخەکانـی خـاڵ.

بەشێک لە کتێب و دەستنووس و کەرەستە تایبەتییەکانی لە بنکەی(ژین) لە سلێمانی پارێزراوە.

شێخ محەمـەدی خـاڵ لـە ١٥ی تەممـوزی ١٩٨٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە گـردی مامەیـارە بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ – ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی پەیســەر، وتاریـک بـە ناوی(شـێخێکی جیاواز)لـە ١٤-٧-٢٠٢٠.

٢ – ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسـەر و میدیاکار ئیحسـان موفتی، لـە ٢٩-١٠-٢٠٢٢.

٣- ماڵپەڕی نووسەر کامەران سوبحان، لە ٢٧-١-٢٠١٥.


٤ – ماڵپەڕی شێخ محەمەدی خاڵ، وێنەی بەرگی بەرهەمەکانی.

٥ – کوردستانی نوێ، کەلتوور، لە ١٦-٨-٢٠٢٢.

٦ – کوردیپێدیا.

٧ – ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٨ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




## نەجمەدین مەلا

بە هەژاری و دەستکورتی و بێکەسی ژیا، کە مردیش شارێک دوای کەوت.

گەریدەیەکی ئەوروپی ناسناوی(تۆلستۆی) کوردی لێناوە، گەریدەیەکی چیکۆسلۆفاکی کە ئەوکات هاتۆتە شاری سلێمانی، وتویەتی: دەبێت بکرێتە(سیمبوڵی خوێندەواری لە ناو کورد)دا.

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای خوێندگا، ڕەوانشاد نەجمەدین مەلا...

ناوی تەواوی( نەجمەدین مەلا کوڕی مەلا غەفور کوڕی مەلا عەلی ئیبراهیم)ە، لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، سەرەتا لای باوکی و حاجی مستەفای قازی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، دواتر ساڵی ١٩١٢ لەو قوتابخانەیە خوێندوویەتی کە(سەفوەت بەگی تورک) لە شاری سلێمانی کردبوویەوە، ئەو بە پلەی یەکەم دەرچووە لە ناو هاوپۆلەکانی، حەزی لە مەلایەتی نەبووە، حەزیشی لە مووچەخۆری نەکردووە، ماوەیەک بە مووچەخۆری لە ڕانیە ماوەتەوە، ماوەیەکیش بێ کار بووە، بەدەست و بازووی خۆی بژیوی خۆی پەیدا کردووە، ماوەیەکیش چۆتە شاری(حەلەب)، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی.



ڕۆشنبیرێکی بە توانای سەردەمی خۆی بووە، لە سلێمانی حوجرەیەکی لە گەڕەکی(سابوونکەران) لە شێوەی قوتابخانەیەکی تایبەتی بە ناوی(کەشتیی نوح) کردۆتەوە بۆ فێرکردنی خوێندەواری، لەم حوجرەدا بەشێکی تەرخان کردبوو بۆ خەوتن و ژیانی خۆی، شوێنێکیشی کردبووە کتێبخانە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم دەردەچوون تێیدا دەفرۆشت، بەشێکیشی بۆ خوێندنی خوێندکاران تەرخان کردبوو، خوێندکارانی ئەو خەڵکی بە تەمەن و گەورە و کاسبکار بوون ، جار و بار قوتابیانی لاواز لە دەرسەکانیان ئەوانەی (ئیکمال)دەبوون، بۆ زیاتر فێربوونی وانەکانیان وانەیان لای ئەو خوێندووە، لەم حوجرەیەدا زیاتر لە(٧٠٠٠)کەسی فێرە خوێندەواری کردووە، ژمارەیەکیشی فێری زمانی فارسی کردووە.

ئەو زۆر چاک زانیویەتی دەردی نەخوێندەواریی میللەت کوڵەوار و دوا دەخات، بۆیە زۆر بە گەرمی پێشوازی لە خوێندکارانی خۆی کردووە و وانەی پێ وتوون، هەتا خوێندکاری لا بووایە هەمیشە پێشوازی میوانی نەکردووە.

مامۆستا نەجمەدین مەلا هاوکارێکی هەمیشەیی ڕۆژنامەی(ژین) بووە، بەر لە ڕۆژنامەی(ژین) لە(رۆژی نوێ)دا (دیوانی کۆڕی زانیاری کوردی) بڵاوکردۆتەوە، کە باسی سوودی ڕووەکی کردووە و هەولیشی داوە داو

دەرمانی کوردەواری لە قاڵبی شیعردا دابڕێژێت تا بچێتە سەر زاری خەڵک و لە بیریان نەچێتەوە.

ئەو لە ڕێگای ڕۆژنامەی ژینەوە، ژیاننامەی بەشی زۆری شاعیرانی ئەو سەردەمی لە فەوتان ڕزگار کردووە، لە ڕۆژنامەی(ژین) چوار ستوونی هەبووە کە ئەمانەن:

- لە ژێر ناوی(شاعیرە بە ناوبانگەکان)کورتەی ژیاننامەی شاعیرانی وەک(حەمدی، مەولەوی، سالم، نالی، کوردی و چەندانی دیکە)ی بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە و لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوی کردۆتەوە.



مامۆستا نەجمەدین مەلا لە کاتی وانە وتنەوە

- گۆشـەیەکی تایبەتـی هەبـووە بـە ناوی(مەتـەڵ) بـە شـێوەی شـیعر، بـۆ گەنجـان و لاوان بـۆ ئـەوەی زیاتـر خولیـای خوێنـدن ببـن، زۆر جاریـش وەڵامـی مەتەڵەکان(زانا، یان دوانزە سـوارەی مەریوان یان شـوێنەوارێکی کوردسـتان بـووە).
- بەیانکردنی مردن و یادکردنەوەی کەسایەتییەکان.
- چەندین وتـاری ئەدەبیی کەلتووری و داستانی کوردی بڵاوکردۆتـەوە کە نیـازی هاندانـی خوێندکاران بووە کە زیاتر بایـەخ بە خوێندەواری بدەن.
- ئـەو زیاتـر لـە(٩٠) چیرۆک و کورتـە چیرۆکی بڵاوکردۆتـەوە کە زۆربەیـان چیرۆکـی فۆلکلۆری بوونە.

سـەرەتای کارکردنـی مامۆسـتا نەجمەدیـن مـەلا لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٢٦، لـەم بارەیـەوە مامۆسـتای کوردپـەروەر ڕەوانشـاد گیـو موکریانـی دەڵێت:(سـاڵی ١٩٢٦ لـە سـووریاوە هاتینـەوە بەغدا و لەوێشـەوە چووینـە ڕوانـدز گۆڤـاری(زاری کرمانجی)مـان دەرکرد، پێویسـتمان بـەوە هەبـوو کـە لـە هەمـوو لایـەک خوێندەوارە لاوە دڵسـۆزەکانمان بـە ناردنی هەڵبەسـت و شـوێنەواری وێـژەی لای خۆیـان یارمەتیمـان بدەن، لـەو لایەنـەوە مامۆسـتا شـاکر فەتـاح و مامۆسـتا نەجمەدیـن مـەلا زۆر یارمەتییـان دایـن، کـە ئـەو پشـووە درێژەمـان لـە مامۆسـتا نەجمەدیـن مـەلا دەدی لـە گەلیـدا ڕێکەوتیـن کـە هەڵبەسـت و بەسـەرهاتی گشـت بوێژەکانـی سـلێمانیمان بـۆ کۆ بکاتـەوە، لـە بەرامبـەر ئـەم پیاوەتییـەدا ئێمـەش هـەر چییـەک چاپ بکەیـن چەند



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە.
مامۆستا نەجمەدین مەلا





مامۆستا نەجمەدین مەلا
لە دوو کاتی جیاواز




پەیکەری مامۆستا نەجمەدین مەلا






بەرگێکی پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی بیانفرۆشێت و موحتاجی خۆی پێ لەناو بەرێت).

نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر، کتێبێکی لەسەر ژیان و کەشکۆڵ و دەستخەت و بەرهەمەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا، نووسیوەو چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە.

سەبارەت بە ژیانی تایبەتیی نەجمەدین مەلا دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان دەڵێت:( هاوسەرگیری نەکردووە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکانیدا ناوی هیچ ئافرەتێک نەهاتووە). دووەمیان دەڵێت:(لەگەڵ ئافرەتێک ژیاوە بە ناوی فاتمە، هاوسەرگیرییان کردووە، کچێکیان هەبووە زوو جوانەمەرگ بووە، ئەوانیش لێک جیابوونەتەوە).

لە ڕۆژی ٢١- یان ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ یان هەر ڕۆژەکەی بە تەواوی نازانرێت، چونکە ئەو(چەند ڕۆژێک بوو لە حوجرەکەی خۆی کۆچی دوایی کردبوو، کەس نەیزانی بوو)، ئەو وەسیەتی کردبوو لەسەر چیای ئەزمر بینێژن، بەڵام لە بەر بارودۆخی ئەو کات لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە، پاش چەند ساڵێک هەر لەسەر وەسییەتەکەی خۆی

لەسەر چیای ئەزمر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

لە باخی گشتیی شاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ مامۆستا نەجمەدین مەلا دروستکراوە و دانراوە.

ڕووخاندنی خانووەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلا لە سلێمانی کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، لەوانە:

سەرۆکی بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردی دەڵێت:( ڕووخاندنی ماڵەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلا، ڕووخاندنی مێژووی مرۆڤایەتییە، لە بەر ئەوەی لە حوجرەی ئەو چەندین دانا پێگەیشتوون).

ئەو، تا لە ژیان بوو بێ کەس بوو، کە مردیش بەشی زۆری خەڵکی شاری سلێمانی دوای تەرمەکەی کەوتن.

ئاواتی هەرە گەورەی ئەو، ئەوە بوو کە هەموو تاکێکی کورد خوێندەوار بێت، هەموو تەمەنیشی بۆ ئەم مەبەستە بردەسەر، ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

سەرچاوەکان:


١- - BMCtv، ژیاننامەی نەجمەدین مەلا.

٢- - Kurdistan ٢٤، نەجمەدین مەلا، فیلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی قەلەندەرخانە.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی Chaw.


٤- - Kurdistan magazine، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بەرهەمەکانی نەجمەدین مەلا دەکرێت.

٥- - Khaktv، ژیاننامەی نەجمەدین مەلا.

٦ - کوردیپێدیا.

٧ - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەیدا ساڵح یوسفی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری دیار و ناسراوی کورد، شەهید سەیدا ساڵح یوسفی...

ناوی تەواوی(ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین یوسفی)یە، بە سەیدا ساڵح یوسفی ناسراوە، لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی(بامەڕنی)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە خێزانێکی ناسراوی دەڤەری بادینان لە دایک بووە، باپیرە گەورەیان کە بە شێخ یوسف ناسراوە نزیک و باوەڕپێکراوی میر بەدرخانی میری بۆتان بووە، لە ساڵی ١٨٤٣-١٨٤٧ بەشداریی شۆڕشی بەدرخانییەکانی کردووە.

سەیدا ساڵح یوسفی، تەمەنی چەند مانگێک بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بامەڕنی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندییشی ساڵی ١٩٣٨ لە ناوەندی(ئالولبەیت- آل البیت) لە بەغدا تەواکردووە، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی شارۆچکەی(هەریر)ی سەر بە پارێزگای هەولێر، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتەوە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ کۆلیژی(دار العلوم و الشریعة) بە پلەی نایاب تەواوکردووە و زەمالەی خوێندنی لە زانکۆی (الازهر) لە قاهیرەی وڵاتی میسر بۆ دەرچووە، بەڵام لەبەر باری بژێوی ژیانی ئەو کات و سەرقاڵبوونی بە کار و جموجۆڵی سیاسی نەچۆتە خوێندن لە ئەزهەر، وەکو(کاتب- نووسەر) لە



دادگای موسڵ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٤٩ گواستراوەتەوە سنجار)ی سەربە پارێزگای موسڵ و بۆتە(کاتب الاول)، لەوێشەوە گواستراوەتەوە زاخۆ هەر لە دادگا خزمەتی کردووە تا ساڵی ١٩٥٨، دیسان گواستراوەتەوە شاری موسڵ و وەکو بەڕێوەبەری(الاموال القاصرین) دەست بەکار بووە.

نووسەر و شاعیر سەیدا ساڵح یوسفی، وەکو قوتابییەکی چالاک و کوردپەروەر هەر زوو دژی ئەو زوڵم و زۆرداریانە وەستاوەتەوە کە لە نەتەوەکەی کراوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی خۆی کۆمەڵەیەکی سیاسییان بە ناوی(بروسک) پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٣٩ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی(هیوا) بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی، کە ئامانجیان یەکێتی و یەکڕیزیی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٤٤ پاش نەمان و(حەل)بوونی حزبی هیوا، دیسان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی حزبی(ڕزگاری)یان دامەزراندووە، پاشان لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦، هەر بە بەشداربوونی ئەندامانی حزبی هیوا و ڕزگاری، پارتی دیموکراتی

کورد- یان دامەزراندووە کە لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٣ ناوەکەی کراوەتە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٩ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی(پ.د.ک) بووە لە شاری موسڵ، ئەو بەشداریی بەشی زۆری وتووێژەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق لە ١٩٥٨ەوە تا ساڵی ١٩٧٦ کردووە، لە پاش ڕێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بۆتە وەزیری دەوڵەت، زیاتر کارە سیاسییەکانی ئەو بۆ خەڵکانی پسپۆرتر لە بواری سیاسیی بەجێدێڵین.

شاعیر و نووسەر سەیدا ساڵح یوسفی، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە، شیعرەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی بوونە، دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان نووسیوە، چەندین چالاکیی دیکەشی لە بواری کاری ڕێکخستنی ڕێکخراوە پیشەییەکان بینیوە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٦٧ سەرنووسەری ڕۆژنامەی(التآخي) زمانحاڵی پارتی



**لەلای ڕاستەوە: شاعیر و و نووسەر سەیدا ساڵح یوسفی،**
**بەڕێز شێرزاد ساڵح یوسفی(کوڕی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی)**



**شەهید سەیدا ساڵح یوسفی لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانی لە شاری شنۆ - ئێران ١٩٧٥**

دیموکراتی کوردستان و (برایەتی)ی پاشکۆ کوردییەکەی بووە.

- سەرنووسەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی و سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بووە.
- خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(ستێر)ی منداڵان، کە یەکەمین گۆڤاری منداڵان بووە بە زمانی کوردی.
- سەرپەرشتیی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کورستان و یەکێتیی جووتیاران و نیقابەی کرێکارانی کوردستانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٤٢ یەکەم کەس بووە، شیعری دژی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان نووسیوە بە ناوی(اجیج النیران الملتهبة).
- ئەندامی کۆمیتە و ئەنجومەنی هاریکاریی ئاشتیی عێراقی و جیهانی بووە.

چەندین نووسەر و لێکۆڵەر، چەند کتێبێکیان لەسەر ژیانی سیاسیی



پەیکەری شەهید
سەیدا ساڵح یوسفی





گڵکۆی شەهید
سەیدا ساڵح یوسفی.


و ئەدەبیی و ڕۆژنامەگەری سەیدا ساڵح یوسفی نووسیوە لەوانە(دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، ردوان گولی، زوزان ساڵح یوسفی)، وا بەرگ و ناوی کتێبەکانم هاوپێچ کردووە.

سەیدا ساڵح یوسفی لە ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ خاتوو(لطيفة عبدالله سليڤانی) هاوسەرگیری کردووە خاوەنی شەش منداڵ بوونە بە ناوەکانی(نارین، شێرزاد، لاوین، هاڤین، زوزان و تورین) خوا تەمەن درێژیان بکات.

لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی لە ڕۆژی ٢٥-٦-١٩٨١ لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعس تیرۆرکراوە، ئەو شەهیدی کورد و کوردستانە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا پارچە شیعرێکی ساعیر و نووسەر سەیدا ساڵح یوسفی-تان بۆ دەنووسمەوە:







**وەلاتێ من**

کوردستان دێ بێژین دێ ڕێژین

خوینا خو ژیانا خۆ خوها خۆ هیزا خۆ

ژیار بێ دیار بێ رزگار بێ سلاڤ بێ

کوردستان.......کوردستان

***

چەند ژاری و مراری بێ بەختی و بێ نەختی

بێ دەستا ئیشکەستی

بێ هشێ و گوهەشتی

دێ داخ کەین مرینین

بن ئاخ کەین برینین

کوردستان...دێ بێژین دێ ڕێژین

***

ئستعما کۆمار


کەڤنێت پیس

تەڤرنێت لیس

ژەهرا ڕەش قەهراگەش

دەڤێت بەش بەختێ ڕەش


دێ هویر کەین ل بن پێیا




دێ دوير كەين ل سەر ڕێيا
كوردستان....دێ بێژين دێ ڕێژين


❊❊❊

ڕادينكێت مالێت مە
خونداريێت ساڵێت مە
جوتيار و پالێت مە
ب ڕێنجبەرا ب خەنجەرا
ب شانازى ب دلخازى
دى كوژين بەرازى
كوردستان...كوردستان




❊❊❊

بێ تۆڤين بێ جۆتين
مرۆڤين تێر دۆتين
خێزانيێ ڤەرۆتين
نەزانيێ ئەم سۆتين
دێ هەل كەين بزۆتين
مێرانيێ بێ گۆتين
كوردستان.....كوردستان




❊❊❊

براينە دگەل گەلا هەڤالين
چراينە ل سەر چەلا دبژالين
دێ ڕێژين ڕۆناهيا زەلالين
ژى پژين گونەها ڕادمالين
دزێت مەڤەتەزين تاهاتن
ڕەزێت مە قەبلين خەباتێ
كوردستان... كوردستان

***

عەرەب و کورد و گەل دوستن برانە

ئستعمار و کەڤنێت پیس دژمنێت خڕانە

کار دزی و ڕێگری گونە ە و تالانە

براندن قەلاندن کاردەستێت گەلانە

هەر خەبات تاقەتا ملانە

ڕۆژهەلات ل چیمەنێت گولانە

کوردستان...کوردستان

***

ئازایێ دێ چینین

ئەڤینیێ ڤەهینیین

ژینا خۆش خەملینین

ئاشتی بێ ب ڕەشینین

خوینا بوش فرینین

مزگێنیێ بگەهینین

کوردستان ...کوردستان

سەرچاوەکان:


١ - kURD COLLECT، لە ١- ١٢-٢٠٢٢.

٢ - ویکیپیدیا- الموسوعة الحرة.

٣ - کوردیپیێدیا.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی ئومێد یوسفی، لە ٢٥-٦- ٢٠٢٠.

٥ - زوزان یوسفی، کتێبی(خواطر من ذاکرتی...)


٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عوسمان سەبری

شـاعیری کوردپـەروەر و شۆڕشـگێر، شـاعیری شـیعری(مقاومة- بەرگری)، خاوەنی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ڕەوانشـاد عوسـمان سـەبری ....

شـاعیر و نووسـەر سـەیدا عوسـمان سـەبری بـە( ئاپـۆ یـان ئاپـێ عوسـمان) ناسـرابوو، لـە ٥-١٢- ١٩٠٥ لـە گوندی(نارنجیـی) سـەر بـە قەزای(کارختـە)ی باکووری کوردسـتان لـە بنەماڵەیەکـی شۆڕشـگێڕ و کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، باوکی لـە ئاغاکانی عەشـیرەتی مردێسـی بـووە، ئـەو هێشـتا منداڵ بـووە باوکی کۆچـی دوایـی کـردووە، شـوکری مامـی بەخێـو و پـەروەردەی کـردووە، لەبـەر خوێندنی داناوە دواتریش سـاڵی ١٩٢٢ خوێندنی لـە قوتابخانەی(ڕوشـدییە) تەواوکـردووە، هـەر لـەم کاتـەدا هـەردوو مامـی شـوکری و نـوری بەشـداریان لـە شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٢٥ کـە شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران بـەرەو ڕووخـان چـووە،



بەرهەمی نووسەر سەیدا عوسمان سەبری



**لە لای ڕاستەوە: سەیدا عوسمان سەبری،**
**خاتوو(شادیە ڕەجەب)هاوسەری سەیدا عوسمان سەبری**

شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی و عوسمان سەبری و هەردوو مامی(شوکری و نوری) فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، ئەوان لە سێدارەدراون و عوسمان سەبریش لەبەر بچووکی تەمەنی ئازادکراوە، بۆیە ئەویش بەردەوام دەبێت لەکاری نهێنی و گەنجان هان دەدات کە خەبات لە پێناوی مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن، لە ساڵی ١٩٢٨ حکومەتی تورکیای ئەوسا دەستگیری دەکەن، دواتر بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی، بۆیە ساڵی ١٩٢٩ جارێکی دیکەش دەستگیرکراوەتەوە، دیارە بەڵگەیان لەسەری نەبووە، بۆیە ئازادکراوە، لە ٢٤-١٢-١٩٢٩ خۆی و هەر شەش برای بە ناچاری دیاربەکر(ئامەد) بەجێدەهێڵن و ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان دەبن و لە شام (دیمەشق) دەگیرسێنەوە.

شاعیر و نووسەر سەیدا عوسمان سەبری لە ١٥-٥-١٩٣٢ هەر لەگەل دەرچوونی گۆڤاری (هاوار) لە دیمەشق لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان، نووسەریکی سەرەکی بووە لەم گۆڤارەدا، گەلێک وتاری بە سوودی دەربارەی نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی تێدا بڵاوکردۆتەوە، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٤٢ تا ساڵی ١٩٤٥ کە میر جەلادەت بەدرخان گۆڤاری(ڕوناهی)دەرکردووە، دیسان عوسمان سەبری هەر پارچە شیعر و وتاری ئەدەبی و نووسینی هەمەجۆری بە پیتی لاتینی تێدا بڵاوکردۆتەوە، ئەو یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی کورد کە پەرەیان بە نووسینی کوردی داوە بە پیتی لاتینی، بنچینەی ئەلفوبێی کوردیی بەو ئەبجەدییە داناوە.



پەیکەری شاعیر و نووسەر
سەیدا عوسمان سەبری



سەیدا عوسمان سەبری
لە زیندانی دیمەشق ساڵی ١٩٧٢

**شاعیر و نووسەر سەیدا عوسمان سەبری**

نووسەر سەیدا عوسمان سەبری، لە بواری خەباتی نەتەوایەتیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، دوای چوونی بۆ دیمەشق لەساڵی ١٩٣٠ پەیوەندی بە پارتی(خویبوون)کردووە، چالاکیی زۆری تێدا نواندووە، هەر بە ناوی ئەو پارتەش سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و سەردانی نەمر مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کوردی ئەو کاتی کردووە، بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی پارتی خویبوون لە گەڵ باشووری کوردستان، هەروەها سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی کردووە و ماوەی(٦ -٧) مانگێک لە ورمێ ماوەتەوە، دواتر لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی تورک، داوای لێکراوە ئەوێش بەجێبهێڵێت.

لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ خەباتگێڕانی وەک نورەدین زازا و دەستەیەک لە نیشتمانپەروەران پارتی دیموکراتی کوردیان لە سووریا دامەزراندووە، ئەو لە ژیانی سیاسیدا زۆر سەختیی ژیانی دیوە و زۆریش ئازار و ئەشکەنجە دراوە، (١٨) جار زیندانی کراوە، دوو جار لە تورکیا، دوو جار لە عێراق، یەک جار لە لوبنان،(١٣) جاریش لە سووریا.

لە ٨-٨- ١٩٦٠ لەسەر خەباتی سیاسی لەگەڵ نورەدین زازا و ڕەشید حەمۆ، فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، بەڵام نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕووناکبیرانی کورد لە ئەوڕوپا و عێراق و لوبنان و سووریا، نارەزاییان دەربڕیوە و یاداشتیان داوەتە سەرۆکی

میسـری(جەمال عەبدولناسـر) بۆیـە پـاش سـاڵێک لـە ڕۆژی ٨-٨-١٩٦١ ئازادکـراون.

کۆمەڵێک کتێبی بـە نـرخ و بـە سـوودی بـە زمانـی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی نووسـیوە و لەچـاپ وبڵاویکروونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

Apo, «Gotinên xav nepijîn bê tav», Duitsland, 1981.

Elîfbêya Tikuz, 1982.

Çar Leheng, Syira, 40 blz., 1984.

Bahoz û çend nivîsarên din, 68 blz., 1956.

Elîfbeya Kurdî, 56 pp., Syriё, 1955.

Derdên me (gotar û helbest)

Dîwana Osman Sebrî (Dichtbundel), 215 pp., Stockholm, 1998.

Bîranînên Osman Sebrî (Memoires), 2003.

سـەیدا عوسـمان سـەبری نووسـەر و شـاعیرێکی کوردپـەروەر و شۆڕشـگێڕ بـوو، شـیعرەکانی تـام بۆی(بەرگـری- مقاومة)یـان لێدێـت، هەمـوو ژیانـی خۆی بۆ خزمەتی کوردستان تەرخـان کردبوو، هانی لاو و گەنجانی کوردی داوە کـە بـە ئاشکرا و نهێنـی خەبـات بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بکـەن، کـورد و کوردایەتـی و خەباتـی کـوردان، لـە بەشـی زۆری شـیعرەکانی ڕەنگـی داوەتـەوە، ئەمـەش پارچـە هەڵبەسـتێکی ئـەم شـاعیرە مەزنەیـە:

**ئارمانجا مە سەربەخۆبوون من باوەری بە یەزدان**

**....د ناڤا ڤان چەند سالان د ڤێ چی کوردستان**

**ولاتێ مە کوردستان پێگەرا شێران**

**ئەو قادا شەر و مژدانە ئیعلان دکا مێران**

**جانێ مە بۆ ولات گۆرێر هەروهەر داکو زوو**

**ئازا بەسەرخوا بە هەر دەڤەر دەستی مە بە قەلەم و خەنجەر**

**شور و چەک ئەم هەموو یەک رامان پێکهاتین لەک لەک**

سەیدا عوسمان سەبری لە ١١-١٠- ١٩٩٣ لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە گوندی(بەرکفری)نزیک دەرباسیە لە ولاتی سووریا نێژراوە، ڕوحی پاکی ئەم شاعیر و نووسەرە مەزنە شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - مێژووی ئەدەبی کوردی ، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی حەوتەم لاپەڕەکانی(٩-١٦)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦.

٢- Wikiwand.

٣ - ویکیپیدیا- ئیسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - ڕادیۆی بەردەڕەش، بەرنامەی سەکۆی ئەدەب، لە ٨-٧-٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیHistory of kurdish، لە ١٠-٥-٢٠١٩.

٦ - ماڵپەڕی ڤەژینبوکس.

٧ - کوردپیێدیا.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەمال بابان

نووسەر و مێژوونووس و پارێزەر و ڕۆشنبیری ناوداری کورد، مامۆستا جەمال بابان...

ناوی تەواوی(جەمال عەبدولقادر بابان)ە، لە ساڵی ۱۹۲۷ لە بنەماڵەیەکی دێرین و ناسراوی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ۱۹۵۰ کۆلێژی (ماف-حقوق) ی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی (کەندیناوە-دیبەگە) دەست بەکار بووە، دواتر بە هەمان وەزیفە بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە چەند ناحییەیەکی دیکەی لیوای سلێمانی، پاشان بۆتە بەڕێوەبەری شارەوانیی سلێمانی و چەندین بەرپرسیارێتیی دیکەی بینیوە، وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا و ئەمنیداری گشتیی کۆڕی زانیاری کوردی هەر لە بەغدا، لە ساڵی ۱۹۷۶ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە، خەریکی پارێزەری بووە، ئێستاش لە سلێمانی دەژییێت.

مامۆستا جەمال بابان وەکو نووسەر و ڕۆشنبیرێکی گەورە و دڵسۆزی کورد بە درێژایی تەمەنی خۆی خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی ناودارانی کورد و و لێکۆڵینەوە و چیرۆک و پەندی پێشینان و قسەی




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال بابان، نە ناسراوە**

نەستەقی کوردەواری کردووە، لە ڕێگای بەرنامەیەکی ڕادیۆی کوردیی بەغدا، شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی عێراقی و کوردستان بە گوێگران ئاشنا کردووە، چەندین بەرهەمی ناوازە و بە نرخی لەم بوارانە و بابەتی هەمەجۆری دیکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- خانزاد- چیرۆک، ١٩٥٧.
- پەڵەهەورێکی چڵکن، چاپخانەی المعارف- بەغدا، ١٩٥٨.
- سەی کەڵەک- چیرۆک، چاپخانەی دار الجاحظ- بەغدا.
- مامەیارە، چاپخانەی دار الجاحظ- بەغدا، ١٩٧٣.
- خەڕەکە شکاوەکە، چاپخانەی الحوادث- بەغدا، ١٩٨٩.
- هەندێک دادوەری بەناوبانگ، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد- بەغدا، ١٩٨١.




- سلێمانی شارە گەشاوەکەم،(٤) بەرگە (بەرگەکانی ١- ٢)، چاپخانەی دار الحرية- بەغدا، ١٩٩٢، ١٩٩٨)، (بەرگەکانی ٣-٤)، دەزگای سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠، ٢٠٠٢.
- بابان في التاريخ ومشاهير البابانيين، مطبعة الحوادث- بغداد، ١٩٩٣.
- أعلام كرد العراق، جزءان، السليمانية، ٢٠٠٦.
- یاداشتنامەی ژیانم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- گەشتێک بە ناخی تەمەندا، دەزگای سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧.
- أصول أسماء المدن والمواقع العراقية،(٣) أجزاء (ج١، مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد، ١٩٧٦؛ ج٢، مطبعة الشهيد آزاد هورامي- كركوك،



نووسەر جەمال بابان

٢٠٠٦، ج٣، مطابع الوقف الحديثة- بغداد، ٢٠١٣.

- واقع كركوك، دار آراس- أربيل، ٢٠١٢.
- لە خەوما، چیرۆکێکی جەمیل سائیبە، پێشکەشکردن و و لێکۆڵینەوەی جەمال بابانە.
- بابان لە مێژوودا و گەورەپیاوانی بابان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە- سلێمانی، ٢٠١٨.

ئەم کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- خاڵە ڕەجەب، ترش و شیرین، چاپخانەی کامەران- سلێمانی، ١٩٦٩.
- کاکینە و مستەفا صائیب، قسەی نەستەقی پێشینان.
- مذكرات علي كمال عبدالرحمن، مطبعة شركة الخنساء- بغداد، ٢٠٠١.
- عەبدولقادر قەزاز، پەند و ئامۆژگاری و هەندێک بابەتی تر، چاپخانەی شركة الخنساء- بەغدا، ٢٠٠٢.

نووسەر و ڕۆشنبیر جەمال بابان، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەییش ئەم چالاکییانەی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٦٨، ئەو کاتەی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە، بە هەول و هیمەتی ئەو گۆڤاری(سلێمان) دامەزراوە و دەرچووە.



نووسەر جەمال بابان




**بەرهەمەکانی نووسەر جەمال بابان**

- لە شوباتی ۱۹۷۰ ماوەیەکی کورت سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە، تا بەستنی یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ئاداری هەمان ساڵ و شاعیر هەژار موکریانی بە یەکەمین سەرۆک هەڵبژێردراوە.
- نووسەر جەمال بابان بەرنامەیەکی ڕادیۆیی هەفتانەی هەبوو، بە ناوی(عێراق نیشتمانمە یان عێراق نیشتمانتە)، کە تێیدا باسی مێژووی ناوی شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستانی دەکرد، بەردەوامیش بوو لە پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە تا کۆتایی حەفتاکان.
- لە ساڵی ۱۹۷۲ لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی دیکەی کورد لە بەغدا، یانەی(سەلاحەدین)یان دامەزراندووە.
- لە ژمارە(١٤ تا ٣٥) سەرنووسەری گۆڤاری(بەیان) بووە لە بەغدا.
- لە ساڵی ۲۰۰۵ سەنتەری ڕۆشنبیریی(بابان)ی لە سلێمانی دامەزراندووە.
- لە ساڵی ۲۰۰٦ خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(بابان) بووە کە تا ئێستاش هەر دەردەچێت.

ئێوارەی ۱٥-۳-۲۰۱۹ شاندێکی بنکەی ڕۆشنبیریی(ژین) سەردانی نووسەر جەمال بابانیان کردووە، بڕوانامەی خەڵات و ڕێزلێنانیان پێبەخشیوە.

نووسەر جەمال بابان، لە سلێمانی نیشتەجێیە و ناوە بەناوە ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد لە ماڵەکەی خۆی سەردانی دەکەن، ئەویش هەرچەندە زۆر بە تەمەنە، بەڵام پێشوازی لە هەمووان دەکات و یاد و بیرەوەری

و چالاکییەکانـی خـۆی بـۆ میوانەکانـی دەگێڕێتـەوە، هـەر تەمـەن درێـژ و سـەرکەوتوو و سـەرفراز بێـت.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی بنکەی ڕۆشنبیریی(ژین) لە ١٥-٣-٢٠١٩.
٢ - ئینستیتوتی کوردی لە پاریس.
٣ - کتابخانەهای دانشگاه کردستان.
٤ - کوردیپێدیا.
٥ - ماڵپەڕی ڕادیۆی کوردیی بەغدا لە ٨-٢-٢٠٢٣.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر شاکر خەسباك


ئـەو بـە نەتـەوە عـەرەب بـوو، بـەڵام کـورد و شـاری سـلێمانی زۆر خۆشدەویسـت، وەسـیەتی کردبـوو ئەگـەر کۆچـی دوایـی بـکات لـە شـاری سـلێمانی بینێـژن، چیرۆکنـووس و شـانۆنووس و ڕۆماننـووس، مێـژوو و جوگرافیاناسـی گـەورەی عێراقـی ڕەوانشـاد پرۆفیسـۆر دکتـۆر شـاکر خەسـباک...

دکتـۆر شـاکر خەسـباک لـە سـاڵی ١٩٣٠ لـە شـاری(حلله)ی ناوەڕاسـتی عێراق لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری حللـە تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥١ بەشـی زانسـتی جوگرافیـای لـە زانکـۆی قاهیـرە لـە وڵاتـی میسـر تـەواو کـردووە، لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦٢ بڕوانامـەی ماجسـتێر و دکتـۆرای لـە زانکۆی(ردنیـک) لـە بەریتانیـا بەدەسـتهێناوە، نامـەی دکتۆراکـەی بـە نـاو نیشـانی(أكراد السـليمانية- دراسـة فـي الجغرافيـة الإجتماعيـة- کوردەکانـی لیـوای سـلێمانی- توێژینەوەیەکـی جوگرافیی کۆمەڵایەتی)یە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە چاپی داوە و بڵاوی کردۆتـەوە.

دکتـۆر شـاکر خەسـباک هـەر لـە تەمەنـی(١٥) سـاڵیدا دەسـتی کـردووە بـە نووسـینی کورتـە چیـرۆک و بابەتـی ئەدەبـی و ڕەخنەیـی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی ئـەو سـەردەمدا بـڵاوی کردوونەتـەوە.

هەر لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆچی دوایی کردنی هەر داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە، ئەو یەکەم کەس بووە، لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٩ کتێبی(الكرد و المسألة الكردية- کورد و مەسەلەی کورد)ی نووسیوە و داوای مافی(خودموختاری- ئۆتۆنۆمی) بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردووە، لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا نووسیویەتی(بۆ برایانی کورد، ئەوانەی بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئێمەدا برا بوونە، مێژوویەکی هاوبەشمان لە کارکردن هەبووە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی گەشاوەتر لەژێر سێبەری کۆمارێکی دیموکراتی ئازاد..... بۆ برا ئازیزەکانم ئەم کتێبە پێشکەشە و هیوادارم ببێتە بنەمایەکی بە هێزی یەکگرتوویی لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد).

دکتۆر شاکر خەسباک، دۆستێکی ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو، لە کتێبەکانیدا کە لەسەر کورد نووسیویەتی زۆر ئازا و بوێرانە و بە ڕوونی سنووری جوگرافیای باشووری کوردستانی دوور لە دەمارگیری(تعصب)



إلى من يخصه الأمر
- وصية -
أنا شاكر صابر خصباك أوصي وأنا بكامل وعيي
أدفن بعد أن يتوفاني الله في مدينة السليمانية
أحببتها وأحببت أبنائها الأكراد لكي تكون رفا
جسراً بين العرب وأشقائهم الأكراد في وطنهم
الموحد العراق.
والله من وراء القصد

الداعي
شاكر صابر خصباك

الشاهد
٢٠٠٨/٢/٤
الملحقة الثقافية في
سفارة جمهورية العراق
صنعاء - اليمن

٢٠٠٨/٢/٤
معاون الملحق الثقافي
في سفارة جمهورية العراق
صنعاء - اليمن

وەسییەتنامەی دکتۆر شاکر خەسباک تایبەت بە ناشتنی دوای مردن




**بەرهەمەکانی دکتۆر شاکر خەسباك**

دیار کردووە، ئەو لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا هەڵوێستێکی چەسپاو و نەگۆڕی هەبووە، لە خۆشەویستی بۆ گەلی کورد بە گشتی و کوردانی باشووری کوردستان بە تایبەتی شاری سلێمانی نامەی دکتۆراکەی بە زمانی عەرەبی لەسەر کوردانی شاری سلێمانی نووسیوە.

ئەو لەبەر هەڵوێستەکانی زۆر جار ئازار و دوور خراوەتەوە، بە ئارەزووی خۆی ژیانی(منفای إختیار)ی هەڵبژاردبوو، زیاتر لە(٢٥) ساڵ لە سەنعای پایتەختی یەمەن ژیاوە، هەر لەوێش لە ڕۆژی ٤-٢- ٢٠٠٨ لە باڵوێزخانەی عێراقی لە یەمەن(وەسییەتنامە بە ناوبانگەکە)ی نووسیوە کە تێیدا دەڵێت:(من شاکر خەسباک بە کامل هۆش و عەقڵی خۆمم، وەسیەت دەکەم ئەگەر کۆچی دواییم کرد، لە شاری سلێمانی بمنێژن، بۆ ئەوەی تەرمەکەم ببێتە پردێک لە نێوان عەرەب و برا کوردەکانمان لە عێراقێکی یەکگرتوودا)، دیارە کاتی خۆی ئەو وەسییەتنامەی بۆ (دکتۆر جەزا تۆفیق تاڵب)ی لە زانکۆی سلێمانی ناردووە، وا تەواوی نامەکەم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

ئەو چەندین بەرهەمی لە بواری چیرۆک و شانۆنامە و ڕۆمان و مێژوو جوگرافیا و وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە ئەمانە هەندێکیانن:

- چیرۆکی صراع، ساڵی ١٩٥٨.

- چیرۆکی عهد جدید، ساڵی ١٩٥١.
- چیرۆکی حیاة قاسیة، ساڵی ١٩٥٩.
- الاکراد، دراسة جغرافیة انثوغرافیة، ١٩٧٣.
- حکایات بلادنا.
- المؤلفات الابداعیة - مسرحیات.
- إبن بطوطة و رحلته.
- الجغرافیه عند العرب.
- الکرد و المسألة الکردیة.
- اکراد لیوا السلیمانیة.
- کتێبی ذکریات ادبیة، کە تێیدا باسی(حکایتي مع الأکراد) دەکات.

چەندین کتێبی دیکەی مێژوویی و جوگرافی لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

ئەو مامۆستای موحازر بووە لە زانکۆکانی قاهیرە و سەنعا و ریاز و بەغدا.

لە ٢-١١- ٢٠١٩ لە ئێوارە کۆڕێکدا بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆشنبیران لە شاری هەولێر، دکتۆر(عەبدولفەتاح




**بەرهەمەکانی دکتۆر شاکر خەسباک**



**بەرگی کتێبی**
**خاتوو نیگار ئەنوەر حەمە سەعید**

بۆتانی) سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، لە باسێکیدا بە ناونیشانی(دکتۆر شاکر خەسباک و کورد، کورد و دکتۆر شاکر خەسباک) کە تێیدا بە تێرو تەسەلی باسی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئەم ڕووناکبیرە کردووە.

هەر چەندە دکتۆر شاکر خەسباک وەکو مێژوو و جوگرافیاناسێکی بە توانا و بە ئەزموون ناسراوە، بەڵام وەک ئەدیب و نووسەریش هەر ناسراوە، بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی بڕوانامەی ماجستێر لەسەر چیرۆکەکانی ئەو، بە ناونیشانی(القصة القصيرة في ادب شاكر خصباك- دراسة سوسيوسايكولوجية) لە لایەن قوتابی خاتوو (نیگار ئەنوەر حەمە سەعید) لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێنراوە، بە سەرپەرشتیی دکتۆر ئەدهەم لەتیف کەریم.

کورتە بیرەوەرییەکم لە گەڵ دکتۆر شاکر خەسباک، لە ساڵی ١٩٧٣، من قوتابیی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم، ئەو لای ئێمە موحازەراتی وانەی جوگرافیای کوردستانی پێ دەوتین، مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ و(متواضع) بووە، ئێمەی زۆر خۆشدەویست، هەر هەمان ساڵ بووە کتێبی(الاكراد- دراسه جغرافية انثوغرافيه)ی لە چاپداو بە نرخێکی کەم بەسەر قوتابیانی دابەشکرد، ئەگەر سەهوش نەبم هەر هەمان کات بوو، دکتۆر(عەبدولفەتاح بۆتانی) کە ئەو کات قوتابیی بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بوو، وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر بەشێکی ئەو کتێبە کە تایبەت بوو بە(شەبەک)ەکان، نووسی و لە ڕۆژنامەی(التآخي) بڵاوکرایەوە، ئەو زۆری پێ خۆشبوو، دەیووت قوتابی کورد زۆر زیرەک و ئازاو بوێرن، یادی بەخێر.

ئەو دۆستی دڵسۆزی کورد بوو، لە ڕۆژی ٢٥-١٢- ٢٠١٨ لە یەکێک لە

نەخۆشخانەکانی شاری(کالیفۆڕینا)ی ویلایەتی لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا کۆچی دوایی کردوو، هەر لەوێش نێژراوە، ئاواتەکەی نەهاتە دیَ لە شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی بە خاک بسپێردرێت، ڕوحی پاکی ئەو زانا و ڕووناکبیرە شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ -History of kurd, وتارێکی نووسەر بەڕیز مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا، لە ٤-٦- ٢٠٢٠.

٢ - ڕۆژنامەی خەبات، لە ٢٧- ٢ - ٢٠١٩.

٣- Khak tv, وتارێکی نووسەر بەڕێز ژینۆ عەبدوڵڵا، لە ١٥-١٢- ٢٠١٨.

٤ - کوردیپیێدیا.

٥- - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، لە ١٨-١- ٢٠٢١.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەرسەلان بایز

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، لێکۆڵەر و توێژەر، دکتۆر ئەرسەلان بایز...

ناوی تەواوی(ئەرسەلان بایز ئیسماعیل)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی(کاریتان)ی سەربە ناحیەی دیبەگەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارەدێی دیبەگە تەواوکردووە، ئامادەییشی لە( ئامادەیی هەولێر- أعدادیة اربیل) تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٣ بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لەساڵی ٢٠٠٣ دکتۆرای لەئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.

دکتۆر ئەرسەلان بایز هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە و تەمەنی(١٦) ساڵان بووە چووەتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش، ئەو کاتەی قوتابیی بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا بووە، پەیوەندی بە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان کردووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعس بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی




**لەلای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەرسەلان بایز ، نووسەر هیوا سەرهەنگ**

ئادار سالی ۱۹۷۰، بەشی زۆری قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا ڕوویان لە شاخ کرد، دکتۆر ئەرسەلان بایز، یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی مارکسی و لینینی، سەرپەرشتیی بەشی زۆری(ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان)ی ئەو کاتی کۆمەڵەکەی دەکرد لە ناو قوتابیانی کورد لە بەغدا، هەر زوو خۆی گەیاندە شاخ و بووە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول.

لەساڵی ۱۹۷۵ لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە شەهیدان(خاڵە شەهاب و جەعفەر) و چەند سەرکردەیەکی دیکە، لەلایەن ڕژێمی بەعس زیندانیکراوە تا ساڵی ۱۹۷۸، لە ساڵی ۱۹۷۹ دیسان بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لە دامودەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش درێژەی بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆی داوە، زیاتر خەباتی سیاسیی ئەو، بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی بەجێدێڵین.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ هاتۆتەوە هەولێر، لە چەند دام و دەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی ڕاگەیاندن و ئیداری کردووە.

لە ۱۵-۲-۲۰۰۹ تا ۱۵-۲-۲۰۱۲ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە، هەر لە ۱۵-۲-۲۰۱۲ەش، بووەتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

دەستپێکی نووسینەکانی دکتۆر ئەرسەلان بایز لە سەرەتای حەفتاکانی

سەدەی ڕابردوو بووە، ئەو کاتەی قوتابیی کۆلێژی ئاداب بوو لەبەغدا، دەستی بە نووسینی وتاری سیاسی و فیکری و وەرگێڕانی بابەتە تیۆرییەکانی مارکسی و لینینی و وەرگێڕانی هەندێک لە نامیلکە و نووسینەکانی(ماوتسی تۆنگ)، چەندین وتاری شۆڕشگێڕی دیکە دەربارەی شۆڕشەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی(فنزویلا، فیتنام، کوبا، نیکاراگوا..هتد) بوو، بە زنجیرە و حەفتانە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی دەکردنەوە، ئیدی بە تەواوی کەوتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری و نووسینی سیاسی و فیکری و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وەرگێڕان، سەرەڕای نووسینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵێک کتێبی ئاست بەرز و سوودبەخشی بە زمانێکی کوردی سادە و ساکار و جوان و ڕەوان نووسیوە چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- ڕاپەڕینی ئاگری، وەرگێڕان، ١٩٨٩.
- فاشیزم، ١٩٨٨.
- ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی، ٢٠٠١.



**نووسەر دکتۆر ئەرسەلان بایز لە کاتی خوێندنەوەی وتارێک لە شاخ**




**دکتۆر ئەرسەلان بایز**

- ڕۆژانی سەخت.
- سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین( ١٩٩٢-٢٠٠٢)، ساڵی ٢٠٠٣.
- پرۆیسترۆیکا و چەند بابەتێکی تر، نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردن.
- پێگەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ٢٠٠٨.
- سەمای دۆلفینەکان، ٢٠١١.
- کاتژمێر شەشی ئێوارە، ٢٠١٦.
- کۆڵەپشت، کتێبی یەکەم، ٢٠٢٠.
- کۆڵەپشت، کتێبی دووەم ٢٠٢٢.
- سیاسەت، دیالۆگ و بەراورد.
- ژیان و خەباتی دکتۆر ئەرسەلان بایز(چاوپێکەوتن)، نووسین و ئامادەکردنی نووسەر ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم.

دکتۆر ئەرسەلان بایز هەر نووسەر و وەرگێڕ و لیکۆڵەر نییە، بەڵکو لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی دەورێکی بەرچاو و دیاری هەبووە، لەوانە:

- لە ساڵانی ١٩٧٩- ١٩٩١، کە ماوەی(١٢)ساڵ پێشمەرگە بووە، دەیان وتاری سیاسی و ئەدەبی و فیکری لە بڵاوکراوەکانی شاخ بڵاوکردۆتەوە.
- پاش ڕاپەڕین، ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە.
- ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.
- ماوەی(١٠)ساڵ لە شاخ لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن(ی.ن.ک) بووە.
- ماوەی(١٠)ساڵ لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنەکان(ی.ن .ک)بووە.
- لە سالانی نەوەتەکان ماوەیەک وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.
- دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.



**لەلای ڕاستەوە: ڕەوانشاد(بێژەر) کەمال ئەمین سەمین، بێژەر بەڕێز نازم کەریم سەرحەد، ڕەوانشاد شاعیری دیار و ناسراوی کورد سامی شۆڕش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس دکتۆر ئەرسەلان بایز، بێژەر نەجمەدین عەزیز سمایل، ئەم وێنەیە لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان(کاری هەرەوەزی-العمل الشعبي) ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا گیراوە. لە لای ڕاستەوە و لە ڕیزی پشتەوە: ڕاوەستاوەکە ناوەکەم لە بیر نەماوە، دانیشتووەکە: بەڕێز عەباس محەمەد حوسێن، ناسراو بە(حاجی مەمۆ)**




**بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دکتۆر ئەرسەلان بایز**

بۆ دکتۆر ئەرسەلان بایز، هەر سەرکەوتوو تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی دکتۆر ئەرسەلان بایز، لەسەر داخوازیی من، هاوڕێی دێرینم شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## جەبار جەمال غەریب

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، نووسەر و لێکۆڵەرو وەرگێڕ، مامۆستا جەبار جەمال غەریب...

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب لە ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیری کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە قەڵادزێ و سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی قەڵادزی و سلێمانی دەست بەکار بوو، لە ساڵی ٢٠١٠ پلەی وەزیفی بۆتە(شارەزا- خبیر)، ئێستاش ڕاوێژکارە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

نووسەر و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب، هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی چووەتە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، بۆیە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەب و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان، پاشخانێکی ڕۆشنیری و ئەدەبیی زۆر باشی پەیدا کردووە و گرۆگاڵی نووسینی چیرۆکی کردووە، تا




لە لای ڕاستەوە: مامۆستا لوقمان جەوهەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر و چیرۆکنووس جەبار جەمال غەریب، ڕەوانشاد ڕزگار فەقێ عەولا

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی کە چیرۆکێک بووە بە ناو نیشانی(پاشەڕاو) لە گۆڤاری(بەیان) بڵاوکردۆتەوە، ئیتر کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی چیرۆک و دواتر لە سەرەتای نەوەدەکان نۆڤێڵت و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیش ڕۆمان.

ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب، جگە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەندێ بەرهەمی ناوازە و جوانی بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان نووسیوە، لەوانە (تۆش من دەناسی، هاتنە خوارەوەی فریشتەکان) چەندانی دیکە، ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێک وتار و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و ڕەخنەیی دەربارەی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و بابەتی هەمەجۆری دیکە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستییانە نووسیوە و لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوی کردۆتەوە لەوانە (ئەفسانەی نیشتەجێبوون، گریان لە مەحمەد پاشای بابانەوە تا قالەمەڕە.. دەنگ لە قەوانی قیڕەوە تا ڕادیۆی نەوا، سندوقی ڕەشی وێنە یان سندوقی ڕەشی نهێنییەکان، کورد و کۆچ و مەنفا(هۆکارەکان و جۆرەکانی کۆچ)، ڕۆڵی ئایینەکان لە فەرمەڵەبوونی کەلتووری کوردیدا(ئیسلام، کریستیان، یەهودی).

بار و دۆخی ناهەمواری کورد و دەردەسەری و ڕاگواستن و کارەساتەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ و هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، خەمی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی لە بەرهەمەکانی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەو بەرهەمانەشی بە زمانێکی کوردی سادە و ساکار و ڕەوان و دوور لە وشەی نامۆ و داتاشراو نووسیوە، ئەگەر دەست بکەیت بە خوێندنەوەی هەر چیرۆکێک یان ڕۆمانێکی، پەلکێشت دەکات تا تەواوی نەکەیت دەستت لێی هەڵناگریت.

بەرچاوترین بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب ئەمانەن:



- نامەکانی ژاکۆن.
- چناری شیر.
- شێخی دامووس.
- دنیا لە پەرتوکێکدا.
- پێنجەمین پەرتوک.
- لەسەر باران دەنووسم.
- نەتەوەی زێرابەکان.



**لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس جەبار جەمال غەریب، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا**

- ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن.
- زێبرا ناوێک بۆ سەر کێلەکەم.
- ڕۆمانە کورتەکان.
- دەستێک لە بەهەشت.
- پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر.
- دڵدار خۆرێک بە ئاسمانی ئەدەبەوە.
- کتێبێک کە بووە سیمورغ.
- سەردەمی گریانی بەلقیس.
- چەندانی دیکە.

چەندین بەرهەمی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی بیانی لەوانە کتێبەکانی (پێنجەمین پەرتووک، کتێبێک کە بووە سیمورغ) لە لایەن نووسەر ڕەزا کەریم موجاور وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی.

دەیان نووسەری کورد لە نووسین و وتارەکانیان تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب لەوانە




ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب لە کاتی واژۆکردنی کتێبەکانی بۆ نووسەر و شاعیران و خوێنەران



لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب، ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب، هونەرمەند فەرهەنگ غەفوور

هەر یەک لە نووسەران(دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە، سەلاح ئاشتی) تیشکیان خستۆتە سەر ڕۆمانی(بنووسە خوێن).

کتێبی(خوێندنەوەیەکی کەلتووری بۆ شکستەکانی کوردی، خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردیدا) کە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەر ڕەحمانی نەقشییە.

سەبارەت بە ڕۆمانی(کەوتنی ئاسمانەکان)، نووسەر سەلاح ئاشتی دەڵێت:( با هەموومان ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان بخوێنینەوە، لە مێژە ڕۆمان دەخوێنمەوە، زۆر جار لەگەڵ نووسەرانی چاوتیژ و قوژبن پشکن لە کەلێن و قوژبنی ژیان خوردبوومەوە و هەزار بە هەزار کۆڵانەکانیدا تێپەڕیوم، زۆرم دنیا لەگەڵ قونەکەو کردوون، بەسەر تامی خەمەکانیان دا گریاوم و شینم لەگەڵ گێڕاون...، بوومە سەرچۆپی کێشی ئەو شادی و یۆخژنانەی زاوزێیان).




هەموو بەرهەمەکانی ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب خوێنەری خۆیان هەیە بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆیە ئەو سەر لەنوێ (٩) لە بەرهەمەکانی چاپکردۆتەوە، لە ڕۆژی ١٩-٢-٢٠٢٢، بە هەماهەنگیی ڕێکخراوی کوردستان بۆ دیالۆگ و کتێبخانەی ڕۆمان لە شاری سلێمانی، کۆڕێک بۆ ناساندن و واژۆکردنی هەر(٩) کتێبەکە سازکراوە، ئەو بە خۆشی ئامادەی کۆڕەکە بووە، وا وێنەیەکم هاوپێچکردووە.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب، جگە لە نووسین چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٤ بەڕێوەبەری ناوەندی(ڕۆژ) بووە، کە سەر بە ڕێکخراوی دیاکۆنیای سویدی بوو.
- سەرپەرشتیی دەیان گروپی گەنجانی کردووە، بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر و مۆسیقا و زمان.
- دەیان چالاکیی کەلتووری و نیشتمانی بۆ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ئەنجامداوە.
- ئەو خاوەنی خەڵاتی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد(حوسێن عارف)ە.
- لە بیستەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ خەڵاتی ئاڵتونی(نووسەری ساڵ)ی پێ بەخشراوە.

ڕۆماننووس جەبار جەمال غەریب هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و بەردەوامە لە نووسینە بە تام و چێژەکانی لە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوە بە نرخەکانی، هیوا سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ دەخوازین.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی خانەی کتێبی کوردی.

٢ - ماڵپەڕی چاپەمەنیی مانگ(چیرۆك و ڕۆمان).

٣ - ماڵپەڕی گوڵان میدیا، لە ٢٠-٢-٢٠٢٢.

٤ - کوردپێدیا.

٥ - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٦ - مالپەڕی زانیاری، وتارێکی نووسەر ڕێزدار ئەحمەد، لە ١-٦- ٢٠٢٢.

٧ - ماڵپەڕی بەڕێز فەرهەنگ غەفور، وێنەیەك ، لە ١٣-١-٢٠٢١.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## خەلیل عەبدوڵڵا

نووسەر و شارەزای یاسا و یاسای نێو دەوڵەتی، لێکۆڵەر و وەرگێڕ و پسپۆڕی بواری ئەنفال و جینوسایدی گەلی کوردمان، مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا ....

ناوی تەواوی(خەلیل عەبدوڵڵا ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی(ئابڵاخ) کە ئەوسا لە دەوروبەری شاری سلێمانی بووە (ئێستاش کەوتۆتە ناو شاری سلێمانی) لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ یڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی(بەڕێوەبردنی کۆگاکان- إدارة المخازن) لە( پەیمانگای کارگێڕیێ- معهد الإدارة) لە شاری موسڵ بەدەستهێناوە.

نووسەر و لێکۆڵەر خەلیل عەبدوڵڵا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، هەر کە خوێندنی پەیمانگای لە ساڵی ١٩٨٦ تەواو کردووە و ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لە دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش و ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەست بەکار بووە، پاش هێرشەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف،**
**نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا،**
**دکتۆر فریاد فازیل**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا،**
**هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جەلال بەرزنجی،**
**نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا**




کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ هاتۆتە سلێمانی، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی خۆی، زیاتر خەبات و چالاکییە سیاسییەکانی ئەو بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بووە لە خوێندن، بەشی یاسای لە کۆلێژی یاسای ئێوارانی زانکۆی سلێمانی بە





سەرکەوتوویی تەواو کردووە، بۆتە فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٥ەوە، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستانە لە هەولێر.

نووسەر و یاسازان خەلیل عەبدوڵڵا، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە، حەز و ئارەزووی چۆتە خوێندنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شیعری شاعیرانی نوێخوازی کوردیمان دەستی پێ کردووە، لە کۆتایی



لە لای ڕاستەوە: وەرگێڕ بەڕێز محەممەد عیزەدین، نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا، دکتۆر فەرهاد پیرباڵ



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا،دکتۆر وریا عومەر ئەمین، نووسەر نەوزاد عەلی ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا،
هونەرمەند عەدنان کەریم





لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا،
ڕۆماننووس بەڕێز سەید ڕێباز










بەرهەمەکانی نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، دواتر ڕووی لە نووسین و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی یاسایی و سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و فیکری کردووە، زیاتریش بایەخی بە باری ناهەمواری گەلی کوردمان لە دەردەسەری و نەهامەتیی و ڕاگواستنەوە و کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی داوە، ئەو خەمی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی لە نووسینەکانی ڕەنگی داوەتەوە، تا ئێستا زیاتر لە(٢٠) کتێب و نامیلکەی لەم بوارانەدا چاپکردووە و بڵاوی کردوونەتەوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو نووسیوە کە ئەمانەن:

- چراکانی نیشتمان، لەم کتێبەدا(٣٥٤) نووسەر و شاعیر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردی بەسەر کردۆتەوە، کە تێیدا باسی ژیان و بەرهەم و دەوریان لە بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد کردووە، ساڵی ٢٠٢١.

- شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس.
- تاڵەبانی جۆرج واشنتۆنی عێراقی، نووسەر حەسەن شندی، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- حەسیب ساڵح، سومبولی تەلارسازی و ئاوەدانی.
- کاریگەرییە یاساییەکانی تاوانەکانی ئەنفال، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە نووسینی نووسەر مونزر ئەلفەزل.
- سیستەمی سیاسی چین، ساڵی ٢٠٠٥.
- زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عێراقدا، زنجیرە هوشیارییە ژمارە(٤٦).
- سیستەمی سیاسی سویسرا.
- تعريف الانفال بالجينوسايد، نووسەر محسن بنی وەیس، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- کورد و پرسی دانپێدانانی دەستووری، زنجیرە هوشیارییە ژمارە(٣٢).
- یاسای دادگای باڵای عیراقی، خوێندنەوەیەکی یاساییە.
- پڕنسیپی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا.
- شۆڕشی پەنجە مۆرەکان.
- بە جینۆساید ناسینی ئەنفال، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسوڵ چاپکراوە.
- کاریگەرییە یاساییەکانی تاوانەکانی ئەنفال، وەرگێڕان، زنجیرە هوشیاری ژمارە(٧٠).
- پێگە و دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان.
- پاراستنی مافی کەمینەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێو دەوڵەتیدا.
- بە جینۆساید ناسینی ئەنفال، زنجیرە هوشیاری ژمارە(٢٩).
- یادی قەندیل، دیوانی شەهید مەلا عەلی.

نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا، هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و بەردەوامە لە نووسینە پوخت و جوانەکانی، بە تایبەتی کتێبی(چراکانی نیشتمان)، بەندە لە بەرگەکانی یەک و دوو و سێ و چوار و پێنجەمی

کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) وەکو سەرچاوە سوودێکی زۆر باشم لێوەرگرتووە، ئەو لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆشی چالاکە، هەموو چالاکییەکانی خۆی لە ڕێزلێنان و خەڵاتکردنی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی کوردستان بڵاودەکاتەوە و هەمیشە درێغی نەکردووە لە کارەکانی خۆی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک جێبەجێیان دەکات.


وەکو نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش لە ڕۆژی ٣١-١- ٢٠٢٣ خەڵات و ڕێزلێنان و چەپکە گوڵیان پێشکەش بە شاعیری دیار و ناسراوی کورد جەلال بەرزنجی کردووە، لە ١٣-١-٢٠٢٣ بەهەمان شێوە خەڵات و ڕێزلێنان و چەپکە گوڵیان پێشکەش بە دکتۆر فریاد فازیل کردووە.

نووسەر و یاساناس و لێکۆڵەر، مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی و زمان و ووشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەمەی حەمە سەعید

پیاوێکی تفەنگ و قەڵەم بەدەست، پێشمەرگەیەکی دێرین، نووسەر و وەرگێڕ، حەمەی حەمە سەعید...


ناوی تەواوی(محەمەد سەعید عەلی)ە، بە حەمەی حەمە سەعید ناسراوە، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(دۆڵبیان)ی سەر بە ناحیەی بیارەی ناوچەی هەورامان لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٨ چۆتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی(سۆسەکان)ی سەرەتایی، تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە، پۆلی شەشەمیشی لە قوتابخانەی هەورامان لە تەوێڵە تەواوکردووە، پاشان چووەتە ناوەندیی هەورامان هەر لە تەوێڵە و تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، لەبەر ئەوەی گوندەکەیان تایبەت بووە بە خۆیان و کەسوکارەکانیان، سەر ڕێگاو وێستگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ماوەی(٦) مانگ باوکی لەلایەن دەزگا سەرکوتەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیر کراوە، هەموو خێزانەکەشی ماوەیەک لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی لە سەید سادق خراونەتە بەندیخانە دواتر ئازاد کراون، ئەو لە ساڵی ١٩٧٧ کە تەمەنی(١٥) ساڵان بووە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، پاش ماوەیەکی کەم لە ژێر فشاری دام و دەزگاکانی حیزبی بەعس، ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام تەمەنی



**لە لای ڕاستەوە: چوارەم کەس نووسەر حەمەی حەمە سەعید، نووسەر و ڕۆژنامەنووس خەلیل عەبدوڵا، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

زۆر بچووک بووە وەرەیان نەگرتووە و ناردوویەتییانەوە، کە هاتۆتەوە لە بەر ئاشکرابوونی لە لایەن ڕژێم و ناحەزان، نەیتوانیوە بمێنێتەوە، دووبارە چۆتەوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی ئەنفال و کیمیابارانەکە، ماوەیەک ئاوارەی ئێران بووە، تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێشمەرگەیەکی دلێر و قارەمانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە، دواتریش بەردەوام بووە لە خەباتکردن لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٩ بۆتە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، زیاتر خەباتی سیاسی و ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سەختی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی بەجێدێڵم.

نووسەر حەمەی حەمە سەعید، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە خوێندن و خوێندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، بەڵام دیارە بارودۆخی ئەوسای گوندەکەو ناوچەکەیان بۆی نەلوایە بەردەوام بێت لە خوێندن، بۆیە کە بۆتە پێشمەرگە هەمیشە قەڵەم و کاغەز یاوەری بووە، ئەو سەرەتا بە نووسینی یادەوەری و یاداشتەکانی




**بەرهەمی نووسەر حەمەی حەمە سەعید**

ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی و هاوڕێکانی دەستی بە نووسین کردووە، بەڵام لەبەر باری ئەمنی و سەلامەتیی پێشمەرگەکان، لێپرسراوانی ئەو کات قەڵەم و کاغەز و دەفتەرەکەیان لێسەندووە و لێیان دڕاندووە، پاشان کە بارودۆخی پێشمەرگە و شۆڕش تۆزێک بەرەو ئاسوودەیی ڕۆیشتووە، دیسان دەستی بە نووسینەوەی یاداشت و یادەوەرییەکانی کردۆتەوە، ئەمجارەشیان کە لە ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووە، دووبارە لێی فەوتاوەتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ حەمەی حەمە سەعید، ئەو کاتەی لە ئێران بووە، هەر چ گۆڤاریک، ڕۆژنامەیەک، نامیلکەیەکی کوردی دەستکەوتبێ زۆر بە بایەخەوە خوێندوویەتییەوە، وردە وردە خۆی فێری زمانی فارسی کردووە و چەندین کتێب فیکری و سیاسی و تاکتیکی هونەری شەڕ و توندڕەوی ئیسلامی و بابەتی هەمەجۆری دیکەی خوێندۆتەوە، بە تایبەتی ئەو شاکارە جیهانییانەی کە لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی، بە ڕاستی ئەو خۆی، خۆی پێگەیاندووە.



**نووسەر حەمەی حەمە سەعید لەگەڵ پۆلێك لە چالاکوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لە ساڵی ١٩٩٨ یاداشت و یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و دەستی بە وەرگێڕانیش لە زمانی فارسی بۆ سەر زمانی کوردی کردووە، ئەو تا ئێستا(١٢) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە:

- بیرەوەری(دەنگی خاک)، بەرگی یەکەم(١٩٧٦-١٩٩١)، ساڵی ٢٠٢٠
- بیرەوەری(دەنگی خاک)، بەرگی دووەم(١٩٩١-٢٠٠٠)، ساڵی ٢٠٢٠.
- هەر دوو بەرگی بیرەوەری لە یەک بەرگدا دووبارە چاپکردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر حەمەی حەمە سەعید، نە ناسراوە**




**نووسەر حەمەی حەمە سەعید لە کاتی وتار خوێندنەوە**



**نووسەر حەمەی حەمە سەعید بە جلی پێشمەرگایەتی**

- بیرەوەرییەکانی(تەیمور لەنگ) نووسینی نووسەر مارسیل بلیور، نووسەری ئێرانی بە رەچەڵەک کورد زەبیحوڵڵا مەنسوری وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، نووسەر حەمەی حەمە سەعید وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- کتێبی(حەسەن سەباح)، دوو بەرگە، بە فەرەنسی و ئینگلیزی نووسراوە، ئەویش نووسەر زەبیحوڵڵای مەنسوری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، نووسەر حەمەی حەمە سەعید وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

جەند کتێبی وەرگێڕدراوی دیکەشی هەیە...

نووسەر فەرید ئەسەسەرد لە کتێبی(ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان) باس لە ژیان و خەباتی نووسەر حەمەی حەمە سەعید دەکات.

نووسەر حەمەی حەمە سەعید، سەرەڕای کتێبە لە چاپدراوەکانی، ناوە

بە ناوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان، بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پێشنیار و کێشەی ئەدیب و نووسەران دەنووسێت و، هەندێ جاریش زۆر ئازاو بوێرانە و بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ گلەیی و گازاندەی خۆی لە لێپرسراوان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، بە شێوازێکی جوان و سنووردار، بەبێ(ئیحراج و ئیستیفزاز)کردنی هیچ و کەس و لایەنێک دەنووسێت.

ئەو وەکو نووسەر و ڕۆشنبیرێک و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ئامادەی بەشی زۆری چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەبێت، ئەرکەکانی خۆیشی زۆر بە جوانی و هێمنی جێبەجێ دەکات، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشبیری کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کتێبی(ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، سەرپەرشتیاری گشتی نووسەر فەرید ئەسەسەرد، سکرتێری نووسین کەیوان سەعید، لاپەڕە(٧٠٣).
٢ - چەند زانیاری و هەندێ وێنە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس خەلیل عەبدوڵڵا بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٣ - ماڵپەڕی ئاوێنە، وتارێکی نووسەر ئا.سەید عەتا، لە ١٧-٣- ٢٠٢١.
٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی شار لە ١٩-٣-٢٠٢٠.
٥ - ماڵپەڕی خەندان، لە ٧ - ٧ - ٢٠٢٠.
٦ - فلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی گەلی کوردستان، بەرنامەی ئەمڕۆ.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر خەلیل عەلی موڕاد

مامۆستای ئەکادیمیی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر، پڕۆفیسۆر دکتۆر خەلیل عەلی موڕاد...

ناوی تەواوی(خەلیل عەلی موڕاد نزار مەندەلاوی)یە، ساڵی ١٩٥٠ لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی عەرەبی لە شاری کەرکووک خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە و بەردەوام بووە لە خوێندنی باڵا و ساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی ماجستێری لە هەمان پسپۆڕی و هەمان زانکۆ وەرگرتووە، ناونیشانی نامەی ماجستێرەکەی(تأريخ العراق الإداري و الإقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨- ١٧٥٠) کە بە زمانی عەرەبی بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی دکتۆراشی هەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە، ناو نیشانی نامەی دکتۆراکەی(تطور السياسة الامريكية في منطقة الخليج ١٩٤١- ١٩٤٧) ئەویش هەر بە زمانی عەرەبی بووە، لە ٢- ٩- ١٩٧٩ وەکو مامۆستای



دکتۆر خەلیل عەلی موڕاد
بە جاحێڵی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، دکتۆر خەلیل عەلی موڕاد

وانـەی مێـژوو لـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانکۆی(البصـرة- بەسـرە) دەسـت بەکاربـووە، لـە ٢٩-٥-١٩٨٤ پلـەی (پڕۆفیسـۆری یاریـدەری- أسـتاذ مسـاعد) پێبەخشـراوە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ گواسـتراوەتەوە کۆلێژی پـەروەردەی زانکۆی موسـڵ و لـە ٢٨- ٣ -١٩٩٠ پلـەی( پڕۆفیسـۆری - اسـتاذ)ی دراوەتـێ، لـە ٤ -٧ ٢٠١٠ گواسـتراوەتەوە کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەڵاحەدین لـە هەولێـر، بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن تـا لـە ١- ٧ - ٢٠٢٠ خانەنشـین کـراوە.

دکتـۆر خەلیـل عەلـی مـوڕاد، چونکـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی بـە زمانی عەرەبی خوێندووە، هەموو بەرهەمەکانی لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری بە زمانی عەرەبی نووسـیوە، بەمـەش زۆر لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کێشـە و زوڵـم و زۆرداری وڵاتانـی داگیرکـەر دژی گەلـی کـورد و کوردسـتان، بـە گەلانـی عەرەبی و زمانزانانی عەرەبی ئاشناکردووە، ئەو زیاتر لە(٢٠٠) لێکۆڵینەوە و توێژینـەوەی مێژوویـی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتـی و بابەتـی هەمەجـۆری دیکـە، بـە شـێوەیەکی زانسـتیی و ئەکادیمـی لـە چەنـد کتێبێـک لـە چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە، کـە ئەمانـەن:

**كتێبە چاپکراوەکانی:**

١- تطور السياسة الأمريكية في الخليج العربي ١٩٤١-١٩٤٧ ( البصرة – ١٩٨٠).

٢- دراسات في تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر (البصرة-١٩٨٤) بالاشتراك مع د . مصطفى النجار وآخرون .

٣- مصادر التسلح الإيراني ١٩٤٦-١٩٨٥ (البصرة-١٩٨٦) بالاشتراك مع د. عبد الجبار ناجي .

٤- تركيا المعاصرة ( الموصل-١٩٨٨ ) بالاشتراك مع د . خليل احمد وآخرون .

٥- دراسات في التاريخ الأوربي الحديث والمعاصر( الموصل -١٩٨٨) بالاشتراك مع . د. جبار قادر غفور و جاسم محمد العدول .

٦- قضايا عربية معاصرة ( الموصل – ١٩٨٩ ) بالاشتراك مع د.طالب محمد وآخرون .

٧- إيران وتركيا : دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر ( الموصل – ١٩٩٢ ) بالاشتراك مع د . إبراهيم خليل أحمد، ترجمه بهاءالدين جلال مصطفى الى اللغة الكوردية .



دکتۆر خەلیل عەلی موراد، دکتۆر شێرزاد زکریا محەمەد

٨- الكــرد وكردســتان فــي كتــاب « جهــان نُمــا « لكاتــب جلبــي ١٦٥٧ - ١٦٥٩( أربيــل – الأكاديميــة الكرديــة – ٢٠١٣).

٩- باديـنـان فـي سـالنامات ولايـة الموصـل ١٣٠٨ – ١٣٣٠ هـ / ١٨٩٠ – ١٩١٢ م ( أربيـل – الأكاديمية الكرديـة – ٢٠١٣ ) . [ بالاشـتراك مـع د. عبـد الفتـاح علـي يحيـى ] .

١٠- مـن الأرشـيف العثمانـي : دفتـر مُفصّل وإجمـال ولايـة أربيل ٩٤٩ هـ / ١٥٤٢ م ( أربيـل – الأكاديميـة الكوردية – ٢٠١٥).

١١- صفحـات مـن تأريـخ الكـورد وكوردسـتان الحديـث فـي الوثائـق العثمانيـة ١٨٤٠-١٩١٥ ( اربيـل – الاكاديميـة الكورديـة- ٢٠١٥) [ بالاشـتراك مـع د. عبد الفتاح علي يحيى) .

١٢- حُـرّاس الأتاتوركيـة : موقـف المؤسسـة العسـكرية مـن الإسـلام والحـراك الإسـلامي فـي تركيـا ١٩٥٠ – ١٩٩٧ ( عمـان – دار غيـداء للنشـر- ٢٠١٦).

١٣- العـراق فـي العهـد العُثمانـي الثانـي ١٦٣٨ ـــ ١٧٥٠ : دراسـة فـي الإدارة العُثمانيـة والحيـاة الاقتصاديـة ( بيـروت ـــ دار الرافديـن ـــ ٢٠١٧).



**لە لای چەپەوە: دکتۆر هۆشمەند عەلی مەحمود، دکتۆر نزار ئەیوب، دکتۆر سەلاح هەوری، دکتۆر عوسمان عەلی، دکتۆر خەلیل عەلی موراد**

**کتێب و توێژینەوە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی عەرەبی:**

١- ر. د . مكلورن وآخرون ، دراسات سياسية عن الخليج العربي ( البصرة – مركز دراسات الخليج العربي – ١٩٨٣).

٢- جون كيست ، السلطان عبد الحميد الثاني والإيزيدية ( مجلة متين –العدد ٨٢، السنة١٩٩٨).

٣-. محمد طيفون ،الجمعية الكردية للتعاون والتقدم ١٩٠٨-١٩٠٩ ( مجلة كولان العربي – العدد ٣٣- السنة ١٩٩٩).

٤- ميريلا كاليتي ، المدن الكردية من خلال رؤية زوارها الأوربيين- القسم الأول( مجلة متين –العدد ١٠٦- السنة ٢٠٠٠ ).

٥- المدن الكردية من خلال رؤية زوارها الأوربيين – القسم الثاني ( مجلة متين – العدد ١٠٧- السنة ٢٠٠٠ ).

٦- لويس د . بوكاردي ، دعوا المراسلين الصحفيين يعملون (مجلة متين – العدد ١٠٩ – السنة ٢٠٠١).

٧- برهان أبا بكر ياسين ، كوردستان في سياسات القوى العظمى ١٩٤١-١٩٤٧ ( دهوک –٢٠٠٢).

٨- لينور مارتن ، الأمن القومي التركي في الشرق الأوسط ( الموصل – مركز الدراسات الإقليمية- ٢٠٠٥ ).

٩- روبرت أولسن ، القضية الكوردية والشيشان ( مجلة توێژینەوە – العدد السابع- حزيران ٢٠٠٧).

١٠- مارک سايكس، العشائر الكردية في الإمبراطورية العثمانية ( دمشق – ٢٠٠٧ ).

١١- لقمان محو ، الكورد وكوردستان : بيبلوغرافيا مختارة ومعرَفة ٠ أربيل – دار موكرياني-٢٠٠٧.

١٢- هنري باركي وآخرون ، القضية الكوردية في تركيا ( أربيل – دار موكرياني- ٢٠٠٧).

١٣- بيتر . جي .لامبرت ، الولايات المتحدة والكورد ( دهوك – مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق- ٢٠٠٨ ).

١٤- بطرس أبو منَه ، النقشبندية – المجددية في الأراضي العثمانية بداية القرن التاسع عشر
(ضمن كتاب : دراسات حول مولانا خالد والخالدية - أربيل – ٢٠٠٩ ).

١٥-هاكان ياوز, أعيان الكورد والدولة العُثمانية : هويات مُتطورة , ولاءات متنافسة وحدود مُتحولة ( الأكاديمية الكوردية – اربيل – ٢٠١٦).

کتێبە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی:

١- اسماعيل حقي أوزون جارشلي ، أمراء مكة المكرمة في العهد العثماني ( البصرة-١٩٨٥) . وصدرت طبعة ثانية منه في بيروت عام ٢٠٠٣.


٢- مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية ( السليمانية – ٢٠٠٥ ).


٣- نذير جبو ، سلاطين هفيركان : صفحة من تاريخ الكورد ( دهوك – ٢٠١٢ ).

**توێژینەوە بڵاوکراوەکانی :**

١- الولايات المتحدة ، النفط وأمن الخليج العربي في السبعينات ( مجلة الخليج العربي –المجلد ١٤ العدد الأول – ١٩٨٢ ).

٢- سياسة الولايات المتحدة في الخليج العربي والمحيط الهندي ١٩٦٨–١٩٨٠ ( مجلة الخليج. العربي – المجلد السابع عشر – العدد الأول- ١٩٨٥).







بەرهەمەکانی دکتۆر خەلیل عەلی موراد

٣- التشكيلات العسكرية العثمانية في العراق ١٥٣٤-١٨٣١ ( موسوعة الجيش والسلاح – ج ٥ بغداد – ١٩٨٧ ) بالإشتراك مع د . صالح محمد العابد .

٤- دفاتر الطابو العثمانية مصدراً لتاريخ البصرة الاقتصادي في مطلع العهد العثماني مع إشارة خاصة الى ملكية الأراضي والزراعة ( مجلة المؤرخ العربي –العدد ٣٩ – ١٩٨٩ ).

٥- الدراسات التاريخية العراقية عن الاقتصاد والمجتمع العراقي في العهد العثماني ( منشور ضمن المجلد الثاني من أبحاث ندوة الدراسات التاريخية في العراق – الموصل – ١٩٩٠ ).

٦- الأزمة القبرصية الأولى ١٩٦٣-١٩٦٤ وانعكاساتها على علاقات تركيا مع الولايات المتحدة الأمريكية ( مجلة دراسات تركية – العدد الأول – كانون الثاني ١٩٩١).

٧- تغلغل الرأسمال الأجنبي في الدولة العثمانية ١٨٥٤-١٩١٤ ( مجلة دراسات تركية – العدد الثاني – كانون الأول ١٩٩١ ).

٨- الموصل من السيطرة العثمانية الى قيام الحكم الجليلي ١٥١٦- ١٧٢٦ ( موسوعة الموصل الحضارية – الموصل – ١٩٩٢) ، ج ٤ .

٩- النظام المالي العثماني في الموصل ( موسوعة الموصل الحضارية ) ج ٤

١٠- تجارة الموصل في العهد العثماني ( موسوعة الموصل الحضارية ) ج٤ .

١١- حيازة الأرض الزراعية في الموصل في العهدين الحديث والمعاصر ( موسوعة الموصل الحضارية ) ج ٥.

١٢- الدراسات العليا وإعداد المؤرخ في العراق ( منشور ضمن أعمال ندوة ترصين البحث التاريخي – كلية الآداب – جامعة بغداد – تموز ١٩٩٣).

١٣- البرلمان والملكية في ايران ١٩٤١- ١٩٥٣ ( مجلة دراسات ايرانية – مركز الدراسات الإيرانية – جامعة البصرة – ١٩٩٣).

١٤- العلاقات الأردنية – النجدية ١٩٢١-١٩٢٥ ( مجلة الخليج العربي – ١٩٩٣ ) بحث مشترك مع مفيد كاصد الزيدي .

١٥- تركيا العثمانية واتراك آسيا الوسطى ( منشور ضمن كتاب : جمهوريات اسيا الوسطى وقفقاسيا – مركز الدراسات التركية- جامعة الموصل- ١٩٩٣ ).

١٦- القضية الكردية في تركيا ١٩١٩-١٩٢٥ ( منشور في كتاب : خليل علي مراد وآخرون ، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها في العلاقات مع دول الجوار – مركز الدراسات التركية- جامعة الموصل – ١٩٩٤ ).

١٧- الأحزاب السياسية والمسألة الدينية في تركيا ١٩٤٥- ١٩٦٠ ( منشور ضمن أعمال ندوة الإسلام والعلمانية في تركيا المعاصرة – مركز الدراسات التركية – جامعة الموصل -١٩٩٦ ) ، ونشرت الترجمة الكردية للبحث في كتاب صدر عن مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية في السليمانية .

١٨- تكريت في المصادر العثمانية في القرنين السادس عشر والسابع عشر( موسوعة تاريخ تكريت – بغداد – ١٩٩٦).

١٩- دوافع التحالف التركي الصهيوني ( مجلة دراسات سياسية – بيت الحكمة- ع ٢ – صيف- ١٩٩٩ ).

٢٠- ئاميدي في سالنامات الموصل العثمانية ( مجلة دهوك – العدد ١٢- السنة ٢٠٠١).

٢١- زاخو في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ( مجلة متين –العدد ١١٢- السنة ٢٠٠١).

٢٢- قضاء الزيبار في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ( مجلة متين – العدد ١١٣- السنة ٢٠٠١).

٢٣- ئاكري في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ( مجلة متين – العدد ١١٥ – السنة ٢٠٠١).

٢٤- نبذة تاريخية عن النشاط التبشيري في مدينة الموصل ( مجلة دهوك – العدد ١٩ – ٢٠٠٢).

٢٥- صُرّة الحرمين الشريفين في العهد العثماني ( مجلة الرسالة السلامية- ٢٠٠١).

٢٦- إجلاء الفلسطينيين قبل حرب ١٩٤٨( مجلة دراسات تاريخية – بيت الحكمة- ٢٠٠١ ).








بەرهەمەکانی دکتۆر خەلیل عەلی موراد

٢٧- دوافع رحلات الانكليز الى الموصل وأطرافها في القرن ١٩ ومطلع القرن ٢٠ ( مجلة آفاق عربية – ٢٠٠١ ).

٢٨- العلاقات السورية – التركية في ضوء أزمة أوجلان : تشرين الأول ١٩٩٨ ( مجلة أوراق تركية معاصرة – ربيع ٢٠٠١ ).

٢٩- روسيا القيصرية واسيا الوسطى الاسلامية :الاحتلال والسياسة الاستعمارية ( مجلة أوراق تركية معاصرة – شتاء ٢٠٠١ ).

٣٠- اقتصاديات الموصل في العهد العثماني من خلال كتابات مؤرخها ياسين بن خيرالله الخطيب العمري (مجلة دراسات موصلية –ع ١ – ٢٠٠١ – مركز الدراسات الموصلية – جامعة الموصل).

٣١- الأوضاع الإجتماعية في العراق في عهد الإنتداب البريطاني ( منشور ضمن كتاب : المفصل في تاريخ العراق المعاصر – بغداد – بيت الحكمة – ٢٠٠٢ ).

٣٢- التنافس الدولي على نفط ولاية الموصل قبل الحرب العالمية الأولى ( مجلة أوراق موصلية – العدد ٤ – السنة ٢٠٠٣ ).

٣٣. تقديرات سكان الموصل في العهد العثماني ( مجلة دراسات موصلية – ع ٧-٢٠٠٤-مركز دراسات الموصل – جامعة الموصل).

٣٤- أوضاع التعليم في الموصل منذ نهاية القرن ١٩ حتى نهاية الحرب العالمية الأولى ( مجلة دراسات موصلية – العدد ٨ – ٢٠٠٥ ).

٣٥- سجلات المحكمة الشرعية بالموصل مصدرا لدراسة أسواقها في العهد العثماني( مجلةدراسات موصلية – ع ١٠ – ٢٠٠٥).

٣٦- رحلة اوليا جلبي مصدرا لدراسة أحوال العراق في القرن السابع عشر ( مجلة المشكاة - العدد الأول – ٢٠٠٥ – بغداد ).

٣٧- الموقف الاقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤-١٩٩٨ (مجلة دراسات اقليمية – ٢٠٠٥ – مركز الدراسات الاقليمية – جامعة الموصل ) .مراكز الابحاث والدراسات التاريخية والسياسية في تركيا ( نشرة متابعات اقليمية – ٢٠٠٥- مركز الدراسات الاقليمية – جامعة الموصل).

٣٨- تاريخ أربيل بين الاحتلالين العثمانيين الاول والثاني ( منشور في : ئينسكلوبيدياي هـه ولير – ج ٥ – بيروت ٢٠٠٩).

٣٩- إدارة أربيل في العهد العثماني الاخير ( منشور في : ئينسكلوبيدياي هـه وليّر – ج ٥- بيروت ٢٠٠٩).

٤٠- صفحات من دفتر ذكريات العلاَمة محمد أمين زكي بك ( مجلة زين – العدد الأول- تموز- ٢٠٠٩ ).

٤١- دوافع التوسع العثماني في الاقاليم العربية في القرن السادس عشر ( منشور ضمن كتاب : الكتاب المرجع في تاريخ الامة العربية – المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم « أليسكو « – ٢٠١٠ ).

٤٢- أربيل في العهد العثماني ١٥٣٥ – ١٩١٨ ( بحث منشور ضمن كتاب تاريخ أربيل – دار آراس للطباعة – ٢٠١٣).

٤٣- بغداد قبيل الحرب العالمية الأولى كما وصفها محمد أمين زكي في كتابه « بغداد وصوك حادثة ضياعي « ( مجلة زين – العدد ٣ – ٢٠١٢ ).

٤٤- المفهوم الإداري والجغرافي لمصطلح « كردستان « في مصادر العهد العثماني ( بحث ألقي في المؤتمر الدولي الأول عن الكرد وكردستان في العهد العثماني الذي نظمه جامعتي صلاح الدين وماردين – ١٦ – ١٨ نيسان ٢٠١٣ , ونُشر ضمن العدد ٥ من مجلة زين – ٢٠١٣ , فضلاً عن ترجمته الى الكردية من قبل دار نشر موكرياني في أربيل).

٤٥- كومـه لـه ى ماركسـي – لينينـي كوردسـتان [ العصبـة الماركسـية- اللينينيـة فـي كردسـتان ] ١٩٧٠ – ١٩٧٥ – مجلـة الأكاديميـة الكرديـة - اربيـل – ٢٠١٤.

٤٦- شاه عه باسي يه كه م ( ١٥٨٧ – ١٦٢٩ز ) وبازركانى آوريشم [ الشاه عباس الأول ١٥٨٧-١٦٢٩ م وتجارة الحرير]– مجلة جامعة صلاح الدين للعلوم الإنسانية ( زانكو ) , المجلد ١٩ , العدد ٣ , السنة ٢٠١٥ .

٤٧- موقف بريطانيا من القضية الكوردية في العراق ١٩٦١ – ١٩٧٥ , مجلة جامعة زاخو / العلوم الإنسانية , المجلد ٤ , العدد (٣) – آذار ١٩١٧ ). مشترك مع ميهفان محمد حسين ).

٤٨- دور الدبلوماسيين والعسكريين البريطانيين في النشاط الإستخباري البريطاني في جنوب كردستان ١٨٧٩ ـ ١٩١٤، منشور ضمن وقائع المؤتمر العلمي الدولي الثالث لمركز الدراسات الكردية في جامعة زاخو ، ١٦ ـ ١٧ نيسان ٢٠١٩ ..

٤٩- أربيل وتوابعها في مجموعة وثائق ومؤلفات بريطانية مختارة ، مجلة الأكاديمية الكردية ـ أربيل ـ العدد ٤٤ ، سنة ٢٠٢٠ .

ئەو توێژینەوانەی لە سمینار و کۆنفراس و کۆنگرە زانستییەکان پێشکەشی کردووە:

١- النفط والسياسـة الأمريكيـة فـي الخليـج العربـي : العلاقـات السـعودية – الأمريكيـة نموذجـاً ( بحـث ألقـي فـي المؤتمـر العلمـي لجامعـة تكريـت – ١٩٩٢ ).

٢-- السـيطرة العثمانيـة الأولـى علـى العـراق فـي القـرن السـادس عشـر ( بحـث مقدم للنشـر فـي موسـوعة العـراق الحضاريـة – جامعـة الموصـل).

٣- حصـار الموصـل ١١٥٦هـ/ ١٧٤٣م : الأصـداء والنتائـج ( بحـث أُلقـي فـي نـدوة «حصـار الموصـل وانتصـار العراقييـن علـى نـادر شـاه « التـي عقـدت فـي رحـاب جامعـة الموصـل فـي ٢٣-٢٥ تشـرين الأول ١٩٩٣).

٤- نشـأة المصالـح الأمريكيـة فـي نفـط العـراق ( بحـث أُلقـي فـي نـدوة « الولايـات المتحـدة والعراق»التـي نظمهـا اتحـاد الأدبـاء والكتـاب فـي العـراق فـي رحـاب جامعـة الموصـل – ١٩٩٥ ).

٥- القضيــة الكرديــة فــي تركيــا وتأثيرهــا فــي العلاقــات مــع دول الجــوار الشــرق أوســطية ( بحــث موثَــق فــي مركــز الدراســات التركيــة- جامعــة الموصــل - ١٩٩٧ ).

٦- القضيـة الكرديـة فـي تركيـا وتأثيرهـا فـي العلاقـات مـع العـراق ١٩٨٤- ١٩٩٩( بحـث موثَـق فـي مركـز الدراسـات التركيـة – جامعـة الموصـل- ١٩٩٩).

٧- مجموعـة تراجـم مقدمـة للنشـر فـي» موسـوعة أعـلام العـرب والمسـلمين « التـي تشـرف علـى إصدارهـا المنظمـة العربيـة للتربيـة والثقافـة والعلـوم فـي جامعـة الـدول العربيـة ، وقـد تـم إنجـاز العمـل بتكليـف منهـا فـي عـام ٢٠٠٣ ، والتراجـم هـي :

- المؤرخ عبد الرحمن زين الدين بن عبدالله السويدي (١١٣٤–١٢٠٠هـ/١٧٢١–١٧٨٦ م ).
- المؤرخ عثمان بن سند الوائلي البصري(١١٨٠–١٢٤٢هـ/١٧٦٦–١٨٢٧م).
- المـؤرخ ياسـين بـن خيراللـه الخطيـب العمـري ( توفـي بعـد عـام ١٢٣٢هـ/ ١٨١٧م ).
- الأديب والمـؤرخ محمـد أميـن بـن خيـر اللـه الخطيـب العمـري ( ١١٥١–١٢٠٣هـ/ ١٧٣٨– ١٧٨٨م).
- الأديب والمـؤرخ عثمـان عصـام الديـن بـن علـي بـن مـراد العمـري ( ١١٣٤–١١٨٤هـ/١٧٢١ –١٧٧٠م).
- محمد الجلبي ( ١١٩٠–١٢٦٣هـ/ ١٧٧٦–١٨٤٦م).
- الطبيب الأديب والمؤرخ داود الجلبي (١٢٩٧–١٣٧٩هـ/ ١٨٧٩– ١٩٦٠ ).
- الفقيـه والأديـب والداعيـة محمـد حبيـب العبيدي(١٢٩٦–١٣٨٣هـ/١٨٧٩–١٩٦٣م).
- المؤرخ عباس العزاوي المحامي ( ١٣٠٨–١٣٩١هـ/١٨٩٠–١٩٧١م ).
- المؤرخ عبد الرزاق الحسني (١٣٢١–١٤١٨هـ/ ١٩٠٣–١٩٩٧م ).

٨- إسـهامات الموصليين فـي التدويـن التاريخـي إبـان العهـد العثمانـي : ياسـين بـن خيـرالله الخطيـب العمـري نموذجـاً( بحـث أُلقـي فـي المؤتمـر العلمـي الثالـث لمركـز دراسـات الموصـل - جامعـة الموصـل – ١٩-٢٠ نيسـان ٢٠٠٥م).

٩- سياسة الدولة الصفوية تجاه الكرد ( بحث منجز بتكليف من الأكاديمية الكردية للنشر ضمن موسوعة تاريخ الكرد-٢٠٠٩).

١٠- الإدارة العثمانية في كردستان ( بحث منجز بتكليف من الأكاديمية الكردية للنشر ضمن موسوعة تاريخ الكرد – ٢٠٠٩).

١١- مساهمات جامعات إقليم كردستان العراق في دراسة تاريخ الكرد الحديث والمعاصر- بحث أُلقي في ندوة « كتابة التاريخ اليوم « التي عقدت في أربيل في تشرين الأول ٢٠١٠، نظمها معهد الشرق الأدنى الفرنسي بالتعاون مع جامعة صلاح الدين.

- دكتۆر خەلیل عەلی موراد، بەشداریی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسی زانستی لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان و دەرەوەی وڵاتی کردووە.

- سەرپەرشتیی زیاتر لە(٨٠) نامەی ماجستێر و دکتۆرای قوتابیانی زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە.

- ئێستا خانەنشینەو بەردەوامیشە لە نووسینەکانی، جاروباریش پرس و ڕاو ڕاوێژکاریشی پێ دەکرێت لە بواری پسپۆڕی خۆیدا، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی مێژوو، بە تایبەتی مێژووی کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەك لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی دکتۆر خەلیل عەلی موراد، دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(الارشيف المدونة)ی، (إبراهيم خليل العلاف) لە ٢٤-١١-٢٠١١.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(المعرفة)، ژیان و بەرهەمەکانی دکتۆر خەلیل عەلی موراد.

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# سەعید یەحیا خەتات

خاتوو ژاڵە سەعید یەحیا دەڵێت:( ئاواتی باوکم بینینی سەربەخۆبوونی کوردستان بوو).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، وەرگێڕ و خۆشنووس، ڕەوانشاد سەعید یەحیا خەتات...

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و خۆشنووس سەعید یەحیا خەتات، مێژووی بنەماڵەکەیان بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ گوندی(شاخ) لە دامێنی چیای(جودی) لە باکووری کوردستان، دواتر چوونەتە (جزیرە)، لە ساڵی ١٨٧٨ کە سوپای عوسمانی هێرشی کردۆتە سەر جزیرە، یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە ئاوی دیجلە پەڕیوەتەوە و هاتۆتە باشووری کوردستان، سەرەتا لە موسڵ گیرساوەتەوە، پاشان لە گوندی(هوستا)ی سەر بە ناوچەی بارزان نیشتەجێ بووینە، لە ساڵی ١٩٠٠ باپیرە گەورەیان کە ناوی(عەلی محەمەد) بووە لە گوندی(قادریە)ی نزیک هەولێر کۆچی دوایی دەکات، منداڵ و نەوەکانی بە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و مووسڵ بڵاوبوونەتەوە.

ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا خەتات، هێمن موکریانیی شاعیر، نووسەر عەبدولخالق مەعروف**

هەر لە لاوێتیدا جۆش و خرۆشی کوردایەتی لە ناخیدا هەبووە، لە ساڵی ١٩٦٧ چۆتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠ وەکو بێژەر و وتارنووس و خۆشنووس لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەست بەکار بووە، بەرپرسی بەشی عەرەبییش بووە لە هەمان ڕادیۆ.

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەکەی ماوەیەک دوورخراوەتەوە باشووری عێراق.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، وەکو ڕۆژنامەنووس دەستی بە نووسین کردووە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ئەو کادرێکی شارەزا و بە توانا بووە لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) هەفتانە وتاری لە گۆشەی(قسەی خۆمان بێ) وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بڵاودەکردەوە، سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، جگەلەمەش ئەم چالاکییانەی هەبووە:

- ماوەیەک بەڕێوەبەری چاپخانەی(خانی) بووە.
- ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی(خەبات) و (صوت الأخر) بووە.
- وەکو وەرگێڕیش شانۆنامەیەکی نووسەری تورکی عەزیز نەسینی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی.
- لە بواری هونەری شێوەکاری و خەتخۆشی و خۆشنووسین دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی بەهرەدار بوو، شارەزاییشی لە هونەری مۆسیقادا هەبوو.
- کتێبیشی لەسەر(بارزانی)ی نەمر نووسیوە.
- زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی بە باشی دەزانی، چەند بەرهەمێکی لە فارسی و تورکی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە.

سەبارەی بە ئەزموون و توانای ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، لە ساڵیادی ماڵئاواییدا، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس دەڵێت:(ڕۆژنامەنووسی ناسراو سەعید یەحیا یەکێک بوو لە هەرە خاوەن قەڵەمە ڕاستگۆکانی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی، لەو ڕۆژەوەی



نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا خەتات




لەم مەیدانەدا تیشکی هەڵوێست و دەنگ و دەنگدانەوەی قەڵەمەکەیمان ناسی، ڕەحمەتیم لە نزیکەوە دەناسی و پێکەوە کارمانکردووە، نووسینی گۆشە ڕۆژنامەنووسییە هەفتانەکەی(قسەی خۆمان بێ) ڕاستەخۆ بۆ منی ئەنارد کە لەو لاپەڕەیەدا بڵاودەکرانەوە کە بەندە لێی بەرپرس بووە، یەکێ لە نامەکانیم بۆ یادگاری و دەربارەی ئەو گۆشەیە لە بەرگی دووەمی یادداشتەکانمدا لە چاپی ٢٠٠٤ بڵاوکردۆتەوە).

خاتوو ژاڵە سەعید یەحیا بە بۆنەی چلەی ماتەمینیی باوکی دەڵێت:(باوکم هەتا ڕۆژێکیش پێش مردنی هەر لە نووسین بەردەوام بوو، ئاواتی ئەو سەربەخۆیی بوونی کوردستان بوو، دایم خەمی لەوە دەخوارد کە کوردستان هەر چوار دەورەی دوژمنە، بۆیە وا زوو ناگات بە ئاواتەکانی، وتارەکانیشی ئاماژەی بۆ ئەوە دەکەن کە چەند ئاواتی بینینی سەربەخۆبوونی کوردستان بوو).



**بەرهەمی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا خەتات.**

لـە سـەرەتای هەشـتاکان بەنـدە لەگـەڵ ڕۆژنامەنـووس سـەعید یەحیـا بەیەکـەوە لـە ئەمینداریێتیـی گشـتیی ڕۆشـنبیری ولاوان کارمـان دەکـرد، جاروبـار بـاری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن و میدیامـان تاوتـۆ دەکـرد، ئەو مرۆڤێکی کوردپەروەر و ڕاستگۆ و هێـمن و لەسـەرخۆ و کـەم دوو بـوو.

لـە ٢٨-١-٢٠١٨ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت و گڵکـۆی پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێـت.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپـەڕی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وتارێکـی نووسـەر هەڵکـەوت محەمـەد، لـە ١٣-٣-٢٠١٩ و وتارێکـی دیکـە، لـە ٣-٩-٢٠١٩.

٢ - کوردیپێدیا.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس.

٤- Rudaw، لە ٢٩-١- ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خواکورک، ٢٩-١-٢٠١٩.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محێدین زەنگەنە

شـانۆنووس و ڕەخنەگـری شـانۆیی دیـار و ناسـراوی عێراقـی و کـورد، چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس و ڕۆژنامەنـووس، محێدیـن زەنگەنـە...

نووسـەر محێدیـن زەنگەنـە، لـە سـاڵی ١٩٤٠ لەگەڕەکـی شـاترلوی نـاو شـاری کەرکـوک لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٢ خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانە(عبدالإلـە) تەواوکـردووە، خوێندنـی ناوەنـدی لە(متوسـطة الغربیـة) و ئامادەییشـی لە(ثانویـة کرکـوک) هـەر لـە شـاری کەرکـوک تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٢ بەشـی زمانـی عەرەبـی لـە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بـە سـەرکەوتوویی تەواوکردووە، سـاڵی ١٩٦٤ وەکـو مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی لـە یەکـێ لـە قوتابخانـە ناوەندییەکانـی شـاری خانەقین دەسـت بەکاربووە، لە شـارەکانی دیکـەی عێراقیش خزمەتـی کردووە وەکو شـاری حلە، لە سـاڵی ١٩٦٩ گواسـتراوەتەوە شـاری بەعقوبـە، زیاتر لە(٣٧)ساڵ لـەوێ خزمەتـی کردووە، لە سـاڵی ٢٠٠٦ لەبەر تێکچوونـی بارودۆخـی شـاری بەعقوبە، بە خـۆی و خێزانەکەی چوونەتە شـاری سلێمانی، لـەوێ وەکو ڕاوێژکاری ڕۆشـنبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سـەردەم و سـەرپەرشـتیاری گۆڤاری(سـەردەم- بەشـی عەرەبی)یەکـەی، درێـژەی بـە خزمەتکـردن داوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر محێدین زەنگەنە، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس**

ئەو هەر لە لاوێتیدا مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ بە هۆی بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکان دژی شەڕی(پۆرسەعید)ی وڵاتی میسر، کە بە (العدوان الثلاثي) ناسراوە، ماوەیەکی کەم دەستگیرکراوە، دواتر ئازادکراوە.

شانۆنووس و ڕەخنەگر، محێدین زەنگەنە هەموو بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، هەندێ بەرهەمی لە لایەن نووسەر و هونەرمەندانی کورد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، دەستپێکی نووسینەکانی ساڵی ١٩٥٩ بە شانۆگاری(إحتفال في نيسان) دەست پێ کردووە، کە لە ڕۆژنامەی(صوت الطلبة) بڵاوکراوەتەوە، ساڵی ١٩٨٦ شانۆگەریی (مسرحية السر)ی لە چاپخانەی (الغريري) لە نەجەف لە چاپداوە، لە ساڵی ١٩٧٥ یەکەم بەرهەمی لە دەرەوەی عێراق بڵاوکراوەتەوە ئەویش ڕۆمانی(هم- أو- ويبقى الحب علامة) کە یەکێتیی نووسەرانی عەرەب لە دیمەشق بۆیان چاپ کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ شانۆگەریی(السؤال)ی بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی عێراق، لە وڵاتی کوێت نمایشکراوە و دواتر لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی.

لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن دەزگای شانۆی نیشتمانیی تونسی سەر بە

وەزارەتی ڕۆشنبیری بانگهێشتی وڵاتی تونس کراوە، کە وەکو(شارەزا-خبیر) دەستبەکار بێت، بەڵام حکومەتی عێراقی ڕێگەی پێ نەداوە.

کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و ئاستبەرزی لە شانۆ و چیرۆک و ڕۆمان نووسیوە، بەشی زۆریانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییە عێراقییەکان و کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە، هەندێکیشی لە چاپداوە، کە ئەمانەن:

شانۆگەرییەکان:

- احتفال في نيسان، نشرت في مجلة صوت الطلبة – بغداد، ١٩٥٩.
- الحرباء، قدمتها فرقة ( مسرح بعقوبة ) ، بعقوبة ، ١٩٦٩ – أخرجها الفنان جليل عبد الحميد.
- الأشارة، نشرت في جريدة (التأخي) بغداد، ١٩٦٥، قدمتها فرقة مسرح (المجددين) ، بعقوبة – ١٩٦٨ ، أخرجها الفنان سالم الزيدي.
- السّـــــــــر، مطبعة ( الغري )، النجف، ١٩٦٨، قدمتها فرقة ( نقابة المعلمين)، قاعة الخلد – بغداد – ١٩٦٨، قدمت في معظم أنحاء العراق، ترجمها الى اللغة الكوردية الفنان نوزاد قادر، قدمتها فرقة ( عمال البناء ) ، السليمانية، ١٩٧٥، أخرجها – الفنان جليل زنكنه.



وێنەیەک لە شانۆگەری(السؤال)

- الجراد، من مطبوعات مطبعة «دار الساعة « ، بغداد، ١٩٧٠،

نالت جائزة « الكتاب العراقي» ، بغداد، ١٩٧٥، قدمتها فرقة « مسرح اليوم «، بغداد، ١٩٧٥، أخرجها الفنان الراحل الكبير الاستاذ جعفر علي، نالت جائزة « أحسن نص مسرحي، ١٩٧٥ - ١٩٧٦، طبعتها وزارة « الثقافة و الاعلام « ، بغداد ، ١٩٧٦، عرضت في أنحاء عديدة من العراق، ترجمها الى اللغة الكوردية الفنان پەیمان بەگۆک، قدمتها فرقة « جمعية الفنون الكوردية « ، أربيل ١٩٧٧ ، أخرجها الفنان پەیمان بەگۆک، قدمتها فرقة «مسرح الطليعة - الكويتي « - الكويت - ١٩٨٠ - أخرجها الفنان التونسي المنصف السويسي، شاركت بها الفرقة في مهرجان « المونيستير الدولي « - تونس - ١٩٨٠، كذالك قدمها مسرح « سيد درويش « - الاسكندرية - مصر - حزيران ١٩٨٦، أخرجها الفنان المصري محمد غنيم، و كذالك قدمتها « جامعة الزقازيق « - مصر - أذار ١٩٨٦، أخرجها الفنان المصري صلاح مرعي و قدمتها ايضا فرقة « مسرح البحر « - الجزائر - ١٩٨٧، و قدمتها فرقة « مسرح الجامعيين « - البحرين - ١٩٨٨.

- السؤال (حكاية الطبيب صفوان و ما جرى له من العجيب و الغريب)، قدمتها فرقة « مسرح اليوم « - بغداد - ١٩٧٥ - أخرجها الفنان الراحل الكبير الاستاذ جعفر علي، نالت جائزة « أحسن نص مسرحي « - ١٩٧٥



**وێنەیەک لە شانۆگەری(الجراد)**

– ١٩٧٦،طبعتها وزارة « الثقافة و الاعلام « – بغداد – ١٩٧٦، عرضت في أنحاء عديدة من العراق، ترجمها الى اللغة الكوردية الفنان پەیمان بەگۆک، قدمتها فرقة « جمعية الفنون الكوردية « – أربيل – ١٩٧٧ – أخرجها الفنان بە یمان بەگۆک، وقدمتها فرقة «مسرح الطليعة – الكويتي « – الكويت – ١٩٨٠ – أخرجها الفنان التونسي المنصف السويسي،شاركت بها الفرقة في مهرجان « المونيستير الدولي « – تونس – ١٩٨٠،قدمها مسرح « سيد درويش « – الاسكندرية – مصر – حزيران ١٩٨٦.

- الاجـــازة، قدمتها فرقتا « مسرح بعقوبة و مسرح ديالى « – بعقوبة – ١٩٧٧ – أخرجها الفنان سالم الزيدي، ترجمها الى اللغة الكوردية الشاعر الكبير شێرکو بێکەس، قدمتها فرقة « مسرح الطليعة « – السليمانية – ١٩٧٨ – أخرجها الفنان أحمد سالار، ترجمها الى اللغة الكوردية ، مرة ثانية ، الفنان چەتۆ حسن، قدمتها الفرقة « القومية « للتمثيل – أربيل – ١٩٨٩ – أخرجها الفنان تحسين شعبان، قدمتها الفرقة ثانية في مهرجان « المسرح العربي « – بغداد – ١٩٨٩.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتایی سەدەی بیستەم ئەم کارانە بۆ ئەم شانۆگەرییەکراوە:

- قدمتها فرقة « مسرح اليوم « – بغداد – ١٩٧٩ – أخرجها الفنان عادل كوركيس،أعادت الفرقة عرضها في بعقوبة – ١٩٧٩، نالت جائزة « النص العراقي « ١٩٧٩ – ١٩٨٠، ترجمت الى اللغة الكوردية، قدمتها فرقة « الفنون الجميلة « – أربيل – ١٩٨٠، اعادت عرضها في بغداد – ١٩٨٠، قدمت في المغرب – ١٩٨٧، قدمت في السودان – الخرطوم – ١٩٨٨،

قدمتها لجنة « المسرح العراقي «– ١٩٨٨ – أخرجها الفنان سالم الزيدي، اعادت عرضها على مسرح الرشيد – بغداد.

- اليمامة ، صدرت عن «أتحاد الكتاب العرب « – دمشق – ١٩٨٠

- مساء السلامة أيها الزنوج البيض، نشرت في مجلة « الثقافة « – بغداد ، تشرين ١٩٨١، قدمت في المغرب – الدار البيضاء – ١٩٩١، قدمتها لجنة « المسرح العراقي – فرقة مسرح ديالى « – بغداد – ١٩٩٩ – أخرجها الفنان سالم الزيدي، ترجمها الى اللغة الكوردية الفنان أزاد بەرزنجی،


قدمت في معهد الفنون الجميلة - السليمانية - ١٩٩٨ - أخرجها الفنان أزاد بەرزنجی.

-العلبة الحجرية، قدمتها فرقة «مسرح اليوم « - بغداد - ١٩٨٢ - أخرجها الفنان يوسف رشيد، نالت جائزة « أفضل نص « ١٩٨٢ - ١٩٨٣، نشرت في مجلة « الاقلام « - بغداد - أذار ١٩٨٨، قدمتها « الفرقة القومية للتمثيل « - بغداد - ١٩٨٨ - أخرجها الفنان فتحي زين العابدين، شاركت في مهرجان « المسرح العربي « - ١٩٨٨،قدمت في المغرب - الرباط - ١٩٨٨ - أخرجها الفنان المغربي عبد الكبير الركانكة، قدمتها « الفرقة القومية « ، مرة ثانية ، في مهرجان المسرح العراقي الخامس - بغداد - ٢٠٠١، أعادت عرضها في « مهرجان عمان للمسرح العربي « تشرين الاؤل -٢٠٠١، «حصدت ثلاث جوائز من مجموع جوائز مهرجان «عمان للمسرح العربي الست - ٢٠٠١.

- لمن الزهور ؟، نشرت في مجلة « كاروان « - أربيل - حزيران ١٩٨٣،

قدمت في مهرجان « بغداد الاول للمسرح العربي « - بغداد - ١٩٨٥ - أخرجها الفنان عزيز خيون، ترجمها الى اللغة الكوردية الكاتب أزاد بەرزنجی، نشرتها مجلة « بيان « - بغداد - أذار ١٩٨٨، قدمها « معهد الفنون الجميلة « - السليمانية - ١٩٨٩، قدمتها فرقة « منتدى المسرح « - بغداد ١٩٨٩.

- صراخ الصمت الاخرس، قدمتها فرقة المسرح الشعبي و مسرح اليوم - بغداد - ١٩٨٧ - أخرجها الفنان عوني كرومي، اعيد عرضها على قاعة « الفنانين التشكيليين « - بغداد - ١٩٨٨،قدمت في عمان - الاردن - ١٩٩١،





بەرهەمەکانی نووسەر محێدین زەنگەنە.




**بەرهەمەکانی نووسەر محێدین زەنگەنە.**

أخرجها الفنان عوني كرومي، نشرت في مجلة « فنون « الاردنية – العدد (١١ – ١٢) – ١٩٩٢، ترجمها الى اللغة الكوردية الفنان كريم بياني، نشرت في مجلة « السينما و المسرح « – أربيل – أذار ١٩٩٩، قدمتها فرقة « رفند « – برلين – المانيا – ١٩٩٩ – أخرجها الفنان عوني كرومي.

- حكاية صديقين، نشرت في مجلة « الاقلام « – كانون الثاني ١٩٨٦، قدمتها فرقة « المسرح الفني الحديث « – شباط ١٩٨٨ – أخرجها الفنان سامي عبد الحميد، شاركت في مهرجان « المسرح العربي « ١٩٨٨، نالت جائزة « المؤلف المتميز « – ١٩٨٨ في مهرجان « المسرح «العربي، قدمت في البحرين – المنامة – ١٩٩٠،
- الحارس، نشرت في جريدة « العراق « – تشرين الاول ١٩٨٧، قدمتها فرقة « نقابة الفنانين « – ميسان – شباط ١٩٨٨ – أخرجها الفنان مكي حداد، شاركت في مهرجان « المسرح العربي « – ١٩٨٨، نشرتها مجلة البيان – الكويت – ١٩٨٩، ترجمها الى اللغة الكوردية إسماعيل أنور.
- الاشواك، نشرت في مجلة « الاقلام « – بغداد – شباط ١٩٨٨،قدمتها « الفرقة القومية للتمثيل « – أذار ١٩٨٩ – أخرجتها الفنانة منتهى محمد

رحيم، شاركت في مهرجان « المسرح العربي « ١٩٨٩، نالت جائزة « النص العراقي»١٩٨٩-١٩٩٠».

- تكلم يا حجر- تصفح، نشرت في مجلة « الاقلام « - أذار ١٩٨٩، قدمتها « الفرقة القومية للتمثيل « - أذار ١٩٨٩ - أخرجها الفنان وجدي العاني، شاركت في مهرجان « المسرح العربي « - ١٩٨٩، نالت الجائزة التقديرية للمهرجان، ترجمها الى اللغة الكوردية الكاتب محمد عبد الرحمن زنكنه، قدمت في أربيل - ١٩٩٩ - أخرجها الفنان طلعت سلمان.
- كاوه دلدار- صلاة الى نوروز، مطبعة أوفيست حسام - بغداد — ١٩٨٩، الطبعة الثانية — كوردستان — السلمانية — ٢٠٠٥.
- العقاب، نشرت في مجلة « الاقلام « - شباط ١٩٩٠،ترجمها الى اللغة الكوردية الشاعر جمال غەمبار، نشرت في مجلة « روفار « - العدد ٦ - السليمانية - ٢٠٠٠، قدمت في اربيل - أخرجها الفنان فرهاد شريف.
- القطط، نشرت في مجلة « الاديب المعاصر « - نيسان ١٩٩٢، قدمتها فرقة « مسرح ١٤ تموز « - ١٩٩٥ - أخرجها الفنان حسن جوير.
- موت فنان، نشرت في مجلة « الاقلام « - أذار ١٩٩٤
- هو.. هي.. هو او( هل تخضر الجزوع ؟)، نشرت في جريدة «العراق» في ٢٠-١٢-١٩٩٨ بعنوان «هل تخضر الجذوع»
- أردية الموت قرب العرش ... فوق النعش )، نشرت في مجلة « عشتار « غزة - فلسطين - عدد ٨ ، ١٩٩٦.
- سيأتي أحدهم، نشرت في مجلة « الرواد « - العدد «١»- ٢٠٠٠.
- المائدة المستطيلة، نشرت في جريدة « الزمن «
- رؤيا الملك، من أصدارات وزارة « الثقافة « - ١٩٩٩، قررت « كلية التربية - جامعة ديالى « أعتمادها مادة علمية في موضوع تحليل النصوص الادبية « نظرا لأهميتها الادبية و الفنية «، ونالت جائزة « الابداع « في - الادب المسرحي - ١٩٩٩.
- العانس، نشرتها مجلة « ألق « - العدد ٣ حزيران ٢٠٠١،نشرت ضمن كتاب عشرة نصوص مسرحية.

- مع الفجر جاء ... مع الفجر راح، نشرتها مجلة « المشهد « - العدد ٨، ٩ - ٢٠٠٢.

- شعر بلون الفجر، نشرتها مجلة « ألق « - العدد «٢» - ربيع ٢٠٠٠.
- الجنزير، نشرتها مجلة ( په يفين - الحوار العربي - العدد ٧ - ٢٠٠١ السليمانية باسم مستعار هو» ئاسوس ميدي»، تم اعادة طبعها في كتاب عام ٢٠٠٤.
- السفينة، نشرتها مجلة « به يفين « - الحوار العربي - العدد ٨ - ٢٠٠١ السليمانية «- باسم مستعار هو / ئاسوس
- الخاتم - نشرتها مجلة « به يفين « - الحوار العربي - العدد ٩ - ٢٠٠١ السليمانية «- باسم مستعار هو ئاسوس ميدي تمت اعادة طبعها في كتاب عام ٢٠٠٤.
- زلزلة تسري في عروق الصحراء، تم طبعها في كتاب عام ٢٠٠٤.
- الضحك.... عقاباً، نشرت في جريدة « الاتحاد « - تموز ٢٠٠٠.

ڕۆمانەكان:

- ويبقى الحب علامة، صدرت سنة ١٩٧٥ دمشق.
- ئـــاســـــوس، صدرت سنة ١٩٧٦ بغداد.
- بحثا عن مدينة اخرى، صدرت سنة ١٩٨٠ دمشق.
- ثمة خطأ ما في مكان ما، صدرت ٢٠٠٩ السليمانية.

كۆمەڵە چيرۆک:

- مجموعة قصصية طبعت سنة ١٩٨٤ ،( السد يتحطم ثانية)، حرمان، سبب للموت ... سبب للحياة، الرجل الذي أمتهن دراسة الكائنات البشرية، حيث الناس يعيشون كالهواء، - أضطراب في ألوان النهار، قصة تقليدية ...جدا، طفولة ملغية، الضيوف.
- مجموعة قصصية ثانية طبعت في ٢٠٠٧( القوقعة، حرمان، الجراد، سبب للموت ... سبب للحياة، رماد فوق الجرح، علي مردان يتفجر، الكلب العجوز مغمض العينين، غيوم بلا مطر، بضع صرخات من صراخ الصمت الاخرس، فكاهة - حكاية بلا نهاية).

- الجبل و السهل - طبعت سنة ٢٠٠٢.

زیاتر لە(١٢) نامەی ماجستێر و دکتۆرا لەسەر بەرهەمەکانی نووسەر محێدین زەنگەنە، لە لایەن قوتابیانی زانکۆکانی عێراق و کوردستان، وەرگیراون، لەوانە:

- البنية الدرامية والايدلوجية في نصوص محيي الدين زنكنة المسرحية، ٢٠١٤،بإشراف :- أ.م.د. سافرة ناجي جاسم، مقدمة من قبل الباحث :- عباس فاضل عباس، رسالة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في الفنون المسرحية- أدب ونقد مقدمة الى كلية الفنون الجميلة - جامعة بغداد.
- البطل في مسرحيات محيي الدين زنكنة، دراسة تحليليّة ٢٠١٣، بإشراف :- د. علي عبد الرزاق السامرائي، مقدمة من قبل الباحثة :- كويستان نجم الدين، رسالة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في اللغة العربية و أدابها الى مجلس كلية التربية/ابن رشد للعلوم الانسانية / جامعة بغداد.
- أنماط الشخصيّة في قصص محيي الدين زنكنة، دراسة تحليليّة، ٢٠١٣، بإشراف :- أ. م. د علي متعب جاسم،مقدمة من قبل الباحثة :- ندى حسن محمد، رسالة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في الأدب العربي الحديث في قسم اللغة العربيّة/ كليّة التربية للعلوم الإنسانيّة/ جامعة ديالى.
- بنيةُ السَّرد في النص المسرحي عند عادل كاظم ومحيي الدين زنكنة، ٢٠١٢، بإشراف :- أ.د. باسم عبد الأمير الأعسم، مقدمة من قبل الباحث :- منتظر عبد الحسين محسن الكَروشي، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم اللغة العربية - كلية الآداب - جامعة القادسية لنيل شهادة الماجستير.

چەندانی دیکە.

نووسەر محێدین زەنگەنە، دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەی شانۆیی لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و کوردییەکان(ملاحق- پاشکۆ)عەرەبییەکان، بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ وەکو ئەندامی لیژنەی باڵا بەشدار بووە، لە کۆبوونەوەکانی(المثقفين العرب) کە لە بارەگای(یۆنیسکۆ)لە پاریس بەستراوە.

لە سەر داخوازی و پێشنیاری مامۆستا(كامل شياع) بۆتە سەر نووسەری پڕۆژەی(علم و اثر)، کە سەرەتا ناونیشانی (اعلام الثقافة العراقية) بووە،

پاشـان محێدین زەنگەنـە ناوەکەی کردۆتە(علـم  و اثـر)، زنجیرە کتێبێکیـان لـە چاپـداوە لەوانە(علـى طريـق الهنـد، تاريـخ العـرب فـي الإسـلام، نقـد و توجيـة) چەندانـی دیکـە.

چەندیـن جـار لـە لایـەن دەزگا پەیوەندیدارەکانـی عێراقـی و هەرێمـی کوردسـتان خـەڵات و ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە.

لـە ٢١– ٨ – ٢٠١٠ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

سەرچاوەکان:

١ - ارشيف الاديب الراحل محي الدين زنگەنە.

٢ - تلفزیـون الحـرة، بەرنامەیەکـی تایبەتـی لەسـەر ژیـان و بەرهەمەکانـی نووسـەر محێدیـن زەنگەنـە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

وێنەکان:

بەشـی زۆری وێنـەکان لـە ماڵپـەڕی فەرمی(ارشـيف الاديب الرحل محـي الدين زنگەنـە) وەرگیـراوە.





# میرزا مەنگوڕی

ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بوو، دەڵێت:(دایکم حەزی دەکرد ببمە مەلا و پێشنوێژیی بۆ خەلک بکەم، باوکیشم ئاواتی ئەوە بوو دەفتەری حیساباتی بۆ ڕابگرم و ئاسوودەی بکەم، چونکە بازرگانی دەکرد).

شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەر و توێژەر، ڕەوانشاد میرزا مەنگوڕی...

ناوی تەواوی(محەمەد ئەمین کوڕی ئەحمەد کوڕی فەقێ برایم کوڕی مەلا یوسف)ە، فەقێ برایمی باپیری کاتی خۆی لە گوندی(سۆێناس) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە عەشیرەتی گەورک بووە، باوکی بە هۆی کێشەیەکی عەشایەری بە ناچاری هاتۆتە ناو عەشیرەتی(مەنگوڕ) لە باشووری کوردستان، لە گوندی(ڕوودان) نیشتەجێبوونە، هەر لەوێ خاتوو(گوڵێی)کچی فەقێ وەیسی هێناوە، لەوەوە نازناوی مەنگوڕ بەسەر بنەماڵەکەیاندا بەخشراوە.

میرزا محەمەدەمین مەنگوری لە ساڵی ١٩١٠ لە قەڵادزێ لە دایک بووە، ناردوویانەتە بەر خوێندنی حوجرە، بەڵام ئەو حەزی لە خوێندن نەبووە، بۆیە دەرکراوە، ئەو کاتەی ناوچەکە کەوتۆتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان،

نووسەر میرزا مەنگوڕی

سـەرلەنوێ خراوەتـە بـەر خوێندنـی حوجـرە لای مـەلا مەحمـود ناوێـک، دەرسـی دینـی وەرگرتـوە، بـەڵام بـە هـۆی بازرگانیـی باوکـی کـە کڕیـن و فرۆشـتنی( توتـن) بـووە، لەگـەڵ باوکـی خەریـک بـووە، لـە گوندی(سـواری) یە، پۆلـی پێنجـەم و شەشـەمی سـەرەتایی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٠ کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی لای بازرگانێک بە ناوی(قـادر سـوڵتان) بە مووچـەی مانگانـە کاری کـردووە، دواتـر کاسبی کـردووە و تێیـدا سـەرکەوتوو بـووە، بۆیـە بۆتە(میـرزا- کاتـب) لای مامەنـد ئاغـای سـەر خێڵی(ئاکۆ) و لـەو کاتـەوە نـاوی میـرزای لێنـدراوە.

میـرزا مەنگـوڕی لـە سـاڵی ١٩٣٢ بە(قوڵچـی) دائیـرەی ئیسـتیهلاک مانگـی بـە(٥٥) ڕوپیـە دامـەزراوە، پـاش ماوەیـەک دەرکـراوە، لـە هەمـان سـاڵدا خولێکـی(٣) مانگی(موخابـەرەی هیلیۆگرافـی مـۆرس)ی بینیـوە، بـە پۆلیسـی موخابیـر دامـەزراوە و ڕەوانەی(گڵـەزەردە و ماوەت)کـراوە، دواتـر هاتۆتـەوە شـاری سلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٣٤ ئـەو کاتەی(مەلیک غـازی) هاتۆتـە ئەو شـارە، ئـەو بۆ یەکەمین جار پارچە شیعرێکی لە بەردەم مەلیک غازی خوێندۆتەوە،

مەلێک بە خەتێکی پۆلیسی تەرفیعی پێکردووە، هەر ئەو کات لەگەڵ چەند پۆلیسێکی دیکەی هاوڕێی کە ژمارەیان(١٢) بوونە، کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوە بە ناوی(حیزبی خوێن ڕێژی) بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی، هەر هەموویان دواتر چوونەتە ناو حیزبی(برایەتی).

میرزا مەنگوڕی هەر لەو ماوەیەدا یەکەم کتێبی خۆی بە ناوی(هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)ی نووسیوە وبڵاوی کردۆتەوە، لەسەر ئەم کتێبە دادگایی کراوە و حوکمدراوە ماوەیەک لە بەندیخانەی سلێمانی و ماوەیەکیشی لە زیندانی کەرکووک بەسەربردووە، لە کارەکەی دوورخراوەتەوە وکتێبەکەشی لێ زەوتکراوە، دواتر ئازادکراوە، بەڵام سەرلەنوێ دەستی بە چالاکی کردۆتەوە لە ڕیزەکانی برایەتی، دیسان دەستگیریان کردۆتەوە، بەڵام هیچی لەسەر ئیسپات نەبووە و ئازادیان کردووە و ڕەوانەی شارەوانی چوارتایان کردووە، دیارە لەوێش لەسەر کێشەیەک گیراوە و حوکمەکەی تەواو کردووە و بەریانداوە.





دیداری میرزا مەنگوڕی لە ڕانیە لە ١٤-٣-٢٠٢٣


لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی ٤-١-١٩٤٦ گەیشتۆتە گوندی(تورکمان کەندی) لە ٥-٣- ١٩٤٦ نێردراوەتە ناوچەی سەقز و بۆکان و کراوەتە میرزا لە لای حەمە ڕەشید خانی بانە، کە سەرۆکی لقی سەقز و بۆکانی یەکێتیی نەوجەوانانی دیموکراتیی کوردستان بووە، کە حەمەڕەشید خان لە ٣-٨- یان ٢٤-٨- ١٩٤٦ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، ئەو لەوێ ماوەتەوە و لە لای حەمە ئاغای عەلی ئاغای جوانمەردی سەرخێڵی گەورکی لە سەقز ماوەتەوە، لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٤٨ بەماڵەوە هاتۆتەوە سلێمانی، دیارە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، خاتوو حەلاوە خانی کچی زێوەری شاعیری هێناوە، بێ کار و کاسبی بووە، لە دائیرەی ئاو و کارەبای سلێمانی دامەزراوە، لەبەر ئەوەی مووچەکەی کەم کراوەتەوە دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە، چۆتە ڕانیە لەوێ ژنی سێیەمی هێناوە، لە دائیرەی ئاو و کارەبای ڕانیە بە کاتب دامەزراوە، دەستی بە چالاکیی ئەدەبی کردووە، سەرەتا بە شیعر و چیرۆک دەستی پێکردووە دواتر لە بوارەکانی مێژوو و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە چەند بەرهەمێکی نایاب و بە نرخی نووسیوە کە ئەمانەن:

- هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن ، چاپخانەی بەلەدیە – سلێمانی، ١٩٣٨
- چیرۆکی ماهراکۆ، چاپخانەی ڕاپەڕین – سلێمانی ، ١٩٧١
- چیرۆکی زێرینا ئامێدی ، چاپخانەی الغري – نەجەف ، ١٩٧١
- بووکێکی ناکام، چاپخانەی النعمان – نەجەف ، ١٩٧١
- گەشتی ئەستێرەی مەریخ ، چاپخانەی العنان – نەجەف ، ١٩٧١
- فەیرووز خانی پشکۆ ، چاپخانەی القضاء – نەجەف، ١٩٧١
- کورد و ئەرمەن ، ١٩٩٧
- کورد و ئاسووری، ١٩٩٧
- بەسەرهاتی سیاسی کورد ، بەشی یەکەم ( ١٩١٤ – ١٩٥٨ ) ، سوێد ، ١٩٩٩
- بەسەرهاتی سیاسی کورد ، بەشی دووەم ( ١٩١٤ – ١٩٥٨ ) ، سلێمانی ، ٢٠٠١


5
گڕی نەورۆز
No. ( 11 ) March 2022

نەورۆز لە شیعرەکانی میرزا مەنگوڕیدا






نەوروزی کوردستان ١٩٣٧
(٦)

یادی شیعرم تازە بووە گوڵ بنی گوڵ ژیایەوە
بولبولیش وەک من لەچیمەن ئاگری سۆزی نایەوە
بەم گڕی ئازادیەی ئەمڕۆ کەوا کەوتۆتە دڵ
سەر زەمین تێکرا بەسروەی ئاشتی خوا ڕازایەوە
سەیری گۆیژەو ئەزمەڕو پیرەمەگرون کە بەدڵ
چۆن بەهیوای سەربەخۆیی پەرچەیان هەڵدایەوە
بای بەهار خۆی کرد بەبەر بوکی کچانی ناو چەمەن
بوکی خونچەی دایە دەست بولبول بەچەند تارایەوە
پشتی زستانی شکاند نەورۆزی ئازادی وەڵات
بەفری أستعماری سەر مەمکی گوڵی پێ توایەوە
با بژی ئیتر لەباوەش (نستەرەن) ڕێواسی کەل
با هەڵاڵەو (سوسەنە) سەر هەڵ برن لەم لایەوە
با نبوشە بەس بەسەرشۆڕی بژی مۆژدەی بەنێ
با سەری سەربەستی دەرخا ئاگری ژیری کرایەوە
چارۆکەی نێرگز بەسەر خونچەی گوڵاڵە دامەدەن
شەرمی دڵداری لەگەردون باری خۆی پێچایەوە
با بەشانەی با تەوالیت دابهێنێ یاسەمەن
مۆژدە بێ گەر هێزی زۆرداری چرای کوژایەوە

**بەرهەمەکانی نووسەر میرزا مەنگوڕی**

- کۆنگرێسی دوڕندە و ئاژەڵ ،١٩٩٣.
- بەسەرهاتی مەنگوڕی ، ( بە دە ئەلقە لە ڕۆژنامەی ‹ کوردستانی نوێ ‹ دا بڵاو کراوەتەوە،  ١٩٩٥)، کە نووسەر سدیق ساڵح پێشەکی بۆ نووسیوە.
- دیوانی بەهەشتی دڵداری ، ٢٠٠٦
- حەقایقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستیقلالی کورد دا، ٢٠٠٣.

میرزا مەنگوڕی لە ساڵی ١٩٧١ کتێبی(گەشتی ئەستێرەی مەریخی بڵاوکردەوە، هەر ئەو کات بوو، نووسەر جەمال شالیش چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی ئافرەت، ئەو دوو بەرهەمە هەراو هۆسەیەکی لە کوردستان و بەغدا نایەوە، پیاوانی ئایینی لە کوردستان میرزا مەنگوڕیان بە کافر و مولحید دanاو لە ڕانیە تووشی کێشە بوو، چەند شاعیر ونووسەر و ڕۆشنبیری نوێخوازی کورد لە بەغدا لەوانە(شێرکۆ بێکەس، سەربەست بامەڕنی، جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا عەباس ...) پشتگیری ئەو دوو نووسەرەیان کردو، بانگەوازێکیان بە ناوی( بانگەوازی قەڵەمە نەترساوەکان) بڵاوکردەوە، ئیتر لە ڕێگای شەکوای پیاوانی ئایینیی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی هەفتەنامەی(هاوکاری) بۆ ماوەی یەک مانگ داخست، دواتر هاوکاری دەستی بە دەرچوونەوە کردەوە و شاعیر و



گڵکۆی میرزا مەنگوڕی لەسەر چیای(کێوە ڕەش)

نووسـەرانیش هـەر سـوورِ بـوون لەسـەر هەڵوێسـت و پشـتگیری خۆیـان بۆ مەنگـوڕی و جەمـال شـاڵی.

هـەر لەسـەر کتێبی(گەشـتی ئەسـتێرەی مەریـخ)، مەنگـوڕی لـە ڕانیـە وەکـو ژمێریـار گوازراوەتـەوە شـارەوانی تەوێڵـە، دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتـەوە شـاری سـلێمانی، لـە ١-١-١٩٧٦ خـۆی خانەنشـینکردووە، لـە سـاڵی ١٩٨١ چاوەکانـی بـەرەو کـزی چـوون و لـە ١٣-١-١٩٨٨ کۆچـی دوایـی کـردووە، بـە کاتیـی نێژراوە، لەسـەر وەسـییەتی خـۆی لـە ١٩-٦-١٩٩٢ لـە ڕێوڕەسمێکی شایەسـتە و بـە ئامادەبوونـی کـەس و کاری و جەماوەرێکـی زۆر لەسـەر چیای(کێوەڕەش) بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، وێنـەی قەبرەکـەم هاوپێـچ کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

شـەش کتێبـی مێژوویـی میـرزا مەنگـوڕی لەسـەر ئەرکـی بەڕێـز شـوان مسـتەفا عیسـا لـە چاپدراوەتـەوە.

نووسـەر خاتـوو ڕاز ئەسـعەد کتێبێکـی بـە نـاو نیشـانی(میرزا مەنگـوڕ و مێژووی ژن) نووسـیوە لـە چاپـی داوە وا بەرگـی کتێبەکـەم هاوپێـچ کـردووە، جگـە لـە وتارێـک بـە ناوی(نـەورۆز لە شـیعرەکانی میرزا مەنگوڕی) کە ئەویشـم هاوپێـچ کـردووە، چەندیـن نووسـەری دیکـە لێکۆڵینـەوە وتوێژینەوەیـان لەسـەر

بەرهەمەکانی نووسەر میرزا مەنگوڕی کردووە لەوانە نووسەر سدیق ساڵح و چەندانی دیکە.

لە ١٤-١-٢٠٢٣ لە ساڵیادی مەنگوڕی گروپی دیالۆگی ڕۆشنایی بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ڕانیە و کتێبخانەی گشتیی ڕانیە، لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی ڕانیە(دیداری میرزا مەنگوڕی) بەڕێوەچوو، کە کەس و کاری و جەماوەرێکی زۆر لە لاوان و گەنجان و ڕۆشنبیران ئامادەببوون ، ئەنجامدراوە.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ڕوانگە، لە نووسینێکی نووسەر سدیق ساڵح، لە ١١-٣-٢٠١٧.

٢ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە تەلەفزیۆنی دەروازە، بەرنامەیەك لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار هێرۆ عەبدولڕەحمان.

٣ - کوردیپێدیا.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی میرزا مەنگوڕی، لە ١٤-١-٢٠٢٣.٥ .

٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# أ. ب. هەوری

مامۆستا و شاعیر و ڕۆشنبیر، پەخشاننووس و شانۆنووس و وەرگێڕ، ڕەوانشاد أ . ب. هەوری...

ناوی تەواوی(ئەبوبەکری شێخ جەلالی کوڕی شێخ تەها)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە أ. ب. هەوری ناسراوە، لە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی(چنارە)ی نزیک دەربەندیخان لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەی دیکە دەڵێن: لە ساڵی ١٩١٥ لە گوندی(سیتەک) هەر لە نزیک دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خانەوادەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٢٥ماڵیان هاتۆتە شاری سلێمانی، هەر لە منداڵییەوە لای باوکی فێری خوێندن و نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە قوتابخانەی زانستی شەوان وەرگیراوە، ساڵێک پاشتر چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و تەواویکردووە، لە ساڵی ١٩٣٨ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٣٩ هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی و بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانە(ئەیوبییە)و دواتر(فەیسەڵییە) و قوتابخانەی سووورداش و دوا خزمەتیشی تا ساڵی ١٩٦٩ لە قوتابخانەی(کانێسکان) بووە و خانەنشین بووە.

مامۆستا ئەبوبەکر هەوری هەر لە لاوێتییەوە سەوداو عیشقی شیعر و



**لە لای ڕاستەوە: شێخ نیزامەدین شیخ جەلال ، شاعیر و نووسەر ئەبوبەکر هەوری**

زمان و ئەدەبی کوردی بووە، نووسینەکانی زیاتر لە شێوەی پەخشان و چیرۆک و شیعر بووە، سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانی چەند شانۆگەرییەک، ئەو پێشەنگ بووە لە بواری شانۆ و شانۆگەری، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی چاپکراوی بۆ نەوەکانمان بەجێهێشووە کە ئەمانەن:

- دڵداری و پەیمان پەروەری، بەرگی یەکەم و دووەم، بە شێوەی چیرۆکی شانۆیی بووە، کە لە(٧) پەردە پێکهاتووە.
- ئازار و ئاوات، کۆمەڵە شیعرە.
- سەلاحەدین و فیلی بەنگ کێشەکان، لە نووسینی(جرجي زيدان)، لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە شێوەی چیرۆک نووسیویەتی و ڕووداوەکانی لە وڵاتی میسر و شام ڕوویداوە.
- بیری ئازادی ڕێگای ڕزگارییە، چیرۆکی شانۆییە.
- بەرهەمی خەبات، کۆمەڵە شیعرە.
- بووکی ژێر دەواری ڕەش، چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردەواری بە شێوەی شانۆیی نووسراوە، لە ساڵی ١٩٦١ لە سلێمانی نمایشکراوە لە دەرهێنانی هونەرمەند ڕەفیق چالاک بووە.


- صـلاح الديـن الايوبـي اسـد القارتيـن، نووسـينێکی مێژووییـە، بـە زمانـی عەرەبـی نووسـیویەتی.
- دەستووری زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی.
- مەولـەوی شـای شـاعیرانی لاهـوت و زانـا و خۆشەویسـتی کـورد لـە چەرخـی نۆزدهەمدا، چاپی یەکـەم ، سلێمانی، چاپخانـەی کاکـەی فـەلاح . سـاڵی ١٩٧٢.
- دیوانـی هـەوری، شـێخ عوبێد شـێخ لەتیف بەرزنجی، لەسـەر ئەرکی خۆی لـە چاپیداوە، هەولێر، ٢٠١١.
- شیعری کۆن و نوێ، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە.
- چیرۆکێکی بێناو لەبەردەم چرای ڕووناکیدا.

شـاعیر و نووسـەر ئەبوبەکر هـەوری، بەشـی زۆری نووسـینەکانی خۆی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردییەکانـی ئـەو سـەردەم وەکو(گەلاوێـژ و دەنگـی گێتـی تـازە و بڵێسـە و هەتـاو) بڵاوکرۆتـەوە، مرۆڤێکـی کوردپـەروەر بـووە، بەشـداری لـە شـەڕی پێش دەرکـی سـەرای سلێمانی کـردووە، لـە ڕۆژی ٨- ٤ - ١٩٧٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.


وا پارچـە شـیعرێکی شـاعیر و نووسـەر ئەبوبەکـر هـەوری- تـان بـۆ



**وێنەیەك لە شانۆگەری(بووكی ژێر دەواری ڕەش) كە لە ساڵی ١٩٦١ گیراوە، ناوەكان نەنووسراون**



پۆلێك قوتابی قوتابخانەی کانیسکان، لە ساڵی ١٩٥٦، لە لای چەپەوە: مامۆستا ئەبوبەکر هەوری، لە لای ڕاستەوە: پێنجەمین کەس مامۆستا عومەر کەریم عەزیز




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ئەبوبەکر هەوری

دەنووسـمەوە.

لە ساڵی ١٩٣٩ لە بۆنەیەکی نیشتمانی ئەم پارچە شیعرەی خوێندۆتەوە:

ئەی وەتەن تۆ وا مەزانە شادمانم ئارەزووی سەیران ئەکەم
حەز بە لەنجەولار و شێوەی دیدە مەخمووران ئەکەم
سەد چاوی خوماری عیشوەداری کەچ کولاه
بۆ سەعاتێک شادمانی خاکەکەت قوربان ئەکەم
نامەوێ بۆ چیمە بەزم و دەبدەبە جانانی شەو

من تەمەننامەی بەزمی وەسڵی خاکەکەی کوردان ئەکەم
شەو لە داخی تۆیە ڕۆژ بەیادی شەوتەوە
مەیلی دەشتی چۆڵی پەستی گەرمی گوێی سیروان ئەکەم
شەرتە ئێسکم تا نەبێتە خاک لە بۆ کۆشکی وولآت
من لە قەبرا بۆ کەساسیت شیوەن و گریان ئەکەم
ئەی وەتەن با جارێ وابێ تا هەلێکت دێتە پێش
تێدەگەی ئەوسا شێرانە ئارەزووی مەیدان ئەکەم
ئەی وەتەن من خام و خامەش دەردی تۆی گرتۆتە بەر
ئەم قسانەش ئاگرە و (هەوری) بێ بەرپا ئەکەم

سەرچاوەکان:
١-دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم، لاپەڕەکانی(٢٢٩-٢٣٥)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦.
٢ - کوردپێدیا.
٣ - ماڵپەڕی پەیجی شارەکەم سلێمانی، وێنە کۆنەکان، لە ٢- ٤- ٢٠٢٢.
٤ - ماڵپەڕی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، لە ٢٤-١٠- ٢٠١٦.
٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Topfon- Gelas Mustafa، لە ١٩-١٠ - ٢٠٢١.
٦ - گۆڤاری گەلاوێژ بەرگی یانزەهەم، ژیاننامە و پێڕست ، ئامادەکردنی نووسەران، سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە.
٧ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## عەبدولکەریم فندی

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر، ڕەوانشاد ناوی تەواوی (عەبدولکەریم فندی یحیا فندی)یە، لە ٤- ٥ - ١٩٤٦ لە گوندی(قارقاراقا)ی سەر بە ناوچەی دۆسکیی باکووری شاری دهۆک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥١ماڵیان چۆتە شاری دهۆک، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری دهۆک تەواوکردووە، لە ٩-٦-١٩٦٣ ماوەیەک بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵی ١٩٧٤ بەشی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ تەواوکردووە و بۆتە مامۆستا لە قوتابخانەی ئامادەیی برایەتی لە شاری دهۆک، لە ساڵی ١٩٨٤ بۆتە بەڕێوەبەری دواناوەندی(مەمێ ئالان) هەر لە دهۆک، لەبەر هەڵوێستە سیاسی و نەتەوایەتییەکەی لە ساڵی ١٩٨٦ گوازراوەتەوە ئامادەیی دهۆکی ئێواران.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووەتە بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەسازی لە دهۆک، لە ساڵی ١٩٩٣ وەک بەڕیوەبەری گشتی هونەر و ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن لە هەمان وەزارەت، ماوەیەکیش بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە هۆی باری



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولکەریم فندی**

تەندروستی کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی لە دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولکەریم فندی کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی لە بواری ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕەخنەیی نووسیوە، سەرەڕای وەرگێڕانی چەند کتێبێک لە تیپی لاتینی و سلاڤی بۆ تیپی عەرەبی، لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و عەرەبی، هەندێ بەرهەمیشی هەر بە زمانی عەرەبی نووسیوە، ئەمانە بەرهەمە لە چاپدراوەکانییەتی:

- دیوانا بەکر بەگی ئەرزی، کۆکردنەوە و توێژینەوە، ١٩٨٢ بە زمانی کوردییە.
- مەیرۆ، کتێبی مامۆستا م. ئەمن بۆزئەرسەلان، لە پیتی لاتینی بۆ پیتی عەرەبی وەرگێڕاوە، ١٩٨٥ بە زمانی کورد ییە.

- گولچن، کتێبی مامۆستا ئۆردیخانی جەلیل، لە پیتی ئەکلیرکی – سولاڤی بۆ پیتی عەرەبی وەرگێڕاوە، ١٩٨٢ بە زمانی کوردی.

- شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عیراق، دانان، ١٩٩٥ بە زمانی عەرەبییە.

ڕێبەری پارێزگای دهۆک، دانان لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە، ١٩٩٥ بە زمانی عەرەبییە.

- هۆزێن کوردی لە باکورێ ویلایەتی موسل، (١٩٩٦) لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

- پارتی ل سەردەمی مشەختبوونا بارزانی، دانان، ١٩٩٨ (بە زمانی کوردی یە).

-ئامێدی لەچەند سەدەی جیاوازدا، نووسینی عەباس عەزاوی، توێژینەوە، ١٩٩٥ بە زمانی عەرەبییە.

- یۆبیلا زێرینا پێشمەرگەی، ئامادەکردنی شەوکەت شێخ یەزدین، عەبدولکەریم فندی لە پیتی عەرەبی و دیالێکتی کرمانجی ژوروو بۆ پیتی لاتینی و دیالێکتی کرمانجی خواروو گۆڕیوە، ١٩٩٩ بە زمانی کوردییە.



نووسەر و وەرگێڕ عەبدولکەریم فندی، بە جلی پێشمەرگایەتی

- بارزانی خۆ نادەتە دەست کەسێ، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، عەبدولکەریم فندی لە پیتی عەرەبی و دیالێکتی کرمانجی ژوروو بۆ پیتی لاتینی و دیالێکتی کرمانجی وەرگێڕاوە، ۲۰۰۱ بە زمانی کوردییە.

- فیستەڤالا خانی، ئامادەکردن، ۱۹۹٦ بە زمانی کوردییە.

- کەلێن بادینان و چەند جهێن وێ یێن شوێنواری، دانان، ۲۰۱۲ بە زمانی عەرەبییە.


- زمانێ کوردی لە دەڤەری بادینان، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، ۲۰۱۳ بە زمانی عەرەبی و کوردییە.

ئەو هەر نووسەر نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناش بووە و چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ڕێکخراوەیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەبووە لەوانە:

-ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەیان) بووە، کە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی لە بەغدا دەردەچوو.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری کورد) خولی سێیەم بووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەیڤ) بووە، کە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد - دهۆک دەردەکرا.




- وەک سکرتێری نووسینی گۆڤاری (مەتین) خولی سێیەم کاری کردووە، لە ژمارە ۱- هەتا ۱۸.

- لە ساڵی (۱۹۹۷) سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان) بووە، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمەوە دەردەچوو.

- سکرتێری نووسینی گۆڤاری (کاروانی




بەرهەمەکانی نووسەر عەبدولکەریم فندی

ئەکادیمی) بووە، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمەوە دەردەچوو.

- سەرنووسەری گۆڤاری (دیجلە) بووە هەر لەسەرەتاوە تاکو ڕاگرتنی (٤٢ ژمارە)، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە پیتی لاتینی بڵاودەکرایەوە، ئەم گۆڤارە یەکەمین گۆڤار بووە کە بە پیتی لاتینی لە هەرێمی کوردستان دەردەچوو.
- وێڕای چەندین کار و لێپرسراوێتیی دیکە ، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردی کە لە عێراق دەردەچوون بەرهەمی خۆی هەبووە (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی- ڕەخنەیی- فۆلکلۆری- بابەتە مێژووییەکان لەبارەی مێژووی کورد).
- وەک سکرتێری نووسین لە زۆربەی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک هەڵبژێردراوە.
- لە ساڵی (١٩٨٤- ١٩٩١) وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لە یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە.

لە ساڵانی (١٩٨٦- ١٩٩١) وەک نوێنەری لقی کوردستان لە ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتیی نووسەرانی عیراقدا دیاری کراوە.

- بەشداریی لە زۆربەی کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دا کردووە.

سەرباری سێ کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی عیراق، هەروەها بەشداریی لە (١٥)مین کۆنگرەی نووسەرانی عەرەبدا کردووە کە لە ساڵی ١٩٨٦

لەشاری بەغدا بەسترابوو.

بەشداریی لە فیستڤاڵی (مەربد) (٦-٧-٨) دا کردووە.

نووسەرو ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و توێژەر عەبدولکەریم فندی، لە ڕۆژی ٥-٢- ٢٠٢٣ لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی(شاخکی) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:



١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی فندی، وتارێکی هەکار فندی.

٤- - Rudaw، لە ٥-٢-٢٠٢٣.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فرەنسیس داود

خـۆی وتویەتی:(تـا بتوانـم هەناسـە هەڵبمـژم بـەردەوام ئـاواز و مۆسـیقا دەژەنـم)، خاوەنـی سـیمفۆنیای گۆیـژە و باخـی میـر)، هونەرمەنـدی پەنجـە زێڕیـن، مامۆسـتا فرەنسـیس داود..

هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن فرەنسـیس داود، لـە سـاڵی ١٩٤٦ لـە شـاری سلێمانی لە دایک و باوکێکی کریستیان لە دایک بووە، باوکی کلدانییە و بە ڕەچەڵـەک خەڵکی ئامێدی بووە، دایکیشی کچە کریستیانێکی خەڵکی سلێمانی بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری سلێمانی تەواوکردووە، هـەر لـە منداڵییـەوە حـەز و ئـارەزووی لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بـووە، بـە منداڵـی لـە گەڕەکی(سـابوونکەران) ی سـلێمانی گوێـی لـە گورانییـە فۆلکـۆری و ڕەسـەنەکانی کـوردی بـووە، لـە ڕێگـەی چەنـد کەسـانێک لەوانە(حەسـەن نـەی و عەبـەی سـەید زادە و وەلیدی کوڕی عەبـە و عەبـەی سـەعە کەڕ و ئەنتوان گەرسۆن و چەندانی دیکە)، جگە لەوەی لـە ماڵـەوە فەریدی بـرا گـەورەی زۆر حـەزی لـە مۆسـیقا بـووە، بـە قوتـووی چوکڵێـت عودێکـی



هونەرمەند فرەنسیس داود
بە جاحێڵی



**وێنەکی کۆنی حەسەن زیرەك لە کاتی ئاهەنگ گێڕان لە شاری سلێمانی**

دروستکردووە، مۆسیقا و گۆرانیی ئەو سەردەمی زۆر بە باشی پێ لێداوە، ئەمانە هەمووی کاریان تێکردووە و بە تەواوی حەزی چۆتە گۆرانی و ئاواز و مۆسیقای کوردی.

هونەرمەند فرەنسیس داود، لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە خانەی مامۆستایان، لەوێ هونەرمەند ولیەم یوحەننا مامۆستای هونەرییان بووە، هانی داون کە دەبێ زیاتر مەشق و ڕاهێنان بکەن، بۆیە بۆ ساڵی دواتر فرەنسیس داود دەچێتە بەغدا، دوو ئامێری کەمانجە دەکڕێت، یەکێک بۆ خۆی ئەویتریشیان بۆ هونەرمەند خالید سەرکاری هاوڕێی.

ئەو یەکەم جار لەسەر دەستی هونەرمەند ولیەم یوحنا، دواتریش مامۆستا حازم حەداد کە مامۆستایەکی کریستیانی مووسڵ بووە، مامۆستای هونەرییان بووە، لەسەردەستی ئەویش فێری لێدانی عود و ژەنینی کەمانجە بووە.

لە ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی لە چوارقوڕنە، یەک ڕۆژ پیش دەستبەکاربوونی، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی داوای لێدەکات کە بەیەکەوە مۆسیقا بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک بژەنن.

هونەرمەند فرەنسیس لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنانیان کردووە، لەسەر داخوازیی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سلێمانی یەکەمین

ئاهەنگیان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سلێمانی سازکردووە.

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو فرەنسیس داود، لەگەڵ هەر یەک لە(ولیەم یوحنا، ئەنوەر قەرداغی، فەرەیدون دارتاش، خالید سەرکار ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئەو دەورێکی سەرەکیشی هەبووە لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای کڵێسەی سلێمانی کە یەکەمینجار بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان تیپی تایبەت بە کنێسە دابمەزرێت، کۆمەڵێک سرووودی ئایینی، هەتا سرووودی کوردیشیان تۆمارکردووە، بەشی زۆری سرووودە کوردییەکان لە هۆنراوەی شاعیر حەسیب قەرەداغی بووە، هەتا جاروبار هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکاریش هاوکار بوونە لە چالاکییەکانی تیپی مۆسیقای کڵێسە، ئاخر مەسیحییەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ناوی دیارن لە بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردی لەوانە(سێوە، باکوری، ولیەم یوحنا، فرەنسیس داود و چەندانی دیکە)، دەیان ئاوازیان بۆ گۆرانی و سرووودی نیشتمانی نەتەوەیی داناوە.

هونەرمەند فرەنسیس داود، ئاواز و مۆسیقای بۆ سەدان گۆرانیبێژی کوردستان داناوە، ئاواز و مۆسیقاکەشی مۆرکی ڕەسانەیەتیی کوردی پێوە



**هونەرمەندان فرەنسیس داود لەگەڵ پۆلێك قوتابی لە چالاکیی قوتابخانەکان**

دیاره، خاوەنی سەمۆفۆنیای(گۆیژە و باخی میر)ە.

ئەو وەکو مامۆستای هونەری لە قوتابخانەکان و بە تایبەتی لە باخچەی ساوایان و لە چوارچیوەی چالاکیی قوتابخانەکان زیاتر لە (٤٥٠) ئاواز و سروود و گۆرانی و ئۆپەرێتی بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان داناوە، لە سەرەتای حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووو، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی تیپی مۆسیقای (دیلان و تیپی مۆسیقای چالاکیی قوتابخانەکان)ی منداڵان.

لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداریی لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکانی کوردستان و بەغدا کردووە، چەندین جاریش تیپی مۆسیقای سلێمانی لە میهرەجانی چالاکیی قوتابخانەکان، خەڵاتی یەکەمی لەسەر ئاستی هەموو عێراق وەرگرتووە، لەگەڵ ولیەم یوحنا و خالید سەرکار، خاوەنی ئۆپەرێتی(کەژاوەی مێژوو)ە، کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ تیپی ڕەشید لە بەغدا پێشکەشکراوە.

لەگەڵ وەفدێکی کنیسە سەردانێکی وڵاتی بەڕازیلی کردووە، سەمفۆنیایەکی لەسەر(CD) پێبووە و نیشانی گەورە مۆسیقاژەنانی جیهانی داوە، دەستخۆشییان لێکردووە، دانەیەکی بە دیاری داوەتە کنیسەیەک،



**لە لای ڕاستەوە: فرەنسیس داود ، نە ناسراوە**



هونەرمەند فرەنسیس داود

کە چەند حەرەکاتی تێدا بووە، ئەوان لایان نامۆ بووە، بۆ ڕۆژی پاشتر لێپرسراوانی کنیسەکە لێیان پرسیوە ئەویش وتوویەتی: ئەوە شێوازی کوردییە، بەم جۆرە خەڵکانێکی زۆری لەوێ بە کەلتووری کەنیسەکانی کوردستان ئاشنا کردووە.

فرەنسیس داود زیاتر لە(٥٠) ساڵ بەدەست و پەنجە زێڕینەکەی مۆسیقا دەژەنێت و هێشتا هەر لە کاری هونەری مۆسیقا و ئاواز بەردەوامە ئەو دەڵێت:(تا بتوانم هەناسە هەڵبمژم بەردەوام ئاواز و مۆسیقا دەژەنم).

سەبارەت بە هونەرمەند فرەنسیس داود، هونەرمەند و مۆسیقاژەنی ناوداری کورد ئەنوەر قەرداغی دەڵێت:(من بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی هونەری مۆسیقا و داهێنەری شاری سلێمانی دادەنێم، لە بواری ئاوازدانانیش چەند کارێکی جوانی هەیە، کارێکی زۆریشی بۆ منداڵان کردووە بە تایبەتی لە چالاکیی قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان).

هەر دەربارەی هونەرمەند فرەنسیس داود، هونەرمەندی مۆسیقاژەن خالید سەرکار دەڵێت:(ئەو پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە، لە ناو تیپی مۆسیقای سلێمانی و مۆسیقای کوردی، هەر لەسەرەتاشەوە ئەندامێکی کارا و چالاکی



ڕێزلێنانەکانی


تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، جگە لەوەی ژەنیارێکی بە توانایە، کەمانجە ژەن و ئاوازدانەرێکی باشە و کارەکانی بەسەرکەوتووانە ئەنجامداوە).

هونەرمەند فرەنسیس داود چەندین جار لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان خەلات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ هونەرمەند فرەنسیس داود، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەر و ئاواز و مۆسیقای کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئاوێنە، لە ٢٧-٦-٢٠٢١.
٢ - ڕووداو، لە ٢٣-٦-٢٠١٨.
٣ - ماڵپەڕی دوارۆژ، فلمێکی دوکیومێنتاری، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ڕزگار باهیر، لە ساڵی ٢٠١٦.
٤-NRT، بەرنامەی ڕۆژانە، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٠-٧-٢٠١٤.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەزهەری خالقی

ئەو شیعری شاعیرانی کلاسیکی و ڕۆمانسی و هاوچەرخی کوردی، لەگەڵ ئاواز و فۆلکلۆری کوردیی ئاوێتە کردووە، هونەرمەندی دەنگ نەرم و ناسک و ڕەسەنی کوردی هونەرمەند مەزهەری خالقی.

هونەرمەند مەزهەری خالقی لە ٩- ٩- ١٩٣٨ لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە، پاش خوێندنەکانی لە ساڵی ١٩٥٧ ماوەیەک لە شاری سەقز مامۆستای ناوەندی بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ لە زانکۆی تاران وەرگیراوە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە(فیزیا) و دواتریش ماجستێری لە بەڕێوەبەرایەتیی پیشەسازی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٦ چۆتە بەغدا و لە بەشی پەروەردەی باڵوێزخانەی ئێران وەکو مامۆستا دەست بەکاربووە، لە ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە ئێران، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ناوچەی خۆرئاوای ئێران دەستنیشانکراوە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٨٢ لە تاران بە کاری ڕاگەیاندن و هونەری ژیانی



**هونەرمەند مەزهەری خالقی**
**بە مێرد منداڵی**



هونەرمەند مەزهەری خالقی لەگەڵ پۆلێك
لە هونەرمەندان و هەوادارانی لە زانكۆی سنە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەزهەری خالقی، شاعیری گەورەی كورد نەمر شێركۆ بێكەس

بەسەربردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ دیسان ڕووی لە باشووری كوردستان كردووە و ماوەی(٦) مانگ لە ناوەندی ڕاگەیاندنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە(سەرگەڵوو و بەرگەڵوو) ماوەتەوە، دواتر وەكو پەنابەر ڕووی لە ئەوروپا كردووە و لە شاری لەندەن نیشتەجێ بووە.

مەزهەری خالقی لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە باشووری

کوردستان، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوی ئادانی لە شاری سلێمانی دامەزراندووە کە دواتر بۆتە ئینستیتیوتی کەلەپووری کوردی، لە ٢ - ٣ی مانگی ٧ی ٢٠١٩ گەڕاوەتەوە شاری سنە و ئێستا لەوێ دەژیت، لە کاتی گەڕانەوەی نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد، مامۆستا خەلیل عەبدوڵلا بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لەسەر داخوازیی هونەرمەند مەزهەری خالقی بە شێوەی شەخسی یاوەریی کردووە، لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی باس لە گەشتەکەی لەگەڵ هونەرمەندی ناوبراو دەکات دەڵێت:(بە شانازییەکی زۆرەوە هاوگەشتی هونەرمەندی گەورەی نەتەوەیی مامۆستا مەزهەری خالقی بووم بۆ شاری سنە مەڵبەندی هونەر و ڕۆشنبیری بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ناودارانی کورد لە زانکۆی سنە....، هەروەها دەڵێت: هەر لەسەر سنوورەوە تا شاری سنە ماوەی چوار ڕۆژ پێشوازییەکی گەورە و فەرمی و بێ وێنە لە خالقی کرا، لە تاران و هەموو شارەکانی کوردستان بە سەدان کوڕ و کچی گەنج و ژنان و پیاوانی تەمەنە جیاوازەکان و ڕووناکبیران و هونەرمەندان و چین و توێژەکانی دیکە بە چەپکە گوڵی



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس نووسەر و لێکۆڵەر وەرگێڕی کورد مامۆستا خەلیل عەبدوڵلا، هونەرمەند مەزهەری خالقی، ئەوانی دیکە نەناسراون**

خۆشەویستییەوە هاتنە دیداری و فرمێسکی خۆشیان بەسەردا ڕشت و گوڵبارانیان کرد، وێنەی یادگارییان لەگەڵدا گرت، دیمەنەکان هێندە حەماسی و ناخهەژێن بوون، کە بۆ من وەسف ناکرێت).

هونەرمەند مەزهەری خالقی، هێشتا هەر قوتابیی سەرەتایی بووە، دەستی بە کاری هونەری کردووە، لەسەر دەستی هونەرمەند ڕۆستەم موقەدەس فێری سۆلفیچ و مەقامی فارسی بووە، ساڵانی پاشتر لە لای هونەرمەند حەسەن کامکار پەرەی بە بەهرە و تواناکانی خۆی لە بواری گۆرانی و مۆسیقا داوە، هەر ئەو کاتیش بەشداری لە چالاکی قوتابخانەکەی کردووە و لە لایەن پەروەردەی سنە خەڵاتکراوە.

لە ساڵی ١٩٥١ دەستی بە گۆرانیی وتن کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ هەموو ڕۆژانی چوارشەممە بە پەخشی ڕاستەوخۆ لە گەڵ سێ ئۆرکسترای ئەو سەردەمی ڕادیۆی سنە گۆرانی چڕیوە، بە بێ ئەوەی تۆمار بکرێت، ئەویش ئۆرکستراکانی(خوێندکاران، سووپا، ڕادیۆی سنە) بووە، هەمووشی بەسەرپەرشتیی هونەرمەند حەسەن کامکار بووە، ئەو کاتەی لە زانکۆی



مەزهەری خالقی
بە جلی پێشمەرگایەتی



لەلای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس و لێکۆڵەر دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، هونەرمەند مەزهەری خالقی، ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٣ لە(سەرگەڵوو) گیراوە




پەیکەری هونەرمەند مەزهەری خالقی



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد خاتوو ڕێسان هاوسەری مەزهەری خالقی، هونەرمەند مەزهەری خالقی

تاران قوتابی بووە، لە ڕادیۆی تاران لەگەڵ مامۆستایانی مۆسیقای کوردی و ئێرانی هەر یەک لە(حەسەن یوسف زەمانی، موجتەبا میرزادە، مورتەزا حەنانە، مستەفا کەسرەوی، حسەین عەلی مەللاح، عەلی ئەسغەر بەهاری، فەرەیدون ناسری، عەلی تەجویدی) پەیوەندی و ئاشنایەتی پەیدا کردووە، لەگەڵ ئۆرکسترا گەورەکانی ئێرانی و وەزارەتی هونەرە جوانەکانی کاری کردووە، دەیان ئاواز و گۆرانی تۆمارکردووە.

پاش ئەوەی لە لەندەن نیشتەجێ بووە، لە ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٨٦ دوو کاسێتی بڵاوکردۆتەوە کە لە لایەن هونەرمەند بابەک ڕادمەنش کاری مۆسیقای بۆ کراوە، لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٩ لە ڕادیۆکانی سنە و تەورێز و کرماشان و تاران بە تێکڕایی زیاتر لە(٢٠٠) گۆرانی و مەقامی کوردی ڕەسەنی تۆمارکردووە، لە ئەرشیفی ئەو ڕادیۆیانەش ماوەتەوە، هەمووشی لە دەق و تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخی کوردیمان وەکو( وەفایی، نالی، کوردی، مەولەوی، بێسارانی، بێخود، قانیع، دڵدار، گۆران، پیرەمێرد، ئیبراهیم ئەحمەد، شێرکۆ بێکەس و شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەوانە:دکتۆر عابد سیراجەدین، عوسمان ئەحمەد، دکتۆر محەمەد سدیق موفتی، سوارە ئیلخانی زادە...هتد) بووە، لە گۆرانییە بە ناوبانگەکانی:

- پەپوولـەی ئـازادی، هۆنـراوەی عوسـمان ئەحمـەد، لەسـەر مەقامـی عەجـەم.
- شیرین تەشی دەڕێسێ، هۆنراوەی وەفاییە.
- لە ناو ڕەشماڵی خێلان.
- بۆی دێنم، مەقامی ئەسفەهان، بە هاوکاریی موجتەبا میرزادە.
- خۆزگەم بە پار، هۆنراوەی گۆران.
- ئاخ لەیل و داخ لەیل، بـە هاوکاریی موجتەبـا میـرزادە، لـە مەقامی بەیات، چەندانی دیکە.

هونەرمەنـد مەزهـەری خالقـی جگـە لـە گۆرانـی و ئاوازدانـان بـەردەوام خزمەتی هونـەر و کەلتـوور و کەلەپووری کوردی کردووە، ئەم چالاکییانەشـی نوانـدووە:

- ئـەو کاتـەی لـە سـاڵانی ١٩٨٦- ٢٠٠٢ لـە شـاری لەنـدەن ژیـاوە، ئەندامـی مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیریی کوردی بـووە، بۆ ماوەی سێ خولیش خۆبەخشـانە سـەرۆکی ئـەم مەڵبەنـدە بـووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٣ کـە ئینسـتیتیوتی کەلەپووری کوردی لـە شـاری سلێمانی دامەزرانـدووە، لـق و پۆپـی لـە دهـۆک و کەرکـووک و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان هەیـە بـۆ خزمـەت و پاراسـتنی فۆلکلـۆر و کەلتـوور و کەلەپـووری کـوردی.
- بـە هاوکاریـی خـۆی و هونەردۆسـتان، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ ئینسـتیتیوتی کەلەپـووری کـوردی بڕیاریـان داوە، ئەلبۆمـی یادگارییـەکان بـۆ هونەرمەندانـی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان وەک پڕۆژەیـەک بـۆ کۆکردنـەوە و زیندووکردنـەوەی بەرهەمەکانیـان ئامـادە بکـەن، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ بڕیـاری ئامادەکردنـی ئەلبۆمیـک بـۆ مەزهـەری خالقـی دراوە و کـراوە، ئەلبۆمەکـە لـە(١٢) سـیدیcd پێکهاتـووە، کـە(١٢٨) گۆرانـی و مەقامـی ڕەسـەنی کـوردی لـە خۆدەگرێـت.

هونەرمەنـد مەزهـەری خالقـی چەندیـن جـار خـەڵات و ڕیزلێنانـی بـۆ کـراوە لەوانـە:

- لە ١٩-٥-٢٠١٢ لە هۆلی تەوار لە شاری سلێمانی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ مەڕاسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ سازکردووە.
- لە ٢١- ٥- ٢٠١٧ لە فیستیڤاڵی هەشتەمی خەڵاتی ماملێ کە لە وڵاتی سوید بەڕێوە چووە، خەڵاتی مامڵێی پێ بەخشراوە.

لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ هونەرمەند مەزهەری خالقی دانراوە، کە هونەرمەند سامان هیدایەت خۆبەخشانە دروستی کردووە.

- لە شاری سنەش، پەیکەرێک بۆ هونەرمەند مەزهەری خالقی دانراوە.

بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانی و مۆسیقا و کەلتووری و فۆلکلۆری کوردی.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا، لە ٥-٧-٢٠١٩.
٢ -ماڵپەڕی مەڵبەندی هونەری کوردی، لە ٢٣-٥-٢٠١٧.
٣ - ویکیپیدیا- ئینسایکلۆپیدیای ئازاد.
٤ - کوردیپێدیا.
٥ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خەندان، لە ١٧-٩- ٢٠١٩.
٦ - Rudaw، وتارێکی نووسەر هیوا سەڵاح لە ١٢- ١١- ٢٠١٤.
٧ - ماڵپەڕی Speda، دیجیتال میدیا، وتارێکی نووسەر محەمەد ئەمین، لە ٦-٧-٢٠١٩.
٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# زەینەب خان

ڕەوانشاد یونس ڕەئووف (دڵداری شاعیر) دەڵێت:(زرووفی ئەوساکەی عائیلەوی مامۆستای هەرە گەورەم بووە، سوڵتەی دایکم و خوشکی لەخۆ گەورەترم و مورشیدم بووە).

ژنە بەخێوکار، مامۆستا، پاڵپشتی براکانی، ڕووناکبیر و ڕێچکەشکێن، نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان و منداڵان، ڕەوانشاد زەینەب خان ...

ناوی تەواوی(زەینەب کچی مەلا ڕەئووف ئەفەندی کوڕی مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادم ئەلسوجادە)، بە(کچە کورد یان خاتوونەکەی قەڵاتی هەولێر)ناسراوە، لە ڕۆژی نەورۆز ٢١- ئاداری ساڵی ١٩٠٠ لە گەڕەکی (بەفریقەندی) شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئایینپەروەر و کوردپەروەر لەدایک بووە، ئەو تاکە خوشکی (٧ ) برایان بووە، برا گەورەکەیان لە منداڵی کۆچی دوایی کردووە، زەینەب خان خوشکی گەورەیان بووە، بەخێوکار و پەروەردەکاری براکانی بووە، بە تایبەتی زۆر پشتگیر و پشتیوانیی یونس ڕەئووف- دڵداری شاعیر) کردووە.

ساڵی ١٩٠٦ کە تەمەنی(٦) ساڵان بووە، باوکی بردوویەتییە ماڵی خاڵی(عەبدوڵڵای خورشید ئەفەندی) لە بەغدا، بۆ ئەوەی وەک یەکەم کچە



**ڕەوانشاد شاعیر و نووسەر زەینەب خان**

کورد و ڕێچکەشکێن دەست بە خوێندن بکات لە قوتابخانەی(روشدیة-ڕوشدیە)، کە یەکەم قوتابخانەی تایبەت بەکچان بووە لە عێراق، قۆناغی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە و فێری زمانی عەرەبی بووە، دواتر گەڕاوەتەوە کۆیە، دەستی بە خوێندنەوەی چەند کتێبێکی ئایینی و شیعری شاعیرانی فارسی، لەوانە(گوڵستان، بووستان، شیعرەکانی حافز و سەعدی شیرازی و چەند شاعیرێکی دیکەی فارسی)کردووە، بەمەش بە باشی فێری زمانی فارسی بووە.

زەینەب خان لە هاوڕێ و هاوسێ جووەکانی کۆیە فێری زمانی عیبریش بووە، کە مێردی بە سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای ئەحمەدی کردووە، فێری زمانی تورکیش بووە، شارەزای ئەدەبی گەلانی دیکەش بووە بە تایبەتی ڕووسی، ماوەیەک لە گوێڕ و شەقڵاوە فەرمانبەر بووە، وەکو ژنە کوردێکی ئازا و بوێر چۆتە ناو دنیای سیاسەتیشەوە، یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی(دارکەر و هیوا)، دواتر لەگەڵ ئاسفی برای و سەعید ئاغای هاوسەری ئەندامی کۆمەڵەی(خۆیبوون)بوونە.

زەینەب خان کە بە(کچە کورد- یان خاتوونەکەی قەڵاتی هەولێر) ناسراوە، لە سەردەمی خۆی وەکو شاعیر نەناسراوە، بەڵکو وەکو نووسەر لە گۆڤاری گەلاوێژ، شیعر و نووسینەکانی بە ناوی خوازیاری(کچە کورد)

بڵاوکردۆتـەوە، سـەبارەت بـە دیوانـی شـیعری زەینـەب خـان، کـە لـە سـاڵی ٢٠١٨ چاپکراوە، ماڵپـەڕی پێنـووس لـە وتارێکدا لـە ٢٦-٢-٢٠١٨ دەڵێت:( ئـەم دیوانـە شـیعرە، چەندیـن سـاڵە ونبـووە ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـتی دەکـرد و نەگەیشـتبووە بـەر دیـدی خوێنـەری کـورد. دوای دەیـان سـاڵ، بـە هـەوڵ و هیممەتـی نووسـەر «عەبدولـڵا زەنگەنـە» و بنەماڵـەی ئـەم خانمـە بەڕێـزە، ئـەم بەرهەمـە ساغکرایەوە و نەفەوتـا و بڵاوکرایـەوە. ئـەم خانمـە ڕۆشـنبیرە توانیویەتـی چەندیـن دەقـی خـۆی لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ بـە نازنـاوی «کچـە کـورد» بـە چـاپ بگەیەنێت. دەقـە شـیعرییەکانی ئەوەنـدە نیشـتمانپەروەرانە بـوون، خانەوادەکـەی لـە ترسـی حکومەتـە سـەرکوتکەرەکانی عێـراق نەیاندەتوانـی بـڵاوی بکەنـەوە، خوێندنـەوەی ئـەم دیوانـە شـیعرە سەرسـامت دەکات. پرسیارت لا دروست دەکات چۆن ئافرەتێکی کورد لە کونجێکدا کە خەریکی ماڵ و منداڵی خۆی بووە لە ساڵی ١٩٤٠ شیعری بۆ «سـەربەخۆیی کوردستان» نووسیوە. بۆ کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٠ هەڵبەستێکی نووسیوە؛ بۆ کۆچی شێخ مەحموودی حەفید لـە سـاڵی ١٩٥٦ هۆزانێکی پڕ لـە سـۆزی نووسـیوە؛ بۆگەڕانـەوەی بارزانیی نەمر لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـە جوانترین دەقـی شـیعری بەخێرهاتنـەوەی دەکات).

ئـەو شیعری بۆ نیشـتمان، پێشـمەرگە، ئاڵای کوردسـتان، بەهـار، نـەورۆز،






**ڕەوانشاد شاعیر و نووسەر زەینەب خان**

سەربەخۆیی کوردستان، ژنان، منداڵان، ستایشی ئایینی، دڵداری، وەسفی سروشتی جوانی کۆیە و کوردستان نووسیوە.

لە بەرهەمانی:

- دیوانی زەینەب خان- کچە کورد، لە ئامادەکردنی بەڕێز حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم ئەلسوجادە، نووسەر عەبدوڵڵا زەنگەنە پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی بۆ کردووە، بە قەبارەی(٣٣٦) لاپەڕە لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر ساڵی ٢٠١٨ چاپکراوە، کە(١٩٠) پارچە شیعری کورت و درێژ و(٢٧) چوارینە و(١٠) پارچە شیعری منداڵان و یەک پێنج خشتەکی و چەند نووسینێکی دیکە لە خۆدەگرێت.



کتێبی(زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک) عوسمان ڕەشاد موفتی، پێداچوونەوەی عەبدولخالق عەلائەدین

ئەم بەرهەمانەشی هێشتا چاپنەکراون، لەوانەیە هەر فەوتابن.

- کۆمەڵیک هۆنراوەی فۆلکلۆری.
- مەولودنامەی پێغەمبەر(د،خ).
- دیوانی شیعری عەرەبی.
- هەندێ بەرهەمی دیکە و کەشکۆڵ.

نووسەر و لێکۆڵەوەر و ڕەخنەگرانی کورد، چەند کتێبێکیان لەسەر ژیان و بەرهەم و ڕۆشنبیری و ئازایەتیی ئەم(خاتوونەی قەڵای هەولێر) نووسیوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا) لە نووسینی نووسەر و ڕەخنەگری دیاری کورد دکتۆر کەمال غەمبار، لە ساڵی ٢٠٢١ لەچاپدراوە.

- کتێبی(زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک) لە نووسینی مامۆستای نووسەر عوسمان ڕەشاد موفتی، پێداچوونەوەی بەڕێز نووسەر عەبدولخالق عەلائەدین.


- کتێبی(زەینەب خان کچە کورد) خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، لە نووسینی نووسەر دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، ساڵی ٢٠١٨ لە چاپدراوە.

-(زەینەب خان) ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی مافی خۆی نەدراوەتێ، لە نووسینی نووسەر محەمەد نوری عارف.

- (٧)پارچە شیعری شاعیر زەینەب خان لە لایەن هونەرمەند عەدنان کەریم ئاوازی بۆ داندراوە،(٢) پارچەی دیکەشی لە لایەن هونەرمەند چیا محەمەد ئاوازی بۆ داندراوە، ئەم پرۆژەیە لە لایەن بەڕێز شیرین سائیب سەرپەرشتیکراوە و بە سپۆنسەری(هیوا فاوندەیشن) و بەڕێوەبردنی زانا عەزیز بووە، هەریەک لە گۆرانیبێژان(عەدنان کەریم، چیا محەمەد، ڕێناس وریا، گڵپە محەمەد، کەویار هەورامی و لاڤە واحید)بە گۆرانی وتووتیانە.

ئەو پەیوەندیشی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندانی سەردەمی خۆی هەبووە لەوانە(پیرەمێرد، فایەق بێکەس، عەونیی شاعیر، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، قازی محەمەد و چەندین ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداری دیکە).

ڕەوانشادان سەرۆک جەلال تاڵەبانی و دکتۆر کەمال مەزهەر، سەردانی ئارامگەی زەینەب خان-یان کردووە و ستایشی ئەم خاتوونەیان کردووە، دکتۆر کەمال مەزهەر بە(جەمیلە بوحیرد)ی جەزائیری شوبهاندووە.



کتێبی دیوانی زەینەب خان- کچە کورد، ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم ئەلسوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە عەبدوڵڵا زەنگەنە



کتێبی(زەینەب خان کچە کورد) دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ

زەینەب خان، خودی خۆی و شیعرەکانی و هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی، هەوێنیکی پوخت و چڕوپڕن، بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە لایەن قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا.

شاعیر و نووسەر و نیشتمانپەروەر، زەینەب خان پشت و پەنای هەژار و چەوساوان بوو، ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەوانشاد سەعید ئاغای ئەحمەدی کردووە و چوار کوڕیان هەبووە بە ناوەکانی(عەونی، فازڵ، ڕەمزی، غازی)، عەونی هەر زوو جوانەمەرگ بووە، ئەوانی دیکە پێگەو شوێنی دیاریان لە ناو شاری هەولێر و کوردستان هەبووە.

شاعیر و نووسەر زەینەب خان ،لە ڕۆژی ١٨-١-١٩٦٣ بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی(ئیمام محەمەد) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر زەینەب خان-تان دەنووسمەوە:

(١)

زەنگی تێکۆشان

**بۆ نیشتمان تێئەکۆشم، تا گڕوتینم بە جۆش بێ**
**سەرم بۆ هەوای ئازادی، بەردەوام دەبێ سەرخۆش بێ**
**تا ڕەوڕەوەی عومرم مابێ، هەردەبێ بڕۆم بەرەو پێشەوە**
**مەشخەڵی هیوا و ئومێدم قەت نابێ گڕی خامۆش بێ**
**کوڕ و کچی کوردەواری، گوڵشەنی مێرگی وڵاتن**
**لەخەبات و تێکۆشانا، خوایە بۆنیان هەردەم خۆش بێ**
**هەتا مردن، قەت نەبیستم، شکستی هێزی پێشمەرگە**
**نیشانەی شەهیدبوونیانە، ئەو بەرگەی بە خوێن سوورپۆش بێ**
**چ شەرەفێکی گەورەیە مردن لەڕێی ئازادییا**
**کەسێ نییە، حاڵی نەبێ، مەگەربێ فام و بێ هۆش بێ**
**هەردەبێ بیستێنینەوە خاکی زەوت و داگیرکراو**

**سەربەستی قەت نایەتەدی، بەو کەسەی سەری لە کۆش بێ زەینەب برۆ چەک هەڵگرە شان بە شانی براکانت منداڵ و شوو بە لاوە نێ، وڵات نابێ فەرامۆش بێ.**

**(٢)**

**بۆ یەکی ئایار جەژنی کرێکارانی نووسیوە:**
**گەر کرێکار ، رەنج نەدات و تێنەکۆشێ ، بۆ ژیان درەختی گەل، بەری نابێ ناچێتە پێش نیشتمان نابێ زەحمەتی کرێکار فەرامۆش کەین ، تا ئەبەد ساختومانی قوتابخانە و نەخۆشخانە و رێگا و بان فەزلی دەستی کرێکارە ، لە هەر لایێ سەیری کەین هەر لە بێشکەی منداڵەوە ، هەتا چاڵی گۆرستان پیرۆز بێ جەژنی کرێکار ، رۆژی عەیش و خۆشیە ئەو رۆژە هەر پایەدار بێ تا نەفغی ئاخر زەمان (زەینەب ) خۆزگە توشی دەبوویتە کرێکاری خۆبەخش بۆ بینایەی قوتابخانەی منداڵانی کوردستان.**


سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات، وتارێکی نووسەر جەواد حەیدەری، لە ٦-٢-٢٠١٩.
٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی، کۆیە مێژوو، لە ٢١-٢-٢٠١٨.
٣ - ماڵپەڕی پێنووس، زەینەب خان - کچە کورد، لە ٢١-١١-٢٠١٨.
٤- Bas news، لە ٢٦-٢-٢٠١٨.٤ .
٥ - کوردیپیدیا.
٦ -ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٧ - ئاژانسی هەواڵی ژن، لە ٢٢-١٢-٢٠٢٢.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# غەفوور مەخمووری

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، پسپۆری بواری لاوک و حەیران و فۆلکلۆری کوردی دەشتی قەراج و کەندیناوە، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی تێکست و بەرهەمی شاعیران و کەسایەتییەکان، غەفوور مەخمووری ...

ناوی تەواوی(غەفوور تاهیر سەعید سارمەمی)یە، لە ناوەندی سیاسی و ئەدەبی بە(غەفوور مەخمووری) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (وادي الغراب) ی سەر بە شارۆچکەی مەخموور، لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(مشار)ی تەنیشت گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شارۆچکەی مەخموور بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەدەستهێناوە.

نووسەر غەفوور مەخمووری لە ساڵی ١٩٩٥ بە هاوکاریی کۆمەڵێک کەسایەتیی نەتەوایەتی و کوردپەروەر، یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان(YNDK) ی دامەزراندووە، هەر خۆیشی سکرتێری ئەو حیزبە بووە تا ئێستاش بەردەوامە لە خەباتکردن، لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ بۆ ماوەی خولێک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، زیاتر چالاکی و



نووسەر غەفوور مەخمووری، نووسەری گەورەی کورد مەسعود محەممەد،
لە ١٢-٢-٢٠٠١ گیراوە



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد عەبدوڵلا پەشێو، نووسەر غەفوور مەخمووری،
لە ٢٢-٥-٢٠١٢ گیراوە

جموجۆڵییە سیاسییەکانی ئەو بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی بەجێدێڵم.

نووسەر و لێکۆڵەر غەفوور مەخمووری، بە ئاو و هەوای دەشتە پان و بەرین و بە پیت و ڕەنگینەکەی قەراج گۆش و پەروەردە کراوە، بۆیە هەر لە تافی لاوێتیدا سەودا و عەشقی کورد و کوردایەتی و زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی بووە، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گرگاڵی نووسینی کردووە، سەرەتا بە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی

فۆلكلۆری كوردی لە لاوک و حەیران بەیت و بالۆرە دەستی پێ كردووە، دواتر بە تەواوی چۆتە ناو دنیای نووسین لە بوارەكانی فیكری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئامادەكردن و كۆكردنەوە و ساغكردنەوەی بەرهەمی شاعیران و كەسایەتییەكانی ناوچەكە، تا ئێستا كۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و پوختی بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی نووسیوە، هەموو بەرهەمە كوردییەكانیشی بە زمانێكی كوردیی سادە و ساكار و بە تام و چێژی دەشتی قەراج و كەندێناوە نووسیوە، چاپی كردوون و بڵاوی كردوونەتەوە،



**ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد فەلەکەدین کاکەیی، نووسەر غەفوور مەخمووری،**
**لە دیمەشق وڵاتی سووریا لە ٢٠٠١ گیراوە**




**نووسەر غەفوور مەخمووری، نووسەر و ڕۆماننووس عەزیزی مەلای ڕەش**

ئەمانە هەندێکیانن:

- سەرەتایەک بۆ حەیران، کورتەیەک لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٨٩.
- بناری قەرەچوغ، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩٠.
- سێ تیشک لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، شەقڵاوە ١٩٩٠.
- حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الاولى و الثانية، اربيل ٢٠٠٠، ٢٠٠٦.
- حەیران(چەمک، ناوەڕۆک، سەرهەڵدان)چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١.
- بە عەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، چاپی دووەم



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مەحموود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین، نووسەر غەفوور مەخمووری**




**نووسەر غەفوور مەخمووری، هونەرمەند مەزهەری خالقی**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر غازی حەسەن، نووسەر غەفوور مەخمووری، دکتۆر کەمال غەمبار**



له لای ڕاستەوە: نووسەر غەفوور مەخمووری،
شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس،
لە ساڵی ١٩٩٢ لە شەقڵاوە گیراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس
غەفوور مەخمووری،
دکتۆر جەلیلی جەلیل




نووسەر غەفوور مەخمووری لە کاتی خوێندنەوەی باسێکدا لە ڕۆژنامەی دەستوری ئوردنی
لە وڵاتی ئوردن

هەولێر ٢٠٠٦، چاپی سێیەم هەولێر ٢٠١٠، چاپی چوارەم تاران ٢٠٢٠.

- تعريب كوردستان، الطبعة الاولى و الثانية ٢٠٠٦، ٢٠١٣ اربيل، الثالثة و الرابعة، طهران ٢٠٢٠.
- بصراحة، الجزء الاول، الطبعة الاولى، اربيل ٢٠١٠، الطبعة الثانية طهران ٢٠٢١، الطبعة الثالثة القاهرة ٢٠٢٢.
- هەگبەی مەخمووری، بەرگی یەکەم ، هەولێر ٢٠١٠، چاپی دووەم ، تاران ٢٠٢٠.
- عومەر خامۆش(کۆ شیعر)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢.
- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.. ئەرکە هەنووکەیی و ئامانجە ستراتیژییەکان،




له لای ڕاستەوە: شاعیر دیا جوان، نووسەر غەفوور مەخمووری

چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٦.

- الحيران(مفهوماً، مضموناً، ظهوراً). الطبعة الاولى، اربيل ٢٠١٧.
- نحو حرية و إستقلال كوردستان، اربيل ٢٠١٧.
- مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگايتي و المقاومة القومية، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
- هزر و ڕامان، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٩.

چەندین بەرهەمی دیکەش.


بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەو، لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگران تیشکی خراوەتەسەر، هەندێکیشیان لە لایەن هەریەک لە نووسەران(دکتۆر کەمال غەمبار، عەبدوڵڵا قرگەیی، تەحسین شێروانی، دلاوەر زەنگی) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و پێداچوونەوەی بۆکراوە.






نووسەر غەفوور مەخمووری هەر نووسەر و لیکۆڵەر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە،


دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، سەرەڕای ئەمەش چەندین چالاکیی بەرچاوی لە بواری ڕێکخراوە ئەدەبیی و پیشەییەکان نواندووە، لەوانە:


- خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی(میدیا)یە.
- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤاری(سەربەخۆبوون)ە.
- ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد(KNK)یە.
- لە بەشی زۆری کۆنگرە و کۆنفراسە نیشتمانی و نەتەوەییە سیاسی و ئەکادیمییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان وەکو ئەندام بەشدار بووە.
- کارگێڕی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەبکردنی کوردستانە.
- ئەندامی دیالۆگی کوردی- عەرەبی بووە، کە لە مانگی(٥)ی ساڵی ١٩٩٨





















**بەرهەمەکانی نووسەر غەفوور مەخمووری**

لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر بەستراوە.


- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی جیهانیی(IFJ)یە.

بۆ نووسەر ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، غەفوور مەخمووری، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر غەفوور مەخمووری، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەریم کاکە

مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس، پسپۆڕ لە بواری هونەری گێڕانەوە(فن السرد)، مامۆستا کەریم کاکە ...

ناوی تەواوی(کەریم کاکە ئەحمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە کەریم کاکە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە.

لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی قوتابیی کۆلێژی ئاداب بووە، لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت و ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، زیاتر جموجۆڵە سیاسییەکانی بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە سەرەتای نۆهەتەکان چۆتەوە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی ناو شاری هەولێر، تا ئێستاش لە خزمەتکردن بەردەوامە.

شاعیر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، شاعیر خاتوو گوڵێ سەلیم**


لە خوێندنەوەی شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی بووە، بە خوێندنەوەی داستان و چیرۆک و حیکاتە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری و شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردیمان دەستی پێکردووە، دواتر دەستی بە نووسینی شیعر و ڕۆمان و گەشتنامە(سەفەرنامە) و یادەوەرییەکانی کردووە، ئەو لە بەشی زۆری بەرهەمەکانی کەرەستەی کوردەواری، لەداستان و ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکانی کوردەواری، جگە لەو دەردەسەری و نەهامەتی و ماڵوێرانییەی کە بەسەر خۆی و خەلک و میللەتەکەیدا هاتووە، هەمووی لە شیعر و ڕۆمان و هەتا لە یادەوەرییەکانیشی بە ڕاستگۆیی و بە تابلۆی جوان نەخشە کێشاوە، بە زمانێکی کوردیی پاک و پاراو بە تام و چێژی دەشتی هەولێر و هەولێرییانە نووسیوە، ئەو لە نووسینەکانیدا شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو وشەکانی هی ناو جەرگەی کوردەوارینە، خوێنەر پەلکێش دەکەن کە بیخوێنێتەوە، کە خوێندتەوەش تا تەواوی نەکەیت وازی لێناهێنێت.

شاعیر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، تا ئێستا(٢٠)کتێبی لە شیعر و ڕۆمان و گەشتنامە و یادەوەرییەکانی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- کۆستنامەنووس، کۆمەڵە شیعر.
- نیوەی دنیا بۆ کچەکەم، کۆمەڵە شیعر.
- خەوی پساوەی قەندیل، ڕۆمان.
- درەختی کەتناوە، ڕۆمان.
- ماچی یەکەم، ڕۆمان.
- کریمستی، ڕۆمان.
- ئەستێرەی قەلاتێ، ڕۆمان.
- شنگال، هایێ ل من، ڕۆمان.
- ماینەشێی ستی، ڕۆمان.
- زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە، ڕۆمان.
- حەسەن و مریەم- داستانی بەستی هەنگوین، ڕۆمان.
- گوڵەستێرەکان کوژانەوە، یادەوەری.
- کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە – بەرگی یەکەم.
- کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە – بەرگی دووەم.
- کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە – بەرگی سێیەم.
- لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ، یادەواوەری.
- بە ڕێی کۆچبارا، یادەوەری.
- دیدەنی تاران، گەشتنامە.
- بە سێبەری کێوی قافەوە، گەشتنامە.
- نیل بە سارای سیناوە، گەشتنامە.









بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە

نووسەر کەریم کاکە، یەکێکە لە نووسەرە بە تواناو دەگمەنەکانی کوردی، کە زۆر شارەزا و زانستییانە(هونەری گێڕانەوە- فن السرد) ی لە نووسینەکانیدا بەکار دێنێت، ئەگەر یادەوەریەکانی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە) بە وردی بخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە ئەو چەند بە وردی و ڕاستگۆیی ڕووداوەکانی وەکو(پەردەیەکی- مشهد) شانۆگەری دەگێڕێتەوە، کە وا لە خوێنەر دەکات لە گەڵ هەموو ڕووداوەکانیدا بژییت، هەستیش دەکەیت نازانی تۆ یادەوری دەخوێنیتەوە!! یان ڕۆمانێک دەخوێنیتەوە..! ئەم جۆرە داهێنانە لە ئەدەبی جهیانی زۆر باوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردی دەتوانم بڵێم دەگمەنە، کەریم کاکە لە بواری هونەری گێڕانەوە داهێنانێکی بەرچاوی کردووە.

زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی کورد، تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، سەبارەت بە ڕاستگۆیی کەریم کاکە لە یادەوەرییەکانیدا، ئەوەتا نووسەر حەکیم کاکەوەیس لە نووسینێکیدا دەڵێت:(کەم بیرەوەریی خەباتگێڕانی کوردم خوێندۆتەوە لە ڕستە و هەواڵیان بەگومان نەبم و باوەڕی تەواو بە هەواڵەکانیان بکەم.




بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە




بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی تویی هەندێ کتێبی سیاسەتکاران، دەبێ نێوان دێڕەکان بخوێنینەوە. بەڵام ڕستە و هەواڵێکم لە کتێبەکەی کەریم کاکەدا نەدی جێی گومان بێ. چەند لە هەستەوە نزیکە ئەم نووسینە! ڕاستگۆیی چ نیعمەتێکە خوا بە کتێب و خوێنەری داوە!. کە دەستم بە خوێندنەوەی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە) کرد، نەمتوانی دەستی لێ هەڵگرم و بچمە سەر کارێکی تر. ئەو نووسینە، لە هەندێ جێدا بۆنی دووکەڵ و بارووتی لێ دێ و لە هەندێ جێی دیکەیدا، بۆنی بەهار و ژن، بۆنی تەگەوڕی نێرەوز پەخش دەبێ. لە هەندێ جێدا دیمەنی بەهەشتی تێدا دەبینی و لە هەندێ جێی تریش دۆزەخ. دۆزەخ، بە خۆی و (ئەسفولەسسافلین)ەوە دەورت دەدا. چ ژیانێکە ئەو پێشمەرگایەتییەی کەریم کاکە باسی دەکا).

نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتیی و بەردەوامە لە نووسینە پوخت و جوان و ئاست بەرزەکانی، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - چەند زانیارییەکی ورد و بەرهەمەکان، لەسەر داخوازیی من، شاعیر و ڕۆماننووس کەریم کاکە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ماڵپەڕی Bas news، لە ٢- ١- ٢٠١٨.
٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی دەنگەکان، ٣١-٧- ٢٠١٧.
٤ - دەزگای فام لە سلێمانی، لە ٢٣-١١-٢٠٢٠.
٥- کوردیپێدیا.
٦- Rudaw، لە ١٤-١-٢٠١٨.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولمەجید لوتفی

وەسییەتی کردبوو ئەگەر مردم، تەرمەکەم ببەنەوە خانەقین لە گۆڕستانی(باوە مەحمود) لەسەر ڕووباری ئەڵوەند بمنێژن.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شانۆنووس و وەرگێڕ ڕەوانشاد عەبدولمەجید لوتفی...

ناوی تەواوی(عەبدولمەجید لوتفی کوڕی عومەر کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەد)ە، بە عەبدولمەجید لوتفی ناسراوە، لە ٣٠-٦- ١٩٠٥ لە گەڕەکی(تلیخانە)ی شاری خانەقین لە بنەماڵەی(خەلوزی) لە دایک بووە، هەندێک سەرچاوەی دیکە، ساڵ و ڕۆژی لە دایکبوونی دەگێڕنەوە بۆ ٢٣ی تەمموزی ساڵی ١٣٢٧ ڕۆمی، بە پێی تەقویمی عوسمانی دەبێتە ساڵی ١٩١١، گوایە ناوی بنەماڵەکەیان بە زمانی عەرەبی بۆتە(خلوصي)، بەڵام لە ئەسڵدا بنەماڵەکەیان بە خەڵووزفرۆشتن ناسراون، باوکی لە جەنگی یەکەمی جیهانی شەهید بووە، سەرەتا چۆتە بەر خوێندنی حوجرە لە تەکیەی نەقشبەندی فێری خوێندنی قورئانی پیرۆز بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری خانەقین تەواوکردووە، دواتر دایکیشی کۆچی دوایی کردووە، ئەو چۆتە لای مامێکی لە بەغدا، خوێندنی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر(نوري الراوي)، نە ناسراوە، نەناسراوە، نووسەر عەبدولمەجید لوتفی**


ناوەنـدی و بەشـی(خیاطة- دوورمانکـردن)ی لـە ئامادەیـی پیشـەسـازی تەواوکـردووە، وەکـو فەرمانبـەر لـە کۆمپانیـای نـەوت لـە شـاری کەرکوک دەسـت بەکاربـووە، دواتـر گواسـتراوەتەوە بەغـدا، لـە وەزارەتـی دارایـی عێـراق درێـژەی بـە خزمەتکـردن داوە تـا سـاڵی ١٩٦٣ خانەنشـینکراوە، خانەنشـینکردنەکەی وەکـو نیمچـە فەسـڵکردنێک بـووە.

نووسـەر عەبدولمەجید لوتفـی، بـە یەکێـک لـە(رواد- پێشـەنگ)ی چیرۆکنووسـەکانی عێـراق دادەنرێـت، لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم دەسـتی بـە پەخشـان و شـیعر نووسـین کـردووە، بەشـی زۆری شـیعر و بەرهەمەکانـی بـە زمانـی عەرەبـی نووسـیوە، دیوانێکـی شیعریشـی بـە زمانـی کوردی هەیە، شیعرەکانی بەشـی زۆری(چوارین)ەن، تـام و چێژی چوارینەکانـی بابـە تاهیـری هەمەدانیـان دەدەن، دواتـر دەسـتی بـە چیـرۆک و ڕۆماننووسـین کردووە، ئـەو لەگـەڵ چیرۆکنووسـان(جعفر الخلیلي، ذنون ایوب) بـە پێشـەنگی چیۆکنووسـانی نوێ و هاوچەرخـی عێراقـی دادەنرێن.

بەشـی زۆری بەرهەمەکانـی بـە زمانـی عەرەبی(فصحـی) نووسـیوە، لـە بوارەکانـی شـیعر و پەخشـان و چیـرۆک و ڕۆمـان و شـانۆنامە و

وەرگێڕان(١٩) کتێبی چاپکردووە و بڵاوکردۆتەوە، بە پێی سەرچاوەکان زیاتر لە(١٠٠) دەستنووسی لە دوای خۆیدا بەجێهێشتووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە بەرهەمەکانییەتی:

- أصداء الزمن، بغداد ١٩٢٨، ٢١٢ صفحة.
- قلب الام، قصص تركية مترجمة، بغداد، ١٩٣٦.
- نظرات في الادب الكوردي (مشاركة) بغداد ١٩٤٥ ، ٧٨ صفحة.
- عفيفة، خواطر ادبية، بغداد، ١٩٥٣.
- خاتمة موسيقار ، مسرحية، بغداد ١٩٥٤، ٦٨ صفحة.
- في الطريق، مجموعة قصصية، ١٩٥٨.



نووسەر و شاعیر عەبدولمەجید لوتفی

- عيد في البيت ، قصة، بغداد ١٩٦١، ٦٤ صفحة.
- الامام علي رجل الاسلام المخلد، النجف، ١٩٦٧، ١٢٠ صفحة.
- الرجال تبكي بصمت، رواية، بغداد ١٩٦٩، ١٢٣ صفحة.
- الجذوة والريح، قصة، بغداد ١٩٦٩، ١٢٠ صفحة.
- ضجة النهار، تمثيلية، النجف ١٩٧٠، ٨٢ صفحة.
- تصابي الكلمات ، النجف ١٩٧١، ١٨٠ صفحة.
- خطأ في العد التنازلي، بغداد ١٩٧٤، ٩٦ صفحة.
- فتحة اخرى للشمس (رواية) بغداد، ١٩٨٠، ١٦٠ صفحة.
- خليج المرجان، مجموعة شعرية(رباعيات)، مكون من(٣٤٩) رباعية، بغداد، ١٩٨٤.
- چەندین بەرهەمی نووسەر عەبدولمەجید لوتفی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی(رووسی، ئیسپانی، فەرەنسی، ئینگلیزی).
- دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەم نووسیوە.






**بەرهەمەکانی نووسەر عەبدولمەجید لوتفی**

- لە بەشی زۆری چالاکییە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی عێراقی و کوردی بەشدار بووە.
- لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بەشدار بووە، چەندین پێشنیاری لە بارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد خستۆتەڕوو، لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی لە شاری خانەقین و مەندەلی.
- لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٨ بە چیرۆکێک بەشداری کردووە لە(الملتقى الاول للقصة العراقية- دیداری یەکەمینی چیرۆکی عێراقی) کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراقی بە هاوکاریی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ڕێکیخستبوو، بەندە و ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، سەرپەرشتیی لۆجستیی ئەم دیدارەمان کرد.
- لە ٢٤-١٢-٢٠١٢ لە هۆڵی دکتۆر(علي جواد طاهر) لە کۆلێژی پەروەردە و زانستییە مرۆڤییەکانی زانکۆی (حلە) ، قوتابی (جميل كريم لفته الدليمي) نامەی ماجستێرەکەی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی عەبدولمەجید لوتفی وەرگرتووە، نامەی ماجستێرەکەی بە ناو نیشانی((عبدالمجيد لطفي...قاص).
- لە شاری خانەقین قوتابخانەیەکی( تێکەڵ- مختلط) و قاوەخانەیەک بە ناوی عەبدولمەجید لوتفی کراوە.

نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەبی عێراقی، تیشکیان خستۆتە سەر

بەرهەمەکانی و بە باشترین چیرۆکنووسی عێراقی دەزانن، بەڵام لە لایەن دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو سەردەم بە ئەنقەست پەراوێز خرابوو.

لە ڕۆژی مردنیدا ڕەخنەگرێکی ڕووسی وتویەتی(گۆرکیی عێراق) کۆچی دوایی کرد.

لە ٢٧-١٠ -١٩٩٢ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، لەسەر وەسییەتی خۆی تەرمەکەیان لە گۆڕستانی(باوە مەحمود) لە نزیک ڕووباری ئەڵوەند بە خاکی نیشتمان سپاردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی(شخصيات من مدينة خانقين)، لە٢-٧-٢٠١٦.

٢ - ماڵپەڕی(المدى- الملاحق) لە ١٩-٩-٢٠١٢.

٣ - ماڵپەری(بيت المدى للثقافة و الفنون) لە ٢١-٩- ٢٠١٢.

٤ - ماڵپەڕی(الجزيرة الثقافية) وتارێکی دکتۆر(صالح جواد طعمة)، لە ٢٥-١١-٢٠١٠.

٥ - ماڵپەری ئەلیکترۆنی(الناقد العراقي) وتارێکی نووسەر ناطق الخلوصي، لە ٢٨-٥-٢٠١٨.

٦ - ماڵپەڕی(مكتب الاديب و المفكر العراقي عەبدالمجيد لطفي) لە ٧ - ٧ ٢٠١٣.

٧ - زانیاری و نووسینی خۆم.




# سەرفراز نەقشبەندی

یەکەمین ئافرەتی کورد بوو لە هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی(ئیمتیاز و سەرنووسەری) ڕۆژنامە بووە.

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و ئافرەتان، ڕەوانشاد سەرفراز نەقشبەندی، ناوی تەواوی(سەرفراز عەلی غیاسەدین نەقشبەندی)یە، لە گوندی بامەڕنی سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری دهۆک و بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی(کارگێڕی و ئابووری- الإدارة و الإقتصاد)ی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، وەکو مامۆستا لە ئامادەیی بازرگانی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لە هەندەران کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری ڕۆژنامەوانی لە وڵاتی لوبنان بەدەستهێناوە، دواتر لە وڵاتی ئەلمانیا نیشتەجێ بووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەرفراز نەقشبەندی هەر لە منداڵییەوە لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر و ڕۆشنبیر، بە خۆشەویستی خاک و زمان و ئەدەبی کوردی پەروەردە و گۆشکراوە، بۆیە زۆر حەزی لە ئەدەب و نووسینی کوردی بووە، سەرەتا بە نووسینی چیرۆک دەستی پێکردووە،



لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو سەرفراز نەقشبەندی،
ڕەوانشاد عەلی نەقشبەندی باوکی نووسەر سەرفراز نەقشبەندی

دواتر ڕۆمانیشی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەو کتێبێکی لەسەر ئەدەبی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

ڕەوانشاد خاتوو سەرفراز نەقشبەندی، سەرەڕای بەرهەمەکانی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوەیی و مافی مرۆڤ و ئافرەتان و منداڵان چەندین چالاکی نواندووە، ئەمانە هەندێکیانن:

- دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و پەروەردەیی و هەتا ڕەخنەییشی لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی دۆستایەتیی کورد و ئەڵمانی بوو.
- یەکەمین ئافرەتی کورد بوو لە هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ئیمتیاز

و سەرنووسەری ڕۆژنامەی وڵات بووە.

- ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بووە.
- چەندین چالاکی لە بواری ئافرەتان و منداڵان لە وڵاتی ئەڵمانیا نواندووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو.
- زمانەکانی عەرەبی و تورکی و هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی(بەهدینانی) زۆر باش زانیوە.

ئەو زۆر ئازا و بوێرانە لە نووسینەکانی و لە دیمانە و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییەکانیدا، بیرو ڕای خۆی دەربارەی بزاڤی ژنان و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و پەروەردە دەربڕیوە، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ هەفتەنامەی گوڵان سەبارەت بە باری ئافرەتان و پەروەردە دەڵێت:(ژنانی دنیا زۆر لێبڕاوانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەرفراز نەقشبەندی،**
**بەڕێز بڵند نەقشبەندی برای سەرفراز نەقشبەندی**





نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد سەرفراز نەقشبەندی

خۆیان لە بزاڤەکاندا خەباتیان کردووە، لە هەموو بوارێکی ژیانیشدا خەباتی بەرچاویان هەبووە، کاتێک دیرۆکی خەباتی ژنانی دنیا دەخوێنیتەوە، مرۆڤ بە ئاشکرا ئەوە دەبینێت، بەڵام لە کوردستان ژنان چ شۆڕشێکی وایان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەست پێ نەکردووە. هەروەها زۆر گلەیی و گازاندەی بەرامبەر کەرتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و پەروەردە هەبووە و دەڵێت: ئەوان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەڵنەستاون، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و ئەدەب، بە نموونە دەڵێت: قوتابی کورد ئەوەندەی شاعیرانی عەرەب و تورک و فارس دەناسن، ئەوەندە شاعیرانی کورد ناناسن.....هتد).

لە ٢ - ١١ - ٢٠٢٢ نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەرفراز نەقشبەندی، سوپاس و پێزانینی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بۆ هاتووە، لە بەرامبەر ناردنی(٦) کتێبی هەمەچەشن بە دیاری بۆ ئەوان، وا هاوپێچم کردووە.



وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی هەولێر

ژمارە: ٢٢
ڕێککەوت ٢ / ١١ / ٢٠٢٢

سوپاس و پێزانین

کتێب جوانترین دیاری و بەرهەمی مرۆڤە

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی هەولێر دەستخۆشی و سوپاس گوزاری بەڕێز ( سەرفراز نقشبندی ) دەکات بۆ هاوکاری لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکەمان بە بەخشینی ( ٦ دانە کتێب هەمەچەشن ) نموونەتان زۆربێت لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا.

لەگەڵ ڕێزماندا..

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەرفراز نەقشبەندی لە ڕۆژی ١٠ - ٢ - ٢٠٢٣ لە


نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد سەرفراز نەقشبەندی

وڵاتی ئەڵمانیا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی ڕەوانشاد خاتوو سەرفراز نەقشبەندی.

٢ - هەفتەنامەی گوڵان لە ١١-٤ -٢٠١٣.

٣ - ماڵپەڕی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، پرسەنامەی بۆ کەسوکاری ڕەوانشاد خاتوو سەرفراز نەقشبەندی.

٤ - ماڵپەڕی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر حەسەن سلێڤانی، سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆك، بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتوو سەرفراز نەقشبەندی.

٥ - ماڵپەڕی شاعیر و نووسەر مەحفوز مائی( سەرفراز نەقشبەندی ئۆغر کر).

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# دوڕیە عەونی

ئەو نازناوی(دایکی کوردەکانی میسری) پێ بەخشراوە، یەکەمین کچە کوردی میسرییە کە لە ئاژانسی(فرانس پرێس)ی فەرەنسی لە پاریس کاریکردووە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، ڕەوانشاد خاتوو دوڕیە عەونی ...

ناوی تەواوی(دوڕیە محەمەد عەلی عەونی)یە، لە ناوەندی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا بە دوڕیە عەونی ناسراوە، ئەو کچی نووسەر و مێژوونووسی کوردی میسری(محەمەد عەلی عەونی ١٨٩٧-١٩٥٢)یە، دایکیشی ناوی(زەینەب محەمەد ڕفاعی)یە بە ڕەچەڵەک ئافرەتێکی میسری بووە.

محەمەد عەلی باوکی لە شاری(ئامەد- دیاربەکر)ی باکووری کوردستان لە دایکبووە، لەتەمەنی لاوێتیدا لە زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەو کاتدا ڕوو لە هەندەران دەکات و لە وڵاتی میسر دەگیرسێتەوە، لە(جامع الازهر) دەخوێنێت و بڕوانامەی بەرامبەر بە دکتۆرا وەردەگرێت و لە(رواق- بەش - کەرت- باڵ) کوردی بووە لە ئەزهەر، سەرپەرشتی قوتابیانی کوردی کردووە لە ولاتانی عێراق و ئێران و سووریا، کە هاتوونەتە ئەزهەر بۆ خوێندن، ماڵەکەی خۆی کردبووە مەنزەڵگای نووسەر و ڕۆشنبیری و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد فەلەکەدین کاکەیی، نووسەر خاتوو دوڕیە عەونی**

سیاسییانی کورد.

خاتوو دوڕیە عەونی لە ساڵی ١٩٣٧ لە میسر لە دایک بووە، هێشتا تەمەنی(١٥) ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتە بەغدای پایتەختی عێراق لای مامێکی بە ناوی(نەجمەدین عەونی) ئەو سەرپەرشتی پەروەردەی دەکات، پاش دوو ساڵ ڕەوانەی پاریسی پایتەختی فەرەنسای دەکات بۆ خوێندن، دەچێتە کۆلێژی(الإقتصاد و العلوم السیاسیە- ئابووری و زانستە سیاسییەکان)، لە هەمان کاتیشدا زانستی(ترجمە- وەرگێڕان) دەخوێنێت، هەر لەگەڵ تەواوبوونی خوێندنەکانی لە ئاژانسی(فرانس پرێس)ی فەرەنسی لە پاریس دەستبەکار دەبێت.

لەو کاتەوە تا دوای نەفەسی ژیانی خۆی هەر داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکرد، هەموو ئەو هەواڵ و دەنگوباس و ڕووداوەکانی زاڵم و زۆرداری و نا عەدالەتی و ئازار و ئەشکەنجەی کوردی بە ڕاپۆرت

بە زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی لە ڕۆژنامە عەرەبی فەرەنسییەکان بڵاودەکردەوە و شانازی بە کوردبوونی خۆی دەکرد، ئەو لە کتێبی(الكرد في مصر عبر العصور) کە بە هاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە نووسەران دکتۆر مەحمود زاید و مستەفا عەوەز، نووسیویانە، هەڵساوە بە ئەرشیفکردنی مێژوو و کەسایەتییەکانی کوردی هەر لە ساڵی ١٣٩٠ پێش زایینەوە تا مێژووی هاوچەرخی میسری، ئەو باسی لە کوردبوونی مەلیکە نەفەر تیتی و محەمەد عەلی پاشای گەورە و چەند کاسیەتییەکی گرنگی دیکەی کردووە، لەوانە(محەمەد عەبدە، قاسم ئەمین، نووسەر مەحموود عەباس عەقاد، شاعیر ئەحمەد شەوقی، خێزانی تەیموورییەکان، هونەرمەندی دەرهێنەر عەلی بەدرخان، شێخ عەبدولباست عەبدولسەمەد، لیکۆڵەر حەسەن زازا، هونەرمەند سوعاد حوسنی، خوشکەکەی نەجات سەغیرە و چەندانی دیکە) تیشکی خستۆتە سەر دەوریان لە بەرەو پێشەوەبردنی بواری ئەدەب و هونەر و زانست لە وڵاتی میسر، هەروەها باسی(رواق- بەشی) کوردی کردووە لە(جامع ازهر) کە چۆن سەرۆکی میسر جەمال عەندولناسر لە ژێر فیشاری باڵوێزخانەی تورکی لە قاهیرە دایخستوە، باسیشی لە ڕادیۆی



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس دوریە عەونی،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار ئیحسان موفتی**



نووسەر و ڕۆژنامەنووس و
وەرگێڕ دوڕیە عەونی



مێژوونووس محەمەد عەلی عەونی
باوکی دوڕیە عەونی

کوردی قاهیرە کردووە کە ئەویش لە ژێر فیشاری حکومەتەکانی بەغدا و دیمەشق داخراوە.

ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ دوڕیە عەونی زۆر ئازا و بوێر بووە، چەندین جار بە ڕوونیی و ڕاشکاوی لە کەناڵە عەرەبییەکان بە تایبەتی کەناڵی تەلەفزیۆنی(الجزیرة) باسی لە دۆزی کورد کردووە و گلەیی و گازاندە و ڕەخنەی لە حکومەتەکانی عەرەبی و تورکی و ئێرانی گرتووە، دەربارەی کوردەکانی میسر و کێشەی کورد چەند بەرهەمێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە چاپ و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(الکرد في مصر عبر العصور) بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر مەحمەد زاید و مستەفا عەوەز.
- کتێبی(عرب و اکراد، خصام او وئام).

- کتێبی(محمد علی عوني، المؤرخ و الادیب الکردي- المصري) کە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و مامۆستا حسامەدین نەقشبەندی بە هاوبەشی نووسیویانە، لە ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ئەرکی لە چاپدانی گرتۆتە ئەستۆ.





نووسەر دوڕیە عەونی بە جلی کوردی

- دەیان وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر مەسەلەی کورد نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و فەرەنسییەکان، بە زمانی عەرەبی و فەرەنسی بڵاویکردۆتەوە.
- دکتۆر مەحمود زاید و مامۆستا تامان شاکر، کتێبێکی هاوبەشیان لە سەر مێژوو و ژیانی دوڕیە عەونی داناوە.

دوڕیە عەونی سەرەڕای نووسینەکانی چەندین چالاکی دیکە نواندووە هەر بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی کورد لەوانە:

- پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە گەڵ وەفدێکی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی سەردانی بەغدا و کوردستانی کردووە، چاوێشی بە سەرۆکی نەمر (مەلا مستەفای بارزانی) کەوتووە، هەر لە هەمان سەفەردا لە ناوچەی(دەربەند) لە حاجی ئۆمەران چاوی بە زەید ئەحمەد عوسمانیش کەوتووە کە باوکی دۆستی دێرینی بنەماڵەکەیان بوو.
- لە چواچیوەی چالاکی و داکۆکییەکانی لە کورد و مەسەلەی کورد، بە دیداری سەرۆک عەبدوڵڵا ئۆجەلایش شاد بووە.








**بەرهەمەکانی نووسەر دوڕیە عەونی**

پاش ڕاپەڕینیش لە ساڵی ١٩٩٢ سەرەدنێکی شاری هەولێری کردووە، لە لایەن خانەوادەی ڕەوانشاد ڕەشاد موفتی و پێشوازی لێکراوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانیش ڕێزلێنانیان بۆ باوکی کردووە، لە وێنەکەدا دیارە ئەو کات ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار و ناسراوی کورد فەلەکەدین کاکەیی چاوی پێکەوتووە.

- لە ١١-٥- ٢٠١٣ لەگەڵ وەفدێکی ڕۆژنامەی(الاهرام) قاهیری، دیسان بە یاوەری هەر یەک لە ڕۆژنامەنووس محەمەد سابرین بەڕێوەبەری نووسینی ئەهرام و ڕۆژنامەنووس عەلوانی مغیب جێگری سەر نووسەری(ڕۆزلیوسف) و بەڕێز ڕاوێژکار محسن عەبدولغەنی لە وەزارەتی معاریفی میسری سەرەدانێکی باشووری کوردستانیان کردووە، لە لایەن وەفدێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە برِتیی بووە لە مەلا بەختیار و ئازاد جوندییانی پێشوازیان لێکراوە.
- ئەو ڕۆڵیکی سەرەکی هەبووە لە(منتدى الحوار العربى و الكردي- دیداری وتووێژ و نێوان عەرەب و کورد) لە ساڵی ١٩٩٨، بانگهێشتی گەورە ئەدیب و نووسەرانی کورد و عەرەبی کردووە لە هەموو وڵاتانی عەرەبی.

ئە و ژنە کوردێکی میسری زۆر بە وەفا و بە ئەمەک بووە، پەیوەندی لەگەڵ هەموو دۆستانی باوکی کە لە ساڵانی سێ و چل و پەنجاکانی

سـەدەی ڕابـردوو لـە ئەزهـەر قوتابـی بوونـە نەبڕیبـوو، لەوانە(خانـەوادەی ڕەوانشـاد ڕەشـاد موفتـی و زەیـد ئەحمـەد عوشـمان و حوسـێن ڕەشـوانی و چەندانـی دیکـە).

ئـەو خانمـە ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕەی کـوردی میسـری، هەتـا مردیـش هـەر بـە ئاواتـی نیشـتمانێکی سـەربەخۆ بـووە بـۆ کـورد، بۆیـە نازنـاوی دایکـی کوردەکانـی میسـری پـێ بەخشـرابوو، بـە داخـەوە ئـەم ئاواتـەی نەهاتـە دێ، لـە ڕۆژی ١٥-٣- ٢٠١٥ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپــەڕی فەیســبووکی نووســەر و ڕۆژنامەنــووس ئیحســان موفتــی، لــە ٢-٨-٢٠٢١.

٢ - کوردیپیێدیا، هەندێ لە وێنەکان.

٣ - ڕوناهــی، ڕۆژنامەیەکــی سیاســی کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری گشــتییە، لــە ٨-٥-٢٠١٩.

٤ - المصري اليوم، وتارێکی نووسەر خاتوو ئاسیا عەبدولغەفور، لە ٨-٥- ٢٠١٥.


٥ - ماڵپەڕی(رابطة المثقفين الكرد)، لە ٣٠-٩- ٢٠١٧.

٦ - ماڵپەڕی Kurdistan Nwes، لە ١٧-٣-٢٠١٥.

٧ - ماڵپەڕیPUk Midia، لە ١١-٥- ٢٠١٣.

٨ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی سەربەخۆ Wtari kurd، لە ٦-٧- ٢٠١٨.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# زیوەر خەتاب

ئەو زۆری خوێندووتەوە و دەیخوێندەوە، بەڵام کەمی نووسیوە، نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری شاری هەولێر و کوردستان، ڕەوانشاد زیوەر خەتاب ....

ناوی تەواوی(زیوەر خەتاب ئیسماعیل)ە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و ئاییپەروەر لە دایک بووە، سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٣٧ لە قوتابخانەی(اربیل الثانیة) دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە و ناوەندیشی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٨ لە کۆلێژی(ماف-حقوق)ی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥١ ئەو کاتەی قوتابی بووە بە هۆی نووسینەکانی و هەڵوێستە فیکری و سیاسییەکانی بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیرکراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ گەڕاوەتەوە هەولێر، دیسان جارێکی دیکە هەر بە هەمان تۆمەت ماوەیەک زیندانی کراوە، دواتر بەردەوام بووە لە خوێندن تا ساڵی ١٩٥٥ کۆلێژی مافی تەواوکردووە و بۆتە پارێزەر، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی ڕەوانشاد ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی بووە، ئەو وەکو جێگری بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتەکە دەست بەکار بووە، دواتر بۆتە



**لەلای ڕاستەوە: نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب**

بەڕێوەبەری ماف هەر لە دیوانی هەمان وەزارەت، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو پارێزەر و ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموون داوای لێکراوە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان دەورێک ببینێت، بەڵام ئەو وای پێ باش بووە بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و نووسینەکانی.

نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب، لەبەر ئەوەی خوێندنەکانی بە زمانی عەرەبی بووە، بۆیە نووسینەکانی هەمووی بە عەرەبی نووسیوە، دەیان وتاری ئەدەبی و فیکری و سیاسی و باسی ژیان و بەرهەمی ئەدیبان و نووسەرانی ناوداری کورد و عەرەبی کردووە و لە ڕۆژنامە عێراقییەکان و کوردییەکان بڵاویکردۆتەوە لەوانە(التآخي، صوت الاحرار، المواطن، الأتحاد، خەباتی عەرەبی، هەولێر و چەندانی دیکە).

ئەو چەند کتێب و نامیلکەیەشی نووسیوە کە ئەمانەن:

- رحلة في عالم الفكر.
- مع الجواهري.
- مختارات من قراءاتي.
- رحلة ثانية في عالم الفكر.

- کتێبی(دروێنەی ڕۆژەکانی زیوەر خەتاب)، کە هەڤپەیڤینێکە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر گۆڤاری ڕامان ئازاد عەبدولواحید، نزیکەی ساڵێک خەریکی ئەم دیمانەیە بووە و لە ئەنجامدا لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٩ چاپ کرددوە و بڵاوی کردۆتەوە.

نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب، پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ هەر یەک لە شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەرە بە ناوبانگەکانی کورد و عەرەب هەبووە، نامە و بیروڕایان ئاڵوگۆڕکردووە، لەوانە(طە حسين، محمد مهدي جواهري، هادي العلوي، مسعود محمد و چەندانی دیکە).

لە ساڵی ١٩٧١ وتارێکی لەسەر نووسەر و زانای عەرەبی تەها حوسێن نووسیوە بە ناونیشانی(کفاح طە حسين) لە ڕۆژنامەی(التأخي) بڵاوی کردۆتەوە، لە وەڵامدا نووسەر تەها حوسێن سەلام و ڕێز و پێزانینی بە نامەیەک بۆ ناردووە.

لە ١٧-١- ١٩٧٢ شاعیری گەورەی عەرەبی و عێراقی محەمەد مەهدی جواهیری لە یەکێ لە نامەکانیدا بۆ زیوەر خەتاب نووسیویەتی و دەڵێت:(اخي العزيز زيور شوقاً جماً و حباً خالصاً و بعد فلابد أنك اكثر من عاتب عليّ و



لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب

لكَ الحق في ذلك و كل الحق لا أن لي- و انا اعتقد ذالك جازما أن لي من حبك المعهود لدي على مرَ الزمن و بالرغم من كل تقصير شفيعا لي من أعتذار هفواتي).

ئەو زۆر هاوڕێ و هاوبیری و فیکری نووسەری گەورەی کورد مەسعود محەمەد بووە، لە ماڵئاوایی کردنیدا وتارێکی نووسیوە، هەروەها لەگەڵ نووسەر(هادي العلوي)ش بە هەمان شێوە نامە و بیرو ڕا گۆڕینەوەیان هەبووە.

نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب وەکو مرۆڤ و پارێزەر زۆر ڕاستگۆ و دادپەروەر و سوور بووە لەسەر کارە پیشەییەکانی، زۆریش ئازا و بوێر بووە لە موڕافەعاتەکانی لە دادگا، بە جدی هەڵس و کەوتی لە گەڵ دادوەرەکان کردووە، بۆیە خێزانەکەی(ژنەکەی) بۆی نووسیوە و پێی ووتوە:(تۆزی هێمن و لەسەرخۆ بە لەگەڵ حاکمەکان)، ئەویش لە وەڵامدا بۆ خێزانەکەی نووسیوە و دەڵێت:( دەبێ هەموو دەم ئامادە بیت کە ببیت بە بێوەژن)، ئەو لە هەڵوێستەکانیدا تەحەددای مردنی کردووە و ئامادەش بووە لە پێناوی دادپەروەریدا گیانی خۆی بەخت بکات.



**نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب، خێزان و نەوەکانی**




لەلای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆشنبیر زیوەر خەتاب، نەناسراون

ئاخر(سەعید قەزاز) کە وەزیری ناوەخۆ بووە، وەزیرێکی ئازا و بە هەڵوێست بووە، لەسەر حەق و دادپەروەریی نووسەر زیوەر خەتاب نامەیەکی بۆ نووسیوە بە ناو نیشانی(دفاعا عن الحق دفاعا عن القيم)، دەڵێت:( لا ادري لماذا لم يتحرك قلم واحد خلال اكثر من اربعين عاما لكتابة عن رجل هو صورة نادرة الشجاعة، في الوقت الذي نرى عشرات الندوات تقام لإحياء هذه الذكرى و تلك بأستحقاق و بدون إستحقاق).

هەر لەسەر ڕاستگۆیی و دادپەروەریی ئەم مرۆڤە مەزنە، لە کتێبی(دروێنەی ڕۆژەکانی زیوەر خەتاب) کە هەڤپەیڤێکە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید لەگەڵی ئەنجامداوە، ئەو باسی مێژوو و کەلتوور و پێکەوە ژیان و کەسایەتیی و کەمینەکانی وەکو برا(کریستیان و جووە کوردەکان) دەکات، زۆر ڕاشکاوانەی باسی هەڵسوکەوتی خراپی بەشێک لە خەڵکی هەولێر دەکات لەگەڵ جووە کوردەکاندا.

ئەو لە ساڵی ١٩٥٥ەوە، ئەندامی(نقابة- سەندیکا)ی پارێزەرانی عێراقی بووە.

یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی



ڕابـردوو، جارێـک خـەڵات و ڕێزلێنانیـان بـۆ کـردووە، لـە کاتـی ناسـاندنی کتێبی(دروێنـەی ڕۆژەکانـی زیـوەر خەتاب)یـش دیسـان یادیـان کردۆتـەوە.

نووسـەر زیوەر خەتاب لە تەمەنی(٩١) سـاڵی لـە شـاری هەولێر لـە ڕۆژی ٩- ١٠- ٢٠١٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، هـەر لـە هەولێـر بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، نووسـەر و ڕووناکبیرێکـی گـەورەی هەولێـر و هەولێرییـەکان و هەمـوو کوردسـتان بـوو، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت و گڵکۆکەشـی پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێـت.

**سەرچاوەکان**


١ - کۆمەڵێـک زانیـاری لـە نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس ئـازاد عەبدولواحیـد وەرگیـراوە، سوپاسـی دەکـەم

٢ - هەنـدێ زانیاریـی دیکە هاوڕێـی دێرینم لیـوای خانەنشـین نووسـەر فـاروق ئیبراهیم شـەریف بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٣- Basnews، لە ٩- ١٠ - ٢٠١٩.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی زەمەن، لە ٩- ١٠- ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، ١١-١٠-٢٠٢٠.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کانی

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، بۆ ئەو دەڵێت:( خانمە گەنم ڕەنگ و دەنگ خۆشەکە).

ڕۆماننووسی دیاری و ناسراوی کورد بەختیار عەلیش دەڵێت:(ئێمەش شەکیرایەکمان هەیە).

خانمە هونەرمەند و گۆرانیبێژی دەنگ و ڕەنگ جوان و ناسک، خاتوو کانی ...

ناوی تەواوی(شەمیران سەعید)ە، لە ناوەندی هونەری بە(کانی) ناسراوە، لە گوندی(بەرزنجە)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، تەمەنی سێ ساڵان بووە هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و بەشی گۆرانی و مۆسیقای لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، پاش ماوەیەک وەکو پەنابەر ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە، سەرەتا چەند کۆرسێکی زمانی سویدی خوێندووە، دواتر لە یەکێ لە زانکۆکانی تایبەت بە هونەر بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشی دەنگ و مۆسیقای خوێندووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە، ساڵیکیش(پراکتیک- عملي) بۆ شێوازی وتنەوەی وانە خوێندووە، دواتر دوو ساڵی دیکەشی خوێندووە و ماجستێری لە مۆسیقا وەرگرتووە، ماوەیەکی



هونەرمەند کانی لە کاتی پێشکەشکردنی کۆنسێرتێک

کورت وەکو مامۆستا دەست بەکاربووە، دواتر حەزی لێ بووە بایەخ بە بەهرە و توانا و دەنگە خۆشەکەی خۆی بدات، وازی لە مامۆستایەتی هێناوە، لەتەک کارە هونەرییەکانی دوکانێکی گوڵفرۆشی کردۆتەوە.

خانمە هونەرمەند کانی خاوەنی دەنگێکی جوان و ناسک و خۆشە، ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرچەندە بەرهەمەکانی کەمن، بەڵام هەمووی بە شێوازێکی زانستی و هونەری و ئەکادیمی وتووە، بۆیە توانیویەتی جێگای خۆی لە ناو دڵی گوێگران و هەوادارانی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بکاتەوە، هەرچەندە ماوەیەک بەرهەمی نەبوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و ئاستبەرزی لە گۆرانی و ڤیدیۆکلیپ و کۆنسێرت پێشکەش بە هونەری مۆسیقای کوردی کردووە.

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، لە نامەیەکدا کە وەسفی هونەرمەند کانی کردووە و دەڵێت:(ئەم خانمە گەنم ڕەنگ و دەنگ خۆشە....، چەند گۆرانییەکی نوێی هەیە، زۆر جار گوێی لێ دەگرم، لەو گۆرانیانەدا هێندە بە جۆشە، دەڵێی بولبولێکی زیندانیکراوە و هەموو چەکێکی لێ سەنراوەتەوە، گۆرانی نەبێت، هێندە عاشقانە گۆرانی دەڵێت، ڕۆحم دەهەژێنێت، هەر بۆیە ئەو دەنگە گەردوونییە هەژێنەری ڕۆحی منە و بەس)!!.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی دیاری کورد بەختیار عەلی، لە وەسفی هونەرمەند کانی، دەڵێت: (ئێمەش شەکیرایەکمان هەیە).

نووسەر کامەران سوبحان، لە کتێبی(ساتێک پێش بیرچوونەوە) باسی نووسەر و شاعیر و ناودارانی کورد دەکات لە ناویاندا باسی هونەرمەند خاتوو کانیش دەکات.

هەر نووسەر کامەران سوبحان، لە کتێبی(تاڤگەی وشە و هەڵوێست)دا کە نامەکانی شاعیر شێرکۆ بێکەسی ئامادە و کۆکردۆتەوە، دیسان باسی




**هونەرمەند کانی لە کاتی بڵاوکردنەوەی کلیپی(ببارێ)**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو کانی، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس**




**لێژنەی دادوەری لە یەکەم بەرنامەی(کورد ئایدل) لە ساڵی ٢٠١٧، لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند نیزامەدین ئاریچ، هونەرمەند کانی، هونەرمەند عەدنان کەریم، هونەرمەند بێژەن کامکار.**




٤ - لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی(ڕاپ) ڕۆنی، هونەرمەند کانی

نامەکەی شێرکۆ بێکەس دەکات کە بۆ هونەرمەند کانی ناردووە.


هونەرمەند کارزان مەحمود، چەندین بەرهەمی بۆ هونەرمەند کانی تۆمارکردووە، سەرەڕای ئەم بەرهەمانە ئەو چەندین چالاکیی هونەری لە ئاهەنگ و کۆنسێرت ئەنجامداوە، لەوانە:

- چەندین کۆنسێرتی لە شاری ستۆکۆلم و هوریسکڤال و شارەکانی دیکەی وڵاتی سوید ئەنجامداوە.
- لە ٣-١- ٢٠١٢ لە هۆڵی تەلاری هونەری لە شاری سلێمانی، بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی بە هاوکاریی کەناڵی کوردسات، کۆنسێرتێکیان بۆ هونەرمەندان کانی و کیژان ڕێکخستووە.
- لە ٢٦-٦-٢٠١٣ بە یاوەریی هەر یەک لە هونەرمەندان، کارزان محەمەد و موشتاق و هایک هاگۆبیان و داڤید مێرگترو، ئێوارە کۆنسێرتێکیان هەر لە سوید سازکردووە.
- لە ١٣-٦- ٢٠١٦ لە هۆڵی تەلاری هونەری، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە و دەزگای میدیای کوردسات، بە هاوکاریی گروپێک لە ژەنیارانی سویدی، کۆنسێرێکیان بۆ هونەرمەند کانی ڕێکخستووە.
- لە ١٢-٣- ٢٠٢٢ هەر بە هاوکاریی گروپی مۆسیقای سویدی کۆنسێرتێکیان لە مەڵبەندی کەلتووری کوردی لە لەندەن پێشکەشکردووە.











- لەگـەڵ گۆرانیبێـژی(ڕاپ- ڕاپـەڕ)ی ڕۆژئاڤا(ڕۆنـی) کلیپێکـی دوێتیـان بـە ناوی(نزیکـن) وەکـو پشـتگیری بـۆ بەرخودانـی ڕۆژئـاوا تۆمـار و بڵاوکردۆتـەوە، کـە کاری مۆسـیقی لـە لایـەن مۆسـیقاژەن کارزان مەحمـود و بەرهەمهێنانـی هونەرمەنـد ئیبراهیـم چەلیـک بـووە.
- لە ٢- ٦- ٢٠٢١ لە کەناڵی یوتیوبی خۆی ئەلبۆمی (بباریَ)ی بڵاوکردۆتەوە.

هونەرمەنـد کانـی لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لەگـەڵ هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن کارزان مەحمـود هاوسـەرگیریان کـردووە، خاوەنـی کوڕێـک و کچکێـن بـە ناوەکانی(کەویـار و دیلان) خـوا تەمـەن درێژیـان بکات، لـە دوایین زانیاریش، لـەم سـاڵانەی دواییـدا ئـەوان لێـک جیابووینـەوە.

بـۆ هونەرمەنـدی دەنـگ خـۆش خاتـوو کانـی هـەر سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی هونـەر و دەنـگ و مۆسـیقای کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی وشە، وتارێکی نووسەر محەمەد میران، لە ٣١-٧-٢٠١٧.
٢ - ماڵپەڕی وێستگە ستایل، لە ١- ٢- ٢٠٢٣.
٣ - ماڵپەڕی خەندان، لە ٢٦-١٠- ٢٠١٩.
٤ - کوردستان ٢٤، فلیمێکی دوکیومێنتاری، لە ٢٠٢١.
٥ - دەنگی کوردسات، فلیمێکی دوکیومێتناری، لە ٢٠١٦.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.





# حەمە ڕەئووف کەرکووکی

هونەرمەند و گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری دیار و ناسراوی شاری کەرکووک و کوردستان، حەمە ڕەئووف کەرکووکی...

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەئووف ساڵح)ە، لە ناوەندی هونەری بە حەمە ڕەئووف کەرکووکی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی(بەرتەکییەی تاڵەبانی)ی شاری کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە گەڕەکی بەرتەکییەی تاڵەبانی شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران بووە، ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی کەوتۆتە سەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ئەو زکر و تەهلیلە و سرووده ئایینییەکانی کە لە تەکییەکە وتراون، کاریگەریی بەرچاویان لێ کردووە.

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (بێکەس) و ناوەندی و تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە ئامادەیی (ئیمام قاسم) هەر لە شاری کەرکووک خوێندووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٩٤ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی کە دوکانێکی(خەیات) ی هەبووە، دوکانەکەی مەنزڵگای هونەرمەندان و شاعیر و نووسەران بووە، هەتا شاعیری بە توانا (توانا جەمال غەمبار) ناوی لە دوکانەکەی ناوە





لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی

لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، هونەرمەند ناسری ڕەزازی



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، نەناسراوە، هونەرمەند وریا ئەحمەد

(قەلەندەرخانەکەی حەمە ڕەئووف کەرکووکی).

لە ساڵی ٢٠٠٣ وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کەلتووری سلێمانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە تەمەنی یاسایی خۆی خانەنشینکراوە.

هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پۆلەکانی سەرەتایی و ناوەندی بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی و سروودی نیشتمانی وتوە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەی (ئیمام قاسم) بە گۆرانیی (وەک قومری سەرباڵم شینە)

بەشداریی کردووە، کە گۆرانیی گۆرانیبێژی نەمر حەسەن زیرەک بووە.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەشداریی لە چەندین ئاهەنگی نیشتمانی و نەتەوەیی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ گۆرانیی (شەوانە)ی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار کردووە، دەقی ئەم گۆرانییە لە شیعری شاعیر هێمن موکریانی بووە و هونەرمەند نورەدین ئیبراهیم جاف ئاوازی بۆ داناوە.

ئەو لە گەڵ ژمارەیەک لە هونەرمەندانی شاری کەرکووک لە زنجیرە درامای(نەهێشتنی نەخوێندەواری) کە (٦) ئەڵقە بووە بەشدار بووە، کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار و پەخشکراوە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند باکووری، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی




لە ڕاستەوە: هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، نە ناسراوە

لـه دوای ڕاپەڕینی سـاڵی ۱۹۹۱ بـەردەوام بـووە لـە چالاکییـە هونەرییەکانی، دەیـان گۆرانیی نیشتمانپەروەری  بۆ جوانیی سروشـتی کوردسـتان و ئەڤینـی بەرهـەم هێنـاوە، تـا ئێسـتا شـەش ئەلبوومـی تۆمارکـردووە و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- ئەلبوومی عاشقی دڵ، ساڵی ١٩٩٤.
- ئەلبوومی ئاسەوار، ساڵی ٢٠٠٠.
- ئەلبوومی ناڵەی دڵ، ساڵی ٢٠٠٤.
- ئەلبوومی سیاپۆش، ساڵی ٢٠٠٨.
- عیشوە، ساڵی ٢٠١٣.
- ئەلبوومی باعیسی دڵ، ساڵی ٢٠١٩.



لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی



لە لای ڕاستەوە: حەمە ڕەئووف کەرکووکی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار




هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی لە کارێکی هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی



هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی لە کارێکی هونەریدا



هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی لە کارێکی هونەریدا

ئەلبوومی وەرزێکی ئاڵ، کە(٨) گۆرانی لە خۆدەگرێت، وا چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوی بکاتەوە.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر حەمە ڕەئووف کەرکووکی، سەرەڕای گۆرانییە تۆمارکراوەکانی ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- بەشداریی لە دەیان فیستیڤاڵ و کۆنسێرتی هونەری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە لەوانە لە وڵاتانی(سوید و نەمسا و ئێران و دانیمارک).
- دەیان گۆرانی بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان تۆمار کردووە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان پێ بەخشراوە.

- ئەو هێشتا هەر بەردەوامە لە پێشکەشکردنی ئاواز و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی بۆ گوێگران و هەوادارانی لە سەرانسەری کوردستانی گەورە.

بۆ هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردیمان.

سەرچاوەکان:


١- کورتەیەك لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئارام تیگران

ئەو بە شەش زمان(کوردی، عەرەبی، تورکی، سریانی، یۆنانی) گۆرانی چڕیوە، هونەرمەندی گۆرانیبێژی ئەرمەنی کە زیاتر بە کوردی گۆرانی وتووە، ڕەوانشاد ئارام تیگران یان دیگران...

ناوی(ئارام مێلیکیان)ە، بە ئارام تیگران یان ئارام دیگران ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری(قامشلۆ)ی ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست و کوردپەروەر لەدایک بووە، خیزانەکەیان بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی خەڵکی شاری دیاربەکر(ئامەد)ی باکووری کوردستان بوونە، ئەو هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا بووە، تەمەنی(٦)ساڵان بووە، مامی یان خاڵی ئامێرێکی(عود)یان بە دیاری داوەتیێ.

هونەرمەند ئارام تیگران ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٥٣ تەمەنی گەیشتۆتە(٢٠) ساڵان، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز یەکەم کۆنسێرتی خۆی پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ لەسەردەمی سۆڤییەتی جاران چووەتە(یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمەنستان و لەوێ (١٨) ساڵ لە رادیۆی یەریڤان کاریکردووە، دەیان گۆرانی تۆمارکردووە و دەیان ئاهەنگیشی گیڕاوە، لە ساڵی ١٩٩٥ یەریڤانی بەجێهێشتوە چۆتە ئەسینای پایتەختی وڵاتی یۆنان.








**هونەرمەند ئارام تیگران لە چەند چالاکییەکی هونەریدا**

لە ژیانی هونەریی خۆیدا(١٤) ئەلبۆمی تۆمارکردووە، کە (٢٥٠) گۆرانی دەبن، لەوانە(١٥٠) گۆرانی بە زمانی کوردی و نزیکەی(٢٠-٢٥) بە زمانی عەرەبی و(٨) بە زمانی سریانی و بە تورکی و یۆنانی و شێوەزاری(زازایی) یش گۆرانی وتووە و تۆمارکردووە، گۆرانی و سروودی بۆ منداڵە جوانەکانی کوردستانیش وتووە، ئەمانە ئەلبۆمەکانییەتی:

- چیایێ گەبارێ Çîyayê Gebarê, Aydın Müzik, ٢٠٠٤.
- زیلان Zîlan, Aydın Müzik, ٢٠٠٤.
- سەرخوەبوون خوەشە Serxwebûn Xweş E, Aydın Müzik, ٢٠٠٤.





- کوردستان Kurdistan, Aydın Müzik, ٢٠٠٤
- زانی دیسا زاربووما Xazî Dîsa Zarbûma
- ڕابن Rabin
- ئەڤینا فەقێ تەیران Evîna Feqiyê Teyran
- کەچێ دینێ Keçê Dinê
- ئەی وەلاتۆ ئەم هەلیان Ey Welato Em Heliyan
- ئای دلبەرێ Ay dilberê
- دایێ من بەردە Daye min berde
- دیاربەکرا Diyarbekira serin
- ئای دل Ay dil
- ئەم هاتن Em hatin
- هەڤال فەرات Heval Ferat.

جگە لە چەندین ئاهەنگ بە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردی و ئاهەنگ و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات و ئەوروپا بە تایبەتی برۆکسیل.



هونەرمەند ئارام تیگران و ئاهەنگێك بۆ منداڵان



هونەرمەند ئارام تیگران
چالاکییەکی هونەریدا



پەیکەری هونەرمەند
ئارام تیگران

هونەرمەند ئارام تیگران لە ٨-٨-٢٠٠٩ بە هۆی نەخۆشی لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان کۆچی دوایی کردووە، وەسییەتی کردبوو دوای مردنی لە(ئامەد) بینێژن، بەڵام حکومەتی تورکیا ڕێگای پێنەداون، بۆیە تەرمەکەی لە(بڕۆکسیل) پایتەختی وڵاتی بەلجیکا نێژراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

پەیکەرێک بۆ ئەو دروستکراوە، وا وێنەکەم هاوپێچم کردووە.

سەرچاوەکان:

١ - فلمێکی دوکیومێنتاری، Medyatv، Medya Muzik.
٢ - فلمێکی دوکیومێنتاری،kurdtv DK.
٣ - فلمێکی دوکیومێنتاری Rojtv، بەرنامەی دیلانەر.
-٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٥ - ئامادکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و زماننــاس و لێکۆڵەر، ڕەوانشـاد پرۆفیسـۆر دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مـارف...

دکتـۆر ئاوڕەحمانـی حاجـی مـارف لـە سـاڵی ١٩٤٠ لـە شـاری سلێمانی لـە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هـەر لـە شـاری سـلێمانی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٠ چۆتـە یەکێتیـی سـۆڤیەتی جـاران، لـە کۆلێـژی ئادابـی لینینگـراد بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و ماجسـتێری لـە زمـان و ئەدەبـی ڕووسـی وەرگرتـووە، دواتـر لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤیەت هـەر لـە لینینگراد دکتۆرای لـە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ناونیشانی نامەی دکتۆراکەی(مێژووی فەرهەنگناسـی کـوردی) بـووە، کـە ئـەو کات ژمـارەی فەرهـەنگەکانـی کـوردی لـە پەنجەکانی یـەک دەست کەمتر بوون، دیراسـەیەکی مێژوویی و ئەرشیفی و پێداچوونەوەیەکـی ڕەخنەیـی بـوو بـە فەرهەنگـە کوردییـەکان کـە ئەوسـا هەبـوون.

پـاش(١٣) سـاڵ ژیـان لـەوێ، لـە سـاڵی ١٩٧٢ گەڕاوەتـەوە عێراق، لـە کـۆڕی زانیاریـی کـوردی و زانکـۆکانی(سلێمانی، کۆلێـژی پـەروەردەی ئیبـن ڕوشـدی زانکـۆی بەغـدا) وەکـو مامۆسـتای زمـان و ئەدەبـی کـوردی دەسـت بـەکار



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحمود، دکتۆر جەمشید حەیدەری، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی، دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف، شاعیر ڕەوانشاد نەوزاد ڕەفعەت

بووە، وانەی زمان و ئەدەبی بە قوتابییانی بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرا وتووە.

دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە (٢٠) کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی زمان و ئەدەب و کوردناسی و رەخنە و فەرهەنگناسی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، هەر لە ڕێگای وەرگێڕانیشەوە دەیان کوردناس و زمانناسی بیانی بە خوێنەرانی کورد ئاشنا کردووە.


ئەو خەریکی پرۆژەیەکی زۆر گەورە بوو لە بواری فەرهەنگ، فەرهەنگی(میدیا) کە بە پێی پلانی ئەو، خۆی لە(٢٥) بەرگ دەبینییەوە، بەڵام دیارە مەرگ ڕێگەی نەدا تەواوی بکات، زیاتر لە(٤٠) ساڵ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کرد، لە شوێنێکدا دەڵێت:( کۆڵەوارم و هەر هێندەم لە دەست دێت، خۆزگە کاری گەورەم لە باردا بووایە، خەجاڵەتی قاپی دڵسۆزی میللەتەکەمم، کە هێندە دڵپاک و لە خۆ بووردوون، دەست بە ڕوومەوە نانێن ئەو جۆرە دیاریانەم لێ وەرگرن).

بەرهەمی زۆری هەبوو، هەندێکیانی چاپکردووە و بڵاوی کردوونەتەوە و هەندێکیش هەر چاپ نەکراون، بەرهەمە لە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ١٩٧٤.
- وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥.
- ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧.
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی- ناو)، کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٧٩.
- نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر ١٩٨٦.
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی- جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٧.
- لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٧.
- ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٩.
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی- ئاوەڵناو)، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٩٢.
- کرداری کارا دیار و کرداری کارای بزر لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٩٤.
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-ژمارە و ئاوەڵکردار)، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٩٨.
- ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ٢٠٠٠.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف، دکتۆر وریا عومەر ئەمین




**بەرهەمەکانی دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف.**

- مشتێک لە فرۆفێڵی کتێبی «چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی»، بەغدا ٢٠٠٥.

دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، وەک پسپۆڕێک لە فەرهەنگسازی چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا بنەمایەکی پتەو و زانستی بۆ فەرهەنگی نەتەوەیی کورد دابڕێژێت، بە داخەوە تەمەن ڕێگەی پێ نەدا، لە ڕۆژی ٧ لەسەر ٨ی مانگی تەمموزی ٢٠٠٧ بە کارەساتێکی دڵتەزین گیانی پاکی سپارد، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

ڕەوانشاد سەرپەرشتیی دەیان نامەی ماجستێر و دکتۆرای قوتابییانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان و بەغدا کردووە.

کتێبخانەکەی و هەموو دەستنووسەکان لە بەغداوە گواستراونەتەوە بۆ ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

سەرچاوەکان:

١ - هەندێك زانیاری دکتۆر وریا عەلی ئەمین بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ڕێزمانی کوردی، وتارێکی نووسەر دادیار ئازاد، لە ٢٥-١٠-٢٠٢١. وتارێکی دیکە لە ١٠-١١-٢٠١٨.

٣ - کوردیپێدیا.

٤ - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر جەمیل عیسا

مامۆستای پەروەردە، پسپۆڕی بواری جوگرافیا و مێژوو، نووسەر و وەرگێڕ، دکتۆر جەمیل عیسا...

ناوی تەواوی(جەمیل عیسا کەریم)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی(هەرمۆتە) ی نزیک شاری کۆیە لە خێزانێکی(کریستیان- مەسیحی) نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی هەرمۆتە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە ئامادەیی کۆیەی کوڕان تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە، وەکو مامۆستا لە قوتابخانەکانی (قورشاغلو، تەقتەق و کۆیە)دەستبەکاربووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و درێژەی بە کاری مامۆستایەتی داوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، لە قوتابخانەی (هیران) و دواتر لە (پیرانشەهر-خانە)، پاشان لە ئۆردوگای (زێوە)ی ئاوارەکان، وانەی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی)وتووەتەوە، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هاتۆتەوە و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە، لە قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر لەوانە(مزەفەرییە، ئامادەیی کوردستان، قەڵاتی کچان، زەهرای کچان، دواناوەندیی گەلاوێژی کچان، دواناوەندیی هەولێری کوڕان)، لە ساڵی ١٩٩٤ بۆتە سەرپەرشتیاری پسپۆڕ




له لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر جەمیل عیسا ، شاعیر نازم دڵبەند

و لە ساڵی ١٩٩٥ بەڕێوەبەریی گشتی بووە لە پەروەردەی هەولێر و ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشیکراوە.

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ، دکتۆر جەمیل عیسا دیارە زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندنی باڵا بووە، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی ماجستێری بە پلەی نایاب وەرگرتووە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی(الزراعة الحضرية في مركز مدينة اربيل باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS کە یەکەم توێژینەوە بووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لەم بوارەدا، دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی دکتۆراشی بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی لە ژێر ناونیشانی(التحليل المكاني لمراحل النمو- التمدد الحضري لمدينة اربيل للمدة ١٩٤٧-٢٠١٧)، وهی دراسة لمدينة اربيل الكبرى- دراسة جغرافية المدن).



نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر جەمیل عیسا لەلای پەیکەری کەریم عەلەکە

دکتۆر جەمیل عیسا زمانەکانی کوردی و

عەرەبی و سریانی زۆر بە باشی دەزانێت و کەمێکیش زمانی ئینگلیزی و فارسی دەزانێت، لە بواری پسپۆڕیی خۆی و مێژووی شاری هەولێر و مێژووی کریستیانەکان لە هەولێر و کەرکووک و گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی عێراق و کەسایەتییەکانی مەسیحی لە عێراق، چەندین بەرهەمی پوخت و ئاستبەرزی لەم بوارانەدا لە زمانی عەرەبی و سریانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە پێچەوانەش چەند بەرهەمێکی دیکەی لە زمانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەرچاوترین بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- پەرتوکی پیرۆز، وەرگێڕان، بە هاوبەشی و پێداچوونەوە.
- کورد و جیهانگیری.
- لەگەڵ ڕووداوەکاندا.
- چەند بەشێک لە مێژووی کلدۆ ئاشوری، وەرگێڕان،لە نووسینی(مەتران ئەدی شێرم).
- کورتە مێژووی کەنیسەی کلدان، وەرگێڕان، لە نووسینی (مەتران پەتریک




**نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر جەمیل عیسا لەکاتی گفتوگۆی بڕوانامە**



**نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر جەمیل عیسا و هاوسەری بەڕێزیان**


لویس ساکۆ).


- جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلیتکس.
- حدیاب لە مێژوودا، بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی(حدیاب في التاریخ- تاریخ المسیحیة في اربیل).
- مێژووی مەسیحیەت لە کەرکووک، وەرگێڕان، لە نووسینی(پەتریک لویس ساکۆ).
- مێژووی مەسیحیەت لە کەرکووک و گەرمیان، وەرگێڕان،(مەتران ئەندراوس حنا).
- کلدۆ ئاشوورییەکان، وەرگێڕان، لە نووسینی(هەرمان تۆل).
- ئاشووری و مەسیحییەت، وەرگێڕان، لە نووسینی(جان فیە).
- فەرهەنگی جوگرافی - جیولۆجی، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر(عەبدولوەهاب دەباغ) بە ئینگلیزی و کوردی.
- الزراعة الحضریة في مرکز مدینة اربیل باستخدام نظم المعلومات الجغرافیة، GIS، نامەی ماجستێرەکەیەتی چاپی کردووە.




- لتحليل المكاني لمراحل النمو- التمدد الحضري لمدينة اربيل ١٩٤٧-٢٠١٧، مدينة اربيل الكبرى- دراسة في جغرافية المدن، نامەی دکتۆراکەیەتی چاپی کردووە.
- ملخص التلوث البيئي.
- ئیتیکت، وەرگێڕان، لە نووسینی(سەباح بویا).
- هەرزەکاری بە بێ کێشە، وەرگێڕان، لە نووسینی(جوزف سابیر).
- رحلة مبشر فرنسي عام ١٨٧٨ من الموصل إلى مناطق اربيل و كركوك و السليمانية، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- کەریمی عەلەکە فریارەسی هەژاران، بە هاوبەشی.
- پێداچوونەوەی بۆ هەردوو بەشی(قەندیل بەغدای هەژاند) و(نرکەی



















**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر جەمیل عیسا**

ڕاپەڕیـن)ی شـەهید ڕیبـاز کـردووە.

دکتـۆر جەمیـل عیسـا، سـەرەڕای ئـەم بەرهەمانـەی، چەندیـن چالاکیـی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و ڕێکخراوەیـی دیکـەی نوانـدووە لەوانـە:


- دەیـان وتـار و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- دەیـان کـۆڕ و کۆبوونـەوە و سـیمیناری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و زانسـتی لـە شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـر و کۆیـە و ڕانیـە ئەنجامـداوە.
- ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و نێو دەوڵەتییە.
- ئەندامـی کۆنگرەی یەکـەم بـووە بـۆ داکۆکیکـردن لـە ئایین و مەزهەبەکانـی کوردسـتان، سـاڵی ٢٠١٢.

بـۆ مامۆسـتا و نووسـەر و وەرگێـڕ، دکتـۆر جەمیل عیسـا هـەر بـەردەوام و سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی زانسـتی جوگرافیـا و مێـژوو و زمـان و ئـەدەب و ڕۆشـنبیری.


سەرچاوەکان:

١- کورتەیــەك لــە ژیاننامــەی دکتــۆر جەمیــل عیســا، کــە لەســەر داخوازیــی مــن بــۆی نــاردووم، سوپاســی دەکــەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## محەمەد بەدری

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و ڕەخنەگر و ڕاگەیاندنکار(میدیاکار)، ڕەوانشاد محەمەد بەدری...

ناوی تەواوی(محەمەد نوری جاسم بەدری)یە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی(بەدرە)ی سەر بە پارێزگای کووت لە خانەوادەیەکی کوردی(فەیلی)ی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، سەرەتا قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوندی تەواوکردووە، دواتریش لە ساڵی ١٩٧٧ بەشی(زانستی دەروونی-علم النفس)ی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی(موستەنسریە- المستنصرية) تەواوکردووە.

شاعیر محەمەد بەدری هەر لە لاوێتیدا هەڵوێستی سیاسی و نیشتمانپەروەریی دیار و بەرچاوی هەبووە، بەم هۆیەشەوە چەندین جار دەستگیرکراوە و لە زیندانەکانی(نوگرە سەلمان و بەندیخانەی ناوەندی شاری کووت) ئازار و ئەشکەنجە دراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان لە بەشی عەرەبیی ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو(بێژەر- مذيع) دەست بەکار بووە، لە کاتی خوێندنەوەی داستانی سەرکەوتنی پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلوولی بە دەنگە خۆش و حەماسییەکەی ورەو مەعنەویاتی هەموو کوردێکی کوردپەروەری بەرز دەکردەوە، دەنگەکەی



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەممەد بەدری، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

دەگەیشتە هەموو کوردستان و بەغدا جاروباریش ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش.

شاعیر محەمەد بەدری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعر و وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکانی دەنووسی، ئەو زیاتر لە (١٨) کتێبی لە چاپدراوی هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- رذاذ الصدأ، یەکەم کۆمەڵە شیعری بووە بە زمانی عەرەبی، بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیر(علي البياتي).
- أجنحة الصمت، کۆمەڵە شیعر بە زمانی عەرەبی.
- كلمات من كوردستان، کۆمەڵە شیعڕ بە عەرەبی.
- أغنية حب لنوروز(گۆرانیی خۆشەویستیی نەورۆز) کۆمەڵە شیعر بە کوردی.
- ئای چەندم خۆش دەوێ، کۆمەڵە شیعر بە زمانی کوردی.
- ومضات جبلية، یان( شذرات جبلية متوهجة).
- حين تبكي الاحزان فوق الازهار(ئەو کاتەی خەمەکان لەسەر گوڵان دەگریێن)، دوا کۆمەڵە شیعری بووە بە زمانی کوردی کە دەزگای

ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا ساڵی ٢٠٠٥ بۆیان چاپکردووە.

- چەندین لە چوارینەکانی شاعیری بابەتاهیری هەمەدانی(عوریانی) لە شێوەزاری لوڕییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە کۆتایی ئەم نووسینە چەند نموونەیەکتان بۆ دەنووسمەوە.

چەندین پارچە شیعری شاعیر محەمەد بەدری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(ئینگلیزی و ڕۆمانی و فارسی و تورکی و ئازربێجانی).

شاعیر محەمەد بەدری هەر شاعیر نەبوو، بەڵکو وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و ڕەخنەگرێکی بە تواناش بووە، چەندین وتاری لەم بوارانەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، چەندین چالاکیشی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخراوەیی ئەنجامداوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ وەکو نووسەر و موحەریر لە ڕۆژنامەی(التآخی) دەست بەکار بووە.




**وێنەیەکی مێژوویی شاعیر و نووسەرانی کورد، وێنەکە ناوەکانی لەسەر نووسراوە**

- نووسـەری سـتوونی هەفتەیـی بـووە لـە پاشـكۆی ڕۆژنامەی(العـراق) و ڕۆژنامەی(هـاوكاری).
- سەرۆكی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(الادب الكردي) بووە.
- دوا چالاكیشـی جێگـری سـەرنووسـەری ڕۆژنامەی(التآخـي) و ئەندامـی ئەنجومەنـی ناوەندیـی یەكێتیـی نووسـەرانی عێراقـی بـووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ڕۆژی كوردستان) بووە.
- تا ساڵی ١٩٩٨ جێگری یەكەمی یەكێتیی نووسەرانی عێراقی بووە.
- لـە سـاڵی ١٩٧٢ەوە، ئەندامـی یەكێتیـی نووسـەرانی كـورد و لـە دەسـتەی كارگێڕیـی بـووە.
- ئەندامی دەستەی كارگێڕیی كۆمەڵەی ڕۆشنبیریي كوردی بوو.
- لـە سـاڵی ١٩٨٥ەوە، ئەندامـی كارای سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق بـووە.
- لـە سـاڵی ١٩٧٣ نوێنـەری نووسـەرانی كـورد بـووە لـە فیسـتیڤاڵی لاوانـی جیهانـی لـە بەرلیـن- وڵاتـی ئەڵمانیـا.



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر محەمەد بەدری، نە ناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر محەمەد بەدری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو شیرین محەمەد بەدری**

- لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداریی لە فیستیڤاڵی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکووک کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی لە فیستیڤاڵی دووەمی شیعری کوردی لە سلێمانی کردووە.
- لەساڵی ١٩٩٠ بەشداریی لە فیستیڤاڵی شیعری لە تونس کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە فیستیڤاڵی شیعری لە وڵاتی ئوردن کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ بەشداریی لە فیستیڤاڵی شیعری لە وڵاتی سووریا کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداریی لە فیستیڤاڵی شیعری لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ بەشداریی لە دەورەی شاعیر(ابن زیدون) لە شاری(قرطبة) ی ئیسپانی کردووە.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد بەدری زۆر قارەمان و بوێر بووە، لە ڕۆژانی کە دیکتاتۆر(صدام حسین) هەڕەشەی دەکردە سەر مییلەتەکەمان دەیوت(حساباتنا معكم في الحاضر و المستقبل سيكون قاسيا)، محەمەد بەدری پەرپێچی داوەتەوە و وتویەتی:(این الحسابات یا اهل الحسابات.. .هل



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر محەمەد بەدری، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەباس بەدری.**

في جرائمكم  ام في الخطابات) ئەم ڕستەیەی محەمەد بەدری لەو کاتەدا، بووە وێردی سەر زمانی بەشی زۆری میللەتی کوردمان و هەندێکیش لە عەرەب.

هەندێک لە شاعیر و ڕەخنەگرە عەرەبەکانی عێراقی تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر محمەد بەدری لەوانە(حيدر الحيدري، د. صلاح الجبوري، حسب للە يحيى.. و چەندانی دیکە).

لە پاش تیرۆرکردنی کوڕە گەورەکەی (شەهید ئاراس) ئەو کەوتە بەر خەم و پەژارەیەکی زۆر، تا لە ڕۆژی ١٥-٩- ٢٠٠٦ بە نەخۆشی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، ڕەوانێشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کتێبی(محمەد بەدری شاعیر و ڕۆژنامەنووسی داهێنەر) چاپ کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، کە لە نووسینی هەدوو نووسەر(شەعبان مزووری و فائزە باولا) بووە و نووسەر  ئەحمەد مەجید نەقشبەندی پێداچوونەوەی بۆ کردووە، ئەم کتێبە بەشی زۆری نووسینەکانی ناوبراو، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردبووەوە، لە

خۆدەگرێـت.

ئـەو شـیعری بـۆ کـۆمـاری کوردسـتان(مهاباد) نووسـیوە، وا بـۆتـان دەنووسـمەوە:

الليل يزرع في ضلوعي خنجراً
والشوق يدفعني فاذكر ( جوارجرا )
وانا احس بان في قلبي لظى
تسري ، فتمزق مايصير وماجرى
أحيا وتأتيني السموم وخافقي
متسمر النظرات يرتقب الورى
اني هنا والقلب فارق عشه
يجتاز استاراً ويعبر انهرا
كي يلتقي بالذائدين عن الحمى
ويعانق الجبل الاشم ويعبرا
نحو الالى وجدوا النفوس رخيصة
من اجل ان تعلو الكرامة للذرى
نحو الالى وجدوا الشجيرة لم تزل
عطشى فأسقوها دماءً أبحرا
لهفي على شعب يرى آماله
رغم الصعاب .. وطيدة لاتزدرى
لهفي على شعب تريه مشانقا
فيرى المشانق للحقيقة معبرا
لهفي على شعب طعنته خنجراً
لكنه جعل الهزيمة خنجرا



لە بەرهەمەکانی نووسەر




شعب ترعرع في المشاق فما وهت
منه العزيمة بل مضى متبشرا
ايه مها باد العظيمة جددي
مهد البطولة ، حدثينا ماجرى
أيه مها باد، ونحن لدى الوغى
زيت اذا ما سال يثبت اعصرا
زيت يديم النار تسري دون ان
يجد التوقف من مداها أشبرا
أيه مها باد ، اثبت بطولة
قد ارجعت للكرد ذكرى ( جوارجرا )
اتيت قافلة الرجوع همومها
واحلت طود السهم سهلا اخضرا
واعدت للمتراجعين عزيمة
كانت ستوشك ان تزول وتهدرا
................

چەند چوارینەیەکی شاعیر بابەتاهیری هەمەدانی(عوریانی) کە ناوبراو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی:

انا الطير الطليق الهمداني
وفي تلك الربى الفضل مكاني
بأجنحتي احلق في الأعالي
ولي في الدهر ما يحمي كياني
***
سأبكي فالفؤاد به لهيب
وحظي خائب دوماً كئيب

أأبقى في الوجود رهين صمتٍ
وبين الورد يشكو العندليب
***
انا الطير الذي جبت القفارا
احيل الارض لو رفرفت نارا
وإن نقشوا على الجدران رسمي
تلظى الخلق وإرتشف الدمارا.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەری ئەلیکترۆنیی(الحوار المتمدن) وتارێکی نووسەر حيدر الحيدري، بە ناونیشانی(محمد البدري في الذكرى السابعة لە)، لە ١٠-٩- ٢٠١٣.

٢ - ماڵپەری فەیسبووکی(شخصيات من الذاكرة الكردية) لە ١٩-٢-٢٠٢١.

٣ - ئەڵقەیەکی تایبەتی بە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد بەدری، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی(الحرة) لە ٥-٥- ٢٠٠٩.

٤ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زیاد ئەسعەد

شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس دەڵێت:( ئەو هونەرمەندێکی تاسە شکێنە).

هونەرمەندی مەقام و حەیران، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ناسراو و دیاری کورد، بەڕێز زیاد ئەسعەد...

هونەرمەند زیاد ئەسعەد لە ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، ئەو کاتەی منداڵ بووە هاوڕێکانی هەستیان بە دەنگە خۆشەکەی کردووە و هانیان داوە کە بەردەوام بێت لە گۆرانیی وتن، لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەم جار دەستی بە کاری هونەری کردووە، گۆرانیی(دوعا ئەکەم شەو و ڕۆژ ئەمن...)ی بڵاوکردۆتەوە، کە لە بەرهەمی هونەرمەند قادر سیاحی بووە، پاشان چەند گۆرانییەکی دیکەی تۆمار کردووە و بەم شێوەیە لەناو گەنجانی شاری هەولێر ناوودەنگی دەرکردووە، بەرهەمەکانی زۆر کاریگەر بوون، کەم کەس هەیە حەز نەکات گوێ لە مەقام و حەیران و گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە نەبێت.

هونەرمەند زیاد ئەسعەد لە ساڵی ١٩٨٨ یەکەم کاسێتی خۆی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێش



سەردانی چەند هونەرمەندێکی کردووە لەوانە(سەعید قەندی، گوڵ پایەگانی)، پاشان گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٠ و ١٩٩٣ دوو ئەلبۆمی بڵاوکردۆتەوە، کۆمەڵێک گۆرانیی خۆش و ئاستبەرزی تێدا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە(هەبوو نەبوو، لە دەرگای وەستاوم زەنگم لێدا، تۆ گوڵ، ئەی شۆخەکەی، پێ مەکەنە، لێم ببوورە، بەڵام چی بکەم ئاخ..، بێ وەفا بووی.. و چەندانی دیکە)، زۆرێک لە گۆرانییەکانی تێکست و ئاوازی خۆیەتی، ئەو زۆر بە بە وردی و وشیارانە دەق و تێکستی گۆرانییەکانی هەڵبژاردووە، لەم بارەیەوە شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس دەڵێت:(زیاد ئەسعەد بە چاکی ئاگای لە کەلتووری گۆرانی کوردییە، ئاگای لە گۆرانیی کۆن و تازەی میللەتانی دەوروبەرە، تەنانەت هەناسەکانیان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، لە ڕووی هەڵبژاردنی ئەو تێکستە شیعرانەشەوە کە بۆ ئاوازەکانی هەلیان دەبژێرێت، تێکستەکان ڕوون و بێ گرێ و گۆرن و بە تەواوی لەگەڵ ئاوازەکانیدا دەگونجێن، ئەو هونەرمەندێکی تاسە شکێنە).

هونەرمەند زیاد ئەسعەد، لە ساڵی ١٩٩٤ چۆتە وڵاتی ئێران، ماوەیەک لەوێ وانەی ئاواز و چۆنییەتی(گۆرانیی وتن- أداء)ی خوێندووە و فێری زمانی فارسیش بووە، پاشان ڕووی لە وڵاتی ڕووسیا کردووە، ماوەیەکیش لەوێ ماوەتەوە و فێری زمانی ڕووسیش بووە، دواتر چۆتە وڵاتی(کەندا)



هونەرمەند زیاد ئەسعەد

ماوەیەکیش لەوێ زمانی ئینگلیزی خوێندووە و بە باشی فێری بووە، لەوێشەوە چووەتە وڵاتی(سوید) بۆ ماوەی(٣) ساڵ لە قوتابخانەی هونەری کەلتووری میوزیکی جیهانی خوێندوویەتی و چەند ئامێرێکی میوزیکیش فێر بووە.

ئەو کاتەی لە ڕووسیا بووە، ماوەیەک وانەی فێربوونی میوزیک و شێوەکانی کارکردن لە سەر ستایل و جۆرەکانی گۆرانی خوێندووە، لە وانە(کیبۆر و کلارنێت)، ئەو کاتەی لە کوردستان بووە زۆر بە باشی فێری ئامێری(شمشاڵ)یش بووە.


هونەرمەند زیاد ئەسعەد، لە ساڵی ١٩٩٨ ئەلبۆمێکی گۆرانی بە ناوی(نەمزانی) بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی ٢٠٠١ چەند گۆرانییەکی لە ڕێگای پڕۆگرامێکی کەناڵی ئاسمانیی(مێدتیڤی) بڵاوکردەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دوایین ئەلبۆمی خۆی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی(سکاڵا).

ئەو جگە لە گۆرانییەکانی خۆی کە(١٢٠) گۆرانی و مەقام و حەیرانن، ، زیاتر لە(١٣٠) ئاواز و دەق و هۆنراوەکانی لە لایەن چەندین گۆرانیبێژ کراونەتە گۆرانی.

لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٠ وا بڕیار بوو نوێترین ئەلبۆمی خۆی




هونەرمەند زیاد ئەسعەد




بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەم ئەلبۆمە بڵاونەکرایەوە.

هونەرمەند زیاد ئەسعەد، مرۆڤێکی کوردپەروەر بووە، هەر چەندە سەر بە هیچ کەس و لایەنێک نەبوو، بەڵام ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گۆرانی بۆ پێشمەرگە وتووە.

ئەو ئێستا لە وڵاتی سوید دەژییێت، ماوەیەکە هیچ بەرهەمێکی نوێی نەبووە، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢- Medtv، مێدتێڤێ. بەرنامەی شانەشین، لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار بەرزان شاسوار.

٣- Rudaw، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە پێشکەشکردنی میدیاکار شاهۆ ئەمین.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی زانیاری، وتارێکی نووسەر ڕێزدار ئەحمەد، لە ٩- ٤- ٢٠٢٢.

٥- - Youtube، فلمیکی دوکیومێنتاری، لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ڕاوچی حەسەن، لە ٢٥-٦-٢٠١٩.

٦ - زانیاری و نووسینی خۆم.




# جەلال دەباغ

نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێر و خەباتگێڕ جەلال دەباغ ...

نووسەر جەلال دەباغ لە ساڵی ١٩٣٩ لە خێزانێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵانی ١٩٥٩- ١٩٦٢ مامۆستا بووە لە گوندو شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی، دواتر ڕووی لە دەرەوەی وڵات کردووە، لە ساڵی ١٩٦٤ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە بوخاریستی پایتەختی ڕۆمانیا خوێندووە، هەمان زانستیشی لە ساڵی ١٩٧٦ لە مۆسکۆ خوێندووە.

نووسەر و وەرگێڕ جەلال دەباغ، مرۆڤیکی چەپ بووە، هەر زوو چۆتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقی، خەباتێکی زۆری بە نهێنی و ئاشکرا کردووە، بەشداری لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و نوێی گەلەکەمان کردووە، ساردی گەرمی و دەربەدەری و ئاوارەیی و سەختی ژیانی بینیوە، بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەمان و گەیشتن بە ئامانجەکانی، خەباتی سیاسیی ئەم نووسەرە، بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

نووسەر جەلال دەباغ لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی بە نووسینی ئەدەبی و



**نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس جەلال دەباغ**

سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەسەر کردنەوەی نووسەر و کەسایەتییە ناودار و شۆڕشگێڕانی کورد لە پیاو و ئافرەت کردووە، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان کردووە، زۆربەی نووسینەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەندێکیشی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، دیارترینییان ئەمانەن:

- دیکتاتۆری دیموکراتی میللی، ماوتسی تۆنگ، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی.
- هەندێ زانیاری مارکسی لینینی دەربارەی شۆڕش، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی، ساڵی ١٩٦٨.
- چیرۆکی تانیا، وەرگێڕان، ١٩٧٠.
- لێکۆڵینەوەکان بۆ سەد ساڵەی لە دایکبوونی لینین، وەرگێڕان، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر هۆگر گۆران، ساڵی ١٩٧٠.
- قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ ئامادەکردن و وەرگێڕان ١٩٧٢.

- دەربارەی کادیر دیمترۆڤ، وەرگێڕان، ساڵی١٩٧٣، پێنج جار چاپکراوەتەوە.
- ژیان و تێکۆشانی دیمترۆڤ، وەرگێڕان، ١٩٧٣.
- حیزبی مارکسی لینینی و دەورگێڕانی لە تێکۆشانی چینایەتی کارگەراندا، وەرگێڕان، ساڵی ١٩٦٨.
- کورتە باسێکی ماتیریالیزمی دیالیکتیک، وەرگێڕان، ١٩٧٠.
- لە دەفتەری گەشتێکی ڕێگای ژیانەوە، ١٩٧٨.
- ڕاپەڕینی کوردان ١٩٢٥ (ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید) پرۆفێسۆر م.ا. حەسرەتیان، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی ١٩٨٥.
- بیست و هەشت ئەستێرە لە ئاسمانی نەمریدا، ١٩٨٥.
- گۆرانی سەرکەوتن، شیعر چاپی یەکەم سوید ١٩٩٨.
- حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کوردستان، ١٩٩٠.
- دەربارەی شێوەی مارکس لە نووسینی سەرمایەدا بە عەرەبی، ئامادەکردن



**شاعیرو نووسەر جەلال دەباغ**




بەرهەمێکی نووسەر و وەرگێر و ڕۆژنامەنووس. جەلال دەباغ

- مارکس، کارڵ و ئەنگڵس، فریدریک، بەیاننامەی پارتی کۆمونیست (مانیفێست)، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپی یەکەم، ئەڵمانیا، ١٩٩٦، چاپی دووەم سلێمانی، ٢٠٠١، چاپی سێیەم سایتی کوردستان نێت، ٢٠٠٣.

نووسەر جەلال دەباغ، چەندین هەڵبەست و پارچە شیعری شاعیرانی تورک و عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە(نزار قەبانی، نازم حیمەت، نەوال سەعداوی و چەندانی دیکە).

وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیدکار و ئەندام لە ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییەکان، چەند ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە کە ئەمانەن:

- لە کۆنگرەکانی(یەک و دوو و سێیەم)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن و سکرتێر بووە.
- لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕرۆماننووسی گەورەی کورد(حسێن عارف) نوێنەری نووسەرانی کورد بووە، لە کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیا- ئەفریقیا، کە ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی کازاغستان بەستراوە.
- جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی(بیری نوێ- الفکر الجدید) و چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی پێشکەوتنخوازی دیکە بووە.
- سکرتێری نووسینی گۆڤاری(ڕێگای ئاشتی و سۆشیالیزم) بووە.
- (بێژەر- مذیع) و ئەندامی دەستەی نووسەران و لێپرسراوی بەشی کوردی بووە، لە ڕادیۆی نهێنیی(دەنگی گەلی عێراق)، کە لە(صوفیا) پایتەختی وڵاتی بولگاریا، ساڵی ١٩٦٧ پەخش دەکرا.

- ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.
- هەمیشە چالاکوانیش بووە، لە بواری داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بۆ یەکسانی بوونیان لەگەڵ پیاواندا.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس جەلال دەباغ هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکۆلۆپیدیای ئازاد.

٣ - Wikiwand.

٤ - فلمێکی دوکیومێنتاری لەATUtv، کە لایەن بەڕێز سەرکەوت دەباغ لە Youyube، بڵاوکراوەتەوە.


٥ - وێنە کۆنەکانی سلێمانی، وتارێکی نووسەر جەلال دەباغ، دەربارەی ژیانی(کەمال دەباغ)ی برای، لە ٣٠-٨-٢٠٢١.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ڕێگای کوردستان، لە ٤-٦ - ٢٠٢١.

٧ - ماڵپەڕی Watarkurd، لە ١٨-٤- ٢٠٢٠.

٨ - ماڵپەڕیAl-nnas.com، وتارێکی نووسەر جەلال دەباغ، لە ١٨-٩-٢٠١٣.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەمە فەریق حەسەن

(ژنە کوردێکی غەریبی قژ خورمایی، ئەم باڵندە وردیلەی وا بە ئاستەمێک بەسەر چڵەپۆپەیەوە دیارە، بێ ئەوەی تاوێک پڕۆڤە یان مەشقی دەنگی کردبێ، کەچی چەند زوڵاڵ و خۆڕسک دەیچریکاند). زمانێکی پاک و پاراوی کوردی....

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕەخنەگر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا حەمە فەریق حەسەن..



نووسەر حەمە فەریق حەسەن
بە مێردمنداڵی

ناوی تەواوی(محەمەد فەریق حەسەن)ە، بە حەمە فەریق حەسەن ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندی(قازانقایە)ی ناوچەی قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی ئایینپەروەر و ڕۆشنبیر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قەرەداغ و ناوەندی لە هەڵەبجە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە، وەکو مامۆستای سەرەتایی لە گوندی(باشتەپە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی دەشتی هەولێری جوان و ڕەنگین دەست بەکار بووە، زیاتر لە(٣٠) ساڵ مامۆستا بووە لە گوندەکانی دەشتی دزەیی



له لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، نووسەر حەمە فەریق حەسەن، نە ناسراوە، شاعیر و نووسەر جەوهەر کرمانج


هەولێر، لـە سـلێمانی و دەوروبـەری و دواتریـش نـاو شـاری سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٩٨ەوە لـە وڵاتـی دانیمـارک نیشـتەجێیە.

نووسـەر و چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس حەمـە فەریـق حەسـەن، لـە خێزانێکـی ئایینپـەروەر پـەروەردە کـراوە، بۆیـە پێـش ئـەوەی بچێتـە بـەر خوێندنـی سـەرەتایی قورئانـی پیرۆزی(ختـم) کـردووە، ئـەو سـەرەتا بـە خوێندنـەوەی کتێبە ئایینییەکانی وەکو(فتح القریب و قەڵای خەیبـەر) دەستی پێکـردووە و دواتـر ڕۆمانەکانـی نووسـەر(نجیب محفوظ و محمد عبدالحلیم عبداللـه) و چەندین شـاکاری عەرەبی و جیهانی وەرگێڕدراوی خوێندۆتـەوە، لـە کۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بە نووسـین و چیـرۆک و ڕۆمـان کـردووە، یەکەمیـن کۆمەڵـە چیرۆکـی بە ناوی(سـێبەری ئەسـپە شـێ) بـووە، کـە(٧) چیـرۆک لـە خۆدەگرێـت، یەکـەم چیرۆکـی بڵاوکراوەشـی (خاڵـە شاسـوار) بووە، لـە سـاڵی ١٩٧١ لە گۆڤاری(برایەتـی) بڵاوکراوەتـەوە، ئەوکات نووسـەر و هونەرمەنـد ڕەوانشـاد ڕەفیق چالاک بەرپرسـی بەشـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیریی بـووە لـە گۆڤارەکـە.

چیرۆکنـووس و وەرگێڕ و ڕەخنەگر حەمـە فەریق حەسـەن، زیاتر لە(٤٣) کتێبـی چـاپ کـردووە و بڵاوی کردوونەتـەوە، لە چیرۆک و چیرۆک بۆ منداڵان

و ڕۆمان و وەرگێڕان و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، هەمووی بە زمانێکی پاک و پاراوی کوردی نووسیوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- سێبەری ئەسپەشێ، کۆمەڵە چیرۆک، سلێمانی ١٩٧٨.
- ڕستێک زەنگیانەی ئاوی، کۆمەڵە چیرۆک، بەغداد، ١٩٧٩.
- پەریخان، کاتریناهۆڵم، چیرۆک، سوێد/ ١٩٩١.
- دووربین، چیرۆک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
- ملوانکەی ستیل، چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٤.
- شەوەکەی عەریف زباله، چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٦.
- ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت، چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٨.
- باپیرە کوردۆ، کۆچیرۆک، بۆ منداڵان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
- کۆتری شین و زەوی سپی، کۆچیرۆک، منداڵان، هەولێر، ٢٠٠٤.
- کۆتری شین و زەوی سپی، چیرۆک بۆ منداڵان، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥.
- هەنگەژاڵ، کۆچیرۆک، بۆ منداڵان، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥.
- سێ وێنە، یەک، چیرۆک بۆ منداڵان، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٧.
- ئەهای ئەهای بۆرەمار، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر، ٢٠٠٩. لێکۆڵینەوە



نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ حەمە فەریق حەسەن بە لاوێتی و لە کاتی خوێندنەوەی وتارێک

و توێژینـەوە:

- هونـەر و مەسـەلەکانی سـەردەم، یەکەمیـن کتێبـی کوردییـە دەربـارەی شـانۆی کـوردی کە(یەکێتیی هونەرمەندانـی کوردسـتان )، لـە شـاخ سـاڵی ١٩٨٥ بۆیـان لـە چاپـداوە.
- تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، هەولێر، ٢٠٠٥.
- هێمن و بۆنی غەریبی، توێژینەوە، هەولێر، ٢٠٠٨.
- مێنتەلیتیی خێڵ، لێکۆڵینەوە، هەولێر، ٢٠٠٨.
- دەسەڵاتی چوارەم، لێکۆڵینەوە، هەولێر، ١٩٩٨.
- دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن، توێژینەوە، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- لێشاوی دەنگۆ، توێژینەوە، هەولێر، ٢٠٠٩.
- زمانێکی نێرسالار، توێژینەوە، هەولێر، ٢٠١٠.
- کەسێ لازۆی دیبێ، ڕۆمان، هەولێر، ٢٠٠٤.
- دوژمنـی گـەل، شـانۆنامە، وەرگێـڕان، لـە نووسـینی نووسـەری نەرویجی(هێنریک ئیبسـن)،بەغداد، ١٩٨٦، ئـەم شـانۆنامە لەلایـەن قوتابیانـی هونـەرە جوانەکانـی سـلێمانی کراوەتـە شـانۆگەری کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد کەمـال ڕەئـوف هەنجیـرە بـووە لـە ٣-٥-١٩٨٦ لـە سـلێمانی نمایشـکراوە.
- سێ شانۆگەری، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٢ .
- دەرمانی عەشق، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦.
- دارگێلاس، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٤.






بەرهەمەکانی نووسەر حەمە فەریق حەسەن




**بەرهەمەکانی نووسەر حەمە فەریق حەسەن**

- پاپۆڕی فڕیو، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٤.
- کچە ئەستێرە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٤.
- گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- مەملەکەتی ماسی، (٣٧ حیکایەت و توێژینەوە) وەرگێڕان، سلێمانی، چاپی یەکەم ١٩٩٦.
- مین و ژیان، وەرگێڕان، سلێمانی، لەسەر ئەرکی یونسیف چاپ کراوە (پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەو ناوچانەی مینرێژکراون) ١٩٩٦.
- دارا و نەسرین، لە نووسینی عارف حیتۆ و حسن سلیڤانی، گۆڕینی بۆ شێوەزاری سۆرانی، محەمەد فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، بەسەرپەرشتیی ڕێکخراوی یونسیف لەچاپدراوە.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ حەمە فەریق حەسەن، ئەزموونێکی زۆری هەیە لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:


- لەساڵی ١٩٧٩- ١٩٨٣ سکرتێری کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە.
- لە ئاداری ساڵی ١٩٩١ بە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی هەڵبژێردراوە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ حیکایەتی بۆ یەکەمین فلیمی سینەمایی کوردی لە باشووری کورستان نووسیوە، بە ناوی(نێرگز بووکی کوردستان) کە

لـه دەرهێنانـی هونەرمەنـد جەعفـەر عەلـی بـووە.

سـەبارەت بـە نووسـەر و چیرۆکنـووس حەمـە فەریـق حەسـەن، شـاعیری گەورەی کورد نەمر شـێرکۆ بێکەس دەڵێت:(یەکێکە لە چیرۆکنووسـە باشـەکانی ئەمرۆمـان، ئـەوەی لـە یەکـەم پەرەگرافـی بەرهەمـی ئـەم چیرۆکنووسـەوە سـەرنجت ڕائەکێشـێ، بـێ گـرێ و گـۆڵـی زمانـە، ڕسـتەی کـورت و پـڕ دوورکەوتنەوەیـە لـە درێـژدادڕی. ئەمیش لەنێوان نووسـینی چیرۆکـی بەهێز و لاوازدا دێـت و ئەچـێ، لـە وەسـفی دەوروبـەر و دیمەنـە جۆربەجۆرەکانـدا چاوێکـی کامێرایـی پێوەیـە، ئەگەرچـی کۆمەڵـە چیرۆکـی «ڕسـتی زەنگیانـەی ئـاوی» دوای «ئەسپەشـێ» نووسـراون، بەڵام بـە لای منـەوە لە «ئەسپەشـێ» دا سـوارێکی لێهاتووتـرە. هەنـدێ جار کـە ئەیـەوێ تەکنیکـی تازە لـە چیرۆکێکدا بەکاربێنـێ، بەتایبەتـی هونـەری سـینەمایی، ئەوسـا زیـاد لـە پێویسـت بایـەخ بـە مەسـەلە شـکڵییەکان ئـەدا و سـەرەنجام ناوەڕۆکـی چیرۆکەکـە ئەئاڵۆزکێنـێ. بـە هەنگاوی گـەورەوە بـەرەو پێـش ئەچێـت. هەنـدێ چیرۆکـی ئـەم چیرۆکنووسـە لـە چیرۆکـە هـەرە جوانەکانـی ئـەم سـەردەمەمانن).

نووسـەر لێکۆڵـەر و چیرۆکنـووس حەمـە فەریـق حەسـەن ئێسـتا لـە وڵاتـی دانیمـارک دەژیـت و بەردەوامـە لـە نووسـین و چالاکییـە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکان لـەوێ و جاروباریـش لـە کوردسـتان، هـەر سـەرکەوتوو سـەرفراز بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Basnews، لە ٢٨-٩ - ٢٠٢١.
٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی پەڕە و تووێژ.
٣ - پەیجی جەمال عیرفان، لە ١٩ - ٥ - ٢٠٢١.
٤ - کوردیپیدیا.
٥ - ماڵپەڕی Khaktv، وتارێکی نووسەر دەوەن مەعروف لە ٣ - ٧-٢٠٢٠.
٦ - ماڵپەڕی فەیسبووکی پایزی خەیام، لە ٢١ - ٩ - ٢٠١٦.
٧ - ماڵـی کتێبـی کـوردی، نووسـەرانی کـورد لـە ڕوانگـەی شـاعیر شـێرکۆ بێکـەس، ئامادەکردنـی هەڤـاڵ کوێسـتانی.
٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەمە کەریم عارف

لە هەڵبەستێکدا بۆ ئەو، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**کەرکوکییەك**

**پڕ پڕ لە کوردستان و**

**لێوانلێو لە جیهان!**

**کەرکوکییەك**

**هەموو دنیا دێنێتە ناو پەیڤەوە و**

**پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان**

شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی گەورەی کورد، مامۆستا حەمە کەریم عارف...

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ حەمە کەریم عارف لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بە زمانی عەرەبی هەر لە کەرکووک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای زمانی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە کەریم عارف، مامۆستا حەمە عەلی مەعروف، نووسەر و ڕۆمانووس شیرزاد حەسەن**

لە سالّی ١٩٧٤-١٩٧٥ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، لە هەشتانی سەدەی ڕابردووش دیسان بۆ ماوەی(٩) سالّ بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بە هەموو هێز و توانای خۆی خەباتی کردووە، بە بێ ئەوەی سەر بە هیچ حیزب و لایەنێک بێت، ئەو تەنها خەباتی گەلی کوردی بە ڕەوا زانیوە، بۆیە خەباتی کردووە و بێ وچانیش خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی کردووە.

نووسەر حەمە کەریم عارف هەر لە لاوێتیدا حەز و خولیای چۆتە سەر زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی دەستی پێکردووە، چونکە زمانی عەرەبیشی زۆر باش بووە، شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکانیشی خوێندۆتەوە، پاشخانێکی ڕۆشنبیریی زۆر باش و پوختی پەیدا کردووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەتا دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆکنووسین کردووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە

پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) لە هەفتەنامەی (هاوکاری)ی ژمارە(١٧٠)ی ڕۆژی ٨-٣-١٩٧٣ بڵاوکردۆتەوە، ئیتر کەوتۆتە ناو دنیای شیعر و چیرۆک و ڕۆمان وەرگێڕانەوە، لەم بوارانەدا زیاتر لە(١٧٠) کتێبی چاپکردووە و بڵاوکردۆتەوە، بەشی زۆری بەرهەمەکانی بریتین لە وەرگێڕانی شاکارە عەرەبی و تورکی و فارسی وجهیانییە (وەرگێردراوەکان)ە ، لە بواری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و هونەری شانۆ و قوتابخانەکانی ئەدەب لە ڕۆمانسی و ڕیالیزمی و چەندین بابەتی هەمەجۆری دیکە، لەوانە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی هەر یەک لە(گوینتەر، چیخۆف، کازاتنزاکیس، قاسمۆف، هیرب میدیۆ، ئەلکساندەر فەدایەف، ئەلبێر کامۆ، هۆمیرۆس، مەکسیم گۆرگی، شکسبیر، مالرۆ، ڤان گۆک، جاک لەندەن، سەمەدی بیهرەنگی، عەزیز نەسین، ئەحمەد مەحمود، سابت ڕەحمان، مەهدی حوسێن، گەوهەر موراد، مەسعود ئەحمەدزادە، نەجیب مەحفوز و چەندانی دیکە)، هەموو ئەو بەرهەمانەشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە بەرهەمە چاکراوەکانییەتی:

- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩.
- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، چاپی سێیەم ٢٠٠٧.
- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨.
- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک، چاپی دووەم ٢٠٠٥.
- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گولان.
- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگیران چاپی یەکەم ١٩٨٧ لە شاخ.
- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم، لە شاخ، ١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥.
- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، لە شاخ ١٩٨٧ چاپی چوارەم ٢٠٠٩. وەشانخانەی سایە، سلێمانی.
- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧.


- شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
- هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان.
- بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦.
- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق.
- دووره ولات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان.
- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨.
- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر.
- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥.
- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦، نووسەرانی کەرکووک.
- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف، چ١، دەزگای موکریانی.
- چیرۆکستان، کۆمەڵێک دەق و ڕەخنەی جیهانی، چ١، ٢٠٠٥، نووسەرانی کەرکووک.
- دیدار و دەق و رەخنە، چ١، ٢٠٠٥.
- دیداری چیرۆکڤانی، چ١، ٢٠٠٥.














بەرهەمەکانی نووسەرو وەرگێڕ حەمە کەریم عارف




- ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ، چ١، ٢٠٠٨، نووسەرانی کەرکووک.
- میوان، چیرۆک، ئەلبێر کامۆ.
- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف، چاپی دووەم ٢٠٠٥.
- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، چ١، ١٩٨١.




- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤.
- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦.
- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، کریس کۆچرا، چاپی چوارەم ٢٠٠٧.
- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم ١٩٩٨.
- چینی کۆن، چ١، دەزگای موکریانی.
- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی.
- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە.
- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر.
- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ: ١٢).
- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە، کریستۆفەر مالرۆ.
- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی).
- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوکراوەی سایە، سلێمانی.
- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵا ئەلبوسێری.

- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
-فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای.
- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان.
- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان).
- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ ئەفسانە).
- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق) چاپی یەکەم ٢٠٠٨.
- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر.
- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١، دەزگای سەردەم ٢٠٠٩.
- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١ (٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی.
- چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١.
- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی رووس.
- چایکۆفسکی، ژیان و بەرهەمی.
- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی.
- گوگول، نووسەری ریالیست.
- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی.
- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.
- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.
- ڕاگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان.
- ڕاگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف، چ(١)، ٢٠٠٥.
- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

- مێـژووی ئەدەبیاتـی جیهـان (لـە سـەردەمی رینیسانسـەوە تـا ئێسـتا).چاپی یەکـەم ٢٠٠٨.
- مێـژووی ئەدەبیاتـی جیهـان (ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی زمـان- ئەمریـکاو ئینگلیسـتان لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا).چاپی یەکـەم ٢٠٠٨.
- ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا، سیروس پرهام، چ١، ٢٠٠٤، دەزگای سپیریێز.
- قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حسەینی، چ١، ٢٠٠٦، دەزگای موکریانی.
- مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی، سەعیدی نەفیسی.
- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ، لویس ریی، چ٢، ٢٠٠٦.
- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١ (٢٠٠٥)دەزگای موکریانی.
- گوزارشتی مۆسیقا، د. فواد زکریا، چ١، یانەی قەڵەم ٢٠٠٦.
- ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان.
- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦.
- دەربارەی شیعر و شاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٧.
- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆک، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨.
- مەرگـی نووسـەر و چەنـد باسـێکی دیکـەی ئەدەبـی- ڕۆشـنبیری، حەمـە کەریـم عـارف، چ١، ٢٠٠٥، نووسـەرانی کەرکـووک.
- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩.
- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم.
- پەلکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٤.
- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف.
- بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی.
- ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی.
- ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی.
- هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
- دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلز دیکنز.

- ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس.
- شازادە و گەدا، رۆمان، مارک توین.
- شاکارێن ئەدەبیاتی جیهان.
- وقفات فی رحاب الثقافة الكوردیة، حەمە کەریم عارف، بە زمانی عەرەبی.

نووسەر حەمە کەریم عارف ئەو کاتەی لە چیا بووە، بەشێک لە بەرهەمەکانی بە ژمارەیەکی کەم هەر لە شاخ لە چاپداوە، بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان ببێت.

نووسەر و وەرگێڕ حەمە کەریم عارف، سەرەڕای ئەو هەموو نووسینە، ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە، ئەو سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و سکرتێری نووسین و ئەندامی دەستەی نووسینی ژمارەیەک لە گۆڤار و بڵاوکراوە بووە، لەوانە:(گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە(٢٢٢)، گۆڤاری نەوشەفەق).

دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژوویی و فیکری و ڕەخنەیی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەندێکش لەم وتار و نووسینانەی بە ناوی خوازراوی(گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، بوار هەمەوەندی، هێژا، هامون زێباری و بازەوان عەبدولکەریم) لەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بڵاوکردۆتەوە لەوانە:(گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتوور ئاڵای ئازادی تا ژمارە (٢٢٢).

نووسەر و وەرگێڕ حەمە کەریم عارف هێشتا چالاکە و بەردەوامە لە ئامادەکردنی نووسینەکانی لە وەرگێڕان و بابەتی دیکە و چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان.

ئەو لە ساڵانی هەشتاکانەوە تا ٢٠-٨-٢٠١٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووکی کردووە، لە سەرەتای حەفتاکانیشەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە، لە بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشبیرییەکانی شاری کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان ئامادە دەبێت.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی گەورەی کورد حەمەکەریم عارف، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، سەبارەت بە شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ حەمە کەریم عارف لە هەڵبەستێکدا کە نووسیویەتی و لە گۆشەی هونەر و ئەدەب لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٦٤٣)ی ڕۆژی ٢٣-٧-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
حەمە کەریم عارف
پیاوێک لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و
گزنگی بەیان.
حەمە کەریم عارف
ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.
بە تەنها خۆم و پەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم،نە حەمە کەریم خۆی زانی و
نە ڕۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

به ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم ڕەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلێمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەری فەرمیی نووسەر و وەرگێڕ حەمە کەریم عارف.
٢ - کوردیپێدیا.
٣ - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ(گۆشەی ئەدەب و هونەر) ژمارە(٦٤٣) لە ٢٣-٧-٢٠٠٩.
٤ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەمە عەباس

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، حەمە عەباس...

ناوی تەواوی(محەمەد عەباس ڕەسوڵ)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە حەمە عەباس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی(گردعازەبان)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ماڵیان هاتۆتە ناو شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ئەو بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی سەرەتای ژیانی منداڵی و لاوێتی بە کار و کاسبی بەسەربردووە، لەبەر هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی و سەختیی ژیانی زۆر بینیوە، ئێستا خاوەنی کتێبخانەی نووسەرانە لە شاری هەولێر.

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ، حەمە عەباس هەر لە تەمەنی گەنجێتیدا حەز و ئارەزووی لە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی و هاوچەرخی کوردی و عەرەبی بووە، زۆریش لە شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکانی خوێندۆتەوە، بەمەش پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری زۆر باشی بۆ خۆی پەیداکردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بە شیعر و چیرۆکنووسین بۆ منداڵان و مێردمنداڵان کردووە، دواتر ڕووی لە وەرگێڕانیش کردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی



له لای ڕاستەوە: وەرگێڕ حەمە عەباس، شاعیر کەریم دەشتی، شاعیر ڕەوانشاد سەعدوڵڵا پەرۆش، بەڕێز هاشم عوسمان



له لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس و ڕۆمانووس عەبدوڵڵا سەڕاج، نووسەر حەمە عەباس



له لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ ئەحمەد تاقانە، نووسەر حەمە عەباس

بە زمانێکی کوردی شیرین و جوان و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- گۆرانی مەرگێکی مەزن، شیعر، ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی عێراقی لە شاخ، ساڵی ١٩٨٨.
- کەروێشکێک لە ناو مانگدا، چیرۆک بۆ مێرد منداڵان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، چاپی دووەم ٢٠١٣.
- ورچی ڕاونەکراو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی

زنجیرە کتێبی منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٧.

- سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، ساڵی ٢٠١٣.
- شوێنێک لە بەهەشت، چیرۆکی وەرگێڕدراو، دەزگای موکریان، ساڵی ٢٠١١.
- نووسین و ئەزموون، نۆ گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، وەرگێڕان، دەزگای موکریان، ساڵی ٢٠١١.
- درەختێکی بەخشندە، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی منداڵانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١١.
- بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتووبن، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپی دووەم ماڵی وەفایی ٢٠١٥.
- لەبەردەم جوانیدا، کۆمەڵێک وتاری وەرگێڕدراوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، ساڵی ٢٠١٣.
- دڵۆپ...دڵۆپ دەبمە شیعر، شیعر، بە کوردی، ٢٠١٤، ئەم کتێبە لە لایەن



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، نووسەر حەمە عەباس، نووسەر خاتوو ژاوێن شاڵی، بەڕێز بژار حەکیم**

نووسـەر و وەرگێڕ محەمـەد حوسـێن موهەندیس وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی، سـاڵی ٢٠١٦.

- دەفتەرەکانـی باخەڵـم، شـیعر، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای موکریـان، سـاڵی ٢٠١٨.
- بە چاوی خەون، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٢٢.
- شـەقام خۆیشـی نازانێ بۆ کوێ دەچێت، کۆمەڵـە شـیعری وەرگێڕدراوە، سـاڵی ٢٠٢٢.




سێ گردعازەبانی لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا حەمە ساڵح فەرهادی، نووسەر حەمە عەباس، دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: وەرگێڕ حەمە عەباس، خۆشنووس نەجات خەتات هەولێری



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە عەباس، نووسەر یوسف مەنتك



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ڕەوانشاد مهاباد قەرەداغی، خاتوو ژیان هەڵەبجەیی، نووسەر حەمە عەباس**

نووسەر حەمە عەباس، سەرەڕای ئەم بەرهەمانەی، لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی(٥٠) ئەڵقە بە زنجیرە لەژێر ناونیشانی(وردە گەڵای بەرهەتاو) کە بیرەوەری و بەسەرهاتی ڕۆژانی سەختی ژیانی منداڵی و لاوێتیی خۆی و برادەرە نزیکەکانی، ژیانی سەختی ناو شاخ و چەندین ماجەرای دیکە لە خۆدەگرێت.

لە ٣- ١٢-٢٠٢٢، نووسەر و ڕەخنەگری دیار و ناسراوی کورد بەڕێز ڕێبوار سیوەیلی تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵە شیعری(بە چاوی خەون) ی شاعیر و نووسەر حەمە عەباس تیایدا دەڵێت:(بە ئاشکرا دیارە ئەم شاعیرە کەسێکی بە ئەزموونە لەگەڵ وشە و زمان و داڕشتن. هیچ گرێیەکی دەروونی، هزری و زمانی لە دەقەکاندا نابینیتەوە و هەموو شتێک بە هەمان ڕیتم، هەمان موزیک و کورت و پووخت دێتە بەرچاوت. هیچ بیرۆکەیەک لەم کۆمەڵەیەدا نییە، ئاسان خۆی بەدەستەوە نەدات، بەڵام فێڵەکەش لەمەدایە: هیچ بیرۆکەیەک بەتەنیا لە ناو وشەکاندا خۆی بەیان و بەرجەستە ناکات، ئەگەر ناچارمان نەکات کەمێکیش بیری لێبکەینەوە.



**نووسەر حەمە عەباس و خێزان و منداڵەکانی**

هەمان جیاوازییە دێرینەکەی نێوان (سادەیی و ئاسانی) دووبارە بۆتەوە. حەمەعەباس ئاسان نانووسێت، بەڵام سادەنووسێکی بە ئەزموونە. سادەییش هەمیشە دوو ڕووی هەیە: سادەیی لە دەربڕین و قووڵی لە بیر و هزردا، پیرۆزبایی لە شاعیر و خوێنەری شیعر دەکەم، من خۆم چێژێکی زۆرم لێبینی، هەقە کاتێک بەرهەمێکی وا (دەبینین، بڵێین و بێدەنگ نەبین).

وا دوو پارچە شیعری شاعیر حەمە عەباس-تان بۆ دەنووسمەوە:

(١)

شەقام
بەدیار خۆیەوە راکشاوە
وەک مارێکی رەش
خەوێکی قووڵ بردبێتیەوە
هەموو ئێرەیی بە شەقام دەبەن
نە سەرمای دەبێ


نه گەرما
نه برسی دەبێ نە تینوو
دنیاش کاول بێ
ئەو خەوی خۆی هەر دەکات و
بێخەوان مەراقگیر دەکات.

(٢)
چرایەک بۆ کوژاندنەوە
چرایەک
وەک چراڕەشکەیەک
چەندی بمەوێ
نەتوانم
تۆزێک گەرووی تەڕکەمەوە
چرایەک
چرچەکانی نێوچەوان و










بەرهەمەکانی نووسەر حەمە عەباس

چەناگەم داپۆشێ
تاڵە سپییەکانی قژم رەشکاتەوە
ئەو چاوانەم لێڵتر بکات
کە ئەو کەسانەی پێدەبینم
خەون بە خرپەخرپی شکانە شەکاوەکانمەوە دەبینن
من شکانێکی لە گەورە
زۆر گەورەترم.

بۆ شاعیر و وەرگێڕ حەمە عەباس، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.


سەرچاوە:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر حەمە عەباس، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# یاسین قادر بەرزنجی

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و پسـپۆڕی بـواری زانسـتی کتێبخانـەکان، شـارەزای ئەدەبـی منـداڵان و وەرگێـڕ، هونەرمەنـدی ئەکتـەر و شـانۆنووس یاسـین قـادر بەرزنجـی ....

نـاوی تەواوی(یاسـین قـادر عەلـی بەرزنجی)یـە، لـە ١٠-١١- ١٩٥٦ لـە گەڕەکی(سـابوونکەران)ی شـاری سـلێمانی لـە خانەوادەیەکـی ئایینـی و کوردپەروەر و دیار و ناسراوی شاری سلێمانی و ناوچەکە لە دایک بووە، باوکی کەسایەتییەکی ناسراوی گوندی(بەرزنجە)یە، دایکیشی کچی ئەدیب و زانـای ئایینـی مـەلا مسـتەفا سـەفوەتی کوڕی حاجـی مـەلا ڕەسـوڵی دێلێژەیـە، ئەو لە باوەشی ئەو دوو کەسایەتییە پەروەردە و گۆشکراوە، لە تەمەنی(٤) سـاڵان دوو سـاڵ نێردراوەتـە باخچـەی سـاوایان لە شـاری سـلێمانی، خوێندنی سـەرەتایی لە قوتابخانەی(مەحوی)ی سـەرەتایی و ناوەندیشـی هـەر لە شـاری سـلێمانی تەواوکـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ چۆتـە بەغـدا بـە نیـازی خوێنـدن لـە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا، بـەڵام لـە هەمـان سـاڵدا سـەرکردایەتیی شـۆڕشـی کـورد لـە گـەڵ ڕژێمـی بەعـس نەگەیشـتنە ئەنجـام بـۆ جێبەجێکردنـی تـەواوی بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠، بۆیـە شـەڕ دەسـتی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی**

پێ کردەوە، بارو دۆخی قوتابیانی کورد و هەموو کورد لە بەغدا بەرەو خراپی ڕۆیشت، ئەو ساڵە هیچ قوتابییەکی کورد لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرنەگیرا، ئەویش بە دڵساردی و بە ناچاری دەگەڕێتەوە سلێمانی، بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ئامادەیی کشتوکاڵی(بەکرەجۆ) و تەواوی دەکات، پاش ساڵی ١٩٨٠ بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆتە فەرمانبەر لە کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی، دواتر بە پلەی(نووسەر- کاتب) گواستراوەتەوە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، نزیکەی (٤٠) ساڵ وەکو بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و (شارەزا- خبیر) بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ٢٠٠٤- ٢٠٠٨ درێژەی بە خوێندنی داوە لە بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە، هەر بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی تا ساڵی ٢٠١٩ خانەنشین کراوە.

نووسەر و هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە خوێندن و نووسین و هونەری کوردی، بە تایبەتی هونەری تەمسیل و نواندن کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ ئەو هێشتا قوتابیی ناوەندی و

ئامادەیی بووە، پەیوەندیی بە چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی سلێمانی کردووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمە هونەرییەکانی نووسینی شانۆگەریی(پیری کوردپەروەر)بووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند محەمەد عوسمان مستەفا بووە، خۆشی ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، دواتر لە ئۆپەرێتی(کۆتایی زۆردار) بەشداربووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند بەدیعە دارتاش بووە، ئەو هەر لە ساڵی ١٩٧٢ تا وەکو ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ تیپی شانۆی پێشڕەو- تیپی شانۆی سالار، وەکو ئەکتەر و ئامادەکردن و یاریدەدەری دەرهێنەر بەشداریی زیاتر لە(١٠٠) کاری هونەریی لە تەمسیلییە و شانۆ و زنجیرە درامای ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و فلیم و چالاکیی شانۆی شەقام کردووە، لەوانە(پیری کوردپەروەر، کۆتایی زۆردار، فایلی ٦٧، هەبوو نەبوو، کاوەی ئاسنگەر، چاوی ڤێتنام، من یەکێک نیم لە ئێوە، دۆستانی کتێب، خولە چەخماخە، مۆڵەت، خەج و سیامەند، ڕاپۆرت، ، چارەنووسی ئادەمیزاد،



هونەرمەند
یاسین قادر بەرزنجی




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم،
هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی




سەرەتا لە کۆتاییدایە، گەشتەکەی حەسەن، کێشەی چوون و نەچوون، دادگا، خەونەکانی یوسف، گۆڕستانێکی بێ گۆڕ، فلیمی نێرگز بووکی کوردستان، پردێک بۆ هەمیشەیی و دراماکانی، ژیلەمۆ، خەمی چۆلەکەکان، گەردەلوول- بەشی یەکەم، ڕەشەی پۆلیس، شەوچەرە، ڕۆژژمێری شارێک، ئارەزوو، بەختەباران و چەندانی دیکە).

دوا کاری هونەریشی لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣ بووە، ئەویش بەشداریی بووە لە زنجیرە درامای(باڵەخانە)، کە هێشتا نمایش و پەخش نەکراوە.

یاسین قادر بەرزنجی هەر هونەرمەندی شانۆ نییە، بەڵکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕێکی بە توانا و ئەزموونیشە، ئەو یەکەم نووسینی خۆی ساڵی ١٩٧٨ لە ڕۆژنامەی (العراق) پاشکۆی کوردییەکەی






**هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی لە دووکاری هونەریدا**




**هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی لە دوو کاری هونەریدا**

بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا (٣٦) کتێبی لە بوارەکانی شانۆ و ڕەخنەی شانۆیی و دراما و ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی منداڵان و زانیاریی کتێب و کتێبخانەکان و وەرگێڕان، هەمووشی بە زمانێکی کوردی پاک و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، نوێترینییان کتێبەکانی(فەرهەنگی شانۆ، یانزە تێکستی شانۆیی، ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ)یە، وا بەرگی هەندێکیانم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

هەروەها سەرقاڵی نووسینەوەی دوو کتێبە یەکەمیان دەربارەی ژیانی هونەری و ڕۆشنبیریی خۆی و دووەمیان وەرگێڕانی شاکارێکی شانۆیی جیهانییە، بە هیوایین بەم زووانە بکەونە بەر دیدو دەستی خوێنەرانەوە:




ئەو لە کاروانی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆی ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند ئاشتی عوسمان و چەند هونەرمەندێکی دیکە تیپێکی شانۆیان

لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ  پێکهێناوە، کە چەندین کاری هونەری ناوازەیان پێشکەش کردووە.

- ماوەیەک نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە، چەندین بەرهەمی خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە کە دواتر لە چەند کتێبێکدا چاپکراون.
- بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی کاری کردووە و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری نووسین بووە هەر لەم ڕۆژنامەیە.
- سەرنووسەری گۆڤاری هونەریی(شاکار)بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری(شانۆ) بووە.
- سەرنووسەری بڵاوکراوەی(ئاسۆی کتێبخانە) بووە.
- بەشداریی لە فیستیڤاڵی تێکستی شانۆیی و چەند فیستیڤاڵێکی شانۆی شەقام کردووە.



لە گەڵ خاتوو شانۆی کچی لەبەردەم پەیکەری عەمیدی ئەدەبی کوردی ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

- لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، ئەندامی تیپی شانۆی پێشڕەو بووە، بەشداریی لە زۆر لە کارە هونەرییەکانی ئەم تیپەش کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی سالار و بەڕێوەبەری هونەریی ئەم تیپەیە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردسستان و ئەندامی



یاسین قادر بەرزنجیی و هاوسەر و منداڵەکانی

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییە.

- لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ماوەی خولێک سەرۆکی نیقابەی هونەرمەندانی کوردستان- لقی سلێمانی بووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە کۆنفراس و فیستیڤاڵی هونەری و ڕۆشنبیری لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات کردووە.
- چەندین جار لە لایەن دەزگا هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و عێراق خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

هونەرمەند و نووسەر یاسین قادر بەرزنجی، لە ساڵی ١٩٨١ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(سوهەیلە) کردووە، خاوەنی دوو کوڕ و کچێکن بە ناوەکانی(ڕاستی، ڕەوەز، شانۆ) خوا تەمەن درێژیان بکات.

سەبارەت بە نووسەر و هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی، هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس ڕەخنەگری شانۆیی مامۆستا حەیدەر عەبدولڕەحمان لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی نووسیویەتی (منێک کە پەنجا ساڵم لە هاوڕێیەتیتان تێپەڕاند، باش تێگەیشتووم یاسین قادر بەرزنجی کێیە، چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی مرۆییەوە، ئەوە دەزانم کە بە درێژایی




بەرهەمەکانی یاسین قادر بەرزنجی

تەمەنت کەسێکی ماندوو و پڕ بەخشش و ڕاستەڕێ بوویت، ئەرشیفێکی پاک و تەمیزو بێ گرێت هەبوو، ئەوەندەت بەس بووە، کە لە کونجی کتێبخانەیەکی پڕ لە زانست و مەعریفە ساڵانێکی زۆری تەمەن بەسەر بەریت، بڕواش ناکەم هیچ شوێنێ لە دنیادا لەو شوێنە بەرزتر و ئاسوودەتر بوو بێت بۆ تۆیەکی عاشق بە کتێب و هونەر).

بۆ هونەرمەند و نووسەر یاسین قادر بەرزنجی، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی.

٢ - ماڵپەڕی نووسەر و هونەرمەند و میدیاکار حەیدەر عەبدولڕەحمان، لە ١٧-٣-٢٠٢٣.

٣ - ماڵپەڕیShare slaemane، لە ١٨-٩- ٢٠٢٢.

٤ - ماڵپەڕی NSE Midia، لە ٢٤-١-٢٠٢٣.

٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەمال ئامێدی

ئـەو دەڵێت:(ئـەز خەریجـی دەسـتی مامۆسـتا دڵشـاد محەمـەد سـەعیدم ...شـاگردی ئەویشـم).

مۆسـیقاژەنی دیـار و ناسـراوی کـورد، هونەرمەنـد مامۆسـتا جەمـال ئامێـدی....

نـاوی تەواوی(جەمـال محەمـەد ئەدیب)ە، بـە جەمـال ئامێدی ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە خێزانێکی ڕۆشـنبیر و هونەردۆسـت لـە شـارۆچکەی ئامێدیی سـەر بـە پارێزگای دهـۆک لـە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لـە ئامێدی و ناوەندی لـە شـاری دهـۆک تەواوکردووە، هـەر لـە منداڵییـەوە حـەز و خولیای لـە گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی بـووە، بـە تایبەتـی گۆرانییەکانـی محەمـەد عـارف جزیـری و حەسـەن جزیـری و تەحسـین تەهـا.

لـە سـاڵی ١٩٧٦، ئـەو هێشـتا تەمەنی(١١)سـاڵان بـووە باوکـی ئامێرێکـی گیتـاری هەوایـی لـە تورکیـا بـە دیـاری بـۆ هێنـاوە، لەسـەرەتا گیتـاری لێداوە دواتـر عـودی ژەنیـوە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٧٨ کـە هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەنی گـەورەی کـورد دڵشـاد محەمـەد سـەعید هاتۆتـەوە دهـۆک تیپـی مۆسـیقای دهۆکـی دامەزرانـدووە، ئەویـش خـۆی فێـری ژەنینـی کەمانجـە کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٨ بـۆ پێشخسـتنی تواناکانـی خـۆی، خولێکـی مۆسـیقای فێربوونـی





مۆسیقای لە بنکەی(لاوان) بینیوە، لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی لە یەکەم ئاهەنگی تیپی هونەری مۆسیقای دهۆک لە شاری(سەماوە) کردووە، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن وازی لە تیپەکە هێناوە، چەند خولێکی دیکەی فێربوونی ژەنینی کەمانجە و نۆتەی مۆسیقا و بەگوێگرتنیش لە مۆسیقا و گۆرانی کوردی خۆی فێرکردووە، ئەو دەرچووی هیچ پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان نییە، بەڵکو هونەرمەندێکی خۆرسکە و خۆی، خۆی پێگەیاندووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ هونەرمەندی مۆسیقاژەن دڵشاد محەمەد سەعید، پەیکەری تیپی مۆسیقای دهۆکی گۆڕیوە، حەزیشی لێ بووە مۆسیقاژەنی بە توانا بهێنێتە ناو تیپەکە، بۆیە داوای لە چەند کەمانجەژەنێک لەوانە (بەدرخان تەها، وەلید خالید، جەمال ئامێدی)کردووە، ئەو هەر لەسەر دەستی هونەرمەند دڵشاد سەعید مەشق و ڕاهێنانێکی زۆری کردووە، زۆر

خێرا بە شێوەیەکی زانستی فێری بنەماکانی ژەنینی کەمانجە بووە، دواتر چۆتە ڕیزی یەکەمی کەمانجەژەنەکان، جاروباریش کە هونەرمەند دڵشاد سەعید خۆی لەوێ نەبووە، داوای لە جەمال ئامێدی کردووە سەرکردایەتیی تیپەکە بکات، ئەو دەڵێت:(تا ئیستاش پەیوەندیی برایەتیم لەگەڵ مامۆستا دڵشاد ماوە، شاگردی ئەوم و خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم کە ڕێگای هونەری دروستی نیشاندام لە ژەنینی کەمانجە، ئەو ڕۆژە خۆشانە لە یاد ناکەم کە پێکەوە لەسەر دەمی تیپی مۆسیقای دهۆک بەسەرمان بردووە).

هونەرمەندی مۆسیقاژەن جەمال ئامێدی، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە شێوازێکی فەرمی مۆڵەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، تیپێکی مۆسیقای دامەزراندووە، بەشدارییان لە چەندین ئاهەنگ لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و دەیان فیستیڤاڵ لە کوردستان و بەغدا کردووە،







**هونەرمەند جەمال ئامێدی لە چەند کارێکی هونەریدا**

بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە، لەبەر بێ پارەیی و نەبوونی یارمەتیی دارایی چالاکییەکانی ئەم تیپیە ڕاوەستاوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ گۆرانیی(چەلا لبەر چەلار) بە مەوالی(دلی پڕ برین) بۆ خانمە هونەرمەند گوڵبەهار تۆمارکردووە.

ئەو لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ تیپی مۆسیقای دهۆک، بەشداریی لە تۆمارکردنی سەدان گۆرانی بۆ هونەرمەندانی هەموو کوردستان کردووە، لەوانە بۆ هونەرمەندان (گوڵبەهار، تەحسین تەها، عەبدوڵلا زێڕین، ئەیاز زاخۆیی، ئەردەوان زاخۆیی، شاکر ئاکرەیی و چەندانی دیکە).

چەندین ئەلبۆمی مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە، کە تێیدا سروشتی جوانی کوردستانی بە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی ئاوێتە کردووە، زیاتریش بایەخی بە مۆسیقای ڕەسەن و کەلتووری و فۆلکلۆری کوردی داوە.

هونەرمەند جەمال ئامێدی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا هونەرییەکان بۆ کراوە.

ئێستا لە شاری دهۆک دەژیت و بەردەوام لە پێشکەشکردنی خزمەتی هونەری و ئامۆژگاریکردنی لاوان و گەنجانە بۆ پاراستنی مۆسیقای رەسەنی کوردی، هەرسەرکەوتوو و سەلامەت بێت.


سەرچاوەکان:

١- Waar midia tv، فلمێکی دوکیومێنتاری.


٢- Kurd art، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٣ - کوردیپیێدیا.

٤- AvA entertainmentفلمێکی دوکیومێنتاری لە ١١-٣-٢٠٢١.

٥ - ماڵپەڕی گوڵان میدیا، دیمانەیەکی نووسەر و میدیاکار جەمال بەرواری لەگەڵ هونەرمەندی مۆسیقاژەن جەمال ئامێدی، ١١-٢-٢٠١٩.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەسعەد عەدۆ

ئەو دەڵێت: فۆلکلۆر واتە کورد...کوردیش واتە فۆلکلۆر.


زۆر کەس بە کێخوای فۆلکلۆر دەیناسێنن، نووسەر و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس، پسپۆری بواری لاوک و حەیران و فۆلکلۆری کوردی، مامۆستا ئەسعەد عەدۆ...

ناوی تەواوی(ئەسعەد عەدۆ ڕەسوڵ بندیان)ە، لە ناو ئەدیب و ڕۆشنبیران بە ئەسعەد عەدۆ ناسراوە، لە ١-٧-١٩٥٥ لە گوندی(قورشاغلۆ)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و تا پۆلی شەشەمی وێژەیی لە شاری هەولێر خوێندووە، لە ٢٧-١١- ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە، ماوەی(٧) مانگ لە ئۆردوگای(نەلیوان و ڕەبەت) نزیک شاری شنۆ و سەردەشت ماوەتەوە.

لە ٥-١٠-١٩٧٥ گەڕاوەتەوە عێراق، لەلایەن حکومەتی ئەوسای ڕژێمی بەعس، ڕەوانەی شارۆچکەی(گرمە بني سعد) لە نزیک شاری ناسریە لە باشووری عێراق کراوە، دواتر گەڕاوەتەوە هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٥ ڕووی لە وڵاتی هۆڵەندا کردووە، ماوەی(١٠) ساڵ وەکو پەنابەر لەوێ ژیاوە، چەندین بەرهەم و چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی هەبووە، لە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی، شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو، نووسەر ئەسعەد عەدۆ، لە پیرمام ساڵی ١٩٩٢**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مەحمود زامدار، نووسەر ئەسعەد عەدۆ، لە یادی حەیرانبێژ حەسەن حەیران، هەولێر، ساڵی ١٩٨٩**



**نووسەر ئەسعەد عەدۆ**

١١-٨- ٢٠٠٥ بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان ئێستا لە شاری هەولێر دەژیت.

دەستپێکی نووسینەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار ئەسعەد عەدۆ، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی پێشمەرگە بووە، کورتە چیرۆکێکی بە ناونیشانی(یادی ڕۆژانی ماکۆک) لە گۆڤاری(لاوان و قوتابیان) لە چۆمان بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چۆتە ناو دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەری و کاری میدیایی، کۆکردنەوە و نووسینەوەی فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردی، سەرەڕای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لاوک و حەیران و بابەتی هەمەجۆری

دیکە، لەم بوارانەدا تا ساڵی ٢٠١٧، (١٧) کتێبی بە زمانی کوردیی ڕەسەن و پاک و پاراو نووسیوە و هەمووشی لە چاپکردوون بڵاوکردوونەتەوە، ئەمانە هەندێکیانن:

- پێناسەی بەشێکی شاعیرانی کورد، ١٩٨٠.
- بەیتی ئایشە گوڵ، ١٩٨٣.
- لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد، ١٩٨٤.
- لاوک.. حەیران.. هۆنراوەی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ١٩٨٧.
- بەرئاگردان، ١٩٩٣.
- کاتێ لوولەی تفەنگ دەبێتە قەڵەم، ١٩٩٥.
- ئەوانەی تەنیا بۆ کورد و کوردستان ژیاون، ١٩٩٥.
- لاوک و حەیران، لێکۆڵینەوە، ١٩٩٧.
- شۆڕشی گوڵان، ١٩٩٩، لە(هۆڵەندا) نووسیویەتی.




**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامدار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق جامباز، نووسەر مەولود بێخاڵی، دکتۆر عومەر پەتی، نووسەر ئەسعەد عەدۆ، بەڕێز داود شڕۆلی، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: نووسەر سەعدوڵڵا شێخانی، شاعیر و نووسەر خالید جوتیار، ڕۆژنامەنووس پیرداود مەخمموری، عەزیز حەریری، هەولێر ساڵی ١٩٨٩**

- خۆزگەو شتی تر، ١٩٩٩ لە(هۆڵەندا) نووسیویەتی.
- بیرەوەری تاڵ و سوێری نامۆیم، ٢٠٠٠، لە(هۆڵەندا) نووسیویەتی.
- لە کەلەپوورەوە، ٢٠٠٠، لە( هۆڵەندا)نووسیویەتی.
- گەشتێک بە نێو تەمەنی شەستساڵیمدا، ٢٠١٦.

چەند بەرهەمەمێکی دیکەش.

ئەسعەد عەدۆ، هەر نووسەر و شارەزا و پسپۆری بواری فۆلکلۆر و لاوک و حەیران نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بە تواناشە، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا ئێستاش بەردەوامە و ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩٠ وەکو پەیامنێری گۆڤاری(کاروان) ی سەر بە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر دەست بەکار بووە، دواتر بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی لێژنەی فۆلکلۆر.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گۆشەی فۆلکلۆری ئامادەکردووە لە بەرنامەی(گۆڤاری هونەر)کە هونەرمەندان سەعدون یونس و زاهیر عەبدوڵڵا لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەشیان دەکرد.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەسعەد عەدۆ، هێمن موکریانی شاعیر، لە٢٣-١ - ١٩٧٩ بەغدا**





لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شڤان پەروەر، نووسەر ئەسعەد عەدۆ،
لە ٢٤-٣-١٩٩٦ لە ڕۆتردام، وڵاتی هۆڵەندا

- لە ساڵی ١٩٨٧ گۆشەیەکی تایبەتی لە(کاروانی وەرزش) هەبووە.
- لە ١٣-٥-١٩٨٧ەوە، زیاتر لە(٨٣) ئەلقەی بەرنامەی(لە کەلەپوورەوە)ی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک ئامادە و پێشکەش کردووە، کە تێیدا دیمانە و چاوپێکەوتن و میوانداریێتیی زیاتر لە(٥٤) هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و گۆرانیبێژی کوردی کردووە، بینەر و هەوادارانی زۆری هەبووە، لە ماوەی پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە (١٤٤٤٣) نامەی بۆ هاتووە، هەمووشی لە ئەرشیفی خۆی هەڵگرتوە.
- ئەو وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بەشداریی بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان کردووە و دەکات.
- ئەو خودی خۆشی دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و ئاهەنگی تایبەتی لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی وڵاتی هۆڵەندا و ئەڵمانیا، گیڕاوە.
- لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە، بە ناوی(نسکۆ) چەندین زنجیرە نووسینی لە ڕۆژنامەی برایەتی نووسیوە.










بەرهەمەکانی نووسەر ئەسعەد عەدۆ

- لە ١-٣-١٩٩٢ تا شوباتی ١٩٩٣ بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندنی(پ.د.ک) بووە لە هەولێر.
- لە ٤-١-٢٠٠٦ەوە، بووەتە ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر.
- دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان کردووە.

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار ئەسعەد عەدۆ، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیێدیا.
٢ - فلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی زاگرۆس، بەرنامەی ئەزموون، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی هونەرمەند و میدیاکار ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان.
٣ - ماڵپەڕی گۆڤاری چرپە، لە ٢٦-٣-٢٠٢١.
٤ - ماڵپەڕی دەزگای وشە، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە١٩٩٣.
٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر هاوژین سلێوە

یەکەم(کریستیان- مەسیحی)یە، لە سەر ئاستی هەموو کوردستان، بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، مامۆستای زانکۆ و شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ، ڕەخنەگر و لیکۆڵەر، دکتۆر هاوژین سلێوە...

ناوی تەواوی(هاوژین سلێوە عیسا کەریم )ە، لە ١-٥-١٩٧٩ لە گوندی(هەرمۆتە)ی نزیک شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە خێزانێکی کریستیانی هەژار و نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە گوندەکەی خۆیان خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە، ئەو زۆر حەزی لە زمانی کوردی بووە، بۆیە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی کوردی لە شاری کۆیە تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٤ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماجستێری لە زمان و ئەدەبی کوردی لەهەمان زانکۆ بەدەستهێناوە، ناونیشانی نامەی ماجستێرەکەی(بنیاتنانی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شاعیر شێرکۆ بێکەسدا) بووە، لە ساڵی ٢٠١٢ ، بڕوانامەی دکتۆرای هەر لە زمان و ئەدەبی کوردی و هەر لەهەمان زانکۆی کۆیە وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا) بووە، وەکو مامۆستای زمان و ئەدەب و ڕەخنەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر مەولود ئیبراهیم، دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، دکتۆر هاوژین سڵێوە**

کوردی بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە کۆلێژی پەروەردی زانکۆی کۆیە، لە ساڵی ٢٠١٧ پلەی زانستیی(یاریدەدەری پرۆفیسۆری) پێ بەخشراوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، ئێستاش مامۆستا ڕەخنەی ئەدەبییە لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ و بەردەوامیشە لە خزمەتکردن.

دکتۆر هاوژین سڵێوە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و سریانی بە باشی دەزانێت، لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک، چیرۆک و شیعر بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان و وەرگێڕان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیران، زیاتر لە(٣٠) کتێبی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- لە پاییزەوە بۆ بەهار، شیعر، چاپخانەی بێریڤان، هەولێر، ٢٠٠٧.
- وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩.
- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٢.
- مۆسیقای نامۆیی، شیعر، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.

- ڕەهەنـدی دەروونـی لـە شـیعری لەتیـف هەڵمەتـدا، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣.
- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنـەی ئەدەبی، چاپخانـەی حاجی هاشـم، هەولێر، ٢٠١٣.
- مێـژووی هەرمۆتـە، توێژینەوەیەکـی مێژوویـی لەبـارەی مەسـیحییەکانی کۆیـە، هەرمۆتـە، چاپخانـەی زانـا، سـلێمانی،٢٠١٣.
- هەڵبژاردەیـەک لـە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکـەس، وەرگێڕانـی لـە کوردییـەوە بۆ زمانـی سریانی، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
- هێمـا ئایینـی و ڕۆشـنبیرییەکان، نووسـەر(سـەبری ئەلمەقدەسـی)، لـە عەرەبییـەوە، دەلال سـلێوە، پێداچوونـەوە و داڕشـتنەوەی دکتـۆر هاوژیـن سـلێوە، ٢٠١٥.
- پاییزی نیگەرانی، شیعر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
- ئیرۆتیـک لەشـیعری (حەمـام)ی شـێرکۆ بێکەسـدا، بـە هاوبەشـی لەگـەڵ دکتـۆر دەریـا حەوێـزی، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٥.
- کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند باکووری، دکتۆر هاوژین سلێوە**

- جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، بە هاوبەشی لەگەڵ(فازیل شەوڕۆ)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧.
- موسیقى الاغتراب، شعر، المؤلف: هاوژین صليوه، ترجمة: محترم محمد، مطبعة هاوار، دهوك ، ٢٠١٨.
- ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی- لە شاری کۆیە(شیعر بە نموونە)، بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا شادان شکر، ٢٠١٨.
- تابلۆی پەپوولان، شیعر بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٩.
- توتییەکی ژیر، چیرۆک بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٩.
- ڕەخنەی پراکتیکی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.
- دایک لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونییە، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.
- ئاگردانێک بەقەد نیشتیمان، ژیاننامەی فاروق شەهید عەلی مەولوود،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس، دکتۆر هاوژین سلێوە**




**دکتۆر هاوژین سڵێوە لەسەر گڵکۆی عەونیی شاعیر**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر هاوژین سڵێوە، شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس**




**دکتۆر هاوژین سڵێوە بە جلی کوردی**

(یاداشتە ڕۆمان)، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) دایانڕشتۆتەوە و کردوویانە بە بابەتێکی ئەدەبی، ٢٠٢٠.

- دیوانی شێواو، توێژینەوە و ئامادەکردن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٠.
- بنچینەیەک بۆفێربوونی زمانی فارسی،٢٠٢٠ .
- خەونی فەرمانبەرێک - چیرۆک ، ٢٠٢٠.

- زایەڵـەی فلوتـە ئەویندارەکـەی سـەرداری بـاب سـەردار، لەگـەڵ م. فازیـل شـەوڕۆ و دکتـۆر هێمـن عبدالحمید، ئامادەیـان کـردووە،٢٠٢٠.
- چیرۆکەکانـی حەسـەنۆک، بەرگـی(١ـ ٢)، نووسـینی محەمـەد ڕەزا یوسـفی، وەرگێڕانـی لـە فارسییەوە بۆ کـوردی، ٢٠٢١.
- حەزم لە مۆسیقایە، شیعری منداڵانی تەمەن (٣ بۆ ٥)ساڵان، ٢٠٢١.
- بەچکە چۆلەکە، چیرۆکی منداڵانی(٣ بۆ ٥) ساڵان، ٢٠٢١.
- کۆبەرهەمـی قـادر بەشـدار، شـیعر و پەخشـان،(٢ بـەرگ) کۆکردنـەوە و ئامادەکـردن و پێداچـووە، بـە هاوبەشـی لەگـەڵ: دکتـۆر کەیفـی ئەحمـەد و دکتـۆر دەریـا حەوێـزی، چاپخانـەی حەمـدی، ٢٠٢٢.
- دیـداری ئەدەبـی منـداڵان، چەنـد توێژینەوەیەکـی ئەدەبـی و ڕەخنەیـی، کۆمەڵـێ نووسـەر، لـە بڵاوکـراوەی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لقـی سـلێمانی، چاپخانـەی بینایـی، ٢٠٢٢.




**بەرهەمەکانی دکتۆر هاوژین سلێوە**

- ئـەدەب و هونـەری منـداڵان، دیمانـەو ئامادەکردنـی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر ڕۆسـتەم خامـۆش، ٢٠٢٢.

شـیعرێکی منداڵانـی بـە ناوی(زمانـی کـوردی) لـە لایـەن هونەرمەنـد سـەفین عەبدولـڕەزاق ئـاوازی بـۆ دانـدراوە، خاتـوو لاس سـەنگار بـە دەنگـە خۆشـەکەی وتوویەتـی.

- کۆمەڵـە شـیعری مۆسـیقای نامـۆ، شـاعیر محتـەرەم محەمـەد وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی، بـە ناوی(موسـیقى الاغتـراب).

دکتـۆر هاوژین سـلێوە، لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری و کاری ڕێکخراوەیـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری چەندین چالاکـی دیکـە نوانـدووە و دەنوێنێت، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(هەنگاوی نوێ) بووە.
- جێگری بەڕیوەبەری نووسینی گۆڤاری(زانکۆی کۆیە)یە.
- یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(شارەوان)ی بووە.
- بەڕیوەبەری نووسینی گۆڤاری(کەلتووری کوردی) بووە.
- جێگری سەرۆکی گۆڤاری(کەکۆن) بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ڕۆشنبیری لاوان) بووە.
- ئەندامی سەنتەری(مەلای گەورە)یە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی گەلاوێژی پێبەخشراوە.
- لـە سـاڵی ٢٠١٢ خەڵاتـی(لاوی سـاڵ)ی لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان بەدەسـتهێناوە.
- لـە سـاڵی ٢٠١٦ بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر فـازل شـەوڕۆ، بـە توێژینەوەیەکیـان بـە نـاو نیشـانی(جگەرە لـە جیهانبینیـی شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا) بەشـداریان لـە فیسـتیڤاڵی گەلاوێـژ کـردووە، خەڵاتـی یەکەمیـان بەدەسـتهێناوە.
- وەکـو ئەنـدام و سەرپەرشـتیاری دەیـان نامـەی ماجسـتێر و دکتـۆرای قوتابیانـی زانکـۆی کۆیـە و زانکۆکانـی دیکـەی کوردسـتان بەشـدار بـووە و دەبێـت.

- له بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان ئامادە بووە و دەبێت.
- لە ٢٠-١٢-٢٠٢٢، ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کۆیە، دیدارێکی ئەدەبییان بۆ دکتۆر هاوژین سلێوە ڕێکخسووە، بە ناونیشانی(مێژووی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی لە نێوان زمانی کوردی و سریانی).

بۆ دکتۆر هاوژین سلێوە هەر سەرکەتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك ژیاننامەی دکتۆر هاوژین سلێوە، بەڕێز دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - کوردیپێدیا.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر کەیفی ئەحمەد

مامۆستای زانکۆ و هونەمەندی ئەکتەر و شانۆ و سیناریست و دەرهێنەر، ڕەخنەگر و لیکۆڵەر و توێژەر دکتۆر کەیفی ئەحمەد...

ناوی تەواوی(کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر)ە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(سەردۆڵ)ی سەر بە ناحیەی بێتواتەی قەزای ڕانیەی پارێزگای سلێمانی لە خانەوادەیەکی هونەردۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(باواجی)ی کۆیە و تەواوی کردووە، خوێندنی ناوەندیشی هەر لە شاری کۆیە تەواکردووە، لە ساڵی ١٩٩١ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە شاری هەولێر بە پلەی دووەم لەسەر هاوپۆلەکانی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی(گۆمەتاڵ)، لە ساڵی ١٩٩٩ گواستراوەتەوە ناو شاری کۆیەو لە قوتابخانەی دڵداری سەرەتایی بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٨ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەی کوڕان، لە ساڵی ٢٠٠٩ گواستراوەتەوە زانکۆی کۆیە، هەر لە هەمان ساڵدا لە خوێندنی



وەرگرتنی بڕوانامەی ڕێزلێنان، لە ڕاستەوە: نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی، نەناسراون

باڵا(ماجستێر) وەرگیراوە، لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١١ ی‌ڕوانامەی ماجستێری بە پلەی زۆر باش بەدەستهێناوە، وەکو مامۆستا لە بەشی زمانی کوردیی کۆلیژی پەروەردەی هەمان زانکۆ دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠١٢ ناساوی زانستی(مامۆستای یاریدەدەر)ی وەرگرتوە، لە ٨- ١٢-٢٠١٤ پلەی زانستی( مامۆستا)ی پێ بەخشراوە، ڕۆژێک پاشتر لە خوێندنی باڵای دکتۆرا وەرگیراوە و لە ٨-١٢- ٢٠١٦ ی‌ڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، لە ٢١- ١- ٢٠١٩ ناسناوی زانستیی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ی وەرگرتووە.

دکتۆر کەیفی ئەحمەد، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە هونەرو ئەدەب و زمانی کوردی بووە، ئەو سەرەتای ژیانی خۆی بە هونەری شانۆ وەکو ئەکتەر دەستپێکردووە، دواتر بە تەواوی چۆتە ناو دنیای هونەری شانۆ و دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنی و کورتە فلیمی سینەمایی و سیناریۆ نووسین و دەرهێنان، پاش وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆراش لە زمانی کوردی، دەستی بە نووسین لە بوارەکانی شانۆ و مێژوو و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و پوختی لە(١٠) کتێب و(١٤) لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی نووسیوەوچاپی کردوون و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- ڕیالیزم لە شانۆی کوردی، ٢٠١٣.
- شانۆ و شانۆی منداڵان، ٢٠١٨.
- پێکهاتەی ڕەوتی شانۆی شەقام، ٢٠١٩.
- هونەری شانۆ لە شاری کۆیە(١٩٨٠-٢٠١٨)، ٢٠١٨.
- بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، ٢٠١٩.
- شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە(٢٠١٩-٢٠٢١)، ٢٠٢١.
- قادر بەشدار لە دیدی ڕووناکبیراندا، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر دەریا جەمال حەوێزی و دکتۆر هاوژین سلێوە، ٢٠٢١.
- کۆبەرهەمی قادر بەشدار(شیعر و پەخشان) بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر دەریا جەمال حەوێزی و دکتۆر هاوژین سلێوە، ٢٠٢٢.
- ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، ٢٠٢٢.
- تیۆری کۆمیدیا و فەلسەفەی پێکەنین، وەرگێڕان، ٢٠٢٢.

ئەو لێکۆڵینەوە و وتارە ئەکادیمییانەی کە لە گۆڤاری زانکۆکانی کوردستان و گۆڤارەکانی دیکەدا بڵاوکردۆتەوە:



نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی لە کاری هونەریدا

- مێژووی شانۆی کۆیە(١٩٨٠-٢٠٠٧) گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٣٠ی ساڵی ٢٠١٣.
- بنیاتی وەسف لە ڕۆمانی(هێلانە)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١٥) ی ساڵی ٢٠١٥.
- ڕۆڵی تەکنیکی(خەون و فەنتازیا) لە بنیاتی داستانی فۆلکلۆری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٤٣)ی ساڵی ٢٠١٧.
- ڕەنگدانەوەی کەلتووری کوردی لە ڕۆمانی(گیانی من هاتییەوە)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠١٨.
- بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆری کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٦.
- مێژووی هونەری شانۆ لە شاری کۆیە، گۆڤارێکی تایبەت بە ڕەوشی شارستانییەت لە شاری کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(١٨) ساڵی ٢٠١٨.
- کاریگەریی شانۆی داستانی لەسەر شانۆی کوردی(برنۆلد برێخت) بە نموونە، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ژیلوان تاهیر، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٩.



**نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی لە کاری هونەریدا**





لەکاتی ڕێزلێنان، لە ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی

- ڕەنگدانەوەی باوکسالاری لە داستانی(سەیدەواندا)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٢) ی ساڵی ٢٠٢٠.
- کاریگەریی شانۆی شەقام لە بزاڤی شانۆی کوردیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ژیلوان تاهیر، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە(٥) ساڵی ٢٠٢١.
- ڕەنگدانەوەی کەلتوور و فۆلکلۆر لە شانۆی کوردیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، گۆڤاری قەڵای زانست، کە زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی دەریدەکرد.
- ئیستاتیکا لە شیعری(چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتیمە)ی هەردی دا، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
- دەقی شانۆی ژنان لە ناو شانۆی کوردیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز خاتوو هاوناز حەمید، گۆڤاری قەڵای زانست.
- دینامیکییەتی جەستە و جووڵەی ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا، بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز خاتوو جوان بەهائەدین، گۆڤاری قەڵای زانست.

- Crisis theater scenes & convenient method of treatmen، ٢٠١٣.

دکتۆر کەیفی ئەحمەد، لە بواری هونەریشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێکهێنان و دامەزراندنی تیپیە شانۆگەرییەکانی کۆیە و هەولێر، وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر و سیناریست و ئەم ڕۆلانەشی بینیوە:

- لە ساڵی ١٩٨١ەوە، پەیوەندیی بە تیپی شانۆی حاجی قادری کۆیی کردووە و بەشداری لە هەموو کارە هونەرییەکانی ئەو تیپە کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، بۆتە ئەندام لە تیپی شانۆی باواجی کۆیە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هەندێ لە هونەرمەندان تیپی شانۆی(بەڵێن)یان لە هەولێر دامەزراندووە، وەکو دەستەی بەڕێوەبردن و ئەکتەر بەشداریی لە هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو تیپە کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ دیسان لەگەڵ هەندێ لە هونەرمەندان تیپی شانۆی(هیمن) یان دامەزراندووە و بەشداریی لە کارە هونەرییەکانی ئەو تیپەش کردووە.
- لە ١٠-١- ١٩٩١ەوە، لەگەڵ هونەرمەندانی شاری کۆیە تیپی شانۆی(کۆیە) یان دامەزراندووە و تا ئێستاش ئەندامە لە دەستەی بەڕێوەبردن و بەشداریشی لە بەشی زۆری بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو تیپەش کردووە.
- لەگەڵ کۆمەڵێک تیپی شانۆی دیکەش کاریکردووە لەوانە:(تیپی شانۆی ڕۆشنبیری، تیپی شانۆی زانکۆ، تیپی شانۆی میللی).




**بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی ئەحمەد**










**بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەند دکتۆر کەیفی**

- شانۆگەریی (هەڵۆکان گەڕانەوە، ئافرەت و خەبات)ی نووسیوە.
- وەکو دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییانەش کاری کردووە(سەرکەوتن لە ڕاستیدایە، بڕیاری دادگا، وێنەیەک لە ناخی فەلەستین، مۆنۆدرامای ڕاپۆرتی مانگانە، خاکی یەزدان، درامای سزای یاسا، درامای گوێدرێژ و هاوڕێکانی و فاڵچی).
- وەکو یاریدەدەری دەرهێنەریش لە(١٣) کاری هونەری کاری کردووە.
- وەکو ئەکتەریش لە(٥٦) شانۆگەری و(٩) درامای تەلەفزیۆنی و(١٠) زنجیرە تەلەفزیۆنی و(٦) کورتە فلیمی سینەمایی بەشدار بووە.
- سیناریۆی بۆ ئەم کارە هونەرییانەش نووسیوە:(درامای لەوێ پێت دەڵێم، زنجیرە تەلەفزیۆنی حاجی تورە، هەیاس و سوڵتان، هەگبەی دەروێش، ملیۆنێر، ڕاپۆرتی مانگانە).
- (٣٠) ئەڵقەی بەرنامەی گەشتی تەلەفزیۆن و(٢٩) ئەڵقەی بەرنامەی هەگبەی کامیرا لەگەڵ هونەرمەند فەرەیدون حەمەدەمین ئامادە و پێشکەش کردووە.
- وەک بەڕێوەبەری شانۆ و بەڕێوەبەری بەرهەم لە(٣٠) کاری هونەری بەشدار بووە.
- دەیان وتاری شانۆیی و ڕەخنەیی و بابەتی ئەدەبی و هونەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(پاشکۆی هەفتەنامەی ڕەخنە و چاودێر، کوردستانی نوێ، خەبات، هەولێر، رامان، کەگۆن، شاکار، کەلتووری کوردی، گێڕانەوە، ڕۆشنبیریی کلدان و بڵاوکراوەی

نوگرەســەلمان).

- لـە سـالّی ١٩٨٩ خەلاّتـی باشـترین ئەکتـەری ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی پـێ بەخشـراوە.
- لە سـالّی ٢٠١٨ خەلاّتی باشـترین دووەم ئەکتەری لە فیسـتیڤالّی نێودەولّەتی شـانۆی شـەقام لە بەغدا وەرگرتوە.
- هـەر لـە سالّی ٢٠١٨، خەلاّتـی (دادوەری- حکام)ی لـە فیسـتیڤالّی سـێیەمی شـانۆی شـەقام لە(سـەقز) وەرگرتـوە.
- بەشـداریی دەیـان کـۆڕو کۆبوونـەوە و کۆنفرانـس و فیسـتیڤالّی نـاوەوە و نێـو دەولّەتـی کـردووە، لەوانە(فیسـتیڤالّی چـوارەم و پێنجەمـی شـانۆی شـەقام لـە بەغدا، شـانۆی شـەقام لـە مەریوان، شـانۆی شـەقام لـە سـەقز، شـانۆی شـەقامی لاهیجان، شـانۆی شـەقام لـە تەورێز، شـانۆی شـەقام لـە تونـس، فیسـتیڤالّی بووکەلّـە لـە ئەسـکەندرییەی ولاّتـی میسـر).
- لـە سـالّی ١٩٩٢ەوە، تـا وەکـو ئێسـتاش ئەندامـی یەکێتیـی هونەرمەندانـی کوردسـتانە، وەک ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبردنـی لـە کۆیـە و بەشـداریش بـووە لـە هەمـوو چالاکییەکانـی ئـەم ڕێکخـراوە هونەرییـە.
- ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی گۆڤاری گێڕانەوەیە.
- ئەندامی ڕێکخەری گۆڤاری(الفن في مواجهة الإرهاب و التطرف)ە.

بـۆ نووسـەر و هونەرمەند دکتـۆر کەیفی ئەحمـەد هـەر سـەرکەوتوو بیت لـە کارە ئەدەبـی و هونەرییەکانـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئـەدەب و هونـەری کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەك ژیاننامـەی دکتـۆر کەیفـی ئەحمـەد، دکتـۆر عەبدولواحیـد ئیدریـس، لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## بێری شەلماشی

ئەو دەڵێت:(من دەمێکە عاشقی هەولێر و قەڵای هەولێرم)، کچە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستا و نووسەر و فلیمساز(سینەماکار) و سیناریست و دەرهێنەر، خاتوو بێری شەلماشی....

هونەرمەند بێری شەلماشی لە ٢٩-١١-١٩٨٣ لە پاریسی پایتەختی وڵاتی فەرەنسا لە باوک و دایکێکی پێشمەرگە لە دایک بووە، ئەو تەنیا تەمەنی(١) مانگ بووە لەگەڵ دایک و باوکی گەڕاوەتەوە ناو شاخەکانی کوردستان دەوروبەری (کێلەشین) بوونەتە پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٨٦ تەمەنی (٣) ساڵان بووە، گەڕاونەتەوە ئەورووپا و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێبوونە.

سینەماکار و دەرهێنەر، بێری شەلماشی هەموو خوێندنەکانی بنچینەیی بە پێی سیستەمی هۆڵەندی خوێندووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی (بەکالۆریۆس- Bechler)ی لە بەشی سینەما و دەرهێنان و نووسین لە ئەکادیمیای هونەری لە ئەمستردام وەرگرتووە، هەر لەهەمان ساڵدا بڕوانامەی ماجستێریشی لە هەمان پسپۆڕی لە (قوتابخانەی باڵا-Hoogeschool) لە شاری ئوترێخت) بەدەستهێناوە، لە هاوینی هەمان ساڵ چۆتە کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا و دوو خولی خوێندنی دەربارەی پسپۆڕییەکەی خۆی خوێندووە،



بێڕی شەلماشی خەڵاتی کامیرای زیوینیی پێبەخشراوە

ماوەیەکیش لە لۆس ئەنجلۆس و قاهیرە ژیاوە.

نووسەر و هونەرمەند بێری شەلماشی لە ساڵی ٢٠١٢ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان وەکو مامۆستا لە کۆلێژی هونەری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەست بەکاربووە، پاش دەستپێکردنی شەڕی داعش لە ساڵی ٢٠١٥ گەڕاوەتەوە هۆڵندا و بەردەوام بووە لە کاری هونەری سینەما، چەندین فلیمی کورت و درێژ و دوکیومێنتاری بە تەنیا و بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە بەرهەم هێناوە، هەندێکیان لە پێشبڕکێکانی ئەوروپا و ئەمریکا و کەندا و شاریقە، خەڵاتییان وەرگرتووە، لە هۆڵەنداش خەڵاتی(کامیرای زیوینی)ی پێ بەخشراوە، ئەمانە هەندێک لە بەرهەمە هونەرییەکانییەتی:

- فلیمی(هاوارێک لەسەر بانەکانەوە)، چیرۆکی ئەڤینداری نێوان کچ و کوڕێکی کوردە، کە ئامادەن بۆ بەیەکگەیشتن قوربانی بە هەموو شتێک بدەن، ئەکتەر(ئیسماعیل زاگرۆس) کوڕە کوردێکی وڵاتی ئەڵمانیایە ڕۆڵی(فەرهاد) ی بینیوە، خانمە ئەکتەری تورکیش(گونجا کاراسو) دەوری(شیرین) بینیوە،

لە کۆتاییدا شیرین قوربانی بە عیشق و خۆشەویستی دەدات لە پێناو خاک و نیشتمانەکەی، دیمەنەکانی ئەم فلیمە لە گەڕەکە کۆنەکانی ناو شاری هەولێر گیراوە، بەم فلیمەی بەشداری لە فیستیڤاڵی(الشارقة)ی وڵاتی ئیمارات کردووە و خەڵاتی وەرگرتووە، بینەرانییش زۆر سەرسام بوونە بە(کوچە وکۆلانەکانی گەڕەکی عارەبان)ی هەولێر.

– لەگەڵ ستافێکی هونەری سینەمایی لە هۆڵەندا(٥) فلیمی دوکیومێنتاری بەرهەمهێناوە، لەسەر ئەو گەنجە کوردانەی کە ڕەگەزنامەی(جنسیة)ی



بێری شەلماشی لە تەمەنی(٣-٤) مانگی لە ئامێزی باوکی لە کاتی پێشمەرگایەتی



بێری شەلماشی و باوکی لە ماڵەکەی خۆیان لە(چادرێك- خیوەتێك) لە شاخەکانی کوردستان





هونەرمەند خاتوو بێری شەلماشی

هۆڵەندییان هەیە و بە یەکجاری گەڕاونەتەوە کوردستان، ئەم فلیمە بە حەلقە لە کەناڵێکی هۆڵەندی پەخشکراوە.

- فلیمی(چوار دەروازە).

- بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی هۆڵەندی Sanne Vogels ، فلیمی(ماما)یان بەرهەمهێناوە، کە لە ساڵی ٢٠١٠ کاندینکراوە بۆ خەڵاتی(العجل الذهبي).

- فلیمی(گەورە دێ)، کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی و دایک و باوکییەتی لە ماوەی پێشمەرگایەتییان، بەشێکیش لە مێژووی خەباتی حزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم فلیمە لە هۆڵەندا خەڵاتی(کامیرەی زیوین)ی وەرگرتووە، لەگەڵ خەڵاتێکی(نقدي- پارە) کە(٥) هەزار دۆلاری ئەمەریکی بووە، کاندیدیش بووە بۆ خەڵاتی(Prix Europe).

- بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند(ویلیەم کابتن) سیناریۆیان بۆ کتێبی(بیت المسجد- ماڵی مزگەوت)ی نووسەری هۆڵەندی بە ڕەگەز ئێرانی(قادر عەبدوڵڵا) نووسیوە.

چەندین بەرهەمی هونەریی دیکەشی هەیە.

سەبارەت بەو دوو ساڵەی کە مامۆستای بووە لە کۆلێژی هونەری



**هونەرمەند خاتوو پێری شەلماشی**



هونەرمەند بێری شەلماشی لە ئامێزی دایکی لە کاتی پێشمەرگایەتی

زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت:(دیارە ئەو کۆلێژەی کە دوو ساڵ تێیدا مامۆستا بووم، بەو سیستەمە جیهانییە نەبوو کە لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێت.... هێشتا لە گرنگیی سینەما تێنەگەیشتوون..ئێستاکەش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لەم زانکۆیە بەسەرم بردووە، هەست بە ئازار و ناڕەحەتی دەکەم، بە هەموو شێوەیەک کۆلێژی هونەری فەرامۆش کراوە).

ئەو ئەم چالاکییانەشی هەبووە و هەیە:

- خانمە سینەماکار بێری شەلماشی، وەکو ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی چالاک بە بەردەوامی وتاری هونەری و ڕەخنەیی بە زمانی هۆڵەندی لە گەورەترین ڕۆژنامەی هۆڵەندی(ڕۆژنامەی گەل- جریدة الشعب- De Volkskrant) دەنووسێت.

- زۆر ڕەخنەی لە خاتوو(هیلاری کلینتۆن و کچەکەی) گرتووە و گلەیی لێ کردووە، ئەو کاتەی خەریکی بەرهەمهێنانی زنجیرە فلیمی(کچانی کۆبانی)بوونە، ئەو بە کارێکی باشی دەزانێت، بەڵام دەڵێت:(دەبوایە یەکێک لە فلیمسازانی کوردی بانگهێشت بکرایە بۆ ئەم کارە هونەرییە، چونکە

کورد باشتر لە کەلتوور و داب و نەریتی ژن و کچانی کوردانی ڕۆژئاوا دەزانن).

- ئەو سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای Avanti، کە سەکۆیەکی پێشەنگە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان.

- ماوەیەک وانەبێژ بووە لە پەیمانگای(ساندبرج) لە ئەمستردام.

- ئەو لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خۆی بەردەوامە لە نووسین و تیشک خستنە سەر بەرهەمە هونەرییەکانی هۆڵەندی و جیهانی.

بۆ خانمە نووسەر و فلیمساز و دەرهێنەر، بێری شەلماشی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت، بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری جوان و سوودبەخش بۆ میللەتی کوردی ستەملێکراومان.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپەڕی ڕووداو، وتارێکی نووسەر هیوا سەلاح، لە ٣٠-٧-٢٠١٥.

٢ - ماڵپەڕی ڕووداو، وتارێکی نووسەر ئەڤین سەلاح، لە ٢٥-٥-٢٠١٤.

٣ - ماڵپەڕی پەیامی کورد، وتارێک بە ناو نیشانی(کچێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵاتی کامیرەی زیویینی بردەوە).

٤ - ماڵپەڕی گوڵان- هونەر، لە ١- ٣- ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(گیارەنگ)، لە ٢٣-٩-٢٠١٥.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(ئەوژین)، لە ٦-٢-٢٠٢١.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# چەتۆ نەورۆز

هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر، ئامادەکار و دابەشکردنی مۆسیقا، مامۆستا چەتۆ نەورۆز..

ناوی تەواوی(چەتۆ سالّح نەورۆز)ە، بە چەتۆ نەورۆز ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦١ لە شارە جوان و مێژووییەکەی ڕواندز لە خانەوادەیەکی هونەر دۆست لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە ڕواندز تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ وەرگیراوە، ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی مۆسیقا و ئامێری(کەمانجە) بە پلەی یەکەم لەسەر هاوپۆلەکانی بەدەستهێناوە.

هونەرمەند چەتۆ نەورۆز، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە مۆسیقا بووە، هێشتا قوتابی سەرەتایی بووە لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە ڕەوانشاد زرار محەمەد مستەفا لە قوتابخانەی (پاشای گەورە) فێری گۆرانی و سرووودی نیشتمانی بووە، یەکەمین چالاکیشی لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ تیپی مۆسیقای (پاشای گەورە) ئەنجامداوە.

لە ساڵی ١٩٨٧، لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، وەک سەرپەرشتیکار و ئامادەکار و دابەشکردنی مۆسیقا و ژەنینی کەمانجە لەگەڵ کەمانجەژەنانی دیکە، یەکەمین بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە، ئاواز و مۆسیقای بۆ چەندین



**تیپی مۆسیقای پاشای گەورە**

گۆرانیبێژانی کوردستان داناوە لەوانە (ناسری ڕەزازی، شڤان پەروەر، نەجمەدین غولامی، بەکر لەزگی، هاوتا ئەسعەد، وەلی حەسەن و چەندانی دیکە)، بەشی زۆری بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە خۆی ئامادە و دابەشکردنی مۆسیقای بۆ کردووە، لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئامادەکردنی گۆرانی و سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بۆ هونەرمەندان شڤان پەروەر و ناسری ڕەزازی.

هونەرمەند چەتۆ نەورۆز لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە بەڕێوەبەری هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە ڕاوێژکاری هونەری هەر لەو وەزارەتە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، خانشینکراوە.

ئەو یەکێکە بووە لە دامەزرێنەرانی(ئۆرکسترای کوردستان) لە شاری هەولێر، ساڵی ١٩٩٧.

زیاتر لە(٢٥)ساڵە کاری ڕابەڕایەتیی مۆسیقا وەکو مایسترۆ دەکات، چەندین خولی هونەری لە بواری مایسترۆ بینیوە.

لەساڵی ٢٠١٣ چەندین سروودی بۆ پێشمەرگەی کوردستان داناوە وەکو هاندان و بەرزکردنەوەی ورەیان لەشەڕی دژ بە تیرۆرستان.

لە ساڵی ٢٠١٤ لە زانکۆی هونەری لە وڵاتی جۆرجیا بڕوانامەی کارکردنی وەک مایسترۆ بەدەستهێناوە.

ئەو لاوکی(چەخارم) کە لاوکێکی زۆر باوە لە هەموو کوردستان بەشێوەی ئۆرکسترالی بۆ هونەرمەند بورهان خۆشناو ئامادەکردووە، کە تێکستەکەی لەلایەن بورهان خۆشناو و شاعیری ڕەوانشاد خالید جوتیار نووسراوە، کاری دیزایینەکەشی هونەرمەند مەحمود خۆشناو کردوویەتی.

هونەرمەند چەتۆ نەورۆز، لە ساڵی ٢٠١١ لە کۆنگرەی دووەمی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان وەک سکرتێری گشتیی سەندیکاکە هەڵبژێردراوە،



هونەرمەند چەتۆ نەورۆز





هونەرمەند چەتۆ نەورۆز

تاوەکو ئێستاش کاری هونەرمەندان ئەنجامدەدات و بەردەوامیشە لە کارە هونەرییەکانی لەگەڵ ئۆرکسترای کوردستان.

بۆ هونەرمەند چەتۆ نەورۆز هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقا و ئاوازی ڕەسەنی کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی هونەرمەند چەتۆ نەورۆز، هاوڕێی دێرینم هونەرمەندی دەرهێنەر بەکر مەعروف بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی دیاری کورد، مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل..

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (حەفتەغار) لە دەوروبەری داقوق لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەم هەر لەو گوندە تەواوکردووە، بۆ تەواوکردنی پۆلی شەشەم چۆتە(داقوق) لەوێ تەواوی کردووە، خوێندنی ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە کەلار و شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و تکریت و دهۆک تا خانەنشین بوونی.

نووسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ئەو کاتەی قوتابیی پۆلەکانی ناوەندی بووە، لەژێر کاریگەریی هەر یەک لە ڕەوانشادان(دکتۆر مارف خەزنەدار و جەمال نەبەز)، ئەم دوو ئەدیب و نووسەرەی کورد دەورێکی زۆریان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی کوردایەتی و چەسپاندنیی لە شاری کەرکووک، هانی قوتابییانی کوردیان داوە بۆ خوێندنەوە و کڕینی ڕۆژنامەی(ژین) لە دوکانەکەی(عومەر بێکەس) و ئامۆژگاریان کردوون بۆ کڕینی کتێبی کوردی لە کتێبخانەی(عەسری- العصري)، کە ئەو کات پڕی



چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل

بوون لە داستان و ئەفسانە و هەندێ نامیلکەی دیکەی کوردی.

ئەو بە خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان دەستی پێکردووە، سەرەتای چوونە ناو دنیای ئەدەبیشی بە ڕۆژنامەنووسی دەستپێکردووە، دواتر دەستی بە چیرۆک نووسین کردووە، لە سالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو یەکەم بەرهەمی خۆی کە کۆمەڵە چیرۆکێک بووە بە ناوی(دارەکەی بەر ماڵمان)، یەکێ لە چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامەی(برایەتی) بڵاوکردۆتەوە، ئەو کات ڕەوانشاد ڕەفیق چالاک لەوێ بووە، پێی باش بووە و هانی داوە بەردەوام بێت لە چیرۆکنووسین، دواتریش چیرۆکی(ئەسپ)ی بڵاوکردۆتەوە کە سەرنجی خوێنەرانی کوردی ڕاکێشاوە.

چیرۆکنووس و وەرگێڕ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل (٤٨) کتێبی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە (٨) کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمانێک لە نووسینی خۆیەتی، ئەوانی دیکەش بریتین لە وەرگێڕانی چەند شاکارێکی ڕۆماننووسەکانی عەرەب و تورک، هەموو ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی

وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی پەیوەندن بە مێژووی ڕوودانی و ئەو زوڵم و زۆرداری و دەردەسەری و نەهامەتییەی بەسەر میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هاتووە، نووسەرەکانی ئەو ڕۆمانانەش دۆستی کورد بووینە و بەرگرییان لە کورد کردووە، ئەمانە هەندێک لە بەرهەمەکانی نووسەرە.

- دارەکەی بەرماڵمان، کۆمەڵە چیرۆک.
- ئەسپ، کۆمەڵە چیرۆک.
- چاوەڕوانی، کۆمەڵە چیرۆک.
- فڕینەکان. کۆمەڵە چیرۆک.
- ڕۆمانی بەهاری ڕەش، ساڵی ١٩٨٨، نووسیویەتی و نەیتوانیوە چاپی بکات، لە ساڵی ٢٠٠١ لە چاپدراوە، کە باسی ئەنفال دەکات لە باشووری کوردستان، ئەم ڕۆمانەی نووسەر ئەحمەد ئیسماعیل وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی.



**لە ڕاستەوە محێدین زەنگەنە، محەممەدی مەلا کەریم، ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل، تاهیر ساڵح سەعید**



لەلای ڕاستەوە : نووسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، نەناسراوە

- ئەمە لە دەرسیم ڕوویدا، لە دەمی قوربانییەکانەوە، وەرگێڕان لە تورکییەوە.
- باڵندەکانیش کۆچیان کرد، کۆمەڵە ڕۆمانێکی بچووکی نووسەری تورکی(یەشار کەمال)ە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە تورکییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- مارەکەیان بکوشتایە، ڕۆمان، وەرگێڕان لە تورکییەوە.
- سێوە سەوزەکان، خوێن نادوێت، ژیان خۆشە هاوڕێ، سێ ڕۆمانی شاعیر و ڕۆماننووسی تورک نازم حیکمەتن، وەرگێڕان لە تورکییەوە.
- وەرزەکانی هەکاری، ڕۆمانی نووسەری تورکی فەرید ئەدگۆ، ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە(١٠) زمانی بیانی، لە ئەڵمانیا کراوەتە فلمێکی سینەمایی کە خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.
- دەریا تۆرا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە تورکییەوە.
- چیرۆکنووسە سریالییە عێراقییەکان.
- کێشەی کورد، لە نووسینی م.س. لازاریف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

- کچانی لالش، پەرییەکانی چیا، ڕۆمانەکانی نووسەری عەرەبی بەدر ئەلسالم، وەرگێڕان.

چەندین کتێبی وەرگێڕانی دیکەش.

ئەو لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەریش ئەم ڕۆڵانەی هەبووە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(بەیان) بووە.
- دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو نووسەر لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی کاری کردووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تورکمانی(بارکی) بووە.
- ماوەیەک لەگەڵ هەر یەک لەشاعیر و ڕۆژنامەنووسان(سەباح ڕەنجدەر و دڵشاد عەبدوڵڵا ) ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ئایندە) بووە.

شاعیر ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس دەربارەی چیرۆکنووس ئەحمەد




بەرهەمەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

محەمەد ئیسماعیل دەڵێت:(چیرۆکنووسێکی واقیعیی دوور لە تەجریدە، چیرۆکەکانی ئەو ساڵانەی دوایی گەرمیی گەرمیانیان تێدایە و بۆنی ژیانی خەڵکی ئەو مەڵبەندەی کوردستانیان لێدێت، ئازار و ئاواتی مرۆڤی دەورووبەری چیرۆکنووس لە خەمەکانی نووسەر خۆی لە پێشترن. کۆمەڵە چیرۆکی «ئەسپ» هەنگاوێکی بەرەوپێشی ئەم چیرۆکنووسە بوو، دوورە لە درێژەدادڕی، بەڵام هەناسەی کەموکورتە، ئەمیش بۆتە هۆی ئەوەی بە نیوە ناچڵ هەندێ بزووتنەوەی دیمەن و ڕووداو بەجێ بێڵێ. زوو ماندوو ئەبێ. زمانی زۆر سفت و ڕەوان نییە. بەڵام جار دوای جار هەست ئەکەیت تاقیکردنەوەکانی کامڵتر ئەبن).

نووسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، پاش ململانێ لەگەڵ نەخۆشی ڕۆژی ٢٠٢٣/٤/٢٦ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، ڕۆحی شادو ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵــی کتێبــی کــوردی، نووســەرانی کــورد لــە ڕونگــەی شــاعیر شــێرکۆ بێکــەس، لــە ئامادەکردنــی نووســەر هەڤــاڵ کوێســتانی.


٢- k٢٤، فیلمێکــی دوکیومێنتــاری، بەرنامــەی فەرهەنگــە سەرســپییەکان، ئامادەکــردن و دەرهێنانــی ئــارام لالــۆ، لــە ٢١-٨- ٢٠٢١.

٣ - تەلەفزیۆنی کەرکووك، بەرنامەی گەوهەرەکان.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی چاودێر، لە هاوینی ٢٠٢٢.

٥ - کتێبی(أعــلام الکــرد)، نووســەر جەمــال بابــان، چاپــی دووەم، دەزگای ئــاراس ســاڵی ٢٠١٢، لاپــەڕە(٦٩).

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەزیز شارۆخی

**دڵ نەخۆشی دەردی هیجران گیانی گیانانم وەرە**

**ئای گیانی گیانانم وەرە**

**لەت لەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە**

**ئای ماهی تابانم وەرە.**

دەقی پارچە شیعرێکی شاعیر تاهیر بەگی جافە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەزیز شارۆخی کردوویەتییە گۆرانی، گۆرانیبێژی ئاواز و ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردی، عەزیز شارۆخی...




هونەرمەند عەزیز شارۆخی
به مندالی

هونەرمەند عەزیز شارۆخی لە ساڵی ١٩٤٢ لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر، لە باوکێکی خەڵکی پشدەر و دایکێکی خەڵکی شەمدینانی باکووری کوردستان، لە شاری مهاباد لە دایک بووە، وەکو زانراوە باوک و برایەکی گۆرانی و قەتارە ڕەسەنەکانی کوردیان وتووەتەوە، ئەو هەر لە لاوێتیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هونەرمەندانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لەوانە:(سەید



لەلای ڕاستەوە: نووسەرو شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی، هونەرمەند عەزیز شارۆخ


عەلی ئەسغەر، حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ، حەمە ساڵح دیلان، تایەر تۆفیق، کاوێس ئاغا) کە ئاسۆیەکی فراوانیان لەبەردەم کردۆتەوە.

عەزیز شارۆخی یەکەمین جار لە ڕادیۆی مهاباد گۆرانی تۆمارکردووە، تا ساڵی ٢٠٠٦ زیاتر لە(٧٠) گۆرانی تۆمارکردووە، لە چەندین شاری ڕۆژهەڵات و باشوور و باکووری کوردستان و(٧) وڵاتی دیکە ئاهەنگ و کۆنسێرتی پێشکەش کردووە، ئەو سەرەڕای گۆرانی و ئاواز لە بواری لاوک و حەیران و مەقامە کوردییەکانی وەکو(ئەڵڵاوەیسی و شیرین بەهارە و هیوای ژیان بەیتگەلی وەک ئازیزە پاییزە و لاوکی گەنج خەلیل)ی بە شێوەیەکی ناوازە لەگەڵ شمشاڵی قالەمەڕەدا تۆمارکردووە، لە گۆرانییە دیارەکانی هونەرمەند عەزیز شارۆخی:(مناڵەکان چۆن دەتوانم لە بیرتان کەم، ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەی تازە، دەردی هیجران، کیژۆڵەی چاو ڕەش، دەڕۆم دەڕۆم، بریندارم دەناڵم، لادە لادە، بۆ چی ناپرسی حاڵم، تۆ دەریامی، نایە نایە، زەمانە، من بێزارم، ئەلبۆمی سکالا و چەندانی دیکە).

هونەرمەند عەزیز شارۆخی لە پاش ساڵی ٢٠٠٦ تووشی نەخۆشیی دڵ بووە، ماوەیەک لە گۆرانیی وتن دوور کەوتۆتەوە، لەم ساڵانەی

دواییدا لە شاری سەردەشت یەکەم کۆنسێرت و ئەلبۆمی(سکالا)ی دوای نەخۆشکەوتنی بڵاوکردۆتەوە، بەمەش هاتۆتەوە ناو دنیای مۆسیقا و ئاوازی کوردی و وتوویەتی:(لەبەر ئەوەی ماوەیەک کۆنسێرت و گۆرانیم نەبووە، پێم خۆشبوو چالاکییەکم هەبێت، بۆ ئەوەی لەو بار و دۆخە دەروونییە خراپە دووربکەومەوە).


ئەو سەرەڕای گۆرانیی وتن دوو کتێبیشی لە چاپداون و و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:



**لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند عەزیز شارۆخی**



**هونەرمەند عەزیز شارۆخی**



**هونەرمەند عەزیز شارۆخی لەگەڵ تیپێکی مۆسیقادا**



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند عەزیز شارۆخی، نەناسراوە، هونەرمەند محەمەدی ماملێ




- چیرۆک و بەیتی کوردی، ئامادەکردن و کۆکردنەوە.
- تۆ دەریامی، بەسەرهات و گۆرانی.


هونەرمەند عەزیز شارۆخ دیارە لە شوێنێکدا گلەیی و گازاندەی خۆی دەربڕیوە و وتوویەتی:(بە ئاگا بێن زیاتر قەدری هونەرمەندانتان بگرن).

سەبارەت بە هونەرمەند عەزیز شارۆخی زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگران

لەسەر بەرهەمەکانی و خودی خۆیان نووسیوە، لەوانە نووسەر سۆران محەمەد غەریب کە باسی دەنگە بە سۆز و خۆشەکەی مامۆستا عەزیز شارۆخی دەکات لە کاتی وتنی گۆرانیی بۆچی ناپرسی حالّم.

لەم ماوەی دواییدا هونەرمەند عەزیز شارۆخی سەردانێکی شاری هەولێری کردووە، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، سەردانی کردووە و وێنەیەکیشی بۆ یادگاری لەگەڵدا گرتووە، وا وێنەکەم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە.

بۆ هونەرمەند عەزیز شارۆخی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانیی کوردی.







کتێبە چاپکراوەکانی هونەرمەند عەزیز شارۆخی

**سەرچاوەکان**


١ - ماڵپـەڕی midia سـپی، وتارێکـی نووسـەر سـۆران محەمـەد غەریـب، لـە ٣٠-٧-٢٠٢٢.

٢ - ماڵپـەڕی فەیسـبووکی شـاعیر و نووسـەر عەبدولڕەحـمان فەرهـادی، لـە ١٩-٣-٢٠٢٣.

٣- Kurdmad official، لە ٢٨-٢-٢٠٢٢.

٤ - کوردستان ٢٤، لە ٢٢-٧-٢٠١٨.

٥ - کوردیپیدیا.


٦ - westge news، لە ٢٦-٦- ٢٠٢٢.

٧ - ماڵپەڕی گوڵان میدیا، نووسینێکی هونەرمەند ئامانج غازی. لە ٨-٦- ٢٠٢٢.

٨- ماڵپەڕی زانیاری، لە ١٩-٤-٢٠٢٢.

٩ - ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە، وتارێکی نووسەر ئیسماعیل حەمەدەمین.

١٠ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەتا محەمەد


نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەرعەتا محەمەد...



عەتا محەمەد لە ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی(سەرشەقام)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(دەرگەزێن و ئەیوبییە و بادینان) تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی خەبات و، ئامادەییشی لە دواناوەندی(هەڵگورد) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەشی ژمێریاری لە پەیمانگای تەکنیکیی ڕەسافە لە بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵانێکە لە وڵاتی سوید دەژیت.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەتا محەمەد، لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەم چیرۆکی خۆی بە ناوی(پاشماوەی خێڵەکان) بڵاوکردۆتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٤ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێش بڵاوکراوەتەوە، دواتر ڕووی لە ڕۆماننووسین و وەرگێڕان و دەقی گێڕانەوەیی و پەراوێز نووسین و لێکۆڵینەوە کردووە، لەم بوارانەدا، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- پاشماوەی خێڵەکان، چیرۆک، ١٩٩٩، لە دەزگای پەخش و سەردەم لە چاپدراوە.
- زارەکانی خەون، چیرۆک، ٢٠٠٢، چاپخانەی ڕەنج.

- فریو و خۆحەشاردان، چیرۆک، ٢٠٠٥، یانەی قەڵەم.
- تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، چیرۆک، ٢٠٠٧، چاپخانەی ڕەنج.
- گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا، ڕۆمان، ٢٠٠٦.
- ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک، ڕۆمان، ٢٠٠٦.
- گێلاسی خوێن، ڕۆمان، ٢٠٠٧.
- فەهرەست، ڕۆمان، ٢٠٠٩.
- خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت، ڕۆمان، ٢٠١٠.
- ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان، ڕۆمان. ٢٠١٤.
- پاسەوانی خودا، ڕۆمان، ٢٠١٦.
- هەنار و فریشتەی مردن، ڕۆمان، ٢٠١٨.
- چوارینەی ئێستامان، ڕۆمانێک لە چوار کتێبدا، ٢٠٢١.
- دەستنووسی یەکەم پەرتوکی خەون، دەقی گێڕانەوەیی، ٢٠٠٣.
- تارژەنی ڕەنگ، حیکایەت، دەقی گێڕانەوەیی، ٢٠٠٩.
- کتێبی پەراوێزنووسان، دەقی گێڕانەوەیی، ٢٠١٢.
- ١٠١ پەراوێز لە بارەی ژیانە ئاڵۆزەکەی بێکەسەوە.
- ١٠١ پەراوێز لە بارەی تێڕوانینە سادەکانی بێبەشەوە.
- ١٠١ پەراوێز لە بارەی بیرکردنەوە سەیرەکانی بێخودەوە.
- ڕۆژێک خانی ڕێگای ماڵەوە ون دەکات.
- کچە فیلم گێڕەوەکە، وەرگێڕان، لە نووسینی هێنران ڕیڤێرا لیتێلییێر، ڕۆمان، ٢٠١٤.




**بەرهەمەکانی نووسەر عەتا محەمەد**




بەرهەمەکانی نووسەر عەتا محەمەد

- وڕێنە، وەرگێڕان، لە نووسینی ئەنتۆنیۆ تابۆکی، ٢٠١٤.
- من لە ئاوشفیتز دەربازبووم، وەرگێڕان، لە نووسینی فێرێنک گوێندوێر، ٢٠١٥.

هەندێک لە بەرهەمەکانی عەتا محەمەد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی لەوانە:

- چیرۆکی(پاشماوەی خێڵەکان) لە لایەن نووسەر ئاوات ئەحمەد سوڵتان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- کتێبی تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، نووسەر محەمەد ڕەزا کەلهوڕی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.
- ڕۆمانەکانی پاسەوانی خودا، هەنار و فریشتەی مردن، نووسەر ڕەزا کەریم مجاور وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی.

زۆر لە بەرهەمەکانی لە لایەن ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە بڵاوکراونەتەوە، ماوەیەکیش لەم ناوەندە کاریکردووە.

چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ کراوە.

سەرچاوەکان:
١ - ویکیپیدیا- ئینسایکلۆپیدیای ئازاد.
٢ - کوردیپێدیا.
٣- Youtube، بەرنامەی westage.
٤- Rijgrephics
٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## مریەم خان

دەگێڕنـەوە، ئـەو وتویەتی:(بـێ دەنگبێـژی ناتوانـم بژیـم، چونکـە لـە خوێنمدایـە)، گەشـتی دەنگ و گۆرانییەکانـی لـە بۆتانی باکووری کوردستان، بـەرەو بادینانـی باشـووری کوردسـتان پەلکێـش کـردووە.

هونەرمەنـدی بەسـتەی فۆلکلـۆری ڕەسـەنی کـوردی و لاوکـی میللـی و شۆڕەسـواری، هونەرمەنـدی دەنـگ جـۆش و خـۆش و مـات و مەلـول و بـە خـەم، ڕەوانشـاد مریـەم خـان ...

نـاوی تەواوی(مریـەم محەمـەد ئەحمەد)ە، سـاڵی ١٩٠٤ لـە گوندی(دێرگولی) ی سـەر بـە ناوچـەی جزیـری بۆتـان لـە دایک بووە، دوای هەڵگیرسانی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و کاریگەرییەکانـی لەسـەر بـاری ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و، هاتنـی حوکمـی کەمـال ئەتاتـورک و، قەدەغەکردنـی زمـان و هونـەر و کەلتووری کوردی، بە ناچاری ڕووی لە وڵاتی شام کردووە و، لـە دیمەشـق ماوەیـەک ماوەتـەوە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٢٤ هاتۆتـە باشـووری کوردستان لـە شـارۆچکەی زاخـۆ نیشـتەجێ بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٠ ئـەو کاتـەی کۆمپانیـای تۆمـاری دەنگ لەسـەر قـەوان لـە بەغدا پەیدا بـووە، ئەو چۆتـە بەغدا، چەند لاوک و بەسـتەیەکی لـە کۆمپیاکانی(بەیزافـۆن، ئۆدیـۆن، ئەبوکەلـب)، لـە لای کۆمپانیای(هیـس ماسـتەرس ڤۆیس)یـش (١٢) لاوک و بەسـتەی بـە(٥) قـەوان




و(٤) قەوانی دیکەش لە کۆمپانیای کۆلۆمبیای پڕ کردۆتەوە، ئەو یەکەمین ژنە سترانبێژ و لاوکبێژی کورد بووە، کە بە شێوەزاری کرمانجی باکوور لەسەر قەوان گۆرانی تۆمارکردووە، کە بڕیتین لە(١٣) بەستەی فۆلکلۆری و(٦) لاوکی میللی و شۆڕەسواریی و(١٥) لاوکی ئەڤینداری، لەوانە(محەمەدێ سەلیم، هێلی دەلال، لێ دایێ، کوێر ئۆغلی، لی لێ واغارۆ فەرمانە، بسارێ چەتۆ قەسرا باخەمسێ، لۆرکێ لۆرکێ، گولێ وەی نار، هەی بەردە بەردە، لێلێ وەسۆ، گولا شێنی شێنی، یار حەلیمێ، محەمەدۆ ڕۆنی، لێلێ ئێمی، لۆ لۆ سوارۆ، زەمبیل فرۆش، یار گەورێ، چەمێ شیریکا، دۆتمام، عەرەب شێنی، یادێ، قەمەرێ، جانێ، بەژنا زراڤ، بیماڵ، مێرەمێ، لێ دینێ و چەندانی دیکە).

هونەرمەند مریەم خان، جگە لە گۆرانییەکانی سەر قەوان، دەیان گۆرانی و بەستەی کوردی لە ئاهەنگە ڕاستەخۆکانی ڕادیۆی کوردیی بەغدا چڕیوە، چەند گۆرانییەکیشی بە دوو قۆڵی لەگەڵ گۆرانیبێژە کوردەکانی وەکو(محەمەد عارف جزیری، حەسەن جزیری، ئەڵماس محەمەد، فەخری بامەڕنی) وتوە.

هونەرمەند مریەم خان ژنێکی ناسک و جوان بووە، دەنگخۆش و خەمناک و دڵتەنگ و خەمبار بووە، ئەو ماتەمی و خەمبارییە لەوە نەبووە،

کە پرچی کاڵ یان کەم بووە، بەڵکو وەک خۆی گێڕاویەتییەوە: کاتی خۆی لە گوندەکەیان لاوێکی خۆشویستوە ناوی(محەمەد) بووە، بۆ یەک نەبووینە، چونکە محەمەد کوژراوە، ئەویش لە خەفەتان سەری دەپۆشی و سەری خۆی هەڵدەگرێت.

ڕەوانشاد کامیلی کاکەمین کە یەکەمین بێژەری(مذیع)ی ڕادیۆی کوردیی بەغدا بووە، سەبارەت بە مریەم خان دەڵێت:(مریەم خان لە ساڵی ١٩٤٢ دا تێکەڵی پەخشی کوردی ڕادیۆیی بەغدا بووە، پەیوەندییەکی زۆر باشی هەبوو لەگەڵ گۆرانیبێژانی ڕادیۆی بەغدای ئەو سەردەم لەوانە(حەسۆ جزیری، دایکی جەمال، ئەڵماس خان، ڕەمەزان جزیری، عەلی مەردان، محەمەد عارف جزیری و حەسەن جزیری).






کتێبی مریەم خان، نووسینی جەلال مەلا حەسەن و جەنگی جەلال مەلا حەسەن

مامۆستای مەقامی کوردی ڕەوانشاد عەلی مەردان، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی بە ناوی(گەڵای پاییز)، دەربارەی هونەرمەندی گۆرانیبێژ مریەم خان دەڵێت:(لە ماڵی ئەڵماس خان یەکترمان ناسی، زۆر یارمەتیم دا بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی و ناساندنی بە بە ئێزگەی ڕادیۆی کوردیی بەغدا و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی، هەتا هەندێ گۆرانیشم بۆ ئامادەکرد و لەسەر قەوان تۆماریشکران).

سەرەڕای ئەو بیرەوەری و یادگارییانەی کە لە لایەن هونەرمەندانی سەردەمی ئەو دەیگێڕنەوە، هێشتا زۆر لایەنی ژیانی مریەم خان ڕوون و ئاشکرا نییە، پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٤٩ تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی گورچیلە دەبێت، لە نەخۆشخانەی(میر ئەڵماس) لە بەغدا کۆچی

دوایی دەکات و تەرمەکەی لە گۆڕستانی(شێخ مەعروف)بە خاک سپێردراوە.

گۆڤاری(مجلة الإذاعة و التلفزیون)ی بەغدا، لە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند مریەم خان نووسیویەتی( ناودارترین سترانبێژی بیستەکان مریەم کەچاڵ لە ژوورێکی تاریکی نەهەمواری گەڕەکی(بابولموعەزەم) بە هەژاری کۆچی دوایی کرد).

مریەم خان وەک گۆرانیبێژێکی دێرینی کورد، توانیویەتی خزمەتێکی گەورەی گۆرانی و هونەر و مۆسیقای کوردی بکات، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - کتێبی مریەم خان، نووسینی نووسەر جەلال مەلا حەسەن و جەنگی جەلال مەلا حەسەن، چاپخانەی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢ - نووسینێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئوف محەمەد لە ڕۆژنامەی هاوکاریی ژمارە(٥٠٣)ی ڕۆژی ١٠-١٢- ١٩٧٩.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(وشە نێت) وتارێکی نووسەر سەتار جەباری بە ناو نیشانی(مریەم خان دیارترین لاوکبێژی چلەکان) لە ٢٢-٥- ٢٠١٩.

٤ - کتێبی(گەڵای پاییز) بیرەوەرییەکانی مەقامبێژی گەورەی کورد عەلی مەردان، ساڵی ٢٠٠٨.

٥ - ماڵپەڕی(زێی بادینان) وتارێکی نووسەر محەمەد ئەکرەم، لە ٢٦-١٠- ٢٠٢٢.

٦ - کوردیپێدیا.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕێباز مستەفا

پێشمەرگەی دێرین، نووسەر و وەرگێڕ، مامۆستا ڕێباز مستەفا ....

ناوی تەواوی(ڕێباز مستەفا جەعفەر)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕێباز مستەفا ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی ڕواندز لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە گوندەکانی دەوروبەری ڕواندز ژیاون، چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی، لە مانگی(١ )ی ساڵی ١٩٧٥ باوکی شەهید بووە، ئەوانیش ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونە، لەوێ بە زمانی فارسی خوێندوویەتی، پاش نسکۆی شۆڕش لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ هاتوونەتەوە باشووری کوردستان، ڕژێمی بەعس ڕەوانەی ناحییەیەکی دەوروبەری شاری(ڕومادی) کردوون، ماوەی ساڵێک زیاتر لەوێ ماونەتەوە و چۆتە بەر خوێندن و فێری زمانی عەرەبیش بووە، بەڵام ئازار و ئەشکەنجە و دەردەسەرییەکی زۆریان دیوە، دواتر لە ڕێگای خزمێکیان هەوڵیان بۆ دراوە و گەڕاونەتەوە ڕواندز.

نووسەر ڕێباز مستەفا، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

هەر لە منداڵییەوە عەشق و خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕێباز مستەفا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، مامۆستا فەرهاد جەمیل، نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر**

هەرچەنـدە قۆناغەکانـی خوێندنـی کـەم خوێنـدووە، بـەڵام خـۆی، خـۆی پێگەیاندووە و بەردەوام بووە لە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیر و نووسـەرانی کـورد و فـارس، بـە وەرگێـڕان دەسـتی پێکـردووە، زیاتـر لـە(٣٥) کتێـب لـە بەرهەمی شاعیر و نووسـەرە فارسـەکان و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی و جیهانـی کـە وەرگێردراونەتـە سـەر زمانـی فارسـی، ئـەو وەریگێڕاونەتـە سـەر زمانـی کـوردی، بـەم کارەشـی بەرهەمـی نووسـەرانی و فارسـی و عەرەبی و جیهانـی بـە خوێنـەری کـورد ئاشـنا کـردووە، ئەمانـەش بەرهەمـە چاپکراوەکانییەتـی کـە لـە زمانـی فارسـی وەریگیـڕاون:

- لیبرالیـزم و دیموکراسـی/نۆربێرتۆ بۆبیۆ/وەرگێـڕی فارسـی، بابـەک گولسـتان، سـلێمانی ٢٠٠٠، دوو جـار چاپکـراوە.
- دیموکراسـی لـە ڕووی مێژوویـی و تیوریـەوە، ئانتۆنـی ئاربلاسـتەر، سـلێمانی، خانـەی وەرگێـڕان، سـاڵی ٢٠٠٠.
- کۆمەڵـی مەدەنـی ئـازادی، ئابـووری و سیاسـەت، موسـا غەنینـەژاد، لـە فارسـییەوە وەرگێـڕان، سـلێمانی، ٢٠٠١.
- گەشـتەکانی مارکۆپۆلـۆ، زوهـرە میرتاهیـر، لـە فارسـییەوە وەرگێـڕان، سـلێمانی ٢٠٠٥.
- سـەلاحەدینی ئەیووبـی یـان کـورد لەمیسـر، جۆرجـی زێـدان، وەرگێـڕی

فارسی، محەمەد عەلی شیرازی، سلێمانی ٢٠٠٤.

- سپێدان ئێرە ئارامە(رۆمان)،بۆریس ڤاسیلیڤ،وەرگێڕی فارسی، گامایون، بەهاوکاری لەگەڵ زرار جۆلا، سلێمانی ٢٠٠٣، دوو جار چاپکراوە.
- سەمای مەرگ،کۆمەڵە چیرۆک، بوزۆرگ عەلەوی، سلێمانی.
- تایبەتمەندیەکانی کادیر و ڕۆڵی حزب لە پێگەیاندنیدا، نووسین و ئامادەکردنی نووسەر خۆی، سلێمانی ٢٠٠٠.
- محەمەدی قازی کێیە و چی کردووە؟، عەلی سالحی، سلێمانی ٢٠٠٦، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- دوو سەدە بێدەنگی، د. عەبدولحوسێن زەرینکوب، بەهاوکاری لەگەڵ د. موسا محەمەد، هەولێر ٢٠٠٨، دەزگای موکریانی.
- سەرکەوتنی بیر، ئۆرایزن سویت ماردن، وەرگێڕی فارسی، رەزا سەید حوسێنی، هەولێر ٢٠٠٨.
- ئاشنابوون بەئەفلاتوون، پۆل ستراتێرن، سلێمانی ٢٠٠٥.
- ئاشنابوون بەئەرەستۆ، پۆل ستراتێرن، سلێمانی ٢٠٠٧.
- ئاشنابوون بەهیگل، پۆل ستراتێرن، وەرگێڕی فارسی:مەسعود عولیا، هەولێر بنکەی بڵاوکردنەوەی ئەدەب و ڕووناکبیریی نما ٢٠٠٥.
- ئاشنابوون بەدیکارت، پۆل ستراتێرن، سلێمانی ٢٠٠٦.
- ناسیۆنالیزم، ریچارد جێی، سلێمانی ٢٠٠٣.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر هەندرێن شێخ راغب، نووسەر ڕێباز مستەفا

- ناسیۆنالیزم، فرێد هالیدای،وەرگێڕانی بۆ فارسی، ئەحمەد عەلیخانی،سلێمانی ٢٠٠٢.
- باشترین هۆنراوەکانی نیچە، وەرگێڕانی بۆ فارسی شوجاعەدینی شەفا، هەولێر دەزگای موکریانی ٢٠٠٨.
- یاداشتەکانی ڕۆژانی تەنیایی، گابریل گارسیا مارکیز، بۆ فارسی، محەمەدرەزا ڕاهوەر، (هەولێر دەزگای وەرگێڕان ٢٠٠٧).
- بڕوانە فورات خوێناویە(ڕۆمان- بەرگی یەکەمی چیرۆکی دوورگە)،یەشار کەمال، هەولێر ٢٠٠٨.
- بنچینەکانی فیدرالیزم(نامیلکە)،ئەسەدوڵلای ئەلەم، (سلێمانی خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٤.
- ئانارشیزم(کتێبی گیرفان)، د. مستەفا رەحیمی، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٢.
- ئاوخواردنەوەی مێرووله(ڕۆمان- بەرگی دووەمی چیرۆکی دوورگە)/ یاشار کەمال/ (لەدەزگای موکریانی لەژێر چاپدایە).

ئەم کتێبانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- بەرەبەیان (ڕۆمان- بەرگی سێیەمی چیرۆکی دوورگە)، یەشار کەمال.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، نووسەر ڕێباز مستەفا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕێباز مستەفا، نووسەر جەلیل کاکە وەیس




بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ڕێباز مستەفا




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ڕێباز مستەفا**




بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ڕێباز مستەفا

- چیرۆک و چیرۆکنووس، مەنسووری یاقووتی.
- مرۆڤ و ئاژەڵ، سادقی هیدایەت.
- دێو! دێو! ، بۆزۆرگی عەلەوی.
- چیرۆکەکانی شکسپیر. دارشتنەوەی، چاڵز و مێری لام، چەند کتێبی دیکەشی لە قۆناغەکانی ئامادەکردنن بۆ چاپ.

نووسەر و وەرگێڕ، ڕێباز مستەفا بەردەوامە لە نووسین و وەرگێڕانی شاکارەکانی فارسی، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ ڕێباز مستەفا، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ڤینۆس فایەق

بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعر دەنووسێت، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، میدیاکار و ڕۆماننوس، شارەزای بواری جینۆساید و ئەنفال، خاتوو ڤینۆس فایەق...

شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق، لە ٢٧-٩-١٩٦٧ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، تەمەنی(٥)ساڵان بووە کە باوکی وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی نێردراوەتە(إیفاد) کراوە بۆ وڵاتی جەزائیر، ئەوانیش لەگەڵی چوونەتە ئەوێ و لە شاری(وەهران) نیشتەجێبوونە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەم لەوێ خوێندووە، ساڵی ١٩٧٥ هاتوونەتەوە شاری سلێمانی، پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی نیشتمانی کچان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە بەغدا تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٩ بەشی فەلسەفەی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ خولێکی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای بەریتانی لە باڵوێزخانەی بەریتانی لە بەغدا تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٩٧ەوە، تا ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیە.

لەساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی کۆمپیوتەری لە هۆڵەندا تەواوکردووە،




لەلای ڕاستەوە: خاتوو بەڕێوەبەری کۆڕەکە ، شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق

بڕوانامـەی ئامادەکردنـی پرۆگرامـی تەلەفزیۆنـی لـە پەیمانگای ڕاگەیانـدن لـە هۆڵەندا، سـاڵی ٢٠٠٤ وەرگرتـووە، سـاڵی ٢٠٠٥یش بڕوانامـەی بەرهەمهێنانی پرۆگرامـی ڕادیۆیـی لـە بنکـەی خولـەکان لـە ڕادیـۆی جیهانیـی هۆڵەنـدی بەدەسـتهێناوە.

شـاعیر و ڕۆماننـووس ڤینـۆس فایـەق، بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و هۆڵەندی دەنووسـێت، لـە بوارەکانی شـیعر و ڕۆمـان و لێکۆڵینـەوە، کۆمەڵێک بەرهەمـی بـە نـرخ و سـوودبەخشـی نوسـیوە و چاپـی کـردوون و بـڵاوی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- (ابعـاد اللامسـافة) بـە زمانـی عەرەبی، بەرلین، ٢٠٢٢، دار الدراویش للترجمة و النشـر.
- کۆمەڵـە شـیعرێک بـە زمانـی کـوردی بـە ناونیشـانی (ژنێـک لـە منـدا)، سـلێمانی ٢٠١٨.
- دیوانێکـی شـیعر بـە زمانـی عەرەبـی بـە ناونیشـانی (سـأرزق برجـل مـن ضلعـي الايمـن).. بەغـدا، ٢٠١٥.

- دیوانێکی شیعری بە زمانی عەرەبی بە ناوی (إتجاهات العشق الاربعة) لە لوبنان چاپ کراوە، ٢٠١٣.
- دیوانێکی شیعری بە زمانی کوردی بەناوی (ئاخەرین سامورای) لە لوبنان چاپ کراوە، ٢٠١٣.
- کۆمەڵە شیعرێک بە زمانی کوردی، بە ناوی (گوناهە جوانەکان) لە هۆڵەندا چاپکراوە، ساڵی ٢٠٠١.
- کۆمەڵە شیعرێک بە زمانی عەرەبی بەناوی(طلاء الأظافر)(بۆیەی نینۆک) لە دەزگای (الحضارة للنشر) لە قاهیرە ، میسر ٢٠٠٨ چاپکراوە.
- کۆمەڵە شیعرێک بە شێوەزاری کرمانجی باکوور بەناوی (گوناهە جوانەکان) لەلایەن نووسەر دڵشاد یوسف وەرگێڕدراوە، ئەستەنبووڵ- لە تورکیا ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە.
- دیوانێکی هاوبەش بە زمانی هۆڵەندی لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکەی عێراقی بەناوی Dwaallicht (پرشنگ) ساڵی ٢٠٠٦ لە هۆڵەندا چاپکراوە.
- دیوانێکی هاوبەش لەگەڵ چەند شاعیرێکی عیراقی بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و عەرەبی بەناوی (علامات) لە هۆڵەندا چاپکراوە.
- دیوانێکی هاوبەش لەگەڵ چەند شاعیرێکی عیراقی بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و عەرەبی بەناوی (چەند شاعیرێکی عێراقی لە هۆڵەندا) ٢٠٠٢ لە هۆڵەندا چاپکراوە.

**شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق لە چالاکییەکی ئەدەبیدا**

- دیوانێکی شیعری شاعیری جەزائیری عەبدولرەزاق بووکوبە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، بەناونیشانی (بێزوو)، لە چاپخانەی (کارۆ) لە سلێمانی، ٢٠١٨.
- وەرگێڕانی نامیلکەیەک لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی بەناونیشانی (ئارتیکڵی ١٩ی هەڵمەتی جیهانی بۆ ئازادی ڕادەربڕین- ئازادیی دەستکەوتنی زانیارییەکان و ڕۆژنامەگەریی بەدواداچوون)، لە سلێمانی، ٢٠٠٨.
- نامیلکەیەکی شیعری ناسری حیسامی، وەرگێڕانی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی هۆڵەندی ٢٠٠١.



**شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق و واژۆکردنی دیوانی ژنێك لە مندا**








**شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق لە چالاکییەکی ئەدەبیدا**

- ڕۆمانێک بە زمانی کوردی بە ناوی (نزا ئەستێرە)، ٢٠٢٠، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- ڕۆمانێک بە زمانی کوردی بە ناونیشانی (تاقانەترین کچی خودا)، دەزگای جەمال عیرفان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٥.
- کتێبێک بە زمانی کوردی بەناونیشانی (چەمکی چاکسازی لە کوردستان و ڕیفۆرمی باڵی ڕیفۆرم) لە ئەپریلی ٢٠٠٨ چاپکراوە، دەزگای سەردەم لە سلێمانی.

خاتوو ڤینوس فایەق، دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی فیکری و فەلسەفی و ڕەخنەیی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(کوردستانی نوێ، کەلتوور، زەمەن، ڕۆژی نوێ، گوڵان، ڕووبەر، تەوار، ئاسۆ، زەنگ، کوردستان ڕاپۆرت، واڵاپرێس، آوان، زمان، إيلاف، الحوار المتمدن، صوت الاهالي و چەندانی دیکەش).


خاتوو ڤینوس فایەق، هەر شاعیر و ڕۆماننووس نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاریکی زۆر بە تواناشە لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی لە وڵاتی هۆڵەندا گەلێک چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نواندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:





















بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق




- لە ساڵی ٢٠١٠ - ٢٠١١ بەڕێوەبەری بەشی پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن (NRT) بووە، لە سلێمانی.
- لە ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٤ بێژەر بووە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٣ تا هەتا ١٩٩٦ وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی(المؤتمر)ی زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی کاری کردووە.
- لە ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٦ پەیامنێری ڕۆژنامەی(الاتحاد)بووە.
- لە ٢٧ هەتا ٢٩ -١١ - ٢٠١٩ بەشداریی فیستیڤاڵی بالافۆن Balafon ی لە شاری باری ئیتاڵی کردووە.
- بەشداری لە چالاکیی (اقامات الابداع) لە چەند شارێکی وڵاتی جەزائیر،

له ٥ هەتا ١٦ ئابی ٢٠١٥ کردووە.

- بەشداری لە فیستیڤاڵی بەهاری هونەریی نێودەوڵەتی کردووە لە شاری قەیرەوانی وڵاتی تونس، ١٨ هەتا ٢٥ی نیسان ٢٠١٥.
- چەندین کۆڕی شیعری و کۆڕی دیکەی بە کوردی و عەرەبی و هۆڵەندی، لە بارەی ژنانەوە ئەنجامداوە.
- لە مانگی(٥)ی ٢٠١١ بەشداری لە فیستیڤاڵی شیعریی نەتەوەیی لە شاری هەولێر کردووە.
- لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩ بەشداری لە فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە کردووە لە هۆڵەندا بە ناویongehoord Rotterdam) ( ڕۆتەردامی نەبیستراو) لەگەڵ ١٧ شاعیری دیکەی هۆڵەندی.
- لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٩ بابەتێکی بە پاوەرپۆینت لەسەر پرسی جینۆساید لە یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، لە شاری (ئاخن) لە ئەڵمانیا، پێشکەش کردووە.
- لە ٢٩ و ٣٠ مانگی(٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری لە فیستیڤاڵی ئەنفال لە شاری مانشستەر لە بەریتانیا کردووە و باسێکیشی بە ناونیشانی( ئەنفال، ڕۆژمێرێک بۆ فەنابوون، ئەلبوومێک لە ئازار) پێشکەشکردووە.
- لە ١٦ هەتا ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ بەشداری لە خولی نۆیەمی فیستیڤاڵی جیهانیی ئەلموتەنەبیی شیعری لە سویسرا کردووە.
- لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ بەشداریی کۆنگرەی دووەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە شاری نەجەف لە عێراق کردووە، لەسەر بانگهێشتی دەزگای شەهید ئەلمیحراب بووە و بابەتێکیشی بەناوی (چۆن بە عەدالەت قەرەبووی ژنە ڕزگاربووەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بکەینەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر بنەمای نایەکسانیی نێوان ژن و پیاو بینابووە؟) پێشکەش کردووە.
- لە ٢٦ هەتا ٢٨ی مانگی(١)ی ساڵی ٢٠٠٨، بەشداریی کۆنگرەی یەکەمی بەجیهانناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لە هەولێر وەکوو ئەندامی دەستەی باڵای کۆنگرە کردووە.
- بەشداریی لەیەکەمین فێستیڤاڵی ئەنجومەنی ژنانی کورد لە نەمسا،

ساڵی ٢٠٠٧ کردووە.

چەندین کۆڕوکۆبوونەوەی شیعری دیکەشی لە هۆڵەندا بە بەشداربوونی شاعیرانی کورد و عەرەب و هۆڵەندی، ئەنجامداوە.

خاتوو ڤینۆس فایەق، چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگای ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ کراوە لەوانە:

- خەڵاتی ڕێکخراوی چەپک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی لە هۆڵەندا و ئەکادیمیای بەدرخان بۆ ڕۆژنامەگەری لە ئەڵمانیا لە یادی ١٠٢ ساڵ دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی.
- خەڵاتی عەنقائی نێودەوڵەتی گەڕۆک بۆ داهێنانی ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٥.
- خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی وەرگێڕ و زمانەوانە عەرەبەکانەوە، لەنێو(٤٤) داهێنەر لە سەرتاسەری جیهان، ساڵی ٢٠٠٨.
- خەڵات و ڕێزلێنان لەلایەن دەزگای والاپریس بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠٠٩.
- خەڵاتی (بەدیع باباجان) بۆ (ژنی شاکار) لەلایەن گروپی (کورد ئارت) ەوە لە یادی ڕۆژی جیهانیی ژنان ٢٠٠٩.

ئەو ئەندامیشە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و پیشەییانە:

بزووتنەوەی شاعیرانی جیهانی (poetas del mundo)

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانی


ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی پەنابەر لە هۆڵەندا(on-file)

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڤینۆس فایەق، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی و عەرەبی و هۆڵەندی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەکیم کاکەوەیس

نووسەر و رۆماننووس و وەرگێڕی دیار و ناسراوی کورد، ڕەوانشاد حەکیم کاکەوەیس..

ناوی تەواوی(حەکیم عەبدوڵڵا کاکەوەیس)ە، بە حەکیم کاکەوەیس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی(حەساری گەورە)ی نزیک شاری کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ناحیەی دارەمان تەواوکردووە، ئامادەییشی لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بەشی(بیرکاری- ریاضیات)ی لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، پاش نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە، لە هەمان ساڵدا وەکو فەرمانبەری (پرۆگرامسازی) لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی لە بەغدا دەستبەکار بووە، لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕی عێراقی و ئێرانی ساڵی ١٩٨٠ ماوەیەک بۆتە سەربازی (یەدەگ- إحتیاط) دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و وەکو پەنابەر لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بە هۆی نەخۆشییەوە خانەنشیکراوە، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان، ژیانی خۆی بە خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان بردۆتەسەر، نزیکەی زیاتر لە(١٠) بەرهەمی عەرەبیی نووسەر و



**نووسەر و وەرگێڕ حەکیم کاکەوەیس و کچەکەی**

ڕووناکبیری گەورەی کورد(مەسعوود محەمەد)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی،(١١) ڕۆمانی لە بەرهەم و شاکاری نووسەرانی سویدی و فارسی و ئەفغانیشی لە زمانی سویدییەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، خۆشی چەند بابەتێکی ڕەخنەیی و چەند چیرۆک و ڕۆمانێکی نووسیوە، هەموو ئەو بەرهەمانەی بە زمانێکی کوردی پاک و پاراو و جوان نووسیوە، هەمووشی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانە:

- خێرت دەگاتێ عەزیز نەسین و، وەرگێڕان لەفارسییەوە. ١٩٨٧.
- کێڵگەی ئاژەڵ.
- نامەکانی مەسعوود محەمەد، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٦.
- دەموودووی هزر، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە،٢٠١٣.
- زمانی کورد، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠١٠.
- هاوسەنگکردنەوەی تەرازووی سەنگەلا لە عەرەبییەوە ٢٠١٠.

- بۆ گۆرباشۆڤ ، لەعەرەبییەوە ٢٠١٤.
- بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، لە عەرەبییەوە ٢٠٠٩.
- کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟،لە عەرەبییەوە ٢٠٠٩.
- ڕۆمانی ١٩٨٤، وەرگێڕان، جۆرج ئۆروێل لە سویدییەوە، ٢٠٠٥.
- گورگی ڕووتەلان، لە سویدییەوە، هێرمان هێسە، ٢٠٠٧.
- پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، چاوپێکەوتن لەتەک هەڵۆ بەرزنجەیی دا ٢٠١٠.
- کۆلارەفڕێن، لە سویدییەوە، وەرگێڕان لە فارسییەوە، نووسینی خالید حوسەینی.
- تارپا ئەسپە کێویلە، لە سویدییەوە، ستیڤن ڤێرنستوێم، ٢٠٠٧.
- دۆن کیشۆت ١٩٩٩ لە سویدییەوە، سێرڤانتێس.
- ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، دیداری کاکەوەیس لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی ٢٠٠٤.



**لەڕاستەوە ڕۆماننووس جەلیل کاکە وەیس، نووسەر و وەرگێڕ حەکیم کاکەوەیس**



- شـاخەكانيش دەنگيـان دايـەوە، وەرگێـڕان لـە سـويدييەوە، خاليـد حوسـێنی. ٢٠١٤.
- تەونـی جاڵجاڵۆكـە، ڕۆمـان ٢٠٠٨، لـە نووسـینی نووسـەر خـۆی.
- كـۆچ هەڵبـژاردم، نووسـەر اسـماعیل عتمـان و نووسـەر ماتیـاس شـیلین لـە سـویدییەوە، ٢٠١٢.
- گەلەلورانـی دەشـتودەر، جـاك لنـدن، لـە سـویدییەوە، ٢٠٠٤.
- بازنەی ترس، حوسێن سومێدە و كاڕوڵ جیرۆم ٢٠٠١، وەرگێـڕان بەنـاوی خـوازراوی كاوێـس عەبدوڵـڵا لـە ئینگلیزییـەوە.
- مەملەكەتـی سـەگەكان، ڕۆمـان، حەكیم كاكەوەیس ٢٠١٧.
- تاوان و سزا، فیۆدۆر دۆستیۆڤسكی، وەرگێڕان لە سویدییەوە، ٢٠١٥.
- حەجێكی تر بۆ بەردەرگای (خەتێ)ی زانا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە
- نەتەوایەتی كورد و ئیسلامەتییەكەی، حەكیم كاكەوەیس.
- تیرۆژێ بە شەوەزەنگەكەی (حەمە سەعید حەسەن)دا.
- سەگەكەشیان چوارەمیان بوو، ڕۆمان، حەكیم كاكەوەیس.
- بەردیـش بەدەنـگ دێ منداڵـی لـە كەمبۆجیـا، مۆلیـدا ژیموسـیاك، وەرگێـڕان لـە سـویدییەوە ٢٠٠٦.

نووسـەر و وەرگێڕ حەكیـم كاكەوەیس، چەندیـن كورتـە چیرۆك و وتـاری ڕەخنەیـی و بابەتـی هەمەجـۆری دیكـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە كوردییـەكان بڵاوكردۆتـەوە.

نووسـەر هەڵـۆ بەرزنجـی، لـە نووسـینێكدا بـە بۆنـەی چلـەی ماتەمینـی نووسـەر و وەرگێـڕ حەكیـم كاكەوەیـس دەڵێت:(هاوبیرەكـەم! بۆیـە جـوان و

ئێسک سووک و خۆشەویستیی هەمووان بووی، چونکە هیچ هێزێک نەبوو کوردبوونت لا ناشیرین کات و لێت داگیر کات و قەڵەمەکەت لێ بکڕێت و بەهیچ نرخێکت نەدەدا، لەو هەموو نرخانەی کە بۆت دانرابوو، تۆ بوویت بەر لەهەر کەسێکی تر و چەند دەیەیەک لەمەوپێش، ڕۆمانی تەونی جاڵجاڵۆکەت بە باسەکانی، گەندەڵی و فایلداری ئەهریمەنەکان سیخناخ کرد، بە مرواری وشە جوانەکانت، قاوی نادادی و پۆخڵەواتی دەسەڵاتی خۆییتان کرد، هەر تۆش بوویت دەستبەرداری بیر و ئاواتەکان نەبوویت




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ حەکیم کاکەوەیس**

و وەک چیای پیرەمەگروون خۆڕاگریت کرد و وانە و پەندێکت نیشـاندایـن و فێرکردیـن، هەرگیـزاو وهەرگیـز لەبیـر نەچێتـەوە).

نووســەر و وەرگێــڕ حەکیـم کاکەوەیـس، لـە ڕۆژی ١٨-١١- ٢٠١٨ لـە شـاری بەغـدا بـە نەخۆشـی کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕوحـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی دەنگـەکان، وتارێکـی نووسـەر هەڵـۆ دزەیـی، لـە ١٢-١٢-٢٠١٨.

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# ناز فەلەکەدین

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، خاتوو ناز فەلەکەدین...

ناوی تەواوی(ناز فەلەکەدین سەید سابیر کاکەیی)یە، بە ناز فەلەکەدین ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار و ناسراوی کورد فەلەکەدین کاکەیی باوکی لە بەغدا بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی(التآخی) بوو، ئەو لە دایک بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ باوکی بە خۆی و خێزان و منداڵەکانی ڕوویان لە شاخ کردووە و بوونەتە پێشمەرگەی کوردستان، ئەو لە باوەشی باوک و دایکێکی پێشمەرگە پەروەردە و گۆشکراوە، لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوونە، دیارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئاوارەیی تەواوکردووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە هاتوونەتەوە کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ بەشی میکانیکی لە پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر تەواوکردووە، پاشانیش لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی



**شاعیر و نووسەر**
**ناز فەلەکەدین بە منداڵی**




**لە ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین، دکتۆرە کوردستان موکریانی**

سەلاحەدین تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٧ تا ساڵی ٢٠٠٠ وەکو مامۆستا دەست بەکاربووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوەتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، وەکو لێپرسراوی پەیوەندییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کاری کردووە، لە ٣٠-٤-٢٠١٣ەوە، تاوەکو ئێستا بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانی هەولێرە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ناز فەلەکەدین، هەر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە، ئەو کاتەی لە ئاوارەیی بووە لە ئێران خۆی فێری زمانی فارسی و عەرەبی و تورکیش کردووە، زۆریش شیعری کوردی و فارسی خوێندۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ وەکو

نووسـەر لـە ڕۆژنامەی(خەبـات) دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و وەرگیـڕان و وتـاری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی کـردووە، ئیـدی بـە تـەواوی چۆتـە ناو دنیای نووسینەوە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمـی جوان و پوختـی لـە شـیعر و وەرگێـڕان و چیـڕۆک و شـانۆگەری بـۆ منداڵان نووسـیوە و چاپـی کـردوون و بـڵاوی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- هەسـتێرە، چیـڕۆک و شـانۆگەری بـۆ منـداڵان، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر ٢٠٠١.




شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین لە چەند کارو کاتێکی جیاوازدا




متحف التراثي- لەلای چەپەوە: دووەم کەس شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین



لەلای ڕاستەوە: خاتوو ئاشتی، ناز، لیزا




یەکێك لە بەرهەمەکانی


University of Zagreb
IUDRC

شهادة دكتوراه فخرية

بالتنسيق بين الاتحاد الدولي للدفاع عن حقوق الطفل وجامعة زغرب
وبقرار من مجلس أمناء الجامعة
تقرر منح السيدة :
ناز فلك الدين صابر
درجة الدكتوراه الفخرية في مجال العلم والمعرفة
وذلك لجهودها الطيبة التي بذلها في نشر الفكر الثقافي وتشجيع المرأة للاهتمام بقراءة الكتب .

مدير جامعة زغرب
د. دامير بوراس

مدينة زغرب ـ 2019

بڕوانامەی دکتۆرای فەخریی شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین

- ئاسۆی ژیان، شانۆگەری بۆ منداڵان، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان(OPIO) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠٠٨.
- سڵاو جانتای جوان، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خانەی سمۆرە، سلێمانی ٢٠٠٩.
- رادهام هیلاری کلینتۆن، وەرگێڕان لە فارسییەوە، نووسەر مریەم حاج مەهدی، لە زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، چاپی

یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٩.


- هاوسەفەر، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٧.
- نەسیم، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر ٢٠١٨.
- ڕەنج، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠١٩.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس ناز فەلەکەدین، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەییش زۆر چالاک بووە، ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لەساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٤ وەکو نووسەر لە گۆڤاری(هەنگ) کاری کردووە.
- لە ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(مێرگی منداڵان) بووە، کە تەنها(٩) ژمارەی لێ دەرچووە.




**شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین لەگەڵ فەرمانبەران لەبەردەم کتێبخانەی گشتیی هەولێر- زەیتوون**




**شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین لەگەڵ باوکی و دایکی و خوشکی**

- لە ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١٣ لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە، تا ئێستا بەرپرسی ڕێکخراوی دۆستایەتیی کوردستان- کۆریای باشوورە، نوێنەری ڕێکخراوی کۆری- زەیتونی نێو دەوڵەتییە.
- دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بابەتی وەرگێڕانی هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەی کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.









**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین**

- لە مانگی (١) ساڵی ٢٠٢٠ یەکێتیی جیهانی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی منداڵ بە هاوکاریی زانکۆی(زغرب) لە وڵاتی کرواتیا، وەکو ڕێزلێنانێک بۆ خزمەتەکانی دکتۆرای(فخري- شانازی) لە زانست و مەعریفەتی، پێ بەخشراوە، وا لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، خاتوو ناز فەلەکەدین، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ناز فەلەکەدین، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# گوڵستان پەروەر

ئەو دەڵێت: هەتا نەچوومە قوتابخانە نەمدەزانی زمانی تورکی چییە؟
دیسان دەڵێت: تەمەنێ من مەزن کرن دا زوو ب شوم بدەن...

هونەرمەندی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ، هونەرمەندی ئازا و بوێر و یاخی، خاتوو گوڵستان پەروەر...

گوڵستان پەروەر لە ٢٥-٦-١٩٦٠ لە گوندی(ڤانکۆکە)ی پێشتر سەر بە ئامەد لە دایک بووە، بەڵام تورکەکان بە مەبەستی تواندنەوەی کورد خستوویانەتە سەر شاری(روحا)، باوکی گوڵستان ئاغا و خاوەنی گوندەکە بووە، دایکیشی سەیدە لە بنەماڵەی(نەبیا شێخ زڕاڤ)ە، ئەو تەمەنی(٤-٥) ساڵان بووە ماڵیان چۆتە شاری(وێرانشار)، بەڵام ماوەیەک باوکی لەگەڵیان نەچووە چونکە داپیری ڕازی نەبووە، کە تەمەنی بۆتە(٦) ساڵان دایکی لە قوتابخانە قەیدی کردووە، ئەو دەڵێت:(من نەک هەر تورکیم نەدەزانی، بەڵکو هەر نەشمبیستبوو).

گوڵستان پەروەر بە منداڵی ژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆش و تراژیدی بەسەربردووە، وەک کچە کوردێکی کوردپەروەر لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا، لە ڕێگای خاڵێکی تێکەڵ بە سیاسەت دەبێت و پەیوەندی لەگەڵ(DDKD) دەکات، ئەو کات لە شاری وێرانشار جگە لەم ڕێکخراوە سیاسییە هیچ



**لە لای ڕاستەوە: گوڵستان پەروەر، هونەرمەند شڤان پەروەر**

بزاڤێکی دیکە بۆ نموونە وەکو(PKK) نەبووە، بۆیە دەست بە خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ئەم گروپە دەکات، لەسەر دەستی مامۆستایانی هەر یەک لە( عائیشە و کەزیان) فێری خوێندنەوەی کتێبی سیاسی و نامیلکەکانی مارکس و لینین و و ستالین دەبێت، ئەلف و بێی سوشیالیزم و خەباتی چینایەتیش فێر دەبێت، لێپرسراویشیان ئافرەتێک بووە بە ناوی(سانیا) کە دواتر شەهید بووە،ماڵباتەکەی زۆر لێی ناڕازی بووینە و ئامۆژگارییان کردووە کە واز لەو کار و چالاکییانە بهێنێت، بەڵام ئەو وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و یاخی بە گوێی باوکی و براکەی نەکردووە، تا ڕۆژێک هەر لە شاری وێرانشار دەستگیر دەکرێت، گرتنەکەی وەک بۆمبیک لە ناوچەکە دەنگی داوەتەوە(ئاخر ئەو کات گرتنی کچێکی چواردە ساڵان) لای خەڵکی ناوچەکە عەیب و شوورەیی بووە، بەڵام دیارە بەڵگەی ئەوتۆیان لەسەری نەبووە، پاش چەند سەعاتێک ئازاد کراوە، هەر بۆیەش باوکی ماوەیەک وەکو دەستبەسەر ناردوویەتییە گوندێک، دواتر هێناویانەتەوە و دوو ساڵ تەمەنیان گەورەتر کردووە بۆ ئەوەی بە شووی بدەن، ئەویش ڕازی نابێت و دایکیشی پشتگیری دەکات. ئەو هێشتا لە سکی دایکی بووە، پێشکەش بە شڤان پەروەر کراوە.

حیکایەت و ماجەرای هونەرمەند گوڵستان لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر، لەسەر زاری خودی گوڵستان و دەڵێت:( شڤان پەروەر تەمەنی نزیکەی(١٠) ساڵێک لە من گەورەترە، ئەو لە گوندەکەی ئێمە(شوان-بەرخەوان) بووە، دیارە جاروبار سەری لە ماڵی باوکم داوە و وتوویەتی: هەر کارێکتان هەبوو ئامادەم بۆتان بکەم، دایکم پێی وتووە: بڕۆ بخوێنە، ئەم سکەم ئەگەر کچ بوو، پێشکەشت دەکەم ، شوان پەروەر هەر بەردەوام بووە لە بەرخەوانی خۆی، کاتێک گوڵستان لە دایک بووە، پاش ماوەیەکی زۆر کەم شڤان پەروەر چۆتە ماڵیان بۆ بینینی گوڵستان، بە دایکی وتووە: لەسەر عەهد و پەیمانی خۆت ماویت، ئەویش پێی وتووە: ئەگەر بخوێنی بەڵێ، شڤان پەروەر وتوویەتی: ئەوا گۆچانەکەم فڕێ دەدەم و دەچم دەخوێنم.



**لە لای ڕاستەوە: گوڵستان پەروەر، هونەرمەند شڤان پەروەر**



**هونەرمەند گوڵستان پەروەر**

شڤان پەروەر لە ئورفە خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات لە نێوان ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ خەریکی کاری سیاسی لەگەڵ پارتی ڕزگاری و پارتەکەی کەمال بورقای و پارتی سوشیالیست و فێربوونی گۆرانی و مۆسیقا بووە، دەستی بە گۆرانیی شۆڕشگێڕی و ئەنجامدانی کۆنسێرت و ئاهەنگ کردووە، هەر جارەی بە ناوێک لەوانە(شەڤا هەکاری، شەڤا سروچی، شەڤا ڕەهای...چەندانی دیکە)، کە تەمەنی گولستان بۆتە چواردە سال و نیو، شڤان پەروەر هاتۆتەوە شاری وێرانشار بە گوڵستانی وتووە: دۆتمام گەورە بوویت وەرە با بە یەکەوە گۆرانیی( هەڕنە پێش) بڵێین، ئیدی بە دزی ماڵەوە چەند گۆرانییەکی سیاسییان تۆمار کرد، هەر ئەو کات پێی وتم با هاوسەرگیری بکەین، بەڵام من کێشەم هەیە پۆلیس بەدوامدا دەگەڕێن، ئەگەر گیرام یان کوردستانم بەجێهێشت، تۆ چاوەڕێم بکە، منیش پێم وت: هەتا مردن چاوەڕێت دەکەم).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ گوڵستان پەروەر لە ڕێگای دوو برادەری شڤان پەروەر گەیاندراوەتە فرانکفۆرت لە وڵاتی ئەڵمانیا، پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرگیرییان کردووە، بەیەکەوە چەند گۆرانی و کۆنسێرت و ئاهەنگیان لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان گێڕاوە، بە باشترین(دوێت- دووقۆڵی) لە مێژووی هونەر و گۆرانیی کوردی بە تایبەتی گۆرانیی شۆڕشگێری دادەندرێن، ئەوان ژیانیان لە فرنکۆرت و کۆلۆن و ئەپسولای وڵاتی سوید بردۆتە سەر، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە بەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆیان

لێک جیا بوونەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە یادی(٦٠) ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوڵستان پەروەر بانگهێشتی باشووری کوردستان کراوە، لە گەڵ تیپی مۆسیقای دهۆک لە شارەکانی ئامێدی و ڕواندز و سۆران و دهۆک و هەولێر چەند کۆنسێرتێکی ئەنجامداوە، هەر ئەو کاتیش سەرۆک مەسعود بارزانی هەوڵی ئاشتبوونەوەی گوڵستان لەگەڵ شڤان پەروەر داوە، بەڵام دیارە سەرینەگرتووە، بۆیە گوڵستان لە کۆلۆن لەگەڵ کوڕەکەی(سەرخۆبوون) ژیاوە، بە پێی زانیارییەکانی من لەم ساڵانەی دواییدا بە یەکجاری لە شاری دهۆک نیشتەجێبووە، (٧) بەرهەمی هونەریی تایبەت بە خۆی و(٢ )بەرهەمی بە دوو قۆڵی هەیە لە گۆرانییە بە ناوبانگەکانی( ولات چ قاس خۆش و رندە...کچکێ لێ لێ، لێ لێ وەسێ نایێ، ئاخ گوڵی، کوردستان باخچی گوڵان.. دەردێ دلان، ئەز دەنالم، دوورم دوورم و چەندانی دیکە).

هونەرمەند شێخ زاهیر بریفکانی سەبارەت بە هونەرمەند گوڵستان دەڵێت: ( لە سوید و ئەستەنبول و ڤیێننا) کارێکی گەلەک هێژا و ئەرکێکی نیشتمانیم لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەرهەمهێنانی((CD ی (بهوری بهوری) بوو.




**هونەرمەند گوڵستان پەروەر**

- جگە لە شڤان پەروەر گۆرانی دوێتی لەگەڵ هونەرمەند ئایدنیش ووتوە.
- حەزی لە دەنگی هونەرمەندان( حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، مەرزییە و چۆپی)یە.
- ماوەیەک لە تەلەفزیۆنی ڕۆژ کاری کردووە، لە دهۆکێش لە تەلەفزیۆنی دهۆک ناوبەناو دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت.
- لە ٢٦-١٢-٢٠١٥ لەگەڵ تیپی(کۆما ئارمانج) لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان لە ئاهەنگێکی ڕێزلێنان(درع موقع عفرين السنوي التاسع - قەڵغانی نۆیەمی ساڵانەی عەفرین )ی پێ بەخشراوە.

بۆ هونەرمەند گوڵستان پەروەر هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانیی شۆڕشگێڕی کوردیمان.

سەرچاوەکان:


١ - waar midia، بەرنامەی خانم، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار پەیمان خواجە.

٢ - شبكة لالش الإعلامية، لە ٥- ١٢- ٢٠١٧.

٣ - ماڵپەڕی گوڵان وتارێکی نووسەر ئا. خەلیل بلەیی، لە ٨- ١٢-٢٠١١.

٤- midya tv فلمێکی دوکیومێنتاری.

٥- Dhok tv وتارێکی نووسەر هارمان محەمەد تاهیر.

٦ - ماڵپەڕی تیریج عەفرین، لە ٢٠١٥.

٧- Rudaw، Mida net work،بەرنامەی شەوانی ڕەمەزان، چەند دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند گوڵستان پەروەر کە بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە، لە ١٩-١٢-٢٠١٧ و لە ٣٠-١٢- ٢٠١٧

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولقادر مەردان

هونەرمەندی بە توانا و ئەزموون لە بواری دیزایین و ڕۆژنامەگەری و سەرپەرشتی چاپەمەنی، مامۆستا عەبدولقادر مەردان ...

ناوی تەواوی(عەبدولقادر عەلی مەردان قادر بەرزنجی)یە، لە ناو بنەماڵەکەیان بە ناز ناوی(کاکە) ناسراوە، ئەوەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوکی ڕەحمەتی بە کاکە بانگی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی(باب الشیخ) لە نزیک مزگەوتی شێخ(عەبدولقادری گەیلانی) لە شەقامی شێخ عومەری شاری بەغدا لە دایک بووە، ئەو کوڕی پادشای مەقاماتی کوردی (عەلی مەردان)ی نەمرە، بۆ ئەوەی بچێتە خوێندنی سەرەتایی ساڵێک تەمەنی گەورەکراوە، لە ناسنامەکەی ساڵی ١٩٤٢ نووسراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(التسابیل)ی سەرەتایی دەستپێکردووە، دواتر گواستراوەتەوە قوتابخانەی(المستقبل) لە شەقامی ڕەشید لە شاری بەغدا، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی هەر لە شاری بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە کۆلێژی یاسای زانکۆی(المستنصرية) وەرگیراوە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆی، نەیتوانیوە لە خوێندنی باڵا بەردەوام بێت.

هونەرمەند و دیزایینەر و ڕۆژنامەنووس، عەبدولقادر مەردان لەبەر



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، هونەرمەند عەبدولقادر مەردان**


سەختیی ژیانی ئەو سەردەم لەتەک خوێندن، وەکو کرێکار لە چەندین شوێن کاری کرێکاری کردووە لەوانە(بەڕیوەبەرایەتیی نانەواخانە - مصلحة الإعاشة، بەڕێوەبەرایەتیی پێداویستیی پزیشکی و چەند شوێنێکی دیکە).

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٨ بە پلەی(ناسخ الخرائط) لە بەڕێوەبەرایەتیی(اعمار الشمال)ی سەر بە وەزارەتی(اعمار الشمال)ی جاران دەست بەکاربووە، ماوەیەکیش لە کەرکووک لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی کاری کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ هەڵی خوێندنی بۆ ڕەخساوە لە زانکۆی مۆنتبلێیی فەرەنسی بەشی یاسا بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پاسپۆرت بەدەست بهێنی لە لایەن ڕژێمی پێشوو لەبەر ئەوەی قەدەغەی سەفەری لەسەر بووە دووبارە وەک جاری پێشوو ئەم هەلەشی لەدەست دەدات، لە ساڵی ١٩٧٣ بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە شۆڕشی کوردەوە دووساڵ بە بڕیاری (محكمة الثورة) زیندانی کراوە و دواتر ئازادکراوە.

ئەو بە درێژایی ساڵانی خزمەتکردنیدا، توانا و بەهرە و ئەزموونێکی زۆری پەیدا کردووە، لە بواری دیزایین و ڕۆژنامەگەری و سەرپەرشتی کردنی چاپەمەنی، لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکانی ئەو

سەردەمە کاری کردووە، دەستپێکی کارکردنی لەم بوارەدا، یەکەمین جار وەکو دیزاینەری پاشکۆی(وعي العمال- هۆشیاریی کرێکاران) کە بە زمانی ئینگلیزی، نیقابەی کرێکارانی گشتی عێراق دەریدەکرد، کاریکردووە. پاشان لە ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق لە بەغدا، کاری سەرپەرشتیی چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ ئەو کاتەی دەزگای هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا یەکیان گرتەوە، ئەو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) وەکو(منفذ- جێبەجێکار) دەست بەکار بووە، ئیتر کەوتۆتە ناو دنیای دیزایین و ڕۆژنامەگەری و سەرپەرشتیکردنی چاپەمەنی، نزیکەی چل ساڵ لەم بوارەدا خزمەتی کردووە، وا مشتێک لەو خەرمانە زۆرەی کارە جوانەکانی دەنووسمەوە:

- ساڵی ١٩٧٣ بیرۆکەی ئامادەکردنی فلیمێکی دوکیومێنتاری بە ناوی(هەولێر)ی لە سەر مێژووی شاری هەولێر کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداریی فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی جاران کردووە.




**هونەرمەند عەبدولقادر مەردان لە کاتی کارکردن لە چاپخانە**


- دیزایینەر و سەرپەرشتیی چاپی ڕۆژنامەی هاوکاری و بەیان و ڕۆشنبیریی نوێی کردووە.
- لە ڕۆژنامەی(العراق و الجمهورية)یش وەکو دیزایینەر کاریکردووە.
- بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرپەرشتیی چاپکردنی گۆڤاری (کاروان) ی لە



**لە لای ڕاستەوە: خوالێخۆشبوو شێخ جەعفەر بەرزنجی، دیزایینەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولقادر مەردان، محەمەد عوسمان عەزیز، ناسراوە بە(محەمەد زادە)**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز غازی ئەسعەد، بەڕێز عەبدولقادر مەردان**



**دیزایینەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولقادر مەردان**




**لە لای ڕاستەوە: خۆشنووس و دیزایینەر محەممەد عوسمان عەزیز، وەصفی حەسەن ڕدێنی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری دهۆك. دیزایینەر عەبدولقادر مەردان.**

مەڕ نووسەر و چیرۆکنووسی گەورەی کورد حوسێن عارف کردووە، کە لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دەردەچوو.

- سەرپەرشتی و دیزایینی گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)ی سەر بە ئەمینداریێتیی گشتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە چاپخانەی(الادیب) دەردەچوو، کردووە.
- دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کە دەردەچوون وەکو دیزایینەر و سەرپەرشتی چاپکردن کاریکردووە، لەوانە:(بارزان کە لە ئەمەریکا دەردەچوو، وڵات، پارێزگاران، المؤتمر، المواطن، گوڵان، العمل الإسلامية، دوا ڕۆژ، الجمهورية، اخبار الاسبوع القطري، گۆڤاری پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین ، خەبات و چەندانی دیکە).
- لە ساڵی ١٩٩٣ لەسەر پێشنیازی بەڕێز دکتۆر فازڵ قەفتان، بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، دیزایینی یەکەم پولی بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، کە وێنەی بینای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٦ وەکو وانەبێژ بەشدار بووە، لە خولێکی ڕۆژنامەنووسی کە لە لایەن ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕێکخراوە.
- لە ٧ - ٧ ٢٠٠١- تا ١٩-٧- ٢٠٠١ وەکو وانەبێژ لە خولێکی ڕۆژنامەنووسی بەشدار بووە، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سازیداوە.
- لە ٢٢- ٤- ٢٠٠٤ لە فیستیڤاڵی بەدرخان لە سلێمانی وەکو وانەبێژ بەشداری کردووە.
- لە ١٧-١١- ٢٠٠٥ وەکو وانەبێژ و ئامادەکاری فلیمێکی دوکیومێنتاری دەربارەی ڕۆژنامەی(زاری کرمانجی)بەشداربووە، کە لە لایەن ڕووناکبیر حسێن حوزنی موکریانی دەرچووە، لە شاری سلێمانی ڕێکخراوە.
- لە ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ هونەرمەندی خۆشنووس و دیزایینەر محەمەد زادە، نێردراونەتە سەنتەری ڕاهێنان و ڕۆشنبیری لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی دهۆک، بۆ وتنەوەی چەند موحازەرەیەک دەربارەی ڕۆژنامەگەری و سەرپەرشتیکردنی چاپەمەنی.



هونەرمەندی دیزایینەر عەبدولقادر مەردان لە(هانۆڤەر) وڵاتی ئەڵمانیا.



**وێنەیەکی خێزانی، ڕیزی یەکەم لە لای ڕاستەوە: (هاوری، تریفە، ئومێد) منداڵەکانی عەبدولقادر مەردان، ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: هونەرمەند عەبدولقادر مەردان، تروسکە عەبدولقادر، خاتوو سوهەیلە عەبدولجەبار محەمەد هاوسەری عەبدولقادر مەردان**

- فلیمێکی دوکیومێنتاری ئامادەکردووە دەربارەی چاپەمەنیی منداڵان، کە لە کۆنفراسی منداڵان لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی سلێمانی نمایشکراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقییە.
- خاوەنی لۆگۆی(ئەکادیمیای کوردی)یە لە هەولێر.
- هەر لە ژمارە(سفر)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تا دوو ساڵ وەکو دیزایینەر و سەرپەرشتیی چاپکردن کاری کردووە، لەگەڵ دیزایینکردنی کوردستانی نوێ بە پیتی لاتینی کە دواتر بووە کوردستان تایمز، ماوەیەکیش دیزایینەری ڕۆژنامەی کوردستان نیوز بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، ماوەیەک بەڕێوەبەری هونەریی گۆڤاری(هەنگ) بووە.
- چەندین کاری هونەری دیکەی لە دیزایین و بەرگی کتێب و لۆگۆی کردووە.

- له ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦ دوو کتێبی به ناوەکانی:
- گۆرانییەکانم، بەرگی یەک و دووەم ئامادە و چاپ کردووە.
- کتێبی بە ناوی(عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردەی کوردی) ، ساڵی ١٩٩٠ چاپ کردووه و بڵاو کردۆتەوە.
- له ساڵی ٢٠١٢ بیرەوەرییەکانی (بیستراو و نووسراو)ی (عەلی مەردان) ی باوکی لە کتێبێکدا چاپ کردووه و بڵاوکردۆتەوە بە ناوی(بیرەوەری گەڵای پاییز) بە یارمەتیی بەڕێز ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
- ئەو خزمەتێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی کوردی کردووە، هەر سەرکەوتوو تەمەن درێژ بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامە و کارەکانی دیزایینەر عەبدولقادر مەردان، هاوڕێی دێرینم محەمەد زادە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاریی ورد لە شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس وەرگیراوە، سوپاسی دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولڕەحمان بامڕنی

بامەڕنی.....واریَ ڕۆشنبیران لە دەڤەری بەهدینان..

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەر، چالاکوانی بواری(شارستانێتی- مدني)مامۆستا عەبدولڕەحمان بامڕنی....

ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان تەیب ئەحمەد بامەڕنی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەبدولڕەحمان بامەڕنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(بامەڕنی) سەر بە قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە پۆلی(٥-٦) سەرەتایی بووە قورئانی پیرۆزی ختم کردووە، بۆیە زمانی عەرەبی زۆر باش فێر بووە، لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە، کە مامۆستای زمانی عەرەبی(مطالعة)ی یەک جارخوێندۆتەوە، دووەم جار بە ئەوی وتوە بیخوێنێتەوە، لای هەموومان ئاشکرایە ئەو کات بامەڕنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی دەڤەری بەهدینان بووە، تەکیەی شێخ غیاثەدین و شاعیران ئەحمەدی نالبەند و حوسنی بامەڕنی و نەجمەدین بابەک و چەندان شاعیر و ڕۆشنبیری دیکەی لێ بووە، لە هەموو عەشیرەتەکانی دەڤەری بادینان خەڵک هەبووە لە بامەڕنی ژیاوە، بۆیە کەلتوور و داب و نەریت و گێڕانەوەی چیرۆک و داستانەکان لەویَ



له لای ڕاستەوە: نووسەر حوسێن جاف، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد مستەفا ساڵح کەریم، شاعیر عەبدولڕەحمان بامەڕنی

زۆر باو بووە، هەفتەی جارێک هەموو ڕۆژی چوارشەممان کۆڕی شیعر خوێندەوەیان ئەنجامداوە، بۆیە کەش و هەوای ئەویش کاریگەری لێکردووە و حەز و خولیای کەوتۆتە سەر شیعر و چیرۆک نووسین، دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران و ئەحمەدێ نالبەند و نالی و حاجی قادری کۆیی) و شیعری شاعیرانی نوێخوازی هەر یەک لە( دکتۆر بەدرخان سندی و دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری و موئەیەد تەیب و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەنوەر قادر جاف و چەندانی دیکە)، (پاشخان- خلفية)ێکی باشی پەیدا کردووە، گڕوگاڵی چیرۆک نووسینی کردووە، ئەو بە چیرۆکنووسین دەستی پێکردووە و ناردوویەتی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسای بەغدا، بەڵام دەستخەتی ناخۆش بووە و بۆیان بڵاونەکردۆتەوە، بۆیە ڕووی لە شیعر نووسین کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٧ کە تەمەنی(١٧) ساڵان بووە، یەکەمین بەرهەمی خۆی کە هەڵبەستێک بووە لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام

بووه لە نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و ڕەخنەیی، لە زیاتر لە(٧٣) گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە(هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بەیان، بزاڤ، نووسەری کورد، ڤۆلکان، کوردستانی نویٚ، پەیمان، گازی، دەنگی میللەت، برایەتی، پاشکۆی ئاسۆی ڕۆشنبیری، ماف، پەیڤ، دجلەی لاتینی، ئاسۆی فۆلکلۆری، ڕزگاری، مەتین، رامان، نیشتمان، لالش، خازر، کاروان نەوشەفەق، زاخۆ، بەهدینان، چاڤدێر، وار، پێشەنگ و چەندانی دیکە).تا ئێستا چوار دیوانی شیعری و کۆمەمەلێک بەرهەمی لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- بارانا دینا، هەلبەست، سالا ٢٠٠٠ یٚ دهوک.
- هوزانڤانیٚ مللی حوسنییٚ بامەرنی، بەرهەڤکرن، ٢٠٠٢ یٚ دهوک.
- دومینە، هەلبەست، ٢٠٠٤ یٚ دهوک.
- دەفتەرا بیٚ گونەهییٚ، هەلبەست، ٢٠٠٥ یٚ دهوک.



**٣ - لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس و لیکۆڵەر حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی**

- ژ بەرپەرێن کەڤن ـ سەرهاتییێن کوردی، ٢٠٠٧ ێ دهوک.
- هوزانڤانیێ مللی مەلا حەسەنێ سەردەرگەهی، بەرهەڤکرن، ٢٠٠٩ ێ دهوک.
- نڤیسینا هەوالێ روژنامەڤانی، ٢٠٠٩ ێ دهوک.
- هەناسەیێن شعری، هەلبەست، ٢٠١٠ ێ دهوک.
- بامەرنێ... ژ نالبەندێ مەزن بو نالبەندێ بچویک، ٢٠١١ ێ دهوک.
- شەڤێن چلەیی، چیروک و چیڤانوکێن کوردی، ٢٠١١ ێ دهوک.
- دەستهەلاتا چارێ ـ گومانا دناڤبەرا روژنامەگەریێ وەرگری دا ـ پارێزگەها دهوکێ وەک نمونە ٢٠١٢ دهوک.
- تێکست و شروڤەکرنێن رەخنەی ـ رێڤەبەرییا چاپ و بلاڤکرنێ ٢٠١٤ دهوک.
- جەمال چەلکی.. کومەلکا گوتارێن سیاسی و رەوشەنبیری ٢٠٢٢.
- پێشمەرگە و تێکوشەر خالد بانی .
- تابووت, کورتە چیرۆک، چاپخانا گازی ٢٠١٩ دهوک.
- رەشکۆ, رۆمان, چاپخانا گازی ٢٠١٩ دهوک.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولڕەحمان بامەڕنی، شاعیر و نووسەر سەباح ڕەنجدەر**



**له لای ڕاستەوە: شاعیری ناوداری کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر عەبدولڕەحمان بامەڕنی**

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپکردن:

- دیوانەکا هەلبەستان.
- گوتارێن ئەدەبی.
- رەخنە ل سەر رۆمانا دەڤەرا بادینان.

ئەو هەر شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی بواری(شارستانی- مدني) بە تواناشە، زۆریش چالاکانە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان، ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی چاودێر بووە لە دهۆک.
- چەندین ساڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی چاودێر و ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری چاودێر بووە.
- نوێنەری بنکەی ڕۆشنبیریی گەلاوێژە لە شاری دهۆک.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- سەرۆکی ڕێکخراوی(ڕۆشنگەری بۆ پیادەکردنی دیموکراسییەت(NGO) کە تایبەتە بە ڕۆژنامەوانی.



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر حەجی جەعفەر، شاعیر بەشیر مزووری، شاعیر عەبدولڕەحمان بامەڕنی


- ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(صباح کوردستان)ە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی، بەشداری بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراس و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لە شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی کردووە و دەکات، چەندین کۆڕ و سیمیناری لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن و ڕەخنەیی بۆ بەرهەمی زیاتر لە(٥٠) شاعیر و نووسەری دەڤەری بەهدینان ئەنجامداوە، لەوانە:

- لە ٢٨- ١١- ٢٠٢٢ لە حەفتەمین کۆنفراسی نێو دەوڵەتی لە سلێمانی بە لێکۆڵینەوەیەک بە ناو نیشانی(خەیالدانا کوردان د ناڤبەرا ئاگەهیٚ و بیٚ ئاگەهییێدا) بەشدار بووە.




- لە ٦- ١٢- ٢٠٢٢ لە کۆڕێکدا بابەتێکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە بواری شارستانێتی بە ناوی(گەنج ل بەر گەڤێن جودا بوونیٚ) پێشکەشکردووە.
- لە ٢٤-١- ٢٠٢٣ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری لە دهۆک سیمینارێک بۆ نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی،





لەژێر ناونیشانی(ڕەخنا ئەلیکترۆنی و ئەدەبی ئەلیکترۆنی) سازکراوە، کە تێیدا دوو کتێبی هەر یەک لە نووسەران( خورشید ئەحمەد پیرۆمەری و زوهێر کورەمارکی) ناساندن و واژۆکردنی بۆ کراوە.


چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە پەیوەندیدارەکان لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوە، خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

هێشتا زۆر چالاکە بە بەردەوامی لە هەموو جموجۆڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشدار دەبێت و بەردەوامیشە لە نووسینەکانی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، دوا بەرهەمیشی ڕۆمانی(رەشکو) بووە، کە زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگرانی دەڤەری بەهدینان، لێکۆڵینەوەی شرۆڤەیان لەسەر کردووە.

بۆ نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.


وا دوو پارچە شیعری شاعیر عەبدولڕەحمان بامەرنی-تان بۆ دەنووسمەوە:










بەرهەمەکانی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی

١

**(تشتەک شکەست)**

ئەڤرو من هەست ب تشتەکی دکر، شکەست
دەنگەکێ گەلەک جیاواز بو و
ب دەنگێ شکەستنا چ شیشان ڤە نەدچوو
وەک گولدانەکا ژ هەمی تشتەکی هاتیە چێکرن و
فرچێ هەمی وەرزان لێ هاتیە خشاندن
یا رەنگا و رەنگ،
بێهنا گولان دویراتیا تەمەنێ دەستپێکرنا چیروکا مە بو
ل سەر مێزەکێ ل پێش چاڤێن من و تە
هەمی رەنگێن وێ ژ سوری و رەنگێ عاشقان بون
نزانم لبیرا تە مایە؟
مە پێکڤە ئەو رەنگ کێشابون
گولدان دکەت
ل بەر چاڤێن مە دکەت و بێ پێژن دما
کەسێ چەپلە لێنەددان
چنکو هولەکا ڤالا بو
خو مە ژی چەپلە لێدان ژبیرکربو!
ژ وێ روژێ من هەست ب شکەستنا گەلەک تشتان کر
من نەزانی لێک بدەمە ڤە
یان وەک یاریکێن زاروکان تێکەلی ئێک بکەم

٢

**(فیتکا دوماهیێ...)**

بو شکاندنا بێدەنگیا تە
ئەز دێ ڤێ یاریێ بدوماهی ئینم و

سەفەرێ کەم!
من نەڤێت یاریەکا تژی خەم بیت و
سەفەرا من جلێن بێدەنگیا تە لبەر بن..
سەفەرا من ل ویستگەهەکا تژی مروڤ دەست پێدکەت
فارگون دتژی نە و حەشامەتن
رێ جودایە و تابلو دجودانە و
کەنی و گری و بشکورین و هەوایێ ئەم دهەلکێشین ژی جودایە..
هەمی تشت دناڤ حەشامەتێ را بەرزەیە و
چاڤەرێی هاتنا کەسەکێ ژی ناکەم!
جگارا خو، وەک من دڤێت هل دکەم و
پێکێ خوە یێ شەرابێ وەک من دڤێت فر دکەم
دوماهی فیتکا تەمەنێ یاریێ یە
هەمی تشتێن من یێن منن و
هەمی تشتێن خو ژی دگەل خوە ببە..
دفارگونێن ڤێ شەمەندەفرێ دا
خەریبیێن تە ناکەم.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی فەرمیی نووسەر و شاعیر عەبدولڕەحمان بامەڕنی.
٢ - ڤلمێکی دوکیومێنتاری، waar midia, بەرنامەی(پەیڤستان).
٣- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خەلیل وەندی

دەنگێک....چریکەیەک...لە ئەڵوەندەوە...مەقام و گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردیی بە تام و چێژی گەرمیان، مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، هونەرمەند و ئاوازدانەر خەلیل وەندی...

ناوی تەواوی(خەلیل موراد وەندی)یە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی(سەید برزو)ی سەر بە شارە جوان و ڕەنگینەکەی خانەقین لە خێزانێکی هەژاری کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان دەست پێدەکات و ناوەندی و تا پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو دەکات، پۆلی پێنجەمی ئامادەییش(ئەو کات تا پۆلی پێنجەم ئامادەیی دەخوێندرا) لە بەغدا تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و بەردەوام بووە لە خوێندنی باڵا لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوە- طرق التدريس)ی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ تەواوکردووە و وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە شارۆچکەی (فەللوجە)ی ناوەڕاستی عێراق دەست بەکار بووە، پاش(٣) ساڵ خزمەتکردن گواستراوەتەوە شاری بەغدا، لەوێش دوو ساڵ وانەی مۆسیقا و دەروونناسی لە پەیمانگای مامۆستایان وتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٨١ لەسەر داخوازیی خۆی گواستراوەتەوە شاری هەولێر، لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سۆران و پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سوبحی کۆیی، هونەرمەند ڕزگار خۆشناو، بەڕێز جیهانبەخش کۆیی، بەڕێز شوان سلێمان، هونەرمەند حەمە جەزا، هونەرمەند خەلیل وەندی، نە ناسراوە



هونەرمەند خەلیل وەندی لە کاتی ئاهەنگێڕان

وانەی مۆسیقا و دەروونناسی داوەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە زانکۆی سۆران بڕیاردەری بەش و بەرپرسیاری ڕاگەیاندن و مامۆستاش بووە، تا ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووە.

هونەرمەند خەلیل وەندی هەر لە لاوێتیدا حەزی لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، زۆریش عەشقی دەنگی مامۆستای گۆرانێژ مەزهەری خالقی بووە، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە، لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە(عومران باوەمیر و خالید خان مراد) لەسەر ڕێگای(مونزریە، قەسری شیرین) کە نزیک بووە لە گوندەکەیان خەریکی(خوێندنەوە ودەور کردنەوە)

بوونـه، هـەر بـۆ خـۆی بـۆ دڵـی خـۆی کـۆپلەیـەک لـە گـۆرانییەکـی هونەرمەنـد مەزهـەری خالقـی وتـووە، هاوڕێکانـی زۆر بـە دەنگـی سـەرسـام بوونـە، کاک خالید بردوویەتییە ماڵی خۆیان دەنگی تۆمار کردووە و بۆی لێداوەتەوە و هانیـان داوە کـە بـەردەوام بێـت، ئـەو لـە پـۆلـی پێنجـەم بـووە ڕووی لـە بەغـدا کـردووە.

هونەرمەنـد خەلیـل وەنـدی لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو، ئـەو



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی، هونەرمەند خەلیل وەندی، هونەرمەند فەرهەنگ غەفور، نە ناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خەلیل وەندی، هونەرمەندی دەرهێنەر زوهێر عەبدولمەسیح، هونەرمەندی حەیرانبێژ ڕەسوڵ گەردی، نە ناسراوە، هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن**

کاتەی قوتابیی بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب بوو( ئاخر سالآنی ١٩٧٠-١٩٧٤) بۆ قوتابیانی کورد لە بەغدا سەردەمی زێڕین بوو، بە بەردەوامی ئاهەنگێڕان هەبوو بە بۆنەکانی ئادار و نەورۆز و ئاهەنگی (تخرج و تعارف) بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ئەو بەو ئاهەنگانە دەستی پێکرد بە تایبەتی گۆرانییە تایبەتییەکەی دەڤەری خانەقین (بەو بەو خانمە خاسەکەم)، بەمەش ناو ودەنگێکی لە ناو قوتابیانی بەشی کوردی و هەموو قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا بڵاوبووەوە، هەموو لایەک هانیان دا بۆ بەردەوام بوون، سەرەتای تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، ساڵی ١٩٧١ لە ڕێگای مامۆستای گۆرانی و مەقاماتی کوردی ڕەوانشاد عەلی مەردان بوو کە ئەو کات بەرپرسی پشکنینی دەق و تێکستی گۆرانی بووە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا مامۆستا عەلی مەردان هەفتەی دوو جار دەهاتە ئەویَ، هونەرمەند خەلیل وەندیش سەردانی دەکرد، یەکەم گۆرانی پاش(٦) مانگ پرۆڤە کردن گۆرانیی(خۆشەویستەکەم) بوو کە لە هۆنراوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ئاوازی خۆی و مامۆستا عەلی مەردانە تۆمار کرد، ئەو گۆرانییە لە ڕێگای تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی بوو، کە بەشی زۆری ئامێرژەنەکان عەرەب بوون، ئەم گۆرانییە کە تۆمارکرا یەکسەر پەخش نەکرا، پاش ماوەیەک پەخش کرا، دواتر گۆرانیی دووەمی بە



**هونەرمەند خەلیل وەندی لە کاتی ئاهەنگێڕان**



هونەرمەند خەلیل وەندی لە کاتی ئاهەنگێکی خنجیلانە
لە کافتریای بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا

ناوی(نامـەویَ)ی تۆمـار کـردو پەخـش کـرا، دەنگ و سـەدایەکی زۆری هەبوو، پاشـان گۆرانیی خۆشـەویسـتەکەم پەخـش و بڵاوکرایـەوە، بـەم دوو گۆرانییە هونەرمەنـد خەلیـل وەنـدی نـاو دەنگـی بـە هەمـوو کوردسـتان بڵاوبـووەوە.

هونەرمەنـد خەلیـل وەنـدی هــەر گۆرانیبێـژ نییـە، بەڵکـو دەق و تێکسـت و ئـاوازی زۆر لـە گۆرانییەکانـی هـی خۆیەتـی، ماوەیـەک لـە گـەڵ مامۆسـتا عەلی مـەردان لـە لێژنەی(فحص- پشکنینی) دەق و تێکستی گۆرانی بووە لـە ڕادیـۆی کـوردی، ئـەو کاتـەی لـە بەغـدا قوتابی بوو، دواتریش مامۆسـتا بوو، لـە ڕێگای هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن و ئاوازدانـەر ڕزگار خۆشـناو فێری نۆتـە و عـود لیـدان بـووە، سـوودی لـە هونەرمەنـدان ئەنـوەر قەرەداغـی و خالیـد سـەرکار و وریـا ئەحمەدیـش وەرگرتـووە.

ئـەو زیاتـر لـە (٦٥) گۆرانـی و مەقامـی لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا تۆمـار کـردووە و(٢٠) گۆرانیشـی بـۆ تەلەفزیۆنەکانـی کەرکـوک و کەناڵـە کوردییـەکان تۆمـار کـردووە، لەوانـە گۆرانییەکانـی (خۆشـەویسـتەکەم، نامـەویَ، بـەو بـەو، ئـەی ئـەو شـۆخەی، نامەکـەت گەیشـت، تـازە ئـەوروس، هـەر مـن پەروانـەی، ئـەڕی هـەی داد و بیَ داد و ....هتـد).

هونەرمەند خەلیل وەندی، هەردەم خاوەن هەڵوێست بووە، لە ساڵانی ١٩٨٣ لە کاتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە نهێنی پەیوەندی لە گەڵ یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە شاخ هەبووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان- لقی هەولێر بووە.

لە ٦- ٦- ٢٠٢١ بەڕیز هونەرمەند فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری هونەر و ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی شاندێک سەردانی هونەرمەند خەلیل وەندی-یان کردووە لە باری تەندروستیان پرسیوە.

هونەرمەند خەلیل وەندی ماوەیەک پێش ئێستا باری تەندروستیی تۆزێ ناجێگیر بوو، هیوای تەندروستیی باشی بۆ دەخوازین و هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانی و مۆسیقای کوردی.


سەرچاوەکان:

١- BMCtv، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ٩-٨-٢٠٢٠.

٢- Rudaw، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە ڕووداوی هونەری، لە ٦- ٦- ٢٠٢٠.

٣- Kurdsat news، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٩-١٢- ٢٠١٨.

٤ - ماڵپەڕی سەمەد مەلا محەمەد لە ١٤-١٢-٢٠٢٠

٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد ساڵح بەرزنجی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، چیرۆکنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا محەمەد ساڵح بەرزنجی....

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ محەمەد ساڵح بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی(چوارباخ)ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ئاینیی و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٢ چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئەیوبییە)، ساڵی ١٩٦٨ تەواوی کردووە، خوێندنی ناوەندی و پەیمانگای ئیسلامی ساڵی ١٩٧٤ هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە و هەمان ساڵ چووەتە بەشی زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکان لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و ساڵی ١٩٧٨ ی ڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەستهێناوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد ساڵح بەرزنجی ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە، حەز و ئارەزووی چۆتە زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەوسای خوێندۆتەوە بە تایبەتی گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دەریدەکرد، بۆ یەکەم جار دەستپێکی نووسینەکانی خۆی ساڵی ١٩٧٥ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی چۆتە ناو دنیای نووسین و




**له لای ڕاستەوە: نووسەر محەممەد ساڵح بەرزنجی، نووسەر حەمەی حەمە باقی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس**

ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەش لە کوردی بۆ عەرەبی، ئەو زیاتر لە(١٩) کتێب و نامیلکەی لە بوارەکانی چیرۆکی منداڵان و وەرگێڕانی شیعری و ئامادەکردن و ساغکردنەوەی تێکست و دیوانی شاعیران و مێژووی دامەزراندن و کەسایەتییەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا و چەندین بابەتی هەمەجۆری دیکە نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویشکردوونەتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- کۆمەڵە چیرۆکی زەوی، کە تایبەتە بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٨٧.
- دیوانی شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە.
- شێخ حسێن بەرزنجی، ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب .
- هەمان کتێب بە زمانی عەرەبی( الشیخ حسین البرزنجي) ملحن نشید ئەی رقیب .
- کۆمەڵە چیرۆکی( شاهۆ)  بۆ منداڵان.

- وەرگێڕانی دیوانی ئارونی ئارام ئیسماعیل بۆ زمانی عەرەبی .
- وەرگێڕانی دەقەکانی بەکر حسن بۆ زمانی عەرەبی .
- وەرگێڕانی دیوانی حەسرەتی د. ئاراس عەزیز بۆ زمانی عەرەبی.
- وەرگێڕانی دیوانە شیعری مەریوان قەرەداغی بۆ زمانی عەرەبی .
- وەرگێڕانی دیوانە شیعری حمە سعید ئیبراهیم بۆ زمانی عەرەبی .
- وەرگێڕانی دیوانە شیعری سەلام سەعید بۆ زمانی عەرەبی .
- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی ڕەوانشاد د. ئەحمەد ئابلاخی .
- نووسینی کتێبێک لەسەر کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی .
- کورد بگیر، وەرگێڕانی چیرۆکی(تسفیر) لە نووسینی دکتۆر موئەیەد



لە لای ڕاستەوە و دانیشتووە: نووسەر مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد ساڵح بەرزنجی

عەبدولسەتار کازم، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

- کۆکردنەوە و پێشەکی نووسین بۆ چیرۆکی( الدمیة)ی دکتۆر مارف خەزنەدار .
- نووسینی کتێبێک لەسەر خانمە هونەرمەندی دەنگخۆش شەهێن تاڵەبانی
- دروستکردنی بیبلۆگرافیا بۆ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، بە هاوبەشی لەگەڵ خاتو مەریەم عەدنان سەنگاوی .
- لەچاپدانی چامە جوانەکەی شاعیر کەریم دەشتی بۆ شاری سلێمانی .
- سەیدەی شێخ عەلی سەرکردەی چەند شەڕێکی شێخ مەحمودی نەمر .

نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجی، پێشەکی و پێداچوونەوەی بۆ بەرهەمی ژمارەیەک لە شاعیر و نووسەران بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسیوە لەوانە:

- دیوانی عبدالقادر سەرچناری .
- نووسەر جیهان عومەر .
- نووسەر سۆزە بەرزنجی .
- نووسەر بورهان بەرزنجی .
- نووسەر جعفر سلێمان بەرواری.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو ڕۆژ هەڵەبجەیی، نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجی



لەلای ڕاستەوە: نووسەر جومعە کانی لەلەیی، نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیری عەرەبی (علي الوردي)، نووسەر محەممەد ساڵح بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر تەیب جەبار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەممەد ساڵح بەرزنجی

- کتێبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق هەردوو جیلی ئێستا و پێشوو نووسیوە.

نووسەر و وەرگێر محەمەد ساڵح بەرزنجی، لە بواری ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕێکخراوەیی و میدیایش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی.
- لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو (بەندە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بووم)، ئەو ماوەیەک بەرنامەیەکی ئەدەبی ئامادە و پێشکەش دەکرد.
- لە ساڵی ١٩٨٣ وەکو ئەندامی دەستەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دەست بەکار بووە و دواتر بۆتە سکرتێری ئەو کۆمەڵەیە و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ڕۆژی کوردستانیش بووە.
- ئەو کاتەی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناریان بۆ نووسەر و هونەرمەندانی کورد و عەرەب ئەنجامداوە، ئەوەی من لە یادم بێت لە ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێگای نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجییەوە کۆڕێکیان بۆ نووسەر و بیرمەند(مفكر) ی عەرەبی عێراقی(دكتور علي الوردي) سازکرد، کە یەکەم جار بوو ڕێکخراوێکی کوردی میوانداریی نووسەرێکی گەورەی عەرەبی بکات.




**بەرهەمەکانی نووسەر محەممەد ساڵح بەرزنجی**

- هەر لەسەر دەمی ئەو بوو، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارەیەکی تایبەتی بە شانۆ و سینەمای کوردی دەرکرد.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق و عەرەبە .
- ئەندامی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و عەرەب و جیهانییە .
- جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی( الواحة) و جێگری سەرۆکی نووسینی ڕۆژنامەی( الذهبية)یە لە بەغداد .

زیاتر لە پەنجا بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە زۆربەی زانکۆکانی عێراق و کوردستان پێ بەخشراوە و چەندین جار خەڵاتی ماددی و مەعنەویش کراوە .

بەشداریی چەندین کۆنگرە و کۆنفراسی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی جیهانی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق و کوردستان کردووە.

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ محەمەد ساڵح بەرزنجی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب کوردی.


سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر محەمەد ساڵح بەرزنجی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - Kurdiastan tv، فلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی بەیانی باش کوردستان، لە ئامادەکردنی میدیاکار (خاتوو کانیاو).

٣- Kuradsat megazin

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەئووف شێخ جەمیل


شاعیر و نووسەر، لێکۆڵەر و شارەزای بواری ئەرشیفکردن، مامۆستا ڕەئووف شێخ جەمیل ...

ناوی تەواوی(ڕەئووف جەمیل عەزیز)ە، بە ڕەئووف شێخ جەمیل ناسراوە، لە ساڵی١٩٦٢ لە گەڕەکی(مەڵکەندی)ی شاری سلێمانی لە خێزانێکی ئایینپەروەر لە دایک بووە،خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەڵکەندی، ناوەندەی لە گۆیژە و ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە، بە هۆی بار و دۆخی ئەو کات و هەڵوێستە سیاسییەکانی لە هیچ شوێنێک دانەمەزراوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی کورد، زیاتر خزمەتەکانی لە بواری پێشمەرگایەتی و سیاسی بۆ خەڵکانی پسپۆڕتر بە جێدێڵم.



نووسەر و شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل بە جاحێڵی

شاعیر و نووسەر ڕەئووف شێخ جەمیل لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو کات کردووە و دواتر شیعری شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخی کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم هەڵبەستی



له لای راستەوە: نووسەر مامۆستا کەریم زەند، شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل



له لای ڕاستەوە: شاعیری ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، نووسەر و شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل


خۆی بە ناوی(گوڵاڵـەی خوێنـی)ی نووسـیوە و بڵاویکردۆتـەوە، دواتـر کـە بۆتـە دیوانێکـی شـیعری هـەر بـە نـاوی گوڵاڵـەی خوێنـی بڵاویکردۆتـەوە.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ڕووی لە نووسینی شیعر بۆ منداڵە چاوگەشـەکانی کوردسـتان کـردووە، لـەم بـوارەدا دوو دیوانـی شـیعری بڵاوکردۆتـەوە، سـەرەڕای چەند بەرهەمێکی دیکە لە بواری کەسایەتییە کۆن و ناودارەکان و شـوێن و وێنەکانـە کۆنـەکان شـاری سلێمانی و شـیعر و گۆرانـی و گۆرنبێژانـی میللی و چەند بابەتێکی دیکـە، تـا ئێسـتا ئـەم بەرهەمانـەی لـە چاپـداوە و بڵاویکردوونەتـەوە:


- پشەسوور، کۆمەڵە شیعر بۆ منداڵان، ٢٠١٣.
- گوڵاڵەی خوێنی، دیوانی شیعر، ٢٠١٤.
- گوڵ و هەنگ و پەپولە، کۆمەڵە شیعر بۆ منداڵان ٢٠١٧.
- یەحیا ئەفەندی وێنەگر، ٢٠١٨، کە وێنەی کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی وەکو(شێخ مەحمودی حەفید و حەپسە خانی نەقیب و مەحمود خانی دزلی و چەندانی دیکەش لە خۆ دەگرێت).
- شەقامی ئیبراهیم پاشا، کە چەندین بابەتی هەمەجۆری لە خۆگرتووە




لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت، نووسەر و شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل



لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی، شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید حەمەکەریم جاف، شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا

کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردۆتەوە، جگە لە بە ئەرشیفکردنی شوێنە و شەقامە کۆنەکانی شاری سلێمانی، ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

- ئەحمەد شەماڵ، ٢٠٢٠. دەربارەی ژیان و بەسەرهات و بەرهەمی گۆرانیبێژی میللی سلێمانیی، ئەحەی خولە سنەیی.
- مەفرەزەی تۆڵە، باسی خەباتی نهینی خۆی و هاورێکانی دەکات.

جگە لە چەندین بەرهەمی دیکە کە ئامادەن بۆ لە چاپدان،


- دەیان وتاری و پارچە شیعر و بابەتی ئەرشیفیی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە لایەن گۆڤار و رێکخراوە کوردییەکان.


دوو پارچە شیعرێکی شاعیر ڕەئووف شێخ جەمیل:

(( گوڵاڵەی خوێنی))

وامئەزانی
گوڵاڵە سوورەیە
لەناو نێرگسە زەردە
نەزانی خوێنی پێشمەرگەی شەهیدە
لەو کێوو هەردە
دەستمدایە

لێیبکەمەوەگوڵاڵەهاتە زمان
وتی دەستم لێمەدە
ئەبم بە سنوور بۆ کوردستان.
*******
خۆزگە
منیش وەک پەپولە
بێدەنگ دەبووم
خۆزگە
منیش وەک چۆلەکە
دڵخۆش دەبووم
خۆزگە
منیش هەروەکو هەنگ
بەسوود دەبووم
خۆزگە
منیش وەکو کۆتری سپی
بەرەو ڕووی ئاشتی دەچووم
بەڵام چیبکەم مرۆڤێکم
دڵم هەزار خۆزگەی تیایە
بۆ من هیچی نایەتە دی لەم دنیایە.













بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڕەئووف شێخ جەمیل.








**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڕەئووف شێخ جەمیل.**

شیعری بۆ منداڵان:

منالّی ژیرین

ئێمە منالّی ژیرین
بە هەست و هۆش و بیرین
خوێندنگە جێ ناهێڵین
ئاواتمان بەدی دێنین
پاشەڕۆژ دیاری دەکەین
گەل و وڵات سەردەخەین
بیرمان لای پێشکەوتنە
ژینمان بۆ سەرکەوتنە
ئێمەین منالّی دوا ڕۆژ
دیارین هەروەک تیشکی ڕۆژ
ئامانجمانەو هیوامان
پێشکەوتنی نیشتمان

سەرچاوەکان

١ - کورتەیەك ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ڕەئووف شێخ جەمیل، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەدیق وەلی بەرواری

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، شارەزای زمان و ڕێزمان و ئەدەبی منداڵان، مامۆستا سەدیق وەلی بەرواری...

ناوی تەواوی(محەمەد سەدیق وەلی عومەر وەلی بەرواری)یە، بە سەدیق حاجی وەلی یان سەدیق وەلی بێگدادی ناسراوە، لە ٨-٩-١٩٦٠ لە گوندی (بێگدادی)سەر بە ناوچەی بەرواری باڵای پارێزگای دهۆک لە خێزانێکی دیار و ناسراوی ناوچەکە لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(تروانش) کردووە و تەواوی کردووە، لە تەک خوێندنی سەرەتایی لە مزگەوت لەلای مەلاکانیش قورئانی پیرۆزی خوێندووە، ناوەندییشی تا پۆلی دووەم لە کانی ماسی خوێندووە و پۆلی سێیەمیشی لە ناوەندیی برایەتی لە دهۆک و ئامادەییشی هەر لە دهۆک تەواوکردووە، تا لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی موسڵ تەواوکردووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماجستێری هەر لە یاسا لە زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە، ماوەیەکی کەمیش پارێزەری کردووە.

نووسەر سەدیق وەلی بەرواری، لە بوارەکانی وەرگێڕان و زمانەوانی و شانۆگەریی نووسین دەربارەی ڕاگواستنەوەی گوندەکانی کوردستان و ئەنفال و بابەتی هەمەجۆری دیکە(٧) کتێبی لەچاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە



لەلای ڕاستەوە: نووسەر و میدیاکار جەمال بەرواری، نووسەر و لێکۆڵەر سەدیق وەلی بەرواری



لەلای ڕاستەوە: نووسەر سەدیق وەلی بەرواری، بەڕێز ئەدیب روشاقەیی

کە ئەمانەن:

- پرۆژێ هەڤگرتنا زمانی کوردی، دهۆک ٢٠١١.
- دیوانا هاڤێتا یەرئێکا هەلبەستان بۆ شرۆڤەکرنا بابەتان، (٥٠) هەلبەستڤان، ئامادە و پشکداری چاپکرنا، ماهر عەبدولڕەحمان و سەدیق وەلی بێگدادی بەرگی ئێکی ٢٠٢١.
- سومەری، ڤەکۆلینەکا بەراوردی د ناڤبەرا سومەری و کوردان(کەلتۆرێ سۆمەری و کوردی یێ هەڤبەرکری).
- جوینکرنا گیرەکێن زمانێ کوردی، ڕێزمان.
- کورتنڤێسا ژماران(بۆلەرزێ و کورتبینی)، ٢٠١١.
- مامک نوی، مامک بۆ زارۆکان، بەرگی ئێک و دوو.

ئەو زیاتر لە(٢٠) بەرهەمی نووسراوی دیکەی هەیە، هەندێکیان لە قوناغی چوونە ژێر چاپدان و هەندێکی دیکەشیانی لەبەردەستدایە.

نووسەر سەدیق وەلی بێگدادی، دەیان وتار و لێکۆڵیەوە و بابەتی جۆراوجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرۆتەوە لەوانە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (پەیڤ، رامان، هایبوون، مەتین خازر، ئاسۆی پەروەردە، دیرۆک، مجلة الگاردینیا(مجلة ثقافية عامة)، التآخي، پەیمان، ئەڤرۆ و چەندانی دیکە).

ئەو ئەندامە لەم ڕێیکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەش:

- سەرۆکی ئەنجومەنی زمانزانانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.


بۆ نووسەرو لێکۆڵەر سەدیق وەلی بەرواری، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ لە چاپدانی بەرهەمە جوانەکانی دیکەت.





لەلای ڕاستەوە: شاعیر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزوری، نووسەر سەدیق وەلی بەرواری





- لە لای ڕاستەوە: بەڕێز ئەلەند مزوری، نووسەر سەدیق وەلی بەرواری

















**بەرهەمەکانی نووسەر سەدیق وەلی بەرواری**

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر سەدیق وەلی بەرواری، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد حسێن موهەندیس

ئەندازیار و پسپۆری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی دیار و ناسراوی کورد، محەمەد حسێن موهەندیس...

ناوی تەواوی(محەمەد حسێن ڕەسوڵ بڵباس)ە، لەناو ئەندازیاران و نووسەر و ڕۆشنبیران بە محەمەد حسێن موهەندیس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گەڕەکی(تەعجیل)ی ناو شاری هەولێر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ بەشی شارستانی لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، دواتر بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی ئەمریکی(شانۆگەری) لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە.



محەمەد حسێن موهەندیس
بە منداڵی

لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی هەولێر دەست بەکار




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، نووسەر و وەرگێڕ محەممەد حسێن موهەندیس**

بووە، لە ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣ جێگری بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی ڕەمادی بووە، لە ساڵانی ١٩٨٩- ١٩٩٢ بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر بووە و سەرپەرشتیی چەندین پرۆژەی کردووە.

محەمەد حسێن موهەندیس، هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی نووسینی هەبووە، ئەو بە خوێندنەوەی شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان دەستی پێ کردووە، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پوختی پەیدا کردووە، ئەزموونێکی باشی لە زمانی عەرەبی و دواتریش زمانی ئینگلیزی پەیدا کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی زانستی کردووە لە بواری پسپۆری خۆی کە(هندسة مدنیة- ئەندازیاریی شارستانی)یە، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی بە تەنیا و بە هاوبەشی لەگەڵ




هاوپیشـەکانی نووسـیوە و بـڵاوی کردۆتـەوە، پـاش ساڵی ٢٠٠٦ یش ڕووی لـە وەرگێـڕان بۆسـەر زمانـی عەرەبی و ئینگلیزی کردووە، لەم مەیدانەدا خەرمانێک بەرهەمی شـاعیرانی کـوردی هاوچەرخـی لـە شـیعر و چیـرۆک و بابەتـی دیکـە، وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی، ئـەو وەکـو شـاعیریش دیوانێکـی شـیعری نووسـیوە، بـە تێکڕایی ئەمانە بەرهەمە زانسـتی و ئەدەبییەکانییەتـی:

الكتب العلمية:

- أعمـال التبليـط، ١٩٨٤ ط١ مـع المهنـدس نامـق حويـز احمـد، مـن مطبوعـات مديريـة طـرق أربيـل.
- أعمال التبليط، ١٩٨٥ چاپی دووەم.
- هندسـة التبليـط الأسـفلتي،١٩٨٦ ط١ مـع المهنـدس نامـق حويـز احمـد، مـن مطبوعـات المؤسسـة العامـة للطـرق والجسـور العراقيـة.



**لە لای ڕاستەوە؛ شاعیر و نووسەر هاشم سەڕاج، نووسەر محەمەد حسێن موهەندیس، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئاوات ئەمین، محەمەد حسێن موهەندیس**

- كتيب الأسفلت، ١٩٨٨ هيئة إستصلاح السواحل العراقية،البصرة.
- كتيب طبقة الأساس، ١٩٨٨ هيئة إستصلاح السواحل العراقية،البصرة.
- هندسة التبليط الأسفلتي، ١٩٩٠ چاپی دووەم، مطبعة ديانا، بغداد.
- هندسة التبليط الأسفلتي، ٢٠١٣ چاپی سێیەم، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- قصيدة طويلة بعنوان «اللعنة» للشاعر سعدالله پەروش،٢٠٠٩.
- المجموعة الشعرية «اللغة وعرس الأسماء» للشاعر هاشم السراج، ٢٠٠٩.
- المجموعة الشعرية «كتاب الماء» للشاعر كريم دشتى، ٢٠١٠.
- رواية «الرونامة أو سفر النزوح» للروائي عبد الله السراج، ٢٠١٠.
- مختارات من ديوان «الشلال الراكد» وقصائد أخرى للشاعر نزاد عزيز سورمي،٢٠١٠.
- ديوان الشاعر الكوردي الراحل أسامة حسين رسول، ٢٠١٠.
- المجموعة الشعرية «عام الصفر» للشاعر صباح رنجدر، ٢٠١١.

- المجموعة الشعرية «زائر الماء» للشاعر عبدالمطلب عبدالله، ٢٠١٢.
- المجموعة الشعرية «قصائد من غناج الطاووس وشرارة الغرنوق» للشاعر محسن ئاواره، ٢٠١٢.
- مجموعة قصص قصيرة «وهاد الموت» للقاص كاكه مەم بوتاني، ٢٠١٤.
- المجموعة الشعرية «شعر النانو» للشاعر هاشم السراج، ٢٠١٢.
- المجموعة الشعرية «عاليا عاليا الى الأعماق» للشاعر كريم دشتي، ٢٠١٥.
- مجموعة قصائد توليدية «متى تصلين يا بياتريس» للشاعر كريم دشتى، ٢٠١٦.
- المجموعة الشعرية «ركامات الجحيم الثلجية» للشاعر نژاد عزيز سورمي، ٢٠١٦.
- المجموعة الشعرية «إني أستحيل شعرا... قطرة بعد قطرة» للشاعر حەمە عباس، ٢٠١٦.
- المجموعة الشعرية «تلاوين شعرية من أربيل» لـ ٦٦ شاعرا وشاعرة من أربيل، ٢٠١٧.
- مجموعة قصائد هايكو بثلاث لغات الكردية والعربية والإنجليزية للهايكست



**لە لای ڕاستەوە: محەمەد حسێن موهەندیس، شاعیر و ڕۆژنامەنووس سەباح ڕەنجدەر**




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ و شاعیر محەمەد حسێن موهەندیس**

سربست مجيد خوشناو، ٢٠٢٠.

- المجموعة الشعرية «وطن في حبة رمان» للشاعر نژاد عزيز سورمي، ٢٠٢١.

From Kurdish into English:

- «Al-Rawnama or The Book of Migration.» A novel by Abdullah Sarraj/2010.
- «The Day I›ll be Dying.» A collection of poems by Tayyib Jabbar/2010.
- “Snow Piles of the Hell.” A collection of poems by Nazhad Aziz Surmey/2019.
- «Language and Celebration of Names.» A collection of poems by Hashim Sarraj/2020.
- «The Book of Water.» A collection of poems by Kareem Dashti/2020.
- “The Someone Else.” A collection of poems by Zana Khaleel/2020.

“The Fallen Leaves.” A collection of poems by Ziyad Nadir/2020.

- “The Skipped Words.” A collection of poems by Hemin Zandi/2020.

ئـەو سـەرەڕای کارە فەرمییەکانـی، لەسـەر ئاسـتی عێـراق و کوردسـتان لەگـەڵ چەندیـن ڕێکخـراو و کۆمپانیـای نێـو دەوڵەتـی کاری کـردووە، بەرچاوترینییـان ئەمانـەن:

- لـە سـاڵی ١٩٩٤ بەڕێوەبـەری ڕێکخـراوی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان KRO لقـی هەولێـر بـووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٦ بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی هەولێر بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٨- ٢٠٠٣ بۆ ماوەی(٦) ساڵ لە ڕێکخراوی UNHSP ناسراو بەUn- HARITATی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کاریکردووە.
- بەڕێوەبـەری گشـتیی(دڵنیایی جـۆری) بـووە لـە کۆمپانیـایParsons کـە (٥٩) نەخۆشـخانەیان لـە پارێزگاکانـی عێراق(هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، کەرکـووک، مووسـڵ، بەعقوبـە) جێبەجـێ کـردووە.
- لە شارەکانی بەغدا و نەجەف سەرپەرشتیی چەندین پڕۆژەی خانووبەرەی کۆمپانیا بیانییەکانی کردووە.
- دەیان وتـار و نووسـینی هەمەجۆری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە عەرەبییەکانـی نـاوەوە و دەرەوە و سـایتە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاوکردۆتـەوە.
- ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان و عێراقییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- چەندین خەڵات و ڕیزلێنانی بۆ کراوە.

.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەك ژیاننامـەی نووسـەر محەمـەد حسـێن موهەندیس، لەسـەر داخوازیی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# جەمال گردەسۆری

شـاعیر و چیرۆکنـووس بـۆ (منـداڵان و گـەوران)، وەرگێـڕ و ئەکتـەر و لێکۆڵـەر و ئامادە و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەقی فۆلکلۆری و تێکستی شـاعیران، جەمـال گردەسـۆری...

نـاوی تەواوی(جەمـال ئیسـماعیل حەسـەن)ە، لە ناوەنـدی ئەدەبی و هونەری بـە جەمـال گردەسـۆری ناسـراوە، لـە ١-٣-١٩٦٦ لـە گوندی(گردەسـۆر) ی سـەر بـە ناحیـەی قوشـتەپەی پارێـزگای هەولێـر لـە خێزانێکـی هـەژار و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، گونـدی گردەسـۆر لانـە و لانکـەی عەشـیرەتی (سـیان)ە، بـە گونـدی شـەهیدانیش ناسـراوە، خوێندنـی سـەرەتایی هـەر لـەوێ تـەواو کـردووە، لـە مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٧٩ ماڵـیان چۆتـە شـاری هەولێـر و لـە گەڕەکـی (مەنتکاوە) نیشـتەجێبوونە، خوێندنـی ناوەنـدی لـە ناوەندیـی ڕۆناکـی تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ بەشـی کارەبـای لـە ئامادەیـی پیشەسـازیی هەولێـر بـە سـەرکەوتوویی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ماوەیـەک فەرمانبـەر بـووە لـە شـارۆچکەی مەخمـوور، دواتـر لەسـەر داخوازیـی



نووسەر جەماڵ گردەسۆری
بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال گردەسۆری، هونەرمەند مەزهەری خالقی**

خۆی گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر و تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن.

نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و وەرگێڕ، جەمال گردەسۆری هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک بۆ گەوران و منداڵە جوان و چاوگەشەکانی کوردستان کردووە، پاش پەرەپێدان بە بەهرە و توانا و ئەزموونی لە نووسین، ڕووی لە وەرگێران کردووە، ئەو تا ئێستا(٥٧) کتێبی کە خەرمانێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزن، لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و لیکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و کۆکردنەوەی دەقی فۆلکلۆریی ڕەسەنی کوردی و تێکستی شاعیران و مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی و توێژینەوەی ئایینی، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە و چاپ کردووەو بڵاویکردوونەتەوە، ئەمانە بەرچاوترینیانن:

- فرمێسکی ئەوین، شیعر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.
- گڕی شاعیر، شیعر، چاپخانەی(الحوادث) بەغدا، ١٩٨٩.
- کۆترەکەم، شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی خوێندنی باڵا، ١٩٩٠.


- بەهرەمی پاڵەوان، هەقایەتی کوردەواری، چاپخانەی(الزمان) بەغدا، ١٩٩٠.
- میر بەدرخان، مێژوو، نووسینی نووسەر لوتفی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ عەرەبی نووسەر عەلی سەیدۆ گەورانی، پێداچوونەوەی خاتوو ڕەوشەن بەدرخان، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی نووسەر دلاوەر زەنگی، وەرگێرانی نووسەر جەمال گردەسۆری، ساڵی ١٩٩٩.
- ئەو تابلۆیانەی لەبەر چاوم ون نابن، کورتە چیرۆک، چاپخانە کاڵێ، ٢٠٠٠.
- ئالا، چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١.
- کەروێشکێکی زیرەک، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان و ئامادەکردن لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٢.
- ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئایینی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٢.
- باشووری کوردستان یان باکووری عیراق؟سیاسی، نووسینی شێخ عومەر غەریب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٢.
- قەفەسێکی زێڕین، چیرۆکی منداڵان، ئامادەکردن و وەرگێڕان لە




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال گردەسۆری، دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر**

عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری، هەولێر ، ٢٠٠٣.

- گرەو، کورتە چیرۆک، نووسینی عەزیز نەسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٣.
- سەربردەی کوردەواری، فۆلکلۆر، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ٢٠٠٦.
- دەروونناسی چۆن لە ترس ڕزگارمان دەکات؟ نووسینی جی،ماکیراید، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی نووسەران عەزیز موتەلیبی و سائیب ئەمین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٦.
- کایەکانی ڕۆژنامەنووسی- کتێبی گیرفان، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٧.
- گیانی بە گیانی، چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٨.
- گوڵ بە بۆنەوە جوانە، شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، چاپخانەی نازە، ٢٠٠٨.
- هەنجیری چل تام، هەقایەتی کوردەواری، ئامادە و کۆکردنەوە، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.
- ساڵانی هەشتاکان، دراما، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٩.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال گردەسۆری، ڕەوانشاد شەهید مەهدی خۆشناو، ڕەوانشاد شاعیر سامی شۆڕش، ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر دزەیی، نووسەر جەمال گردەسۆری**

- کوردستانی باکوور لەسەر دەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، مێژوو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٨.
- دەربارەی دۆزی کورد- یاسای دوورخستنەوە و پارچە پارچە کردنی کورد، مێژوو، نووسینی میر جەلادەت بەدرخان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٨.
- جووتە پەڕەسێلکەیەکی بەختیار، شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، چاپخانەی گۆڤار، ٢٠٠٩.
- ترێ و جاڵجاڵۆکە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٠.
- هاوڕێیەتی، چیرۆکی منداڵان، وەرگیڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٠.
- بەڕێز، شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠.
- مێری مەیدان، داستانی فۆلکلۆری، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ٢٠٢٠.
- لە چاوەڕوانی ڕۆژێکدا، چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال گردەسۆری، هونەرمەند خاتوو گەزیزە**

- چەپکێ لە شیعرەکانی مەلا حەمید بیستانەیی، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و ڕێکخستن، ٢٠١٨.
- بەڵێن، شیعری منداڵان، هەولێر ٢٠١٤.
- دیوانی بە هانا، حوسێنی عومەر سیان، کۆکردنەوە و داڕشتنەوە.
- حەسەن حەیران، حەیرانبێژی شۆرش و بەرگری.

ژمارەیەک کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

چەند پارچە شیعرێکی نووسەر جەمال گردەسۆری لە لایەن هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی کورد کراونەتە گۆرانی، لەوانە( هونەرمەندی ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد، سەلاح محەمەد، جەلال پەرێشان، وریا ئەنوەر، دلێر محەمەد، خدر خۆشناو، پەروین شازادە، و چەندانی دیکە).

تا وەکو ئێستا دوو بڕوانامەی ماجستێر لەسەر بەرهەمەکانی نووسەر جەمال گردەسۆری وەرگیراوە:

- لە ١٩-٢-٢٠٢٢ قوتابی خاتوو بەهار ساڵح لە زانکۆی سەلاحەدین نامەی ماجستێری بە ناوی(چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆریی

کوردیدا) کە چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی نووسەر جەمال گردەسۆرییە، بەدەستهێناوە.

- لە ٨-١٢-٢٠٢٢ قوتابی پەیمان عومەر حەسەن لە زانکۆی سەلاحەدین، بڕوانامەی ماجستێری بە ناونیشانی (ئەدەبی منداڵان و پەروەردەییەکان لە بەرهەمەکانی جەمال گردەسۆری)دا وەرگرتووە.
- پێنج قوتابی دیکەش لە زانکۆی سالاحەدین و دوو لە کۆلیژی پەروەردی زانکۆی سۆران و یەک قوتابی کۆلێژی بنیاتنانی سەلاحەدین تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر جەمال گردەسۆری.

نووسەر جەمال گردەسۆری دەیان وتاری ئەدەبی و هونەری و ڕەخنەیی و شێوەکاری و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە(دەنگی پێشمەرگە، شارەوانی، ڕۆناهی، پاڵە، رامان، کاروان، گوڵان، ئاسۆی فۆلکلۆر، کەلەپووری کوردی، هونەری نوێ، نووسەری نوێ، تیاتەر، پەڕەسێلکە، هەنگ، دەنگی ئافرەت، هێلانەی منداڵان، مافی ئافرەت، پەیامی ڕاستی، خۆری ئیسلام، مێژوو، پەلکە زێڕینە، بابە گوڕگوڕ، پێشکەوتن، شەقڵاوە، هەرێم، جگەرگۆشەکان، دەشت، پەیامی ئەیلوول، خەباتی قوتابیان، خاتووزین، خازر، زانست، گۆران، ئاراس، تەلاسیمیا، زۆزگ،...هتد).


شاعیر و چیرۆکنووس و هونەرمەند جەمال گردەسۆری، لە تەک نووسینە جوانەکانی، وەکو ئەکتەر و میدیاکار و چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:


- لە ساڵی ١٩٨٢ وەکو ئەکتەر بەشدار بووە لە شانۆگەریی(دارستانێکی تینوو) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی لە شانۆگەریی(خانزادێکی تر) کردووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند تەڵعەت سامان بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ لە شانۆگەریی(شاری ئەوین) بەشدار بووە، کە لە نووسینی هونەرمەندی دەرهێنەر تەڵعەت سامان بووە.
- بەشداریی لە شانۆگەری(خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ) کردووە کە لە نووسینی


جەلیل قەیسی و دەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد شەریف بووە.

- بەشداریی لە شانۆگەری(لێو بە بارەکان) کردووە، کە لە نووسینی جەلیل قەیسی و دەرهێنانی هونەرمەند ئازادی خدر مەولود بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ لە شانۆگەریی(خەج و سیامەند) بەشداری کردووە، کە لە نووسینی شاعیر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەند تەڵعەت سامان بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی- مەڵبەندی گشتییە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- لە سەرەتای دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامە تا ئێستاش.
- لە ساڵی ١٩٩٤ەوە، ئەندامی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخوازە تاوەکو ئێستاش.
- نووسەرە لە ڕۆژنامەی برایەتیی جاران و خەباتی ئێستا.
- لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ ماوەیەک بەرنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی(منداڵانی کوردستان) بۆ ڕادیۆی ئازادیی حیزبی شیوعی ئامادە کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦- ٢٠٠٥ بەرنامەی(ڕەوسەی فۆلکلۆری) ئامادە و پێشکەش کردووە بۆ ڕادیۆی هەرێم لە هەولێر.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرنامەی(فۆلکلۆری کوردی) بۆ ڕادیۆی پێشکەوتن ئامادەکردووە، کە میدیاکار سیروان ناشاد پێشکەشی کردووە.












**بەرهەمەکانی نووسەر و چیرۆکنووس جەمال گردەسۆری**








بەرهەمەکانی نووسەر و چیرۆکنووس جەمال گردەسۆری

- هەر لە ساڵی ٢٠٠٠ دوو هەفتە جارێک بەرنامەی (ڕەوسە)ی بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم ئامادە کردووە.

تا وەکو ئێستا چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن لایەنە ئەدەبی و ڕۆشنبیری وهونەرییە پەیوەندیدارەکان پێ بەخشراوە.

نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس جەمال گردەسۆری لە ساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی دوو کوڕە بە ناوەکانی( ئەحمەد و عەبدوڵڵا) خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ نووسەر و شاعیر و هونەرمەند، جەمال گردەسۆری هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:
١ - ژیاننامەی نووسەر و شاعیر جەمال گردەسۆری، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نازم کەریم

میدیاکار و بێژەری دیار و ناسراوی ئێزگەی کوردیی بەغدا، هاوپۆل و هاوکار و هاوپیشەم، مامۆستا نازم کەریم...

ناوی تەواوی(نازم کەریم سەرحەد)ە، لە ١٧- ١٢- ١٩٥٤ لە شاری خانەقین لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانە(سیروان) و ناوەندی و دواناوەندیشی لە ئامادەیی خانەقین تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لە ٣٠-٦-١٩٧٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

میدیاکار نازم کەریم هێشتا قوتابیی کۆلێژ بووە، لە ١١-٥-١٩٧٤ وەکو(بێژەر- مذیع) لە دەزگای ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا- بەڕێوەبەرایەتیی بەشی زمانەکان- قسم اللغات، وەکو بێژەر دەست بەکاربووە، ئەو نزیکەی(٢٠) ساڵ وەکو بێژەر و ئامادەکار و پێشکەشکاری کۆمەڵێک بەرنامەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری خزمەتی کردووە، لەوانە بەرنامەکانی(بەیانی باش، کوڕی لادێ، گرەوی هەفتانە، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتێکی نوێدا)، دوا بەرنامەشی بەرنامەی زەنگی ئێوارە بووە کە لەگەڵ خاتوو شەونم عادل عیرفان ئامادە و پێشکەشیان کردووە، لە دەرهێنانی هەر یەک



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار نەجمەدین عەزیز سمایل، میدیاکار نازم کەریم، خاتوو وەزیرە وەلی هاوسەری نازم کەریم، خاتوو نەسرین حەسەن حاجی سمایل هاوسەری نەجمەدین عەزیز سمایل



لە لای چەپەوە دانیشتووەکان: دووەم کەس نازم کەریم، ئەوانی دیکە نە ناسراون، کۆمەڵێک میدیاکار لە لەندەن

لە هونەرمەندان (ناسر حەسەن و دانا بەکر و جاسم وەندی) بووە. پاشان ماوەیەک سەرۆکی بەشی (هەمەڕەنگ و نواندن)بووە لە ئێزگەی کوردیی بەغدا، تا لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەرداخوازیی خۆی خانەنشینکراوە.

لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤، لەسەر داخوازیی رادیۆی و تەلەفزیۆنی(B.B.C) لەگەڵ چەند میدیاکار و هونەرمەندێکی ئەکادیمی بۆ ماوەی(٢٠) ڕۆژ چوونەتە (لەندەن)، خولێکی چڕوپڕیان دەربارەی بەڕێوەبردنی ئێزگە و تەلەفزیۆن بینیوە، بەڵام کە هاتوونەتەوە بەغدا،

بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە بووە، ئەم پرۆژەیە سەری نەگرتووە.

لە مانگی(٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ میدیاکار نازم کەریم بە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی هاتوونەتە شاری سلێمانی تاوەکو ئێستا لەوێ نیشتەجێنە.

لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ماوەی سێ ساڵ وەکو سەرۆکی بەشی هەواڵەکان لە کەناڵی(الجزيرة) بە تایبەتی سایتی جەزیرە نێت دەست بەکاربووە، سێ پەیامنێریشی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک دامەزراندووە، بە سەدان ڕاپۆرتی هەواڵ و دەنگوباس و ڕووداوە سیاسی و ئەدەبی و



لە لای ڕاستەوە: بێژەر نازم کەریم، هونەرمەند ناسر حەسەن، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم، نە ناسراوە



نازم کەریم خۆی و خێزان و منداڵ و نەوەکانی




لە لای ڕاستەوە: خاتوو وەزیرە وەلی، ڕەوەند کوڕی بێژەر نازم کەریم، نازم کەریم




نەجمەدین عەزیز، نازم کەریم، لە کۆڕێکی شیعری لە هۆڵی(ساطع الحصري)
لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا

ڕۆشنبیری وهونەریی هەرێمی کوردستانیان، بۆ ئەم سایتە ناردووە.

میدیاکار نازم کەریم زۆر حەزی لە کاری ڕاگەیاندنە بە تایبەتی ڕادیۆیی، هەر لەسەر ئەرکی خۆی و بە هاوکاریی هونەرمەندان ناسر حەسەن و دانا بەکر، ڕادیۆیەکی تایبەتی بە ناوی ڕادیۆی کوردی دامەزراندووە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی هەفتانە ئەلقەیەکی یەک سەعاتی بڵاودەکاتەوە، تێیدا باسی ئەو کارانەی خۆی و هاوڕێکانی لە ماوەی کارکردنیان لە ئێزگەی کورد بەغدا دەکات،





لە لای ڕاستەوە: خاتوو هەیفا عەبدولکەریم، خاتوو موتیعە عەبدولمەجید، مامۆستا عیماد عەبدولکەریم، نازم کەریم



لەلای ڕاستەوە: نازم کەریم، حەجی جەعفەر، نەجمەدین عەزیز سمایل، ڕەوانشاد کەمال ئەمین



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم، دەرهێنەر عیزەت بریفکانی، بێژەر نازم کەریم



نە ناسراوە، بێژەری ڕەوانشاد محەممەد جیهاد، تەکنیککار عیزەت بریفکانی، نازم کەریم






سەرەڕای بەسەرکردنەوەی ئەدیب و هونەرمەند و گۆرانیبێژ و ناودارانی کورد، تاوەکو ئیستا(٩٢) ئەلقەی پێشکەشکردووە، لەسەر هەمان شێوازی پرۆگرامی ئێزگەی کوردیی بەغدا، بە دەنگی کەوەکە و دەنگە خۆشەکەی گوڵبەهار(کەوا سپێدێ بخوینە هەر بخوینە) دەست پێدەکات.

جگە لەمەش ماوەی(٦-٧) مانگێکە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی(دێرین) دوو بەرنامە بە ناوەکانی (گوڵدانی دێرین و شیعر و ئاواز و گۆرانی) پێشکەش دەکات.


میدیاکار نازم کەریم لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ خاتوو(وەزیرە وەلی) هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی سێ کوڕ و سێ کچن بە ناوەکانی(ڕێبین، ڕەوەند، میران، پڕشنگ، کۆژان، نۆژین) هەر هەموویان خوێندنی زانکۆیان تەواوکردووە و خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ هاوپۆل و هاوپیشەم مامۆستا نازم کەریم هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ کارە سوودبەخشەکانت.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی میدیاکار نازم کەریم، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامەدەکردن و نووسینی خۆم.



# حەکیم عەبدوڵڵا

مامۆستای زمانی ئینگلیزی و نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ، ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، حەکیم عەبدوڵڵا...

ناوی تەواوی( حەکیم عەبدوڵڵا محەمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە حەکیم عەبدوڵڵا ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی(بەرێبهار) ی سەر بە ناحیەی زاوێتەی پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە و شاری دهۆک تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی(مەمێ ئالان) و ئامادەییش لە ئامادەیی(برایەتی) تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٠ بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ بە سەرکەوتوویی بڕیوە، بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری دهۆک و دەوروبەری، لە ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری پەروەردە لە زانکۆی(هودەرسفیلد)ی بەریتانی بەدەستهێناوە، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە، دواتر وەکو وەرگێڕ لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێکخراوی مرۆیی و نێودەوڵەتی کاری کردووە، لەوانە: ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٨ لەگەڵ ڕێکخراوی(TDC)ی فەرەنسی و لە ساڵی ١٩٨٨-٢٠٠١ لەگەڵ ڕێکخراوی(UNOHCI) بەرپرسی پەروەردە بووە، لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٣ بەرپرسی مەشق و ڕاهێنان بووە لە ڕێکخراوی(RTI) بووە، لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ وەکو بەرپرسی مرۆڤایەتی



**باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد- دهۆك**
**ژ لایێ ڕاستێ: ڕاگەهاندکارو ڕۆژنامەڤان ئەحمەد یاسین، نڤیسەرحەکیم عەبدوڵلاّ، چیرۆکنڤێس ئەنوەر محەمەد تاهیر، د.عەبدولحەمید باقی، هۆزانڤان و چیرۆکنڤێس حەسەن سلێڤانەیی**

و هەماهەنگی لە ڕێکخراوی نەتەوەیی(UNami) دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠١٦- ٢٠١٨ بەڕێوەبەری پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بووە لە دهۆک.

نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا، هێشتا زۆر منداڵ بووە، کە باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، بۆیە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لای زۆر زوو نەش و نمای کردووە، ئەو کە قوتابی بووە لە ناوەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشداری لە بەشی زۆری چالاکییە سیاسییەکانی قوتابیانی کوردستان کردووە، هەر لە لاوێتیشدا حەز و خولیای چۆتە سەر زمان و ئەدەب و هونەر و مۆسیقای کوردی.

هەر لە سەرەتای هەشتاکانیشدا دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆک کردووە، یەکەم بەرهەمی خۆی لە ١٥-٣-١٩٨٣ لە هەفتەنامەی هاوکاری

بڵاوکردۆتـەوە، دواتـر دەسـتی بـە وەرگێـڕان کـردووە لـە زمانـی ئینگلیـزی بۆسـەر زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی، لـە سـاڵی ١٩٨٨ یەکەمیـن چیرۆکـی (ئیرنسـت هێمنگـوای)ی لـە ئینگلیـزی کردۆتـە کـوردی، لـە بـواری شـانۆش لـە تیپی شـانۆی(بزاڤ) کاری کـردووە و بەشـداریی لـە چەنـد شـانۆگەرییەک کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ش، تەمسـیلییەی بـۆ ڕادیـۆی کـوردی تۆمـار کـردووە، ئـەو کۆمەڵێـک بەرهەمـی وەرگێـڕدراوی لـە چاپـداوە، سـەرەڕای چەندیـن کۆمەڵـە چیـرۆک و کورتـە چیـرۆک، تـا ئێسـتا ئـەم بەرهەمانـەی بڵاوکردۆتـەوە:

- ویێنێـن نەترسـیێ، وەرگیـڕان لـە ئینگلیزییـەوە بـۆ کـوردی، ژ بلاڤکرنیـن گۆڤارا(ئاسـۆی پەروەردەیـی)، هەولێـر ٢٠٠٤.
- چەنـد خولەکـەک ژ دەمەکـێ درێـژ، کورتـە چیـرۆک، بـە هاریکاریـا ئێکەتیـا نڤیسـەرانی کـورد- لقـی دهـۆک هاتیتـە بەلاڤکـرن، ٢٠٠٥.



نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا
بە جلی کوردی




لە لەی ڕاستەوە: نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی



**له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەکیم عەبدوڵلا**

- مەیدان، کۆمەڵە چیرۆک، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠١٠.
- بەرەڤ کوردستانێ سنوورێن ئاگرین، وەرگێڕان ژ ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، ژ وەشانێن گۆڤارا(مەتین)، ٢٠٠٧.




- لا اصدقاء سوى الجبال: التأريخ المأساوي للكورد، وەرگێڕان ژ ئینگلیزی بۆ عەرەبی، ژ وەشانێن گۆڤارا مەتین، ٢٠٠٩.
- ئاشتی چێکەرێن بێدەنگ، وەرگێڕان ژ ئینگلیزی بۆ کوردی، بە شێوەی زنجیرە لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.
- ل سەر لێڤا ئازادیێ، چەوا مەسعود بارزانی کوردستان گەهاندە سەر لیڤا سەربەخۆیی، وەرگێڕان ژ ئینگلیزی بۆ کوردی، وەشانێن ناڤەندا خانی یا ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندن، ٢٠٢٢.

- وەرگێڕانی زیاتر لە(٥٠) کورتە چیرۆک ژ ئینگلیزی بۆ کوردی، ئامادەن بۆ چاپکردن.
- وەرگێرانی چەندین ڤەکۆلینێن مەیدانی و چڤاکی و دەروونی و ساخلەمی یێن ناڤەندا زانیارێێن مرۆڤێین هەڤپشک بۆ کوردی، وەک(خۆکوشتنا ژنان ب سۆتنێ، ئاریشێین تاخێن هەژار، برێڤەبرنا پرۆژە ب شێوەکێ کاریگەر و بەلاڤبوونا تالاسیما).
- دەیان کورتە چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر حەکیم عەبدوڵلا لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوەیی ئەم ڕۆلانەشی بینیوە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نوێخوازی) بووە.
- ئێستا سکرتێری نووسینی گۆڤاری(پەیڤ)ە، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک دەری دەکات.




بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ حەکیم عەبدوڵلا

- دوو جار وەکو ئەندامی هەڵسەنگاندنی کێبڕکێی کورتە چیرۆک هەڵبژێردراوە، لە لایەن دەزگای ڕوانگە و ناوەندی خانی بۆ ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن.
- بەشداریی لە دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێرانی کوردستانە.

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس حەکیم عەبدوڵلا ، بەردەوامە لە کاری نووسینی کورتە چیرۆک و وەرگێڕان بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، هەر سەرکەوتوو بێت لە کارە جوانەکانی.

سەرچاوەکان:

**١ - کورتەیەك ژیاننامەی نووسەر حەکیم عەبدوڵلا، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.**

**٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.**



# حەلیم یوسف

ئـەو دەڵێـت: نووسـین هاوشـێوەی هەنگاونانـی کەسـێکە، کـە ماڵەوانـی نازانێـت و لەسـەر ئاوێکـی قووڵـدا دەڕوات.

دیسان دەڵێت: نووسین ئۆکسجینی ژیـان و تەکاندنی تۆزی سـەر نەمامی جوانیی ڕاستییە شـاراوەکانە.

نووسـەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ، لیکۆڵەر و شـانۆنووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، مامۆستا حەلیم یوسـف...

نووسـەر حەلیـم یوسـف لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە شـارۆچکەی (عامـوودا) ی ڕۆژئـاوای کوردسـتان (سـووریا) لـە دایـک بـووە، باوکـی کـوردی باکووری کوردسـتانە و دایکیشـی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە، نـە باوکـی تورکـی زانیـوە و نـە دایکیشـی عەرەبـی زانیـوە، ئـەوان لـە ماڵـەوە هـەر بـە کـوردی خۆیـان و منداڵەکانیـان پەروەردە کردووە، باوکی لە باکووری کوردستانەوە ڕایکـردووە  بۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان و لـە شـاری عامـوودا گیرسـاوەتەوە.


حەلیـم یوسـف، لـە بـەر قەدەغەبوونـی زمانـی کـوردی لەژێـر زوڵـم و زۆرداریـی ڕژێمـی بەعسـی سـووری، ناچـار بـووە قۆناغەکانـی خوێنـدن بـە زمانـی عەرەبی بخوێنێت، ئەو کۆلێژی(حقوق- مافناسـی) لـە زانکۆی(حەلـەب) تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ەوە، لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا دەژیـت.




نووسەر حەلیم یوسف لە سەرەتای نۆهەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان بە زمانی عەرەبی کردووە، دواتر بەردەوام بووە، لە دووبارە نووسینەوە، ڕاستر دارشتنەوەی بەشی زۆری بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی پیتی لاتینییە، ئەو ئێستا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و شانۆنامە، کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوانی نووسیوە، لە هەموو نووسینەکانیشیدا، بار و دۆخ و زوڵم و زۆرداری و ئازار و ئەشکەنجەی میللەتی کوردی لە هەموو کوردستان، بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، بەرچاوترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- سۆبارتۆ، ڕۆمان، ١٩٩٩.
- ترسی بێ ددان، ڕۆمان، ٢٠٠٦.
- کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن، ڕۆمان، ٢٠٠٨.
- ٩٩ مووړووی پەرشوبڵاو، ڕۆمان، ٢٠١١.
- دڕندەکەی ناخم، ڕۆمان،٢٠١٨.
- فڕین بە باڵە شکاوەکان، ڕۆمان، ٢٠١٩.

- مێرێ ئاوس(پیاوی ئاوس)، چیرۆک، ١٩٩١.
- ژنانی نهۆمە بەرزەکان، چیرۆک، ١٩٩٥.
- مردووەکان ناخەون، چیرۆک، ١٩٩٦.
- مەمی بێ زین، چیرۆک، ٢٠٠٣.
- ئاوسلاندەر بەگ، چیرۆک، ٢٠١١.
- سەردەمی قازیمازی، چیرۆک، ٢٠١٢.
- ڕۆمانی کوردی- کورمانجی و زازاکی، پانۆرامایەکی گشتییە(١٩٣٠-٢٠١٠)،لێکۆڵینەوە.
- کۆماری شێتان(شەرمۆلا)، شانۆنامە، ئەم شانۆیە لە چیرۆکی کۆماری شێتان لە کتێبی مردووەکان ناخەون، وەرگیراوە، لە ئیستانبوڵ لە لایەن تیپی شانۆی(ژیانی نوێ) نمایشکراوە، لە زۆر لە شارەکانی باکووری کوردستان و ئەوروپا پێشکەشکراوە، لە ژمارەیەک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان پەخشکراوە، وەکو DVD ش، بڵاوکراوەتەوە و دەستدەکەوێت.
- شانۆنامەی سۆل و سەر، کۆمیدیای کۆمەڵایەتییە، ئەم شانۆگەرییە لە چیرۆکێک بە هەمان ناو لە کتێبی(مەمی بێ ددان) وەرگیراوە، ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن تیپی شانۆی (ئاڤێستا) لە ئامەد نمایشکراوە.
- شانۆنامەی گەورەترین وێستگەی شەمەندەفەر لە دنیا، لە لایەن تیپی شانۆی شاری(ڤۆپرتال)ی ئەڵمانی، لە ساڵی ٢٠١٨ بە زمانی ئەلمانی نمایشکراوە.




**بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف**


- سێ کتێبی منداڵانی لە زمانی ئەلمانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە هاوبەشی هاوکاری ئینستیوتی(گۆتە- ئیستانبۆل) هەر سێ کتێبیش لە لایەن وەشانخانەی(Illetisim) لە تورکیا چاپکراوە.
- شانۆنامەی مشکە کوێری چکۆڵە، ٢٠١١.


نووسەر حەلیم یوسف لە بواری ڕۆژنامەگەریی و میدیاییش کاریکردووە، چەندین ڕۆلی بینیوە لەوانە:


- لە ساڵی ٢٠١٣ وەکو نووسەر لە گۆڤاری(دیوار)ی کەلتووری ئەدەبی کە لە ئەلمانیا دەردەچوو کاریکردووە.
- بەڕێوەبەری چەندین گۆڤاری عەرەبی و کوردی بووە، لەوانە(پێل، ئۆرکێش، اوراق).





بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف








بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف

- لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وتاری هەجۆری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە(ڕووداو، ئازادی وڵات، کوردستانی نوێ).
- بەردەوامە لە نووسینەکانی لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خۆی و ماڵپەڕی (دیارنامە) لە تۆڕی ئەنتەرنێت.
- لە ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠١١ بەرنامەیەکی ئەدەبی بە ناوی(هەنگاوی سێیەم- Geva seymin) کە تایبەت بووە بە هەڵسەنگاندن و ناساندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، لە تەلەفزیۆنەکانی (Mezopotamya tv, Medya tv, Roj tv) پەخش و بڵاوکراوەتەوە.




- لە ساڵی ٢٠١١- ٢٠٢٠ درێژەی بەهەمان بەرنامە داوە بە ناوی(دەرگەکەی تر- Deriye din).

چەندین نووسەر و لێکۆڵەرەوەی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی. لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف، ئەمانە هەندێکیان:

- ئەزموونی نوێ لە چیرۆکی سووری، دنیای حەلیم یوسف، ڕەخنەگر محەمەد محێدین مینۆ، چاپخانەی(ملهم) حەمس، سووریا ٢٠١٤.
- ژیاننامەی شوێنێکی تاڵانکراو، لێکۆڵینەوەیەکی

شرۆڤەیی و ڕەخنەییە، لە بارەی ڕۆمانی (سوبارتۆ)، ڕەخنەگر مەسعود حەسەن، دیمەشق، سووریا ٢٠٠٦.

- ڕاڤەکردنی سیمبوڵەکان لە ڕۆمانەکانی حەلیم یوسف، نووسەر ڕیبەر هەبوون، ئەڵمانیا ٢٠٢١.
- سووریا بەر و دوای کۆلۆنیاڵیزم، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نووسەر فەرزان شێرە.
- سەرەتاکانی گێڕانەوەی لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، بەکارهێنانی سەرکێشانەی خەیاڵ لە لایەن حەلیم یوسف، لێکۆڵەر ئیبراهیم محەمەد، ٢٠١٠.
- لە گۆڤار(Wye) کە لە ئامەد دەردەچوو، لە ژمارە(٧) ساڵی ٢٠٠٥، ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد، ڕەخنە و لێکۆڵیەوەیان لەسەر بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف نووسیوە.

بەشی زۆری بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسف، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی(کوردی-شێوەزاری سۆرانی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی).

هەر یەک لە نووسەران(سامیە خاکپور، محەمەد تەقوا گلیان، فەرهاد چۆمانی، سەلاحەدینی بایەزیدی، وریا غەفوری) بەرهەمەکانی نووسەر حەلیم یوسفیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی.

لە ٨-٧- ٢٠٢١ لە زانکۆی ڕۆژئاوا لە شاری قامشلۆ، دیدارێکی ئەدەبی بۆ نووسەر حەلیم یوسف سازکراوە، کە تێیدا باسی ئەدەبی کوردی بۆ قوتابیانی بە سێ زمان کردووە.

ئەو بەردەوامە لە نووسینە جوانەکانی بەر هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەر سەرکەوتوو بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی تایبەتی نووسەر حەلیم یوسف، بە کوردی، عەرەبی، ئەڵمانی، تورکی، فارسی، ئیتاڵی.
٢ - مؤسسة سما، لە ١٨-١١-٢٠١٣.
٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەدنان حاجی کاکە

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار، شـارەزای ئەرشـیف و کەلتـوور و کەلەپـووری کـوردی، عەدنـان حاجـی کاکـە ...

نـاوی تەواوی(عەدنـان سمایل قـادر حاجی سمایل گـەردی دیبەگەیی) یـە، بـە عەدنانـی حاجـی کاکـە ناسـراوە، لەسـاڵی ١٩٦٥ لـە شـارەدێیە جـوان و ڕەنگینەکـەی دیبەگـە کـە ئـەو کات(مەرکـەزی ناحیـەی کەندێنـاوە) بوو، لە خێزانێکی جووتیار و کاسبکار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە دیبەگـە تەواوکـردووە، ئامادەییشـی لـە شـارۆچکەی مەخمـوور تەواوکـردووە، دواتـر بڕوانامـەی دبلۆمـی لـە بەشـی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری لـە پەیمانـگای تەکنیکیی هەولێـر بـە دەسـتهێناوە، لـە سـاڵی ١٩٨٨ فەرمانـی دامەزرانـدنی دەرچـووە، بـەڵام دیـارە لەبـەر چەنـد هۆیـەک دەسـت بـەکار نەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٩٤ وەک مامۆسـتای پیشـەیی لـە پەیمانـگای ڕاهێنانـی پیشـەیی دەسـت بـەکار بـووە، دواتـر لـە وەزارەتەکانـی کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و پلانـدانـان و ئەوقـاف و کاروبـاری ئیسـلامی بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن لـە بـواری ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری، ئێسـتاش بـە پلـەی (مدیر أقدم- بەڕێوەبەری پێشکەوتوو)ە، لـە ڕادیـۆی (نـەورۆز) ی سـەر



لە لای ڕاستەوە: عەدنان حاجی کاکە، منداڵەکە نەناسراوە، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو




ستافی ڕادیۆی نەورۆز

بە بەڕێوبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، وەکو موحەریر و ئامادە و پێشکەشکاری بەرنامەکانە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، عەدنان حاجی کاکە هەر لە منداڵییەوە سەوداو عەشقی خوێندنەوە و نووسین و ڕۆژنامە و ڕادیۆ بووە، لە ساڵانی هەشتاکان بە بەردەوامی لە ڕێگای نامە نووسینەوە پەیوەندی

لە گەڵ بەشی زۆری کارمەندانی ڕادیۆی کوردی بەغدا هەبووە.

ئەو لەتەک خوێندنەکانی لە دیبەگە، هەموو جۆرە کارێکی لەوانە (بەرخەوانی، شوانی، قەسەر و قرشەکێشان، جەنجەڕ، باخچەوانی) کردووە، لەساڵی ١٩٨٨ لە زێدی خۆی دیبەگە (ترحیل و تهجیر-دەرکردنی بەزۆری) کراوە، لە شاری هەولێر نیشتەجێبوونە، بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەیان دەستی بە کتێب و چاپەمەنی فرۆشتن کردووە تا ساڵی ١٩٩٤ بە وەزیفەی حکومی دامەزراوە.



لەلای ڕاستەوە: میدیاکار عەدنان حاجی کاکە، نووسەر مامۆستا حەمەساڵح فەرهادی



لە لای ڕاستەوە: خاتوو جەمیلە جەلیلی، عەدنان حاجی کاکە

دەستپێکی نووسینەکانی بابەتێک بووە لەگۆڤاری(ڕەنگین)ی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە، ئیتر بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەری و کاری میدیاییەوە، چەندین ساڵە وەکو ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووس و وتەبێژ و سەرپەرشتیار و سکرتێری نووسین و ئەندام لە دەستەی نووسەرانی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤاری سەر بە وەزارەتەکانی پلاندانان و ئەوقاف و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەت و ڕۆشنیری کاری کردووە، جگە لە کاری خۆبەخشانە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، چەندین چالاکیی نواندووە، ئەمانە هەندێکیان:



لە لای ڕاستەوە: د. وریا عومەر ئەمین، عەدنان حاجی کاکە، دیزاینەر عوسمان پیرداود





ڕۆژنامەنووس عەدنان حاجی کاکە




**لە لای ڕاستەوە: عەدنان حاجی کاکە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا**



**عەدنان حاجی کاکە و کاری جۆتیاریی**

- سەرپەرشتیکاری گشتی گۆڤاری(خۆری ئیسلام) بووە، تا ژمارە(٦) کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەردەچوو.
- سکرتێری نووسینی گۆڤاری(ژیاننامە) لە پێناوی مافی منداڵان کە لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف و چاودێریی کۆمەڵایەتی دەردەچوو.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ بووە، لە ڕۆژنامەی(تالاسیما) و منداڵپارێزیش خۆبەخشانە کاری کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەدنان حاجی کاکە، بەڕێز دڵشاد مەحمود سەلمان بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

- وەک هەماهەنگیکاری ڕاگەیاندن لە نێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و هێزی(زەیتون)ی کۆریای باشوور کاری کردووە و ڕەوانەی وڵاتی کۆریای باشووریش کراوە بۆ مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی لە بنکەی زەیتون، بڕوانامەی بەشداربوونیشی پێ بەخشراوە.
- بەرنامەی(٥٠)خولەک بۆ دیداری چیرۆکی هەفتانە و دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ناودارانی کورد و بیانی ئامادە و پێشکەش کردووە و دەکات.
- ئەندامی دەستەی کارگێڕیی سەنتەری ڕۆشنبیریی مەخموور بووە.
- سەرپەرشتیی شاندێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کردووە، بۆ سەردانیکردنی ڕۆژنامەی(ڕیا تازە) و بەشی کوردی لە رادیۆی ئێریڤان لە وڵاتی ئەرمنستان، چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەوێ کردووە.
- بەشداریی بەشی زۆری چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی

وەزارەتەکانی ئەوقاف و پلاندان و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە.

- لە چوارچیوەی پڕۆژەی ئاوەداکردنەوەی ناوچە کیشە لە سەرەکانی (مەخموور، کەندێناوە)، چەندین چالاکیی نواندووە بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنییە کوردستانییەکانی ناردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوی لاپەڕەی قوتابیان و لاوان بووە، لە ڕۆژنامەی برایەتی.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتییە.
- سێ ساڵییش لە کتێبخانەی گشتی هەولێر کاری کردووە.

نووسەر و ڕۆنامەنووس و میدیاکار عەدنان حاجی کاکە، هەرچەندە کارەکەی لەناو شاری هەولێرە، بەڵام لەساڵی٢٠٠٢ەوە، ماڵەکەی خۆی بردۆتەوە شارەدێی دیبەگە زێدی باوک و باپیرانی، وەکو هاندانێک بۆ خەڵکی ئەوێ و خەڵکانی دیکەی ناوچەی کەندێناوە، کە بۆتە ناوچەی کێشە لەسەرەکان، لەوێش کتێبخانەیەکی خنجیلانەی پڕ کتێب کردووە، سەرەڕای کەل و پەل و کەرەستەی کەلەپووری و کەلتووری کوردی، خەڵکی ئەوی و ناوچەکە و ناوە بە ناوەش میوانی دێت، هەموو ئەوانەی بە ئەرشیفە جوانەکەی خۆی ئاشنا کردووە و دەکات، بەردەوامیشە لە ڕوومالّ کردن و نووسینی و ڕاپۆرتی


Auswärtiges Amt

EUROPEAN TECHNOLOGY & TRAINING CENTER

**Certificate**

*Mr. Adnan Haji Kaka*

**has participated in the training of Spokesperson for Ministers, KRG**

| | |
|---|---|
| Given at: | EUROPEAN TECHNOLOGY AND TRAINING CENTER (ETTC), Erbil |
| Course Duration | Total number of weeks 5, between December 2010 and March 2011 |
| Trainer: | Peter Weiderud and Peter Englén, Samhällsnytta AB |

The training course covered: The role of media in a democratic society and in long term development of Kurdistan, the Government´s relations to media, media support for the ministers, the functions of the spokesperson, to know what you can say / not say, to present your message, good relations to media, individual media training, the role of politics and political communication, self regulation of media, basic training in making a press release and press conference.

Erbil, 17th March 2011

Dr. Saman Sorani
LTP Programme Manager
for the Iraqi-Kurdistan Region

Abdulrazaq M. Mustafa
D. G. for Human Resources Development
Kurdistan Regional Government


ئەدەبی و هونـەری و هـەواڵ و فلیمی(وثائقي- بەڵگەنامەیی) بۆ ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنــە کوردییــەکان.

ئــەو خزمەتێکـی زۆری ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری و ئەرشـیف و کەلەپـوور و کەلتـووری کـوردی کـردووە، هــەر ســەرکەتوو و تەمــەن درێـژ بێـت لــە کارە جوانەکانــی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەك لـە ژیاننامـەی نووســەر و میدیـاکار عەدنـان حاجـی کاکـە، کە لەســەر داخوازیــی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاســی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم



## خدر ئیبراهیم خدر

مامۆستای پەروەردە، شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ، خدر ئیبراهیم خدر...

نووسەر و وەرگێڕ، خدر ئیبراهیم خدر لە ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی(جووتکانیان)ی شاری دێرین و خۆڕاگری قەڵادزێ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەردوو قوتابخانەی(هەڵگورد و جووتکانیان) تەواوکردووە، ناوەندی لە ناوەندیی(ئاسۆسی کوڕان) و ئامادەییشی لە هەردوو ئامادەیی(ڕانیەی کوڕان و قەڵادزێی کوڕان) لە ڕانیە و قەڵادزێ تەواوکردووە، دواتر بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بۆتە مامۆستای وانەی مێژوو و فەلسەفە لە ناوەندیی(قەندیل) لە قەڵادزێ، ئێستاش لە قوتابخانەی(هەژینی تێکەڵاو) لە خزمەتکردن بەردەوامە.

نووسەر و وەرگێڕ خدر ئیبراهیم خدر، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک کردووە، نۆبەرەی بەرهەمەکانی چیرۆکیکی منداڵان بووە بە ناوی(ئەنجامی لەخۆباییبوون) کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردۆتەوە، ئەو جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزیش بە باشی دەزانێت،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، نووسەر خدر ئیبراهیم خدر**

بۆیە ڕووی لە وەرگێڕانی بەرهەمی هەندێ لە نووسەرانی جیهانی کردووە، کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و وەرگێڕان نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- نان، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٢.
- ئاڵا، شیعر، بە فۆتۆکۆپی بڵاوی کردۆتەوە، هەولێر ١٩٩٤.
- پشدەر لە چەند دێڕێکدا، لە بڵاوکراوەکانی پەروەردی پشدەر، چاپخانەی دیلان، سلێمانی ٢٠٠٧.
- باوەڕ بە خۆبوون لە ڕۆژێکدا، دەروونناسی، لە نووسینی زوویا حوججەتی، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٩.
- نامەیەک بۆ دووایین میوانم، کۆچیرۆک، لە نووسینی عەزیز نەسین، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپخانەی منارە ٢٠١٠.
- ماڵێک لە چیرۆک، چیرۆکی دووانەیی(کوردی- ئینگلیزی)، کۆکردنەوە


و پۆلێنکردنی نووسەر فەرەیدون ئەعوانی، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٥.

- کانیاوی گوند، شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٥.
- دڵۆپەیەکی پێکەنینی ئەوان، شیعر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

شاعیر و نووسەر خدر ئیبراهیم خدر، دەیان پارچە شیعر و کورتە چیرۆک و وتاری مێژوویی و دەروونناسی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری بەغدا و تاراوگە بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:(هاوکاری، کاروان، بەیان، تاوی کۆمەڵایەتی، ڕێگای کوردستان، بەدرخان، ئەدەب و هونەر، کوردستانی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر حەسیب قەرەداغی، نووسەر خدر ئیبراهیم خدر**




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر خدر ئیبراهیم خدر**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر فاروق ڕەفیق، نووسەر خدر ئیبراهیم خدر**

نوێ، ئاسۆ، بیست و چواری چوار، بزاڤ، برایەتی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ڕێنوێن، کۆڕ، تەوار، کاروانی منداڵان، ژارەبا، کوردستان ڕاپۆرت، هەنگ، هەرێم، پەڕەسێلکە، مێرگ، چەپکە گوڵ، ئاڵای ئازادی، الإتحاد، خەبات، القافلة، مجلتي...و چەندانی دیکە).



**نووسەر خدر ئیبراهیم خدر**
**لە کاتی وتار خوێندنەوە**

ئەو لە تەمەنی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی خۆی چەندین کاری ڕۆژنامەگەری و هونەری و ڕێکخراوەیی نواندووە، بەرچاوترینییان ئەمانەن:

- لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٩ ئەندام بووە لە هەردوو تیپی شانۆیی(چالاکیی قوتابخانەکان و تیپی شانۆی بیتوێن)، لە چەندین شانۆگەریش وەکو ئەکتەر بەشداریی کردووە لەوانە(گڵکۆی تازەی لەیل و چۆلەکەکان).
- ئەو کاتەی قوتابی زانکۆ بووە، بەشدار بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی(هۆڵ و

ڕۆشنبیری) چەندین وتار و سیمیناری پێشکەش کردووە، هەر ئەو کۆمەڵەیەش پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە کارەساتی کیمیاباران و هەڵەبجە دەرکردووە بە ناو نیشانی(ژارەبا).

- لەگەڵ نووسەر(بەکر مەحمود) پێنج ژمارەیان لە بڵاوکراوەی مانگانە(تروسکە)بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵانی ١٩٩٢-٢٠١٤ وەکو نووسەر لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو(پێشکەوتن، تروسکە، برایەتی، هەنگاو، هەنگ، قەڵا دوو زێ) کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣-٢٠٠١ لە ڕێکخراوی(کۆمەڵەی هاوکاری قەڵادزێ) وەکو چالاکوان کاریکردووە.
- لە ساڵی ٢٠١٦ دەقی شیعرێکی تایبەت بە قەڵادزێ کراوەتە سروود بە ناوی(شاری نەمر)کە هونەرمەند عەبدولقادر محەمەد ئاوازی بۆ داناوە




**بەرهەمەکانی نووسەر خدر ئیبراهیم خدر.**

تیپی مۆسیقای قەڵادزی، بە دەنگی قوتابیانی ئامادەیی قەڵادزی لە ڕۆژی ٢٤-٤-٢٠١٦ کە ساڵڕۆژی کارەسات و ڕاپەڕینی شارەکە بووە، پێشکەشکراوە.


- لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە تاوەکو ٢٠٠٠ ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە.
- لە ١٩٩٢- ١٩٩٥ ئەندامی کۆمەڵەی مێژوونووسانی کوردستان بووە لە هەولێر.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ خدر ئیبراهیم خدر، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی  زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ خدر ئیبراهیم خدر، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەبیب کەلەش

شاعیر و نووسـەر، پێشـمەرگەی قارەمـان و دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، حەبیب کەلـەش...

نـاوی تەواوی(حەبیب کەلـەش عەلی)یە، لـە سـاڵی ١٩٤٤ لـە گوندی(باتیفا-باتوفـە)ی سـەر بـە قـەزای باتوفـەی پارێـزگای دهـۆک لـە خێزانێکی هـەژار و دەسـتکورت و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، ئـەو ژیانـی خـۆی زۆر بـە سـەختی و هـەژاری بردۆتەسـەر، هـەر لـە منداڵییـەوە زۆر حـەزی لـە نووسـین و خوێـندن و خوێندنـەوەی شـیعر و ئـەدەب و زمانـی کـوردی بـووە، هـەردەم قەڵـەم و کاغـەزی بەدەسـتەوە بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ەوە، قوتابخانـە و خوێـندن لـە گونـدی باتوفـە هەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٣ باوکـی ماڵـی گواسـتۆتەوە گوندی(بێرسـفێ)ی سـەر بـە ناحیـەی شـەرانشێ لـە گونـدی مژۆل جێگیربـووە، لـە سـاڵی ١٩٥١ خوێـندنـی سـەرەتایی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٧-١٩٥٨ خوێـندنی ناوەنـدی لـە زاخـۆ تەواوکـردوو، لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە پـۆلی چـوارەمی ئامادەیـی بـووە، بـەڵام بـۆ بژێـوی ژیانـی خـۆی و خێزانەکـەی هەمـوو جـۆرە کارێکـی کـردووە، دایـک و باوکـی حەزیـان لـێ بـووە ئـەو لـە خوێنـدن بـەردەوام بێـت، چونکـە زۆر حـەزی لـە خوێـندن بـووە و قوتابییـەکی زیرەکیش بـووە لـە نـاو هاوپۆلەکانـی.



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان؛ نەناسراوە، نەناسراوە، شاعیر حەبیب کەلەش، ڕاوەستاوەکان: هەموویان نە ناسراون**

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٩ هەسـتی کوردایەتـی جـووڵاوە و بۆتـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و دواتـر ئەنـدام لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە ٢٠-٤- ١٩٦٢ بۆتـە پێشـمەرگەی شۆڕشـی ئەیلـوول، زیاتـر چالاکییەکانی لە ڕیزی شۆڕش و پێشمەرگایەتی ئەو، بۆ خەڵکانی پسـپۆڕتر لـە بـواری سیاسـیی بـە جێدێڵـم.

شـاعیر حەبیب کەلـەش، لـە سـاڵی ١٩٦٣ لـە کاتی پێشـمەرگایەتی یەکەمین پارچـە شـیعری خـۆی بـە ناوی(ئـەی فەقیر)نووسـیوە، بـەردەوام بـووە لـە نووسـینی شـیعرەکانی تـا سـاڵی ١٩٧٥، لـە سـاڵی ١٩٧٥ کـە ئاوارەی ئێـران بووە، هەموو ئەو شـیعرانەی کە نووسیبوونی لێی فەوتـاون و لە ناوچووینە، تەنها ئەو هەڵبەسـتانە نەبێت کە کاتی خۆی وەکو سروود بڵاوکراونەتەوە.

پـاش سـاڵی ١٩٧٥ دووبارە تێهەڵچووەتـەوە و دەسـتی بە شـیعر نووسـین کردۆتـەوە، تاوەکـو ئێسـتا(٧) دیوانـی شـیعری نووسـیوە، یەکەمیـن دیوانـی شـیعری بـە ناوی(زانیـن و خەبـات) لـە سـاڵی ١٩٨٨ بڵاوکردۆتـەوە.

ئەگـەر بە وردی شیعرەکانی شـاعیر حەبیب کەلـەش بخوێنینـەوە، دەبینین ئـەو بە شـێوازێکی نیمچـە ڕیالیزمـی هەمـوو بەرهەمەکانی نووسـیوە، سـەختی

ژیانی و چەوسانەوە و دەردەسەری و نەهامەتییەکانی خۆی و میللەتەکەی ، بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، سەرەڕای ستایشی پێشمەرگە و قارەمانەکان و سەرکردایەتیی شۆڕش و کەسایەتییەکانی کورد، جوانیی سروشتی کوردستان و ئافرەت و ئەڤینیی و دڵداری نووسیوە، جگە لە ڕەخنە و گلەیی و گازاندەی لە باری ناگیر و ناهەمواری کۆمەڵی کوردەواریمان، هەموو ئەوانەی بە زمانێکی کوردی(شێوەزاری کرمانجی ژووروو) ی سادە و ساکار و دوور لە وشەی نامۆ و داتاشراو کردۆتە کۆمەڵێک تابلۆی جوان و دڵڕفێن، شیعری بۆ خوشەویستیی کورد و کوردستان نووسیوە و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا خوێندوویەتییەوە، ئەمانەش بەرهەمە چاپکراوەکانییەتی:

- دیوانا زانین و خەبات، ل سالا ١٩٨٨.
- دیوانا بیرهاتنا، ل سالا ١٩٩٢.
- دیوانا سرۆدا، ل دالا ٢٠٠٥.
- سێدارە و سەدام، ل سالا ٢٠٠٦.
- شەهید فەتاح گولی، ل سالا ٢٠٠٧.



**پۆلێك پێشمەرگە، لە لای چەپەوە یەکەم کەس شاعیر حەبیب کەلەش**








شاعیر حەبیب کەلەش لە کاتی وتار خوێندنەوە




نموونەی شیعری شاعیر حەبیب کەلەش




**بەرهەمەکانی شاعیر حەبیب کەلەش**

- دیوانا گەلی کوردا هشیار بن، ل سالا ٢٠٠٩.
- دیوانا ریباز، ل سالا ٢٠٢٠.
- تەلسەم، ئامادەیە بۆ لە چاپدان.

چەندین پارچە هەڵبەستی شاعیر حەبیب کەلەش ئاوازیان بۆ داندراوە و کراونەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کوردەوە، لەوانە(ئەردەوان زاخۆیی، ئەیاز یوسف زاخۆیی، زێدەباری حەسەن شەریف، دڵشاد نێرِوەیی، شاکر ئاکرەیی، سەعید گاباری و چەندانی دیکە).

- شاعیر حەبیب کەلەش ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.

- خاوەنـی ئیمتیـازی ڕۆژنامەی(پەیمـان) بـووە، کـە ئێسـتا وەکـو ڕۆژنامەی(ئەڤـرۆ) لـە دهـۆک بەردەوامـە لـە دەرچـوون.
- لـە بەشـی زۆری چالاکییـە ئەدەبـی و ڕۆشـبیرییەکانی ناحیـەی باتوفـە و دهـۆک و زاخـۆ و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان ئامـادە دەبێت.

بـۆ شـاعیر حەبیـب کەلـەش هـەر سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیـەك لـە ژیاننامـەی شـاعیر حەبیـب کەلـەش، هاوڕێـی دێرینـم نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس ئیسـماعیل بـادی بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢ - ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی وشـە، وتارێکـی نووسـەر نـەوزاد هلـۆری، لـە ١٢- ٩ - ٢٠١٩.
٣ - ماڵپەڕی شاعیر حەبیب کەلەش، لە ٢١- ٩- ٢٠١٩.
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەباح زاخۆیی

(٥٠) ساڵە تێلێن عودێت ل لەرزینە، نە عود ژ تەبلێ وی هیز دەبن....نە ژی گۆە ژ هەستێ وی تێر دەبن)، هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر سەباح زاخۆیی...

سەباح زاخۆیی لە بنەماڵەی نەجارە ناسراوەکانی زاخۆیە، باپیری ئەو(تەها نەجار) دەنگبێژ و چیرۆکبێژ و بلوێر(شمشاڵ) ژەن بووە، ئەو لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری دهۆک تەواو کردووە، پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە، بۆتە مامۆستا هونەر لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری سروودەکان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە قارەمانەکان دەست بەکار بووە، بەردەوام بووە لە بواری هونەری لە چالاکیی قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی دهۆک، تا خانەنشینبوونی، ئێستاش لە زاخۆ دەژییێت.

هونەرمەند سەباح زاخۆیی لە ساڵی ١٩٦١ تەمەنی(٩) ساڵان بووە باوکی لە موسڵ زیندانی کراوە و لە پاش(٩) مانگ ڕەوانەی ڕومادی







**هونەرمەند سەباح زاخۆیی**

کراوە و ساڵی ١٩٦٧ تەرمەکەیان بۆ ناردوونەتەوە، ئەو لە خێزانێکی کوردپەروەرە، لە تەمەنی(١٥) ساڵیدا ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە لەسەر دەستی مامۆستا غائیب عەبدولهادی فێری(طنبور- تەنبور) لێدان بووە، لەسەر دەستی مامۆستای مۆسیقا مسەدەق ئیسماعیلیش فێری عودژەنین بووە.

لەگەڵ ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار لەگەڵ مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان و سەمیر زاخۆیی تیپی هونەری(نەورۆز)

یان دامەزراندووە و بەشداریی ئاهەنگەکانیان لە زاخۆ و دهۆک و ئاکرێ و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەی دەڤەری بەهدینان و کوردستان کرووە، دواتر لە تیپی هونەری دهۆک بەردەوام بووە لە ژەنینی مۆسیقا و دانانی ئاواز.

ئەو سەدان ئاوازی بۆ زیاتر لە(١٣٠) گۆرانیبێژی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان داناوە و مۆسیقای بۆ ژەنیون، لەوانە(ئەیاز زاخۆیی، ئەردەوان زاخۆیی، تەحسین تەها، فوئاد ئەحمەد، عەبدولقەهار زاخۆیی، شاکر ئاکرەیی، حاجی زاخۆیی و چەندانی دیکە)، هەموو گۆرانییەکانی هەر دوو گۆرانیبێژی جوانەمەرگ ئەیاز یوسف و ئەردەوان زاخۆیی لە ئاواز و مۆسیقای ئەون، لە کاتی ڕژێمی بەعس ئەو کاتەی هەموو مۆسیقاژەنێک نەدەوێرا لەگەڵ ئەیاز و ئەردەوان زاخۆیی مۆسیقا بژەنێ، ئەو ئاواز و مۆسیقای بۆ داناون و سەرپەرشتیی هونەریی هەموو ئاهەنگەکانی ئەو دوو هونەرمەندەی کردووە.

سەبارەت بە ڕەوانشاد ئەیاز یوسف، هونەرمەند سەباح زاخۆیی دەڵێت:(دەنگی وی وەکو ئاگری نەورۆزە هەر دەمێنێت).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، هونەرمەند سەباح زاخۆیی، نەناسراوە، نەناسراوە**

سەبارەت بە هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی دەڵێت:(دەنگێکی چیایی بوو، دەنگی شۆڕش و کوردایەتی بوو).

هونەرمەند سەباح زاخۆیی زیاتر لە(٥٠) ساڵ خزمەتی مۆسیقا و ئاوازی کوردی کردووە، عودەکەی خۆی زۆر خۆشدەویت و وەسییەتی کردووە کە عودەکەی لە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی لەگەڵ لیستی ناوی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی، هونەرمەند سەباح زاخۆیی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی



لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس هونەرمەند سەباح زاخۆیی، ئەوانی دیکە نە ناسراون




له لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەباح زاخۆیی، شاعیر دکتۆر عەبدولڕحمان مزووری، هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی

ئەو هونەرمەندانەی کە مۆسیقای بۆ ژەنیون بپاریزرێت.

ئەو ئێستا لە دهۆک دەژییێت و هەر بەردەوامە لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی هونەرمەندە گەنجەکان، هەر ڕاوێژکارییەکی هونەرییشیان هەبێت، هەردەم ئامادەیە بۆ هاریکاریکردنیان، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی.


سەرچاوەکان:

١ -Waar Midia، بەرنامەی(تاڤە هەیڤ)، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار سەبری سلێمان.

٢ - Rudaw, فلمێکی دوکیومێنتاری، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار یوسف(ناوی باوکی ڕوون نەبوو).

٣ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



# نەسرین شێروان

**هـــەی دۆلابـــێ و دۆلابـــێ، نایـــێ دەنگـــێ دۆلابـــێ**
**هـــەی دۆلابـــێ و دۆلابـــێ، دینگـــە دینـــگا دۆلابـــێ**

دەنگێکی بە سۆز و نەمر، هونەرمەندێکی ئازا و بوێری سەردەمی خۆی، هونەرمەندی گۆرانی و بەستەی فۆلکلۆری، ڕەوانشاد نەسرین شێروان...

ناوی تەواوی (خۆخە عومەر عوسمان)ە، بە نەسرین شێروان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندێکی سەر بە ناوچەی(شەرناخ)ی باکووری کوردستان لە خیزانێکی کۆچەر لە دایک بووە، لەبەر سەختیی ژیان و باری خراپی خێزانەکەیان گەلێک شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان وەکو(جوولەمێرگ، هەلەکورامیران، جودی، وان، بۆتان، هاقلەر، ئێستن، سێرت، ئامەد) گەڕاوە، لە گەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، خێزانەکەیان ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە(زاخۆ و دارهۆزانی و قادیا) نیشتەجێبوونە، لە ساڵی ١٩٤٠ خێزانەکەیان چوونەتە بەغدا، ئەو لە زاخۆ ماوەتەوە و لە ماڵی یەکێک لە ئاغاکانی زاخۆ بووە، دواتر ئەویش چۆتە بەغدا، بۆ بژێوی ژیانی خۆی لە ماڵی یەکێک لە(کریستییانە- مەسیحییەکان- غەریب پۆز) کە پێشتر ناسیاوییان هەبووە، ماوەتەوە. پاشان ماوەیەک لە ماڵی(جەمال بابان) کە ئەو کات وەزیرێکی سەردەمی پادشایەتی بووە، کاریکردووە، بەم جۆرە لە ڕێگای



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەن جزیری، هونەرمەند نەسرین شێروان، هونەرمەند باکووری**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی، نە ناسراوە، هونەرمەند نەسرین شێروان**

ئەو کارکردنە پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندان(عەلی مەردان و حەسەن جزیری)پەیدا کردووە.

لە ٢٥-٣-١٩٤٤ بە پێشنیازی مامۆستا عەلی مەردان لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بەکاربووە، بە هۆی لێهاتوویی و زیرەکی هەر لەوێ لە تیپی مۆسیقای ڕادیۆی کوردی دادەمەزرێت، تا ساڵی ١٩٧٣ هەر گۆرانیی وتوە، لە ساڵی ١٩٧٥ خانەنشین بووە.

هونەرمەند نەسرین شێروان، لە کاتێدا ڕووی لە مەیدانی هونەر و گۆرانیی وتن کردووە، ئاخر ئەو سەردەم گۆرانیی وتن بۆ پیاوانیش تۆزێ ئاستەم بووە، نەک بۆ ژنان، بەڵام ئەو زۆر ئازا و بوێرانە، وەک نیمچە ڕێچکەشکێنێک چۆتە ئەم بوارە و کۆمەڵێک لەو بەستە و لاوکە فۆلکلۆرییانەی کە لە کاتی لاوێتیدا لە باکووری کوردستان فێری ببوو، لە ڕادیۆی کوردی تۆماری کردوون، یەکەم گۆرانیشی(دەلێ دەلێ)بووە، جگە لە هەندێ گۆرانی کە لە دانانی خۆی و ئاوازی فۆلکلۆریینە، مامۆستا




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند محەممەد عارف جزیری، نەسرین شێروان



هونەرمەند
نەسرین شێروان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند نەسرین شێروان،
هونەرمەند جەلال کۆچەر




هونەرمەند
نەسرین شێروان

لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەن زیرەك،
نەسرین شێروان

عەلی مەردان و شەمال سائیب و یاسین شێخلی و هەتا جەمیل بەشیریش ئاوازیان بۆ داناوە، ئەو هەندێ شیعری شاعیران(جگەرخوێن و حافز مائی و شێخ سەلام)ی کردۆتە گۆرانی.

هونەرمەند نەسرین شێروان، ناسیاوی و ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو سەردەم وەکو(حەسەن جزیری، محەمەد عارف جزیری، عیسا بەرواری، حەسەن زیرەک، تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی، شەمال سائیب، کاوێس ئاغا، فەوزیە محەمەد، ئەڵماس خان، مریەم خان، گوڵبەهار، ژیان محەمەد، نازدار و ئەسمەر فەرهاد، باکووری و تەحسین تەها)هەبووە، گۆرانیی دوو قۆڵیشی لەگەڵ هەندێکیان وتوە، نزیکەی(٤٠٠) گۆرانی و مەقام و بەستەی لە ئەرشیفی ڕادیۆی کوردیی بەغدا هەبووە، جگە لەوەش لەسەر قەوانیش بەستە و مەقامی تۆمار کردووە، لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ گۆڤاری(الإذاعة و التلفزیون) خۆی وتویەتی: (١٠) قەوانی لە کۆمپانیای(چەخماخچی) و (٨) قەوانیش لە کۆمپانیای(کۆلۆمبیا) تۆمارکردووە، ئەمانەش هەندێک لە گۆرانی و لاوک و بەستەکانییەتی:( دەنگێ دۆلابێ، وەرە وەرە گولهینار، زولفانێ، خەمێ تو زانێ، گولی هەی نار، لاوکێ من، تە دلێ من سۆت ئەڤینێ، زالم، هەی لالی منۆ، قەول و قەراری تە، بەژنێ تە زراڤێ، دیلان

دیلان، دەردێ دلا، ئەڤە رابەرێ مە، هەی لۆ میرۆ، ئەز بەفرم بەفرم، بەهار بەهارە، یار حەلیمێ و چەندانی دیکە).

ئەو لەگەڵ هونەرمەندان حەسەن جزیری و باکووری لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ کۆمپانیای نەوت IPC لە کەرکووک گێڕاوە، بەشداریی زۆر لە ئاهەنگەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و بەغدا و حەبانیە و بەسرا کردووە.

هونەرمەند نەسرین شێروان خەرمانێک لە گۆرانیی ناسک و جوان و خۆشی کوردی بۆ نەوەکانمان بەجێ هێشتووە، خزمەتێکی گەورەی هونەر و مۆسیقای کوردی کردووە.

لە ١٠ -١٠ - ١٩٩٠ لە تەمەنی(٦١) ساڵیدا، زۆر بە غەریبی و بێکەسی لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، شارەوانیی بەغدا تەرمەکەیان هەر لەوێ ناشتووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی KhI، ئینستیتیوتی کەلەپووری کوردی، ٢٠١١.

٢- WIKIWAND.

٣- Photofantasy ، نووسینێکی نووسەر ڕێبوار خالید، لە ١٥-٦-٢٠٢٠.

٤ - کوردیپێدیا.

٥ - ویکیپیدیا- ئینسایکلۆپیدیای ئازاد.

٦ - نوچەنێت، وتارێك بە ناوی(نەسرین شێروان کێیە)، لە ٢٦-٨- ٢٠١٦.

٧ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## شەمس عەنتەر

نووسەر و چیرۆكنووس، چالاكوانی بواری ئافرەتان و منداڵان، خاتوو(شمس عنتر- شەمس عەنتەر)...

نووسەر و چیرۆكنووس شەمس عەنتەر لە ساڵی ١٩٦٧ لە شارۆچكەی(عامودا)ی ڕۆژئاوای كوردستان لە خێزانێكی مام ناوەندی كوردپەروەر لە دایک بووە، ئەوان بەڕەچەڵەک خەڵكی باكووری كوردستان بوونە، لە ئەنجامی حوكمی ئەتاتۆرک پاش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بە ناچاری هاتوونەتە شاری عامودا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی(زنوبیا) تەواوكردووە، ئەو كات تاكە قوتابخانە بووە لە عامودا، لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەنجامی هەڵوێستە كوردپەروەرییەكانی، نەیانهێشتووە تاقیكردنەوەی بەكالۆریا بدات، دواتر لە ڕێگای هەندێ كەسان و بە بەرتیل توانیویەتی تاقیكردنەوە بكات و سەركەوتوو بێت، دواتر پەیمانگای مامۆستایانی(الصف الخاص)ی تەواوكردووە و بۆتە مامۆستا، لە ڕاستیدا ئەو حەزی لە كۆلێژی ماف و زانستییە سیاسییەكان بووە، بەڵام دیارە بار و دۆخی سیاسی ئەو كاتی سووریا بۆ كوردان، باری سەختی ژیان و دەسكورتیشی ڕێگەی پێ نەداوە، چەند ساڵێک مامۆستایەتیی كردووە، پاشان وازی لە مامۆستایەتی هێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ كۆلێژی پەروەردەی لە شاری(حسكة- حەسەكە) تەواوكردووە.



له لای ڕاستەوە: عەبیر دریعی، نووسەر شەمس عەنتەر، نە ناسراوە،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، نە ناسراوە




له لای ڕاستەوە: خاتوو عەبیر دریعی، نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد
کاکەم بۆتانی، نووسەر شەمس عەنتەر

نووسەر شەمس عەنتەر، یەکێک بووە لەو کچە کوردە ئازا و بوێرانەی کە هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە، پێشەنگ و پێشڕەو بووە لە خۆپیشاندانەکان دژی ڕژێمی ئەسەد، بۆیە ساڵی ٢٠١٣ چۆتە ناو ڕێکخستنەکانی ئافرەتان(مکتب منظمة المرأة و الطفولة للمجلس الوطني الكردي في سوريا) و بەرگری لە مافی ئافرەتان و منداڵانی کورد کردووە.

ئـەو هێشـتا قوتابـی بـووە دەسـتی بـە نووسـینی وتـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کـردووە، هەرچەنـدە سـەر بـە هیـچ حـزب و لایەنێـک نەبـووە، بەڵام نووسـینەکانی لـە بڵاوکراوەکانی وەکو(الادب و القضیة) بڵاوکردۆتـەوە، دواتـر ڕووی لـە چیرۆکنووسـین کـردووە، هەمـوو بەرهەمەکانـی بـە زمانـی عەرەبی نووسیوە، بار و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەتـان و منداڵانـی کـورد ، لـە هەمـوو بەرهەمەکانـی ڕەنگـی داوەتـەوە، هەندێ نووسینی(شەرمنانە-خجولة)شی بە زمانی کوردی هەیە، تا ئێستا(٥)




لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەمس عەنتەر، نە ناسراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دلۆڤان چەتۆ، نووسەر شەمس عەنتەر، نووسەر لوقمان یوسف، نووسەر و ڕەخنەگر دکتۆر فەرید سەعدون، شاعیر عەبدولسەمەد مەحمود شاکر




شاعیر عەبیر دریعی، بەڕێز دحام عەبدولفەتاح، نووسەر شەمس عەنتەر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەمس عەنتەر، نووسەر كۆنی ڕەش، نە ناسراوە، نە ناسراوە

كۆمەڵـە چیرۆكـی نووسـیوە و چاپـی كـردوون و بـڵاوی كردوونەتـەوە كـە ئەمانـەن:

- سميتني مريم، كۆمەڵە چیرۆك.
- مئة حبة محترقة، كۆمەڵە چیرۆك.
- موسم اليباب، كۆمەڵە چیرۆك.
- إجتباء الكسوف، كۆمەڵە چیرۆك.
- في إنتظار الخبز، كۆمەڵە چیرۆك.




**له لای ڕاستەوە: نووسەر شەمس عەنتەر، بەڕێز دەحام عەبدولفەتاح**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر شەمس عەنتەر، هاوسەرەکەی بەڕێز قنجو هادی عوسمان**

نووسەر شەمس عەنتەر، وەکو کچە کوردێکی بوێر و ئازا، چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- دەیان وتار و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن لە ئافرەتان و کچان و کوڕانی نەجەوان نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوی کردۆتەوە.
- دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری دەربارەی ئافرەتان و منداڵان لە(قامشلۆ و عامودا و حەسەکە) ئەنجامداوە.




**بەرهەمەکانی نووسەر شەمس عەنتەر**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەمس عەنتەر، خاتوو بونیە جگەرخوێن**


- ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتانی سـووریایە.
- ئەندامـی بزووتنـەوەی سیاسـیی ئافرەتانـی سـووریایە.
- ئەندامی لیژنـەی ئامادکردنی شیعری کـوردی بووە.
- ئەندامـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کورد(الفانیسـت) بـووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی(البنـاء- بینا)یە بۆ ئافرەتان.

لـە لایـەن یەکێتیـی نووسـەرانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و باشـووری کوردسـتان، چەندیـن جـار خـەڵات و ڕیزلێنانـی بـۆ کـراوە.

بۆ نووسـەر و چیرۆکنووس شـەمس عەنتـەر، هـەر سـەرکەوتوو بیت، بۆ خزمەتـی کەلتـوور و ڕۆشـنبیری کوردی و ئاشـناکردنی بـە گەلانـی ولاتانـی عەرەبـی و دەوروبـەری.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەك لـە ژیاننامـەی نووسـەر خاتـوو شـەمس عەنتـەر، بەڕێـز ئیبراهیـم عەبـاس بـوی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# غازی غەفوور

هونەرمەندی پێشمەرگە، هونەرمەندی بواری تەمسیل و شانۆ و دراما و فلیمی سینەمایی و دیکۆرساز، ڕەوانشاد غازی غەفوور....

ناوی تەواوی(غازی عەبدولغەفوور مستەفا)یە، لە نێوەندی ئەدەبی و هونەری بە غازی غەفوور ناسرابوو، لە ١٦-٢-١٩٥٤ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی هونەردۆست لە دایک بووە، ئەو دوو برای دیکەی هونەرمەندی موزیکژەنن(هیتلەر و فەرهەنگ)، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی لە هەولێر تەواو کردووە.

هونەرمەندی ڕەوانشاد غازی غەفوور، لەژێر کاریگەریی خاڵێکی بە ناوی مامۆستا(حوسێن عەبدوڵڵا خۆشناو)) سەرەتای ژیانی هونەری بە هونەری شێوەکاری(نیگارکێشان) دەستپێکردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە، هەست و ئارەزوو و حەزی چۆتە تەمسیل و شانۆ و دراما، هەر لە هەمان ساڵدا ئەو کاتەی هونەرمەندی دەرهێنەر(سەباح عەبدولڕەحمان) خەریکی پڕۆڤەکردن بووە بۆ شانۆگەریی(چارە ڕەش) دەورێکی پێداوە و ئەویش دەورەکەی بەسەرکەوتوویی بینیوە، دواتر لە شانۆگەریی(فالچی) کە بۆ جاری دووەم نمایشکراوە، دەوری فالچی لە جیاتی ئەکتەری پێشتر دراوەتێ، ئەویشی هەر بە سەرکەوتوویی



**له لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: هونەرمەند غازی غەفوور، هونەرمەند سوهام حەسەن، هونەرمەند دکتۆر ژیلوان تاهیر، دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە: ئەکتەر هێمن هاشم، هونەرمەند و ئەکتەر عەلی ئەحمەد، هونەرمەندی دەرهێنەر بەکر مەعروف**

ئەنجامداوە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ بەشدار بووە لە دوو(فصل- پەردە) ی شانۆگەریی(بزنە یان مەڕە) کە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند تەڵعەت سامان بووە.

هونەرمەند غازی غەفوور لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و چووەتە ئێران و دواتر هاتۆتەوە کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٢ جارێکی دیکە ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، هەر لە شاخ شانۆگەریی(کێ کوشتی)یان لە چەند گوندێک لەوانە(نێوزەنگ، زەڵێ، شێنێ و چەندی گوندێکی دیکە) پێشکەشکردووە.


هونەرمەندی ئەکتەر غازی غەفوور زیاتر لە(٧٠) کاری هونەری لە تەمسیلییە و شانۆگەری و دراما و زنخیرە تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی پێشکەش کردووە، لەوانە:

- شانۆگەریی(پرسیار) لە وەرگێڕانی نووسەر محێدین زەنگەنە، دەرهێنانی هونەرمەند پەیمان بەگۆک، کە ڕۆڵی(یاریدەدەری پۆلیس و جاڕدەر)ی هەبووە، لە ساڵی ١٩٧٩ لەسەر شانۆی گەل نمایشکراوە.
- شانۆگەریی(قەڵای دم دم) لە نووسینی و دەرهێنانی هونەرمەندی ڕەوانشاد تەڵعەت سامان بووە، لە ٢- ١- ١٩٨٢ لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە هەولێر نمایشکراوە.
- شانۆگەریی(فایلی ٦٧) کە لە نووسینی نووسەر ئیسماعیل فەهد ئیسماعیل و وەرگێڕانی هونەرمەند عوسمان چیوار بووە، وەک یاریدەدەری دەرهێنەر و دەوری سەرەکیشی بینیوە، لە ساڵی ١٩٨٤ لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە هەولێر نمایشکراوە.

ئەو بەشداری لە چەندین کاری هونەری لە شانۆ دراما و تەمسیلییەی دیکە کردووە، لەوانە:(ئادابا، ئاسکە، گوڵی نهێنی، پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی، ترس و ئەڤین، بەرەبەیانێکی زوو، کۆچی گوڵەکان، خەجێ و سیامەند، لۆ تێم ناگەی، بە زۆر کراوە بە دکتۆر، شەمەندەفەر، زنخیرە درامای گرێ، دەرگا داخراوەکان، کۆڵارە، قاسپەی کەو، کەوەکانی قەرەچووغ، نامە،



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند غازی غەفوور، هونەرمەندی دەرهێنەر بەکر مەعروف



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند غازی غەفوور، هونەرمەند خەلیل یابە

گەمـەی خەونـە ئـازادەکان،  پانـزە ئەلقـەش بۆ سـەتەلایتی تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان و  چەندانـی دیکـە).

هونەرمەند غازی غەفوور، لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی شـاری هەولێر و کوردسـتان کاری هونـەری ئەنجامـداوە، لەوانە:(عادل سـەلیم، سـەعدون یونس، زوهێر عەبدولمەسـیح، ئەرسـەلان دەروێش، هیـوا سـوعاد، کەریم سەرسـپی، تەڵعەت سامان، سـەباح عەبدولڕەحمان، وەلید نانەکەلی و چەندانـی دیکە).

هونەرمەنـد غـازی غەفـوور جگـە لـە کاری نوانـدن چەنـد ڕۆڵێکی دیکەشـی هەبـووە کـە ئەمانـەن:

- لـە سـاڵی ١٩٧٧ ئەنـدام بـووە لـە کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی لقـی هەولێـر.
- لە سـاڵی ١٩٩١ بەشـدار بـووە لە بووژاندنـەوە و دامەزراندنـەوەی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردسـتان.
- لە سـاڵی ٢٠٠٤ لـە فیسـتیڤاڵی(تەوار)ی کورتـە فلیـم بـە کورتـە فلیمی(شـەوی لـە دایکبوونـی پەپوولـە) لـە شـاری سـلێمانی بەشـدار بـووە و خەڵاتـی باشـترین ئەکتـەری وەرگرتـووە.
- لـە شـاخ لەسـەردەمی پێشـمەرگایەتی بەشـدار بـووە لـە دامەزرادنـی تیپـی شانۆی(شـۆڕش).



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند غازی غەفوور، هونەرمەند عەدنان شەریف، نە ناسراوە، هونەرمەند بەکر مەعروف



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند غازی غەفوور، هونەرمەندی ڕەوانشاد نەوزاد ڕەمەزان، هونەرمەند بەکر مەعروف، هونەرمەند شوکروڵڵا شێخانی




- لـە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ ئەندامـی دامەزرێنـەری کەناڵـی گەلـی کوردسـتان بـووە و وەکو وێنەگر و بەڕێوەبـەری هونـەری سـاڵانێک کاری تێدا کـردووە.
- ئەندامی دامەزرێنەری تیپی شانۆی(سامان) بووە.
- تا پێش کۆچی دوایی کردنی سەرۆکی تیپی نواندنی هەولێر بووە.

هونەرمەنـد غـازی غەفـوور، هونەرمەندێکـی بـە توانـا و ئەزمـوون بـوو، زیاتر لە(٥٠) ساڵ لـە تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی شـانۆ و درامـا و هونـەری کوردی تەرخـان کردبوو، بەرهـەم و داهێنانێکی زۆری لەم بوارانەدا پێشـکەش بـە هونـەری کـوردی کـردووە، ، لـە ڕۆژی ٢٦-١- ٢٠٢٣ لـە شـاری هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی Progremi gashtek، لە ٩- ١-٢٠٢٣.
٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی هەولێر، لە ٢٦-١-٢٠٢٣.
٣ - کورتەکـەك لـە ژیاننامـەی هونەرمەنـد غـازی غەفـوور، هاوڕێـی دێرینـم هونەرمەنـد بەکـر مەعـروف بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولڕەزاق شەمسەدین

هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون، ئەکتەری شانۆ و زنجیرە دراما و فلیمی سینەمایی دیار و ناسراوی شاری هەولێر و کوردستان، مامۆستا عەبدولڕەزاق شەمسەدین ....

ناوی تەواوی(عەبدولڕەزاق شەمسەدین حوسێن)ە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئیبن خولەکان) تەواو کردووە، ناوەندیشی لە ناوەندی(کۆماری- الجمهورية) تەواو کردووە، بەشی کارەبای لە ئامادەیی پیشەسازیی هەولێر تەواوکردووە و لە( کارگەی دروستکردنی کاغەز لە بەسرە- معمل الورق في البصرة) دەست بەکار بووە، دواتر گواستراوەتەوە(کارگەی چنینی هەولێر- معمل نسيج اربيل) پاش چەند ساڵێک خزمەتکردن گواستراوەتە بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر، لەوێش گواستراوەتەوە بەشی (صیانە) لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووە و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

هونەرمەندی ئەکتەر عەبدولڕەزاق شەمسەدین، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری نواندن و تەمسیلکردن و شانۆ بووە، لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هێشتا قوتابیی ئامادەیی بووە، هونەرمەندی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ئەکتەر عەبدولڕەزاق شەمسەدین،
ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی





هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین لە دوو کاری هونەریدا


دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان هەڵیبژاردووە بۆ بینینی دەورێکی گونجاو لە شانۆگەری(پوتە و ڕەحمان)، ئەو لەتەک کاری فەرمانبەریی خۆی بەردەوام بووە لە کارە هونەرییەکانی لە تەمسیلییەی ڕادیۆیی و شانۆگەری و زنجیرە دراما تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی، لە سەرەتای دەستپێکردنی لەبەر کەمیی کادیری ئافرەت لە بواری تەمسیل و نواندن، لە چەند شانۆگەرییەک دەوری ئافرەتی بینیوە.




هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین وەکو ئەکتەر بەشداریی زیاتر لە(٧٠) کاری هونەری لە تەمسیلییەی ڕادیۆیی و شانۆگەریی و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی کردووە، لەوانە(شانۆگەری پوتە و ڕەحمان، مارەیی، چڵپاو، ئابڕو، فاڵچی، دەستور و دەرهاویشتە، درامای گەمەی خەونە ئازادەکان، درامای مەمی ئالان، درامای کۆچ، درامای ئازارەکانی بارام، شانۆگەری یۆلیۆس سیزەر، درامای گرێ، درامای کرێچی، درامای تورە، درامای ڕەزیلی، درامای



**هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان لەگەڵ ستافی وێنەگرتنی کارێکی هونەری**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین، ئەکتەری میسری(محمود جندي)**



**هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین، ئەکتەری میسری (عزت أبو عوف)**

**هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین لە دوو کاری هونەریدا**

لێدە عەلۆ برنجە، شانۆگەریی کامە ڕەوایە و کامە ناڕەوا، شانۆگەریی سێدارە، شانۆگەریی حیکایەتی شارێک، فلیمی سینەمایی وێران، لەگەڵ چەندین کاری هونەری دۆبلاژکراوی ڕادیۆیی و سینەمایی لەوانە(دۆبلێر).

لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی شاری هەولێر کاری هونەری ئەنجامداوە، لەوانە (زوهێر عەبدولمەسیح، تەڵعەت سامان، سەعدون یونس، عەدنان عوسمان، بەڵام زۆربەی کارە هونەرییەکانی لەگەڵ هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان ئەنجامداوە).

بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی لەگەڵ تیپی هونەری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیی هەولێر ئەنجامداوە.

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

بۆ هونەرمەندی ئەکتەر عەبدولڕەزاق شەمسەدین، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامە و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین، لەسەر داخوازیی من، ڕزگار عەبدولڕەزاق شەمسەدینی کوڕی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی بەندی

شـاعیر و نووسـەر و لێکۆڵـەر، چالاکـوان و پسـپۆڕی بـواری ئەنفـال و جینۆسـایدی گەلـی کوردمـان، مامۆسـتا عەلـی بەنـدی یـان عەلـی ئەنفـال....

نـاوی تەواوی(عەلـی محەمـەد عەلـی بەندی)یـە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری بـە عەلـی بەنـدی یـان عەلـی ئەنفـال ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە گوندی(بەندا)ی دەڤـەری دۆسکیان لـە دایک بـووە، خوێندنی سـەرەتایی هـەر لـەو گونـدە تـەواو کـردووە و خوێندنـی ناوەنـدی و ئامادەیشـی لـە شـاری دهـۆک تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٧ لەلایـەن دائیـرەی ئەمنـی پارێـزگای دهـۆک دەسـتگیرکراوە لە(هیئـة خاصـة) دادگایـی کـراوە و حوکمی(٥)سـاڵیان داوە، لـە سـاڵی ١٩٨٨ بـەر لێبووردنـی گشـتی کەوتـووە و ئازادکـراوە، هـەر لـە هەمـان سـاڵدا جارێکـی دیکـە بۆ مـاوەی(٣) مانـگ گیـراوە و بـە خـۆی و کـەس و کارەکەشـی ڕەوانـەی کۆمەڵگای(بەحرکـە و جێژنیکان) کـراون لـە دەوروبـەری هەولێـر دواتـر ئازادکـراوە.

لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە شـیعر نووسـین کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٤ یەکەمیـن بەرهەمـی خـۆی کـە پارچـە هەڵبەسـتێک بـووە لـە هەفتەنامـەی هـاوکاری بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو وەکـو شـاعیر تـا ئێسـتا سـێ کۆمەڵـە شـیعری بڵاوکردۆتـەوە لەگـەڵ چەنـد کتێبێـک دەربـارەی شـەهیدان



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، نووسەر عەلی بەندی، دکتۆر محەمەد سالح زێباری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەنوەر محەمەد تاهیر**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر و لێکۆڵەر عەلی بەندی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی**

و قوربانیانی ئەنفال و کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١، چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەی سەبارەت بە نەهامەتی و باری خراپی کورد لە سەردەمی حوکمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە تایبەتی سەردەمی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر ئەنجام داوە، کە ئەمانە هەندێکییانن:

- شەڤێن بێلەزەت، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٢٢.
- هەلامەتێت شەڤێ، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٢١.

- کەڤالێن پاییزەکا تاوی، کۆمەڵە شیعر،
- ئەنفالستان و ڕەهەندێن ژ بیرکرنێ.
- کورد قڕان، د ئایدۆلۆژیا بەعسیزم دا.
- کۆچا ملیۆنی(تراژیدیا، بیرهاتن، قوربانی).
- ئەنفال د وژدانا هەڵبەست و چیرۆکی دا.
- ئەنفالکرنا بەهدینان، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەلی بەندی، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، بەڕێز مسلم سلێڤانی



نووسەر عەلی بەندی لەگەڵ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر بەدرخان سندی ،نووسەر عەلی بەندی



نووسەر عەلی بەندی لە کاتی
چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی



نووسەر عەلی بەندی
لە کاتی خوێندنەوەی وتارێک

- ئەنفالکرنا بەهدینان د بەلگەنامێن ڕژێما بەعسیدا، بەرگی چوارەم، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییە.

- بیبلۆگرافیا کەمکوژیا گەلی کورد.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- هولۆکۆست، ئەرمەن، ئەنفال.

- بەڵگەو دەکۆمێنت.

- سەدام قارەمان بوو، یان جەبان بوو.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەوەر عەلی بەندی، وەکو ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕی

بـواری قوربانیانـی ئەنفـال و جینۆسـایدی کـورد، ئـەم چالاکییانەشـی ئەنجامـداوە:

- ئەندامـی فیدراسـیۆنی داکۆکیکـردن لـە مافـی ئەنفـال و جینۆسـایدی گەلـی کـوردە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستانە.
- ئەندامی گروپی ڕاوێژکاریی جینۆسایدی کوردستانە.
- وەکو ئەندام بەشـداریی لـە چەندیـن گەڕان و پشـکنینی گـۆڕی قوربانیانی ئەنفـال لـە ناوەڕاسـتی عێـراق و کوردسـتان کـردووە.




بەرهەمەکانی نووسەر عەلی مەندی

- بەشداریی لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسی ناوخۆیی و دەرەوە کردووە بۆ ناساندنی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردمان.
- دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دەربارەی قوربانیانی ئەنفال لە شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستان ئەنجامداوە.
- دەیان چاوپێکەوتین و دیمانەی لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنییە لۆکالی و ئاسمانییە کوردییەکان و میدیا عەرەبی جیهانییەکان ئەنجامداوە.
- وەکو ئەندام بەشداریی لە پرۆژەی یاسای ماف و ئیمتیازات و کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال کردووە.
- چەندین پیشانگای وێنە و فلیمی دوکیومێتاری دەربارەی قوربانیانی ئەنفال لە عیراق و کوردستان کردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٨ وەک پەیامنێری هەفتەنامەی(پەیمان) کاریکردووە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی(ئەڤرۆ)یە لە دهۆک.
- ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری(برین) بووە لە دهۆک.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر عەلی بەندی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراون.

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر و لیکۆڵەر عەلی بەندی، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# موحسن عەبدولڕەحمان

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و ڕەخنەگر و لیکۆڵەر موحسن عەبدولڕەحمان....

نووسەر و چیرۆکنووس موحسن عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی(زێوەپیرامۆس)ی سەر بە قەزای ئامێدیی پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری دهۆک تەواکردووە و، بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوند و شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک. لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ بەشی مێژووی لە کۆلیژی پەروەردەی بنیات لە زانکۆی دهۆک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، وەکو مامۆستای قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە بەردەوامە.

نووسەر موحسن عەبدولڕەحمان، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی چیرۆک و کورتە چیرۆک و ڕۆمان نووسین کردووە، دواتر ڕووی لە نووسینی ڕەخنە و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی مێژوویی و وەرگێرانی بابەتی هەمەجۆر کردووە، لەم بوارانەدا تا ئێستا(١٨) کتێبی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل بادی، نووسەر سدیق حەجی ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد موکری، نووسەر هزرڤان عەبدوڵڵا، نووسەر موحسن عەبدولڕەحمان، نووسەر حەکیم عەبدوڵڵا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس موحسن عەبدولڕەحمان، نووسەر و لێکۆڵەر حەجی جەعفەر

- ڤیان و دەمەکێ ژاندار دا، ڕۆمان، ٢٠٠٥.
- باخورە(بالۆرەیێن سروودەک زەردەشتی)، ڕۆمان، ٢٠٠٩.
- دلداریا رۆژێ، کورتە چیرۆک، ٢٠٠٤.
- پێتیبوونا رەنگان، کورتە چیرۆک، ٢٠٠٤.
- مرن و قشلەیا پادشاهی دا، کورتە چیرۆک، ٢٠٠٧.
- پەترومەکرنا گۆننەهان، چیرۆک، ٢٠٠٧.

- جەستەیێن فرۆک، چیرۆک، ٢٠١٠.
- ناتەریب، چیرۆک، ٢٠١٤.
- شەمەندەڤرا بای، چیرۆک، ٢٠٢٠.
- رەنگبەربوون، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ٢٠٢١.
- ناڤێن کوردی د هەڤگرێکا نەتەوەیی دا، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ٢٠٢١.
- نەورۆز ژ هەلاتگەریێ بەرەڤ دەستکارن، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٣.
- رۆلێ رۆژنامەگەریێ د پێشڤەبرنا هزرا نەتەوەیی یا کوردی، لە نووسینی نووسەر گۆگر تەوفیق، وەرگێران، ٢٠٠٦.
- ئەلیفبا کوردی ب پیتێن ئەرەبی و لاتینی، وەرگێڕان، ٢٠٠٨.
- ریاح السموم، وەرگێران، ٢٠٠٨.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر موحسن عەبدولڕەحمان، نە ناسراوە






**بەرهەمەکانی نووسەر موحسن عەبدولڕەحمان**

- کەلیلە و دمنە، وەرگێڕان، ٢٠٢٠.
- ڤەبرێن ل کوردستانێ، وەرگێڕان، ٢٠٢١.
- رەهەندا چوارێ، وەرگێڕان، ٢٠٢٢.

ڕۆماننووس و وەرگێڕ موحسن عەبدولڕەحمان، وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو(الحوار المتمدن، النور) بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، چەندین چالاکی دیکەی لە بواری ڕۆژنامەگەری هەبووە وەکو:

- لە ساڵی ٢٠١٤- ٢٠١٦ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و بەرپرسی بازنەی دابڕان یێ ڕۆشنگەری و تایێ دهۆک بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٩- ٢٠١٢ سکرتێری نووسینی گۆڤاری( پەیڤ) بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەی(چاودێر) بووە.

- له ساڵی ٢٠١٠ – ٢٠١٢ ئەندامی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەی(وار) بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری(پشکۆژ)ی زارۆکان بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ، موحسن عەبدولڕەحمان، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر موحسن عەبدولڕەحمان، هاوڕێی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

# بیبلیۆگرافیای

## کتێبی خۆم و ئەستێرە گەشەکان

## بەرگەکانی ( ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ )

**ئامادەکردنی: عوسمان پیرداود**

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **أ** | | |
| أ .ب .هەوری | 6 | 127 |
| **ئـ** | | |
| ئارام تیگران | 6 | 213 |
| ئازاد عەبدولواحید | 1 | 135 |
| ئازاد عوبێد ساڵح (دکتۆر) | 3 | 331 |
| ئازاد هاشم | 4 | 385 |
| ئاسۆ حەسەن | 5 | 477 |
| ئامانج غازی | 5 | 367 |
| ئایشە شان | 1 | 181 |
| ئەبو صباح - محێدین تاهیر (وێنەگر) | 1 | 503 |
| ئەبوبەکر خۆشناو (دکتۆر) | 4 | 261 |
| ئەحلام مەنسوور | 2 | 537 |
| ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | 6 | 317 |
| ئەحمەد سالار (هونەرمەند) | 1 | 173 |
| ئەحمەد تاقانە | 5 | 121 |
| ئەحمەد حسێن | 3 | 465 |
| ئەحمەد حەمەدەمین (دکتۆر) | 5 | 289 |
| ئەحمەد شوکری (دکتۆر شۆ) | 5 | 175 |
| ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر) | 3 | 99 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ئەحمەد ناجی | 1 | 289 |
| ئەحمەدی مەلا (دکتۆر) | 4 | 273 |
| ئەرخەوان ڕەسوڵ | 2 | 541 |
| ئەردەڵان بەکر | 4 | 531 |
| ئەردەوان زاخۆیی | 5 | 381 |
| ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 9 |
| ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 7 |
| ئەستێرەیەک لە شاری مێژووەوە .... | 5 | 7 |
| ئەسعەد عەدۆ | 6 | 285 |
| ئەسکەندەر عوسمان | 4 | 377 |
| ئەمجەد شاکەلی | 4 | 343 |
| ئەمین موتابچی (دکتۆر) | 2 | 51 |
| ئەنوەر تۆڤی | 3 | 153 |
| ئەنوەر قەرەداغی (هونەرمەند) | 1 | 113 |
| ئەنوەر مائی | 4 | 75 |
| ئەیاز زاخۆیی | 3 | 521 |
| ئەیوب هەورامی | 4 | 151 |
| ئیبراهیم ئەحمەد | 4 | 29 |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار | 5 | 139 |
| ئیبراهیم سەلمان (دکتۆر) | 2 | 289 |
| ئیبراهیم هەورامانی | 5 | 199 |
| ئیحسان خەیات | 3 | 565 |
| ئیحسان ڕەشاد موفتی | 1 | 349 |
| ئیحسان شیرزاد | 1 | 53 |
| ئیحسان فوئاد (دکتۆر) | 2 | 27 |
| ئیسماعیل بادی | 3 | 435 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 463 | 1 | ئیسماعیل تەنیا (نوسەر) |
| 391 | 4 | ئیسماعیل خەیات |
| | | ب |
| 297 | 3 | بافڵ هیوا سەرهەنگ |
| 257 | 1 | باکوری |
| 321 | 4 | بڵند حەیدەری |
| 281 | 3 | بەختیار عەلی |
| 155 | 2 | بەدرخان سندی (دکتۆر) |
| 471 | 2 | بەدەل ڕەفۆ مزووری |
| 311 | 3 | بەدیع باباجان |
| 229 | 3 | بەدیعە دارتاش |
| 161 | 5 | بەشیر موشیر |
| 625 | 2 | بەکر مەعروف |
| 585 | 2 | بەهادین جەلال مستەفا |
| 463 | 2 | بەهرام محەمەد |
| 61 | 5 | بەیان سەلمان |
| 191 | 1 | بورهان جاهید |
| 405 | 2 | بۆتان جەلال |
| 495 | 5 | بیبلیۆگرافیا.... |
| 307 | 6 | بێری شەلماشی |
| 431 | 5 | بێکەس حەمە قادر |
| | | پ |
| 57 | 2 | پاکیزە ڕەفیق حیلمی (دکتۆرە) |
| 415 | 5 | پشکۆ نەجمەدین |
| 463 | 5 | پەری قەرەداغی |
| 409 | 1 | پەیمان سەرهەنگ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پیربالّ مەحموود | 1 | 247 |
| ت | | |
| تاریق جەوهەر سارمەمی (میدیاکار) | 1 | 493 |
| تاریق  ئیبراهیم شەریف | 1 | 453 |
| تاریق جامباز | 1 | 429 |
| تاریق کارێزی | 4 | 475 |
| تایەر تۆفیق | 1 | 107 |
| تحسین تەها | 1 | 155 |
| تەلعەت سامان | 1 | 169 |
| تەحسین ناڤشکی | 5 | 395 |
| تەیب جەبار | 4 | 205 |
| تۆفیق وەهبی | 4 | 19 |
| ج | | |
| جان دۆست | 5 | 315 |
| جگەرخوێن (شاعیر) | 4 | 37 |
| جەبار جەمال غەریب | 6 | 69 |
| جەبار سابیر | 1 | 519 |
| جەعفەر مائی | 5 | 53 |
| جەلال دەباغ | 6 | 241 |
| جەلال بەرزنجی | 2 | 209 |
| جەلال زەنگابادی | 2 | 591 |
| جەلال سەعید | 3 | 529 |
| جەلال مەدحەت خۆشناو | 5 | 251 |
| جەلال مەلەکشا | 5 | 71 |
| جەلالی میرزا کەریم | 1 | 121 |
| جەلیل زەنگەنە | 2 | 305 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| جەلیل کاکەوەیس | 5 | 333 |
| جەمال ئامێدی | 6 | 281 |
| جەمال بابان | 6 | 51 |
| جەمال گردەسۆری | 6 | 423 |
| جەمال بەرواری | 4 | 509 |
| جەمال خەزنەدار | 3 | 147 |
| جەمال شارباژێڕی | 2 | 161 |
| جەمال عیرفان | 4 | 57 |
| جەمال نەبەز (دکتۆر) | 3 | 23 |
| جەمال هیدایەت | 1 | 339 |
| جەمشید حەیدەری (دکتۆر) | 5 | 45 |
| جەمیل رەنجبەر | 1 | 209 |
| جەمیلە جاسم | 5 | 81 |
| جەودەت ئەحمەد ناجی (رووناکبیر) | 1 | 241 |
| جەودەت هوشیار (دکتۆر) | 2 | 597 |
| جەوهەر غەمگین | 3 | 263 |
| جەوهەر کرمانج | 2 | 457 |
| جوان حاجۆ | 5 | 311 |
| جومعە کانی لەلەیی | 3 | 579 |
| **چ** | | |
| چەتۆ نەورۆز | 6 | 313 |
| چەتۆ حەسەن | 2 | 345 |
| چیا عومەر ساقی | 2 | 449 |
| **ح** | | |
| حاجی مەکی عەبدوڵا (عەلییە فەندی) | 4 | 399 |
| حافز قازی | 4 | 81 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| حجی جەعفەر (دکتۆر) | 2 | 579 |
| حسام بەرزنجی | 2 | 367 |
| حسێن عارف | 1 | 185 |
| حسێن میسری | 5 | 349 |
| حەمە کەریم هەورامی | 1 | 71 |
| حەبیب کەلەش | 6 | 465 |
| حەجیێ جندی (دکتۆر) | 5 | 225 |
| حەسەن سلێڤانی | 3 | 165 |
| حەسەن قزڵجی | 5 | 283 |
| حەسەن گەرمیانی | 5 | 341 |
| حەسیب قەرەداغی | 2 | 375 |
| حەکیم عەبدوڵڵا | 6 | 439 |
| حەکیم کاکەوەیس | 6 | 353 |
| حەلیم یوسف | 6 | 445 |
| حەمە ڕەئووف کەرکووکی | 6 | 207 |
| حەمە عەباس | 6 | 265 |
| حەمە فەریق حەسەن | 6 | 247 |
| حەمە کەریم عارف | 6 | 253 |
| حەمە ئەحمەد جاف | 3 | 569 |
| حەمە ساڵح فەرهادی | 4 | 279 |
| حەمە سەعید حەمە کەریم جاف | 3 | 253 |
| حەمەی حەمە سەعید | 6 | 81 |
| حەمید بەدرخان (رۆژنامەنووس) | 1 | 393 |
| حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال | 1 | 449 |
| حەیدەر عەبدولڕەحمان | 2 | 359 |
| حوسێن حوزنی موکریانی | 5 | 19 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| حوسێن عەلی | 4 | 405 |
| خ | | |
| خالد سالح حەسەن | 3 | 553 |
| خالد عەلی سلێڤانی | 4 | 483 |
| خالید بەکر ئەیوب | 1 | 457 |
| خالید جوتیار | 1 | 417 |
| خالید دلێر | 1 | 421 |
| خالید ڕەسوڵ | 5 | 373 |
| خالید سەرکار | 4 | 469 |
| خالید کۆچەر (شاعیر) | 1 | 499 |
| خدر ئیبراهیم خدر | 6 | 459 |
| خەسرەو جاف (دکتۆر) | 4 | 145 |
| خەلیل عەبدوڵڵا | 6 | 75 |
| خەلیل وەندی | 6 | 391 |
| خەلیل یابە | 2 | 569 |
| خورشیدە بابان | 3 | 237 |
| د | | |
| دارا محەمەد عەلی | 3 | 317 |
| دایکی سۆلاف | 4 | 411 |
| دکتۆر خەلیل عەلی موراد | 6 | 87 |
| دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف | 6 | 217 |
| دکتۆر ئەرسەلان بایز | 6 | 63 |
| دکتۆر جەمیل عیسا | 6 | 221 |
| دکتۆر شاکر خەسباک | 6 | 57 |
| دکتۆر کەیفی ئەحمەد | 6 | 299 |
| دکتۆر هاوژین سلێوە | 6 | 291 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| دلّداری شاعیر | 3 | 139 |
| دلّزار حەسەن | 3 | 545 |
| دلّزاری شاعیر | 5 | 243 |
| دلّشاد عەبدوللّا | 2 | 259 |
| دلّشاد محەمەد سەعید | 1 | 345 |
| دلّشاد مەریوانی | 2 | 175 |
| دەیکا دالیایێ | 4 | 417 |
| دوڕیە عەونی | 6 | 187 |
| ر | | |
| رزگار خۆشناو | 1 | 199 |
| رەسول گەردی | 1 | 405 |
| رەشاد موفتی (زاناو مامۆستای گەورەی کورد) | 1 | 9 |
| رەفیق سابیر (دکتۆر) | 2 | 553 |
| ز | | |
| زاهیر عەبدوللّا | 2 | 353 |
| زاهیر محەمەد کۆیی (هونەرمەند) | 1 | 483 |
| زرار سەرتاش | 5 | 483 |
| زرار محەمەد مستەفا | 4 | 525 |
| زەکیە ئیسماعیل حەقی | 1 | 497 |
| زەینەب خان | 6 | 153 |
| زوبێر بیلال ئیسماعیل | 2 | 105 |
| زوهێر عەبدولمەسیح | 2 | 387 |
| زیاد ئەسعەد | 6 | 237 |
| زیوەر خەتاب | 6 | 195 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕ | | |
| ڕەئوف بێگەرد | 3 | 221 |
| ڕەئووف شێخ جەمیل | 6 | 405 |
| ڕەئووف حەسەن | 5 | 423 |
| ڕەحیم حەمید | 5 | 337 |
| ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی | 5 | 297 |
| ڕەشید فندی | 4 | 287 |
| ڕەفیق چالاک | 4 | 229 |
| ڕەفیق حیلمی | 4 | 45 |
| ڕەوشەن بەدرخان | 5 | 37 |
| ڕوپاک عەبدولقادر | 2 | 483 |
| ڕووناک شوانی | 5 | 303 |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | 3 | 617 |
| ڕۆژ هەڵەبجەیی | 5 | 267 |
| ڕێباز مستەفا | 6 | 337 |
| ڕێبوار سیوەیلی | 4 | 223 |
| س | | |
| سابیر ڕەشید | 2 | 421 |
| سادق بەهائەدین | 2 | 111 |
| سالار سەمین | 4 | 295 |
| سالار کۆشار | 2 | 427 |
| ساڵح حەیدەری | 1 | 315 |
| سامی شۆرش | 1 | 261 |
| سامیە چاوشلی (دکتۆر) | 4 | 489 |
| سدیق شەرۆ | 4 | 307 |
| سروە عوسمان | 2 | 435 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەباح زاخۆیی | 6 | 471 |
| سەباح ئیسماعیل | 4 | 299 |
| سەباح ڕەنجدەر | 2 | 393 |
| سەباح عەبدولڕەحمان (هونەرمەند) | 1 | 159 |
| سەباح هورمز | 2 | 443 |
| سەبری بۆتانی | 4 | 51 |
| سەدیق وەلی بەرواری | 6 | 411 |
| سەربەست بامەرنی | 3 | 117 |
| سەرتیب ئاغا واحید بەگ | 3 | 605 |
| سەردار ئەحمەد کۆیی | 2 | 631 |
| سەردار فەتاح ئەمین (ڕۆژنامەنووس) | 1 | 523 |
| سەرفراز نەقشبەندی | 6 | 181 |
| سەروین دەرویش | 3 | 407 |
| سەعدوڵڵا پەرۆش | 1 | 221 |
| سەعدون یونس | 2 | 491 |
| سەعدی عەلی | 3 | 585 |
| سەعید یەحیا خەتات | 6 | 101 |
| سەگڤان عەبدولحەکیم | 4 | 355 |
| سەلام کۆیی | 3 | 515 |
| سەلام محەمەد | 2 | 245 |
| سەلام ناوخۆش (دکتۆر) | 5 | 259 |
| سەلما تۆما کاکۆ | 3 | 323 |
| سەلیم بەرەکات | 4 | 135 |
| سەڵاح شوان | 2 | 277 |
| سەڵاح عومەر | 5 | 471 |
| سەمیر زاخۆیی | 5 | 353 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 491 | 3 | سەمیرە عەلی مەندی |
| 495 | 4 | سەید ئەحمەد بەرزنجی |
| 327 | 5 | سەید ئەحمەد ڕواندزی |
| 37 | 6 | سەیدا ساڵح یوسفی |
| 465 | 4 | سوبحی کۆیی |
| 7 | 1 | سیمبولێک بۆ گەورەیی مێژوو |
| | | ش |
| 303 | 1 | شاکر فەتاح (نووسەری شەهید) |
| 315 | 2 | شەفیقی حاجی خدر |
| 287 | 1 | شەماڵ سائیب |
| 321 | 5 | شەماڵی عەبە ڕەش |
| 483 | 6 | شەمس عەنتەر |
| 363 | 5 | شەهابەی هەولێری |
| 37 | 2 | شوکر مستەفا |
| 169 | 5 | شوکری فەزڵی |
| 123 | 2 | شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆرە) |
| 497 | 2 | شیرین سابیر |
| 537 | 4 | شیلان حمو |
| 23 | 6 | شێخ محەمەدی خاڵ |
| 291 | 3 | شێرزاد حەسەن |
| 233 | 1 | شێرزاد سەرسپی |
| 483 | 3 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 445 | 3 | شێرزاد هەینی |
| 59 | 1 | شێرکۆ بێکەس (شاعیر) |
| 217 | 5 | شێرکۆ عەبدوڵلا (دکتۆر) |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ع | | |
| ع. ع. شەونم | 5 | 87 |
| عارف حیتۆ (دکتۆر) | 3 | 419 |
| عبدالغنی علی یحیا | 1 | 437 |
| عزەددین فەیزی | 1 | 55 |
| عەباس بەدری | 4 | 369 |
| عەباس عبدوللا یوسف | 2 | 503 |
| عەبدولجەبار کانی | 2 | 511 |
| عەبدولخالق سەرسام | 1 | 433 |
| عەبدولخالق مەعروف (نووسەری شەهید) | 1 | 265 |
| عەبدولرەزاق چەلەبی (دکتۆر) | 1 | 327 |
| عەبدولڕەحمان بامڕنی | 6 | 381 |
| عەبدولڕەحمان فەرهادی | 1 | 129 |
| عەبدولڕەحمان مزوری | 2 | 225 |
| عەبدولڕەزاق شەمسەدین | 6 | 495 |
| عەبدولڕەزاق بیمار | 3 | 205 |
| عەبدولڕەقیب یوسف | 5 | 153 |
| عەبدولستار جەباری | 5 | 181 |
| عەبدولعەزیز سلێمان | 5 | 359 |
| عەبدولفەتاح بۆتانی (پرۆفیسۆر) | 4 | 63 |
| عەبدولقادر مەردان | 6 | 373 |
| عەبدولکەریم فندی | 6 | 133 |
| عەبدولکەریم شێخانی | 2 | 253 |
| عەبدولمەجید لوتفی | 6 | 175 |
| عەبدولواحید ئیدریس (دکتۆر) | 4 | 235 |
| عەبدولواحید مەرجان | 1 | 425 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 245 | 3 | عەبدولوەهاب تاڵەبانی |
| 345 | 5 | عەبدوڵڵا زێڕین |
| 67 | 3 | عەبدوڵڵا ئاگرین (دکتۆر) |
| 79 | 1 | عەبدوڵڵا پەشێو |
| 317 | 1 | عەبدوڵڵا حەداد (دکتۆر) |
| 241 | 4 | عەبدوڵڵا سەڕاج |
| 129 | 2 | عەبدوڵڵا عەباس |
| 329 | 6 | عەتا محەمەد |
| 191 | 3 | عەتا قەزاز |
| 451 | 6 | عەدنان حاجی کاکە |
| 507 | 3 | عەدنان کەریم |
| 25 | 5 | عەرەبی شەمۆ |
| 479 | 1 | عەریف خدر |
| 323 | 6 | عەزیز شارۆخی |
| 215 | 1 | عەزیز گەردی |
| 255 | 4 | عەزیزی مەلای ڕەش |
| 39 | 1 | عەلائەدین سەجادی |
| 499 | 6 | عەلی بەندی |
| 451 | 5 | عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی |
| 313 | 4 | عەلی کەندی |
| 97 | 1 | عەلی مەردان |
| 13 | 3 | عەونیی شاعیر |
| 45 | 6 | عوسمان سەبری |
| 573 | 2 | عوسمان پیرداود |
| 175 | 3 | عوسمان خۆشناو |
| 89 | 4 | عوسمان هەورامی |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عومەر ئەمین | 3 | 455 |
| عومەر دزەیی | 1 | 103 |
| عومەر ساقی | 2 | 185 |
| عومەر سەید | 5 | 437 |
| عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی | 3 | 197 |
| عومەر عەبدولڕەحیم | 5 | 145 |
| عومەر مەعروف بەرزنجی | 3 | 49 |
| عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (پرۆفیسۆر) | 1 | 33 |
| غازی غەفوور | 6 | 489 |
| غەفوور مەخمووری | 6 | 161 |
| ف | | |
| فاروق جەمیل خەزنەیی (پارێزەرو یاساناس) | 1 | 297 |
| فارووق سەید حسن | 1 | 507 |
| فازل عومەر | 3 | 599 |
| فازڵ جاف (دکتۆر) | 3 | 273 |
| فاڕوق ئیبراهیم شەریف (لیوا) | 2 | 309 |
| فرەنسیس داود | 6 | 139 |
| فەرهاد شەریف | 1 | 275 |
| فەرهاد پیرباڵ (دکتۆر) | 5 | 131 |
| فەرهاد شاکەلی (نووسەرو شاعیر) | 1 | 145 |
| فەرهاد عەونی | 3 | 109 |
| فەرەیدەن عەلی ئەمین | 2 | 321 |
| فەرەیدون دارتاش | 4 | 459 |
| فەریاد فازیل (دکتۆر) | 5 | 193 |
| فەرید زامدار | 1 | 399 |
| فەلەکەدین کاکەیی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) | 4 | 111 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| فەهمی بالایی | 3 | 391 |
| فەیسەل مستەفا | 3 | 351 |
| فوئاد ئەحمەد | 1 | 165 |
| فوئاد سەڕاج | 4 | 247 |
| فوئاد مەجید میسری | 5 | 99 |
| ڤینۆس فایەق | 6 | 345 |
| ق | | |
| قاسم شێروانی (شاعیر) | 1 | 251 |
| قەدری جان | 4 | 215 |
| قەناتی کوردۆ (پرۆفیسۆر) | 5 | 31 |
| قەهار شێخانی | 4 | 347 |
| قوبادی جەلیزادە (شاعیر) | 2 | 197 |
| ک | | |
| کاکە مەم بۆتانی | 1 | 75 |
| کانی | 6 | 201 |
| کەریم شارەزا | 1 | 87 |
| کەریم دەشتی (شاعیر) | 1 | 281 |
| کوردستان موکریانی (دکتۆرە) | 1 | 91 |
| کۆکردنەوەی پەرتەوازەکان | 6 | 7 |
| کاروان عوسمان خەیات | 5 | 441 |
| کاکەی فەلاح | 3 | 91 |
| کامل ئەلبەسیر (دکتۆر) | 4 | 97 |
| کامەران موکری | 3 | 41 |
| کامیل ژیر | 4 | 105 |
| کاوس قەفتان (دکتۆر) | 3 | 33 |
| کەریم کاکە | 6 | 169 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| کەریم سۆفی | 3 | 559 |
| کەریم کابان | 4 | 439 |
| کەژاڵ ئەحمەد (شاعیر) | 2 | 329 |
| کەژاڵ ئیبراهیم خدر | 2 | 611 |
| کەمال ڕەئووف محەمەد | 3 | 85 |
| کەمال سەعدی (دکتۆر) | 2 | 413 |
| کەمال غەمبار (دکتۆر) | 2 | 117 |
| کەمال فوئاد (دکتۆر) | 2 | 61 |
| کەمال مەزهەر (دکتۆر) | 2 | 43 |
| کەمال میراودەلی (دکتۆر) | 2 | 191 |
| کۆسرەت ئەحمەد بێکەس | 5 | 387 |
| گ | | |
| گرفتار کاکەیی | 3 | 535 |
| گولنار عەلی | 4 | 499 |
| گوڵبەهار | 4 | 447 |
| گوڵستان پەروەر | 6 | 367 |
| گیوی موکریانی | 6 | 15 |
| ل | | |
| لەماڵێکدا پرۆژەیەک بە شەونخونیی هەمووان | 3 | 613 |
| لەتیف هەڵمەت | 2 | 167 |
| م | | |
| مارف خەزنەدار (پرۆفیسۆر) | 1 | 25 |
| مارف عومەر گوڵ (دکتۆر) | 3 | 123 |
| محەمەد شەهاب چەلەبی | 1 | 331 |
| محەرەم محەمەد ئەمین | 5 | 239 |
| محەمەد بەدری | 6 | 227 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 415 | 6 | محەمەد حسێن موهەندیس |
| 397 | 6 | محەمەدساڵح بەرزنجی |
| 375 | 3 | محەمەد ئەحمەد ئەربیلی |
| 45 | 1 | محەمەد ئەمین پێنجوینی |
| 125 | 4 | محەمەد ئەمین هەورامانی (دکتۆر) |
| 277 | 5 | محەمەد تۆفیق وردی |
| 357 | 1 | محەمەد جەزا (هونەرمەند) |
| 381 | 3 | محەمەد جەزا بەرزنجی |
| 408 | 5 | محەمەد چەلکی |
| 365 | 1 | محەمەد زادە (خۆشنووس و دیزاینەر) |
| 173 | 4 | محەمەد ڕەسوڵ هاوار |
| 357 | 3 | محەمەد ڕەشید فەتاح |
| 401 | 5 | محەمەد ڕەشیدی ئەمینی |
| 77 | 3 | محەمەد ساڵح دیلان |
| 517 | 2 | محەمەد سەلیم سواری |
| 453 | 4 | محەمەد شێخۆ |
| 337 | 2 | محەمەد عارف سیامەنسووری (دکتۆر) |
| 203 | 1 | محەمەد عارفێ جزیری (سترانبێژ) |
| 591 | 3 | محەمەد کەریم نانەوا |
| 361 | 4 | محەمەد کوردۆ |
| 363 | 3 | محەمەد مەردان |
| 89 | 2 | محەمەد مەهدی جەواهیری |
| 67 | 1 | محەمەد مەولود (مەم) |
| 331 | 4 | محەمەد موکری |
| 497 | 3 | محەمەد وەسمان |
| 425 | 4 | محەمەدی ماملێ |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | 2 | 19 |
| محێدین زەنگەنە | 6 | 107 |
| مریەم خان | 6 | 333 |
| مستەفا زەڵمی (دکتۆر) | 4 | 11 |
| مستەفا ساڵح کەریم | 2 | 559 |
| مشکۆ هەولێری | 1 | 325 |
| معروف جیاووک | 1 | 293 |
| من و ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی کەم وێنە .. | 2 | 7 |
| مهاباد قەرەداغی | 2 | 605 |
| مەجید ئاسنگەر | 3 | 185 |
| مەحفوز مایی | 5 | 233 |
| مەحمود زامدار | 1 | 311 |
| مەحموود دەروێش | 2 | 139 |
| مەدحەت بێخەو (شاعیر) | 1 | 319 |
| مەدیحە برادۆستی | 2 | 601 |
| مەدیحە سۆفی (دکتۆر)ە | 5 | 209 |
| مەزهەری خالقی | 6 | 145 |
| مەسعود پەرێشان | 2 | 399 |
| مەسعود محەمەد (بیرمەندو رووناکبیر) | 1 | 19 |
| مەغدید سەپان (دکتۆر) | 4 | 165 |
| مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ( بیرمەندو ڕۆناکبیر) | 2 | 11 |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | 5 | 11 |
| مەلا مەسعودی بێبەش | 1 | 141 |
| مەولود ئیبراهیم حەسەن (دکتۆر) | 4 | 119 |
| موئەیەد تەیب | 2 | 231 |
| موحسن عەبدولڕەحمان | 6 | 505 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| موحسین ئاوارە (شاعیر) | 1 | 237 |
| موحسین قۆچان | 3 | 129 |
| موسەدەق تۆڤی | 3 | 343 |
| مومتاز  حەیدەری | 1 | 269 |
| میرزا مەنگوڕی | 6 | 119 |
| ن | | |
| ناز فەلەکەدین | 6 | 359 |
| نازم کەریم | 6 | 433 |
| نازم دڵبەند ( شاعیرو نووسەر) | 1 | 385 |
| ناسر حەسەن | 2 | 299 |
| ناسری ڕەزازی | 4 | 431 |
| نافیع ئاکرەیی (دکتۆر) | 1 | 329 |
| نەجمەدین موفتی | 1 | 335 |
| نەبیل عەریف خدر (وێنەگر) | 1 | 513 |
| نەجات خەتات | 1 | 475 |
| نەجاتی عەبدوڵڵا (دکتۆر) | 2 | 77 |
| نەجمەدین عەزیز سمایل | 1 | 529 |
| نەجمەدین مەلا | 6 | 31 |
| نەجیب بالایی | 2 | 527 |
| نەزەند بەگیخانی (دکتۆر) | 4 | 157 |
| نەژاد عەزیز سورمێ | 5 | 107 |
| نەسرین شێروان | 6 | 477 |
| نەسرین فەخری (دکتۆرە) | 2 | 97 |
| نەوزاد ڕەفعەت | 3 | 211 |
| نەوزاد عەلی ئەحمەد | 1 | 371 |
| نووری عەلی ئەمین | 5 | 187 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| نیعمەت عەبدوڵڵا | 1 | 445 |
| هـ | | |
| هادی چاوشلی | 1 | 343 |
| هاشم جەباری (میدیاکار) | 1 | 487 |
| هاشم عەلی مەندی | 2 | 269 |
| هەردەوێڵ کاکەیی | 4 | 335 |
| هەژار موکریانی | 4 | 179 |
| هەڵوەستەیەک....(خۆم و) یان (من و) | 3 | 11 |
| هەنار موفتی | 4 | 515 |
| هوشیار سەید ئەحمەد(هونەرمەند) | 1 | 441 |
| هیوا سەرهەنگ | 1 | 225 |
| هێڤی بەرواری | 3 | 397 |
| هێمن موکریانی | 4 | 191 |
| و | | |
| وریا ئەحمەد (هونەرمەند) | 1 | 195 |
| وریا عومەر ئەمین (دکتۆر) | 2 | 67 |
| ولیەم یۆحەننا | 3 | 159 |
| وەرزی یادکردنەوەی ئەستێرەکان | 3 | 7 |
| ویداد قازی | 3 | 461 |
| ی | | |
| یاسین قادر بەرزنجی | 6 | 273 |
| یاسین مستەفا | 5 | 489 |
| یەحیا مەرجان (هونەرمەند) | 1 | 469 |
| یوسف مەنتک | 3 | 473 |

## پێرست


| | |
|---|---|
| کۆکردنەوەی پەرتەوازەکان | ٧ |
| گیوی موکریانی | ١٥ |
| شێخ محەمەدی خاڵ | ٢٣ |
| نەجمەدین مەلا | ٣١ |
| سەیدا ساڵح یوسفی | ٣٧ |
| عوسمان سەبری | ٤٥ |
| جەمال بابان | ٥١ |
| دکتۆر شاکر خەسباک | ٥٧ |
| دکتۆر ئەرسەلان بایز | ٦٣ |
| جەبار جەمال غەریب | ٦٩ |
| خەلیل عەبدوڵڵا | ٧٥ |
| حەمەی حەمە سەعید | ٨١ |
| دکتۆر خەلیل عەلی موڕاد | ٨٧ |
| سەعید یەحیا خەتات | ١٠١ |
| محیّدین زەنگەنە | ١٠٧ |
| میرزا مەنگوڕی | ١١٩ |
| أ. ب. هەوری | ١٢٧ |
| عەبدولکەریم فندی | ١٣٣ |
| فرەنسیس داود | ١٣٩ |
| مەزهەری خالقی | ١٤٥ |
| زەینەب خان | ١٥٣ |
| غەفوور مەخمووری | ١٦١ |
| کەریم کاکە | ١٦٩ |

| | |
|---|---|
| عەبدولمەجید لوتفی | ١٧٥ |
| سەرفراز نەقشبەندی | ١٨١ |
| دوڕیە عەونی | ١٨٧ |
| زیوەر خەتاب | ١٩٥ |
| کانی | ٢٠١ |
| حەمە ڕەئووف کەرکووکی | ٢٠٧ |
| ئارام تیگران | ٢١٣ |
| دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف | ٢١٧ |
| دکتۆر جەمیل عیسا | ٢٢١ |
| محەمەد بەدری | ٢٢٧ |
| زیاد ئەسعەد | ٢٣٧ |
| جەلال دەباغ | ٢٤١ |
| حەمە فەریق حەسەن | ٢٤٧ |
| حەمە کەریم عارف | ٢٥٣ |
| حەمە عەباس | ٢٦٥ |
| یاسین قادر بەرزنجی | ٢٧٣ |
| جەمال ئامێدی | ٢٨١ |
| ئەسعەد عەدۆ | ٢٨٥ |
| دکتۆر هاوژین سڵێوە | ٢٩١ |
| دکتۆر کەیفی ئەحمەد | ٢٩٩ |
| بێری شەلماشی | ٣٠٧ |
| چەتۆ نەورۆز | ٣١٣ |
| ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | ٣١٧ |
| عەزیز شارۆخی | ٣٢٣ |

| | |
|---|---|
| عەتا محەمەد | ٣٢٩ |
| مریەم خان | ٣٣٣ |
| ڕێباز مستەفا | ٣٣٧ |
| ڤینۆس فایەق | ٣٤٥ |
| حەکیم کاکەوەیس | ٣٥٣ |
| ناز فەلەکەدین | ٣٥٩ |
| گوڵستان پەروەر | ٣٦٧ |
| عەبدولقادر مەردان | ٣٧٣ |
| عەبدولڕەحمان بامڕنی | ٣٨١ |
| خەلیل وەندی | ٣٩١ |
| محەمەد ساڵح بەرزنجی | ٣٩٧ |
| ڕەئووف شێخ جەمیل | ٤٠٥ |
| سەدیق وەلی بەرواری | ٤١١ |
| محەمەد حسێن موهەندیس | ٤١٥ |
| جەمال گردەسۆری | ٤٢٣ |
| نازم کەریم | ٤٣٣ |
| حەکیم عەبدوڵڵا | ٤٣٩ |
| حەلیم یوسف | ٤٤٥ |
| عەدنان حاجی کاکە | ٤٥١ |
| خدر ئیبراهیم خدر | ٤٥٩ |
| حەبیب کەلەش | ٤٦٥ |
| سەباح زاخۆیی | ٤٧١ |
| نەسرین شێروان | ٤٧٧ |
| شەمس عەنتەر | ٤٨٣ |

| | |
|---|---|
| غازی غەفوور | ٤٨٩ |
| عەبدولڕەزاق شەمسەدین | ٤٩٥ |
| عەلی بەندی | ٤٩٩ |
| موحسن عەبدولڕەحمان | ٥٠٥ |